# رابـــوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە - ژمارە ١٢ - ١٩٩٤

بابەتەکان:

- دیاردەکان لە شێوەی خۆیان دژەکانیان دێننە بەرهەم.
- ئامادە نەبوونی "ناوەوە" لە "دەرەوە"ی سێ ئەزموونی دەسەڵاتدا.
- ژن لە رۆژهەڵاتی کۆن و خوێندنەوەیەکی ئارکیۆلۆژیایی قورئان.
- تەسلیمە نەسرین ... تیشکێک لە تونێلی ستەمدا.
- کوردستانی سوور ... پێکهاتن و هەڵوەشاندنەوەی.

هەواڵنامەی کتێب

# رابـــوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە - ژمارە ١٢ - ١٩٩٤

سەرنووسەر: رەفیق سابیر

دەستەی نووسەران

کەمال میراودەلی
هاشم کۆچانی
کاروان عەبدوڵڵا

بەرپرسیاری هونەری: دیلان دەرسیم

ناونیشان:-

RaBûN
Box 25161
750 25 Uppsala
Sweden

ژمارەی پۆستگیرۆ: 9211995-7

ISSN 1102-4372

# یاداشتی نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانی سلێمانی

**بەڕێزان/ مام جەلال و کاک مەسعوود**

**ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان**

**سەرۆک وەزیران و ئەنجوومەنی وەزیران**

ئێمە زۆربەمان لەو نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووس و ئەدیب و هونەرمەندانەین کە هەمیشە لە رۆژگارە سەختەکانی کوردستان دا هەڵوێستمان دیار و ئاشکرا بووە و زۆرداریی نوچی پێدانەداوین. ئەمڕۆش لە کوردستانی بە حیساب ئازاد و دیموکراتی و بەناو مافی مرۆڤ پارێزدا بە توندی دەنگی نارەزایەتی و بێزاری خۆمان بەرز ئەکەینەوە بەرامبەر بەو هەموو شەڕ و ناهەقی و تیرۆر و خەڵک ڕفاندنەی لە کوردستاندا و بەتایبەت لە شاری سلێمانی دا دەستپێکراوە دەرهەق مرۆڤی ئازادیخواز و دەرهەق رۆشنبیران.

دوێنی ١٩٩٤/٩/١ بە گوللەی هێزکانی پارێزگای سلێمانی خوێنی شاعیرێکی دڵسۆز و لاوی شارەکەمان بە ناهەق رژاو شەهید کرا ئیتر هەر مەبەستێک لە پشتی ئەم پەردەی تاوانەوە بێت ئێمە شەهید کردنی شاعیری لاو (ئەبوو بەکر عەلی) بە گەورەترین تاوان دا ئەنێین دەرهەق وشە، دەرهەق زەحمەتکێشی کورد، دەرهەق ئازادی و دەرهەق ئەو مافی مرۆڤەی بە گاڵتەوە باسی دەکەن.

ئێمە داوای هەقی وشەی بە ناهەق کوژراو، داوای هەقی شیعری ناسک و، داوای تۆڵەی ئەبووبەکر عەلی شەهیدی ئەمرۆ و خوێنی سبەینێی خۆشمان ئەکەین کە زۆر نامرۆڤانە دەرگای بۆ خراوەتە سەر گازەرای پشت!! کەچی لەلایەکی ترەوە باوەشی گەرمیان کراوەیە بۆ ئەو خۆفرۆشانەی بۆ ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی لە رۆژانی بەعس و بەعسایەتی کاسەلێس و پاشەڵ پیس بوون ئالەم کاتەدا ئەم داواکاریانەمان بە تایبەت ئاراستەی ئێوە و حکوومەتی هەرێم و پەرلەمان ئەکەین کە خۆتان بە بەرپرسی ئەم گەل و وڵاتە داناوە.

١- گرتن و دادگایی کردنی ئەوانەی دەستیان لە شەهیدکردنی ئەو شاعیرەدا بووە لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا.

٢- رەتکردنەوەی ئەو تۆمەت و بوختانانەی لەلایەن پارێزگارەوە دەرهەق ئەم شاعیرە و هاوەڵە خۆپیشاندەرەکانی کرا.

٣- خوێنانەدانی ئەو شەهیدە بە رەسمی لەلایەن پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمەوە بەکەسوکارە ئەدارەکەی.

ئەگەر ئەم داوایانەمان بۆ ئەنجام نادەن خوێنی بە ناهەق رژاوی شاعیری شەهید (ئەبووبەکر عەلی) بە ناوچەوانی حکوومەتی هەرێم و پەرلەمان و کاربەدەستانی گەورە و بچوک بۆ هەتا هەتایە شایەتی زۆرداران بە مێژوو ئەدات.

**بمرێ تیرۆر و ئەوانەی لە پشتییەوەن.**

**بژی شیعر و شاعیریەت و، خاوەن قەڵەمی بە هەڵوێست...**

**٢ ئەیلوول ١٩٩٤**

**بە ئیمزای پەنجاوچوار نووسەر و شاعیر و هونەرمەند**

# بابەتەکان


- دریژەدان بە شەری گەلی کوردستان لەسەر تورکیا زۆر دەکەوێ! — رابوون
- کۆنگرەیەکی نیشتیمانی و بەرەیەکی کاریگەر یان کۆنگرەی ماکیاجکردن و بەرەیەکی گرگن؟ — ، — هاشم کۆچانی


## باس و لێکۆڵینەوە


- دیاردەکان لە شێوەی خۆیان دژەکانیان دێننە بەرهەم. — ١٢ — رەفیق سابیر
- ئامادەنەبوونی "ناوەوە"لە "دەرەوە"ی سێ ئەزموونی دەسەڵاتدا — ١٨ — خەبات عەبدوڵلا
- ژینۆسید لە کوردستان. — ٣٠ — و. حەسەنی قازی
- کوردستانی سوور پێکهاتن و هەڵوەشاندنەوەی. — ٥٤ — عەبدوڵلا غەفور
- ژن لە رۆژهەڵاتی کۆن و خوێندنەوەیەکی ئارکیولۆژیایی قورئان. — ٦٤ — تەزەند بەگیخانی
- بەسە چیتر نکۆڵی لە جیاوازی مەکە! — ٨٥ — و. سەلاح رێبوار
- تەسلیمە نەسرین ... تیشکێک لە تونێلی ستەمدا. — ٨٩ — رێواس ئەحمەد


## چاوپێکەوتن


- دیدارێک لەگەڵ بورهان یاسین دا. — ٩٦ — فایق عەبدولکەریم


## پانۆراما


- لوتچێک لە خەروارێک — ١٠٧ — ئەنوەرمەحەمەد ئەحمەد
- (تونێل) تراژیدیای کورد و سەرەتایەکی تری سینەمای کوردی. — ١١٠ — دانا رەئووف
- دەردی شێتی هونەرمەندە گەورەکان. — ١١٣ — و. هاشم
- جوڵانەوەی کوردستان لە قاوغی ئۆتۆنۆمی دا دواخستنی ژیانی گەلانی ناوچەکەیە. — ١١٦ — ئەحمەد ئیبراهیم
- یاداشت — ١١٩

# درێژەدان بە شەڕی گەلی کوردستان لەسەر تورکیا زۆر دەکەوێ !

هەر لە سەرەتاوە کەمال ئەتاتورک هەناسەی لەلاشە گەنیوەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە وەرگرت و ئەوەی بڵاو کردەوە گوایە لە تورکیادا جگە لە رەگەز و خوێنی (پاکی) تورک، هیچ رەگەزێکی تر وجودی نییە. بۆ سەلماندنی ئەم درۆ رەگەزپەرستییەش، لە پیادەکردنی هیچ دڕندایەتییەک دەرهەق بە ئەرمەن و کورد و یۆنانی و نەتەوەکانی تر نەپرینگاونەتەوە. هەر بۆیە ئەو رەگەزپەرستییەی ئەمڕۆ تێکەڵ بە هۆشمەندی تورک بووە و بۆتە کۆڵەکەی ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی ئەوان، بەرهەمی پرۆسەیەکی درێژخایەنە.

سەرهەڵدانی کێشەی نیشتمانیی کورد بەو قەوارە و قورساییەی ئەمڕۆ لە باکووردا دەبینرێ، نەک هەر ئەو کۆڵەکەیەی هێناوەتە هەژان، بەڵکوو گومانێکی زەبەندی خستۆتە هەناوی زۆر لەو کەس و دەزگایانەش کە بەو کۆڵەکەیە پشت ئەستوور بوون.

کاتێک فەرمانڕەوا رەگەزپەرستەکانی تورکیا بۆیان دەرکەوت، خەونە (تەپۆ)کانی ئەتاتورک درۆ دەرچوون و نەیانتوانیوە « تورکە چیانشینەکان » تورکاوی بکەن، لە جیاتی ئەوەی دەسبەرداری ئەو خەونە ئەزۆکانە بن و گوێ لە مانیڤێستی رزگاریخوازیی گەلێکی (١٥) ملیۆن کەسی و وڵاتێکی رووبەر (٢٠٠) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیی بگرن، کەچی کوردبوونی « تورکە چیانشینەکان » زیاتر هاری کردن و شەڕی جینۆسایدیان دژی گەلی باکووری کوردستان گەیاندە پلەیەکی ترسناک، خاکسوتان و راگوێزان و دیهات بوردومانکردن و پەلاماری بنکەکانی هێزی پێشمەرگە، بوونە کاری بەرنامە بۆ داڕێژراوی رۆژانەیان. تەنیا لەم چەند مانگەی دواییدا هەزاران گوندنشینی باکووری وڵاتەکەمان پەراگەندەی لەشکرکێشییەکانی تورکیا بوون، کە بەشێکیان پەڕیونەتەوە دیوی باشووری کوردستان و، زیندانەکانی تورکیاش بە شۆڕشگێڕان و نیشتمانپەروەران سیخناخ کراون.

حوکمڕانانی تورکیا هەر بەوەشەوە نەوەستاون کە تەواوی توانا سەربازی و ئابووری و دیپلۆماسییەکانیان خستۆتە ئامادەباشی شەڕی کوردستانەوە. بەڵکوو هیستریاکەیان سەردەکا و تەنانەت لەو چوارچێوانەشدا کە لافی شارستانییەت و ئەورووپایی بوون لێ دەدەن، ناوهێنانی کێشەی کوردستان و بوونی کوردیان بۆ قووت نادرێ. ئەوەتانێ بە بیانووی پشتیوانیکردنی ( پ.ک.ک. ) و جیاوازیخوازی، ( پارتی دیموکرات ) یان قەدەغە کرد و (٦) پەرلەمانتاری کوردی سەر بەو رێکخراوەیان زیندانی کرد و لەم رۆژانەدا بە بیانووی خیانەتکاری دەیاندەن بە دادگا. هەر لەهەمان ماوەدا و بە هەمان بیانوو چەندان

رۆژنامه و چاپەمەنییان لە کار خست.

بەردەوام بەزاندنی سنووری ئاسمان و زەویی باشووری کوردستانیش، لە لایەن تورکیاوە، بە بیانووی سۆراخکردن و لێدانی بنکەکانی ( پ.ک.ک. ) و کۆبوونەوە سێکوچکەییەکانی لەگەڵ ئێران و سوریادا و پەیوەندی پشت پەردە و بەر پەردەی لەگەڵ بەغداشدا، هەر هەموو بە نیازی بەدیهێنانی خەونەکەی ئەتاتورکە.

دەبێ نەخشە « بەهاریی » و « زستانی » و « شەش مانگی » و یەکساڵییەکانی حکومەتی چیللەر بۆ تواندنەوەی گەلی کورد بە کوێ بگات ؟ بڵێی ئەوەی بە خودی ئەتاتورک ئەنجام نەدراو، وەک وەسییەتی ستراتیژی و پاشمەرگ بۆ تورکیای بەجێهێڵا، بە چیللەر و ژەنەراڵەکانی ئەنجام بدرێ ؟ کە سەرباری کەپوو لە زەوی خشانی ناوخۆیی دەوڵەتەکەیان، رووبەرووی چەندان گرژی و کێشەی دەرەکی وەک قوبرس و پەیوەندی خراپ لەگەڵ سوریا و یۆنان و ئەرمینیا بوونەتەوە.

بێگومان دەوڵەتێکی وەک تورکیا، کە بەشێکی ژیان و گوزەرانی لە سواڵ و سەدەقەی ئەوروپا و ئەمەریکا دەستەبەر دەکات و ئابوورییەکی کەنەفت و لە لیتاودا گەوزاو و لیرەیەکی ئەرزش تکاوی هەیە، تا سەر خەرجی زەبەندی ئەم شەڕەی پێ دەسەبەر ناکرێ کە دەبێ ساڵی چەندان ملیارد دۆلاری بۆ تەرخان بکات.

لە لایەکی ترەوە ئەم دڕندایەتی و رەگەزپەرستییەی لە تورکیادا دەرهەق بە مافی مرۆڤ و گەلی باکووری کوردستان پەیڕەو دەکرێ،

ئەوروپا و ئەمەریکای هاوپەیمانی تورکیایان، لە بەردەم رای گشتی وڵاتەکانیاندا تەنگەتاو کردووە. هاوپەیمانانی تورکیا کە بەرژەوەندی خۆیان پێ گرنگە، چاک دەزانن کە پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە وای گەرەکە تورکیا مل بۆ چاری ئاشتییانەی کێشەی کورد بدات. چاری ئەم کێشەیەش لە تورکیا و لە تەواوی ناوچەکەدا چەندێک درەنگ بکەوێ، هێندە ترسناکتر دەبێ و هێندەش پشێوی لە یەکێک لە ناوچە پڕ لە بەرژەوەندی و تامەزرۆییەکانی ئەواندا دروست دەکات. هەر بۆیە سانا نییە هاوپەیمانەکانی تورکیا بەرامبەر شەڕی جینۆساید و سەرکوتاندنەوەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بەو شێوە زەقەی تورکیا بەڕێوەی دەبا، تا سەر بێدەنگ بن.

سەرەتای ئەم بێدەنگ نەبوونەش سەری هەڵداوە و بە ئاشکرا فشار دەخرێتە سەر تورکیا بۆ رێزگرتن لە مافی مرۆڤ. وەک بەشێک لەو فشارە ئەمەریکا لە ۱٠٪ی کۆمەکی ساڵانەی بۆ تورکیا کەمکردۆتەوە و، هەر سێ دەوڵەتی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا لە رێگای وەزیرەکانی دەرەوەیان داوایان لە حوکمڕانەکانی ئەنقەرە کردووە، مل بۆ چاری ئاشتییانەی کێشەی کورد بدەن. ئەمە سەرەڕای فشاری پەرلەمان و بازاڕی ئەوروپی و ئامادەبوونی دەیان پارێزەر و کەسایەتی و یاسازانی جیهانی لە ئەوروپاوە بۆ داکۆکیکردن لە پەرلەمنتارە گیراوەکان، کە گرتنەکەیان پێچەوانەی هەموو داب و نەریتێکی پەرلەمانی و یاسایی و شارستانییە.

شەڕی جینۆسایدی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی تورکیا دژی کوردستان، نەک هەر ئابووری تورکیای شەپرێوتر کردووە و باری ئاسایشی شڵەژاندووە، بەڵکوو تا رادەیەکی هەستپێکراو لەسەر ئاستی دنیا ناوبانگی دیپلۆماسی تورکیای هێناوەتە خوارێ.

درەنگ یان زوو، دەبێ تورکیا دەست لە کوشتاری « تورکە چیانشینەکان » هەڵگرێ و کێشەی گەلی باکووری کوردستان و وڵاتە داگیرکراوەکەی قبوڵ بکات. هەر کەسێکیش پێی وا نییە، هەڵەیە و بەردەوامبوون لەسەر ئەم هەڵەیەش، لەسەر ئەمڕۆ و داهاتووی تورکیا زۆر دەکەوێ.

**رابـوون**

## هەنگاو

چەند مانگێکە رۆژنامەی (هەنگاو) وەک رۆژنامەیەکی مانگانەی ئازاد لەلایەن بنکەی راگەیاندن لە لەندەن دەردەچێ. برایان د.کەمال میراودەلی سەرنووسەر و سامان جاف خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکەن.

ئێمە لە دڵەوە پیرۆزبایی دەرچوونی (هەنگاو) دەکەین و هیوای بەردەوامبوونی بۆ دەخوازین

رابـــــــوون

تێبینی : ئابوونەی ساڵانەی هەنگاو تەنیا ۲۰ دۆلاری ئەمریکاییە. خوێنەر دەتوانێ بەم ئەدرێسەی خوارەوە داوای رۆژنامەکە بکا :

-KIC HANGAW -
129 St. Johns Way
London N 19 3RQ
England

کوردستان کامیان دەخوازێ:

# کۆنگرەیەکی نیشتمانی و بەرەیەکی کاریگەر یان کۆنگرەی ماکیاجکردن و بەرەیەکی گرگن؟

هاشم کۆچانی

*چەند ساڵێکە باس لە پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نیشتمانی دەکرێ، بۆ دارشتنی ستراتیژ و سیاسەتێکی یەکگرتووی نەتەوایەتی. بەڵام ئەم داوایە تاسێندرا و فەرامۆش کرا.*

*وا ئێستا جارێکی تر هاوپێوەند بە شەڕی ئەم دواییەی باشووری کوردستان، ئەم باسە رەواجی پەیدا کردۆتەوە.*

*سەبارەت بە چۆنێتی پێکهێنان و خشتەی کار و دەسەڵاتی ئەم کۆنگرەیەش جیاوازییەکی زۆر لە نێوان دید و بۆچوونەکاندا هەیە. بۆ ئاسانترکردنی باسەکە باشتر وایە ئەو بۆچوونانە بەپێی لێک دوور و نزیکییانەوە، لە دوو رای سەرەکیدا گرد بکرێنەوە:*

**رای یەکەمیان پێی وایە ئەو کۆنگرەیە:**

١/ هەرنمایەتی بێ و نوێنەری پارچەکانی تری کوردستان ئەندامی نەبن.

٢/ کۆنگرەیەک بێ بۆ حزبەکانی بەرەی کوردستانی. بە کردەوەش کۆمیتەی ئامادەکردنی ئەم کۆنگرەیە لە (٥) حزبەکەی نێو بەرە پێک هاتووە.

٣/ بڕیارەکانی کۆنگرە کە بۆ جێبەجێکردن نەبن و تەنیا وەک پێشنیار بخرێنە بەردەم پەرلەمان.

**رای دووەمیان پێی وایە:**

١/ کۆنگرەیەکی سەرتاسەری کوردستانی بێ.

٢/ بەرنامەی چاری قەیرانی ئێستای باشوور بخاتە روو.

٣/ بڕیارەکانی دوو بەش بن. بەشێکیان کە بڕیاری سیاسی و نیشتمانی دەبن و پێوەندییان بە چارەنووسی باشوور و سەرانسەری وڵاتەوە دەبێ، وەک بڕیار بۆ جێبەجێکردن قبوڵ بکرێن. بەشێکی تریان ئەو بڕیارانە دەبن کە لایەنی یاسایی و ئیداری دەگرنە خۆیان. ئەم بەشەیان دوای ئەوەی لە لایەن کەسانی یاسازانەوە تاووتوێ دەکرێ، وەک راسپاردە (نەک پێشنیار) بخرێتە بەردەم پەرلەمان.

٤/ لایەنەکانی کۆنگرە لە باشووردا، لەم هێزانە پێک بێن: دوو حزبە حوکمڕانەکە،

سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت، نوێنەری گشت حزبەکانی گۆڕەپانی ئەمڕۆی کوردستان، نوێنەری ئەو کۆمیتە و ڕێکخراوانەی کە لە ڕۆژانی شەڕدا لە لایەن کەسانی ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەرانی بێلایەنەوە لە ناوخۆ و دەرەوەدا پێک هێنران.

* * *

شەڕی ئەم دواییە ڕاستەوخۆ کاری زیانبەخشی کردە سەر پارچەکانی تری وڵاتەکەمان. لە ڕۆژانی شەڕدا پەلەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی لە سەرانسەری کوردستان لە هەوڵوتەقەڵای ڕاگرتنی شەڕەکەدا بوون و بە کردەوەش بۆ پاراستنی پرۆسە نیشتمانییەکە ئامادەی کاری گەورەتر بوون. لە دەرەوەی وڵاتیش کوردی پارچەکانی تر هەمان ڕۆڵیان نواند و لە کار و خەمی ئاشتی و ساغڕاگرتنی پرۆسەکەدا بوون. بۆیە بە هیچ مانا و بیانوویەک دابڕانی ئەوان لەو کۆنگرەیە ڕاست نییە.

سەبارەت بە قووتکردنەوەی بەرەی کوردستانیش، ئەمەیان زیاتر بە نوکتەی کەسێکی نوکتەنەزان دەچێ. ئەگینا هەر خودی ئەم دوو حزبە حوکمڕانە بوون، پەڕ و باڵ و دەنووک و قاچ و کلک و گوێی بەرەیان بڕی و وەک ( لەقلەق )ەکەی مەلای مەشووریان لێ کرد و ڕۆژنامەکەیان لە کار خست و بارەگاکانیان داخست و مۆرەکەیان لە قوڕ گرت.

پاشان لە ڕاپەڕینەوە تا ئێستا، چەندان هێزی کۆمەڵایەتی تر لە قاڵبی حزب و ڕێکخراوی جەماوەریدا سەریان هەڵداوە و ڕۆڵی بە کردەوەیان بۆ هاندانی جەماوەر و ڕیسواکردنی شەڕەکە و فشار خستنە سەر پارتی و یەکێتی هەبووە. ڕۆڵی ئەوان ئەگەر لە ڕۆڵی سێ حزبەکەی نێو بەرە زیاتر نەبووبێ کەمتر نەبووە.

پێکهێنانی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نیشتمانی لە لایەن پارتی و یەکێتی و سێ حزبەکەی تری بەرەی کوردستانییەوە، بەو نیازەیە یەکەم کۆنترۆڵی کۆنگرەکە لە دەستی یەکێتی و پارتیدا بێ و دووەم چوارچێوە و پانتایی بەشداربووان تەسک بکرێنەوە و ڕێگەی کۆنگرەیەک نەدرێ ببێتە نیمچە دادگایەک بۆ دادگاییکردنی شەڕ و شەڕکەران.

خەڵکی ڕووناکبیر و بێلایەن و نیشتمانپەروەرانیش، لە ڕۆژانی شەڕدا وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی و میراتگری ڕاستەقینەی ڕاپەڕین دەرکەوتن و چەندان کۆمیتەی ئاشتی و دژی شەڕیان لە ناوخۆ و دەرەوەدا داهێنا.

پێکهێنانی هەرچ کۆنگرەیەک بەبێ ئەو هێز و لایەنانە و خەڵکی سەربەخۆ، کۆنگرەیەکی ڕۆتینی و کۆبوونەوەیەکی بەرەی کوردستانی دەبێ و بەس.

سێ حزبەکەی بەرەش (زەحمەتکێشان و حشع و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری) لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ هێزەکانی تر و خەڵکی بێلایەن و ڕووناکبیردا، وەک هێزی سێیەم خۆیان بخستایەتە ڕوو لە هەوڵی دروستکردنی بەرەیەکی بەرهەڵستکاری مەیدانیدا بوونایە، کەچی زیاتر شەیدای قووتکردنەوەی مۆدە ئاسا و وەرزییانەی بەرەی کوردستانین و پەتای گومرگ و دەسەڵاتی کاتی و ڕۆڵی پەراوێزی دایگرتوون.

لەوەش زیاتر ئێستا هەڵمی ئەم پەتایە نسیبی خستۆتە سەر حزبەکانی دەرەوەی بەرەش. (پارتی و یەکێتی)ش بەو مەبەستە بایەخ بە کاری بەرەیی دەدەن کە نەهێڵن باقی لایەنەکانی تر وەک هێزی سێیەم بە بەرنامەیەکی یەکگرتووەوە دەرکەون. لە باشترین باردا مەبەستی کاتییان ئەوە دەبێ کە هێزەکانی تر لە کارەساتی ئەم دواییە بێدەنگ بکەن و، پاش ماوەیەکی تریش دەگەڕێنەوە سەر گوشین و لە مەنگەنە دانی حزبەکانی ناو بەرە. ئیتر بەرە دەبێتەوە ئامرازەکەی جاری جاران بۆ خۆخلافاندن و (تەزبیحات)ی سیاسی. ئەگینا ئەم دوو حزبە حوکمرانە ئەگەر بڕوایان بە هێز و توانای خەڵکی تر هەبێ و ناسکی باری کوردستان لە بەرچاو بگرن، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە دوو قوڵی کوردستانیان بە کارەساتەکەی ئەمساڵ گەیاند. ئەوا دەبێ بەراشکاوی داوای بەرەیەک بکەن، کە تەواوی هێزە سیاسیە نیشتمانپەروەرەکان و کەسانی روناکبیر و سەربەخۆ و رابردوو گەش بگرێتە خۆی و، کاریگەرانە بەشداری حوکمرانی بکات و بێتە بەرەی حوکمران و لەو بەرەیەشدا دوو حزبەکە مافی (ڤیتۆ) یان نەمێنێ. بەڵام ئەو بەرەیەی کە (پارتی و یەکێتی) دەیخوازن، بەرەیەکە لە بیچمی ئەوانەی لە بەغدا و دیمەشقدا هەن. بەرەی نێوان (حاکم و مەحکوم) کە جگە لە چەپڵەلێدانی (مەحکوم) بۆ (حاکم)، ئەگرتیەکی پێدکرێتەوە، نە دەتوانی دووپەت پێکرا گرێیدات.
ناسکی و تایبەتمەندێتی باری کوردستان وا دەخوازێ، یان بەرەیەکی راستەقینە بۆ حوکمرانی پێکبێ، یان بەرەیەکی راستەقینەی بەرهەلستکار کە بتوانێ دەوری مێژوویی خۆی لە پرۆسەی باشووری کوردستاندا بگێڕێ و، فشارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێ بەسەر دوو حزبە حوکمرانەکەوە.

بەرەی کوردستانی ( خوا عەفوی کات ) قووت مەکەنەوە. کوردستان ئەمڕۆ پێویستی بە بەرەیەکی نوێیە بۆ هەلومەرجی نوێ و بە بەرنامەیەکی نوێ و بەبێ ( پارتی و یەکێتی ).
بۆیە هەرچ هەوڵدانێک لە نییەت پاکییەوە بێ یان نییەت قەڵبی، بۆ قووتکردنەوەی وەرزییانەی بەرەی کوردستانی، بەرەو ئەوە دەڕوا کۆنگرەکە بە بەرەی کوردستانی سەقەت بکرێ.
هەق وابوو بەرەی کوردستانی پاش ئەو ڕێز و حورمەتەی لە خەباتی شاخ و لە چەند هەفتەی سەرەتای راپەڕیندا بە دەستهێنا بنێژرابا و لە دۆخی گیانەڵایی و پەتپەتێن پێکردنی یەکێتی و پارتی رزگار بکرایە.
دەربارەی پێوەندی نێوان کۆنگرەی چاوەڕوانکراو و پەرلەمان، گەر ئەم کۆنگرەیە بەر لە شەڕی ئەم دواییە ساز بکرابا، ئەوا دەکرا و دەشبوو وابێ: بڕیارەکانی وەک پێشنیار بخرێنە بەردەم پەرلەمان. بەڵام پەرلەمان بە تایبەتی لە کاتێکدا کە پێوەندی بە شەڕەکەوە هەبێ، نابێ وەک دەزگایەکی نیشتمانی و یاسایی تەماشا بکرێ. چونکە لە رۆژانی شەڕەکەدا پەرلەمان نەیتوانی یان نەیویست هەیبەتی نیشتمانی و مەزنی و پیرۆزی خۆی بپارێزێ و شەرعیەتی خۆی دۆڕاند، دەسپاکی و سوێندخواردنی خۆی بۆ (حزب) دووپات کردەوە نەک بۆ گەل و نیشتمان و لەگەڵ یەکەمین تەقەی شەڕدا ئەندامەکانی پەرلەمان وەک قاز و مراوی بەرەو ناو حزبەکانیان، نەک بۆ ناو ئەو جەماوەرەی کە هەڵیبژاردبوون و بڕوای پێ کردبوون

ڕیزیان بەست.
پەرلەمان و حکومەت، گەر بە ڕاستی پەرلەمان و حکومەتی گەلی کوردستان بوونایە، لە یەکەم ڕۆژدا شەڕەکەیان گۆڕ دەکرد. گەر ئەمەشیان بۆ نەکرابا، ئەوا دەیانتوانی بە یەک ڕێپێوان لە پایتەختی کوردستاندا، هەموو گەڵ و مێژووش لە خۆیان کۆبکەنەوە و سنورێک بۆ مێردەزمەکانی (یان یاسا) و (یان میللەت) دابنێن. بەڵام چاوەڕوانی کاری لەم چەشنە لە پەرلەمان و حکومەتی حیزبی ناکرێ.
گەر پەرلەمانتار و وەزیرەکانی کورد لەم شەڕەدا ئەو کارەیان نەکرد. با لە چەند مانگی داهاتوودا قەرەبۆی ئەو هەڵوێستەیان بکەنەوە و لە جیاتی ئەوەی کوڕی شەرکەری (حزب) بن، با ببنە کوڕی ئەمەکداری گەلەکەیان.
دەبێ ئەو کۆنگرەیەی ( بەرەی کوردستانی ) چۆن کۆنگرەیەک بێ، کە دوو حزبە حوکمڕانەکە بەڕێوەی بەرن؟ لە باشترین فۆرمەیدا گەر سێ حزبەکەی تری نێو بەرە بشتوانن چەند خاڵێکیان لە هۆڵی کۆنگرەدا پێ پەسەند بکەن، ئەوا بە تەگبیری دوو قۆڵی هەردوو مەکتەبی سیاسی، لە هۆڵی پەرلەماندا زیندەبەچاڵ دەکرێن.
کۆنگرەی نیشتمانی چاوەڕوانکراو، دەبێ کۆنگرەیەک بێ بتوانێ بە بڕیارێکی ڕاشکاوی نیشتمانی هەردوو حزبی حوکمڕان و دەزگای پەرلەمان و حکومەت، لە شەڕی چەند مانگی ڕابردوو تاوانبار بکات و گەندەڵکارییەکانی ئەو کارەساتە وە ئەستۆی ئەوان بخات.
کۆنگرەی نیشتمانی دەبێ ئەڵتەرناتیڤی قەیرانی گشتی ئێستا گەڵاڵە بکا و میکانیزمی فەرمانڕەوایی ئەمڕۆ و داهاتووی باشوور بڕیار بدا و گشت جۆرە لە ڕێلادان و هەڵخزانێکی نا نیشتمانی بە خیانەت ناونووس بکا و هەموو چەشنەکانی شەڕی ناوخۆیی لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا قەدەغە بکات.
کۆنگرەی نیشتمانی دەبێ هەڵوێستێکی دروست لە پێوەندی هەرێمایەتی وەرگرێ و بەپێی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی کوردستان نەخش بکات.
کۆنگرەی نیشتمانی دەبێ کۆنگرەی بڕیاردانی هەنگاوەکانی تری چەسپاندنی فیدراڵیزم بێ. دەستوورێک بۆ کوردستان بڕیار بدا و ئاڵای نیشتمانی پەسەند بکا، ناوی یاسایی هەرێم بە کۆماری فیدراڵی کوردستان - عێراق بگۆڕێ و جەخت لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بکا و پێشنیاری ڕیفراندۆمێک بۆ سەربەخۆیی بە سەرپەرشتی ( UN ) و زلهێزان بخاتە ڕوو. ڕاپەڕاندنی یاسایی و ئیداری ئەو بەرنامەیەش بخاتە ئەستۆی نەخشەی داهاتووی پەرلەمان و حکومەتەوە.
بەڵێ کۆنگرەکە دەبێ، کۆنگرەی لێپرسینەوە و سزادان بێ و ئەڵتەرناتیڤی قەیرانی ئێستا بخاتە ڕوو. ئەگەر نا ئەوا کۆنگرەیەکی گرگن و فیستیڤاڵی ووتارخوێندنەوە و چەپڵەلێدان و ماکیاجکردنی دیاردە گزگلە دزێوەکان دەبێ

# دیاردەکان لە شێوەی خۆیان دژەکانیان دێننە بەرهەم

## کێ دەڵێ شمشێرێک و قەڵەمێکی خوێڕی مێژوویەک نانووسنەوە

**ڕەفیق سابیر**

ئەوەی دوو ساڵ زیاتر بوو بە پرۆسێسی دیموکراتیی باشووری کوردستان ناومان دەبرد و خۆمان پێهەڵدەنا بەرگەی یەکەمین تاقیکردنەوەی نەگرت و لە چاوتروکانێکدا تێک شکا. ئیتر لۆژیکی چەک نەک دیموکراتی... بەراتەپێکردن، نەک مافی مرۆڤ... دیل کوشتن نەک ئازادی ڕەوتی سروشتی خۆیان لە کوردستاندا گرتەوەبەر، ئێمە بە پێچەوانەی لاف و گەزافەکانمان نەک هەر نەمانتوانی بیسەلمێنین کە لە داگیرکەرانمان شارستانی ترین و دەتوانین دیموکرات بین !! بەڵکوو سەلماندمانەوە کە ئێمە تا ئەو ڕادەیە بێگانەپەرستین کە بەبێ ئاغایی و چاولێسوورکردنەوەی ئەوان تەنانەت ناتوانین پێکەوە کۆک و تەبا بین. هەروا جارێکی تر سەلماندمانەوە کە چەند دیموکراتی لە نێو سەری ژێر عەگاڵ و سیف و مەندیلدا جێی بۆتەوە هەر هێندەش لە نێو سەری ژێر جەمەدانیدا جێی دەبێتەوە.

پیادەکردنی دیموکراتی داهێنانە. بەڵام ئێمە دەمێکە توانای داهێنان و گۆڕانمان تێدا پوکاوەتەوە. ئێمە لە تاریکستانی پەیڕەوکاریدا، عەقڵیەت و میتۆدی سیاسی و کولتووری داگیرکەرانمان دێنینەوە بەرهەم. عەقڵی خێڵ و کولتوور و پەیامی خێڵ بە ڕادەیەک بەسەر ژیانی ڕۆحی و سیاسی ئێمەدا زاڵە کە توانای بیرکردنەوەی ئازاد و داهێنانی تێدا سڕ کردووین. ئێمە تەنانەت لە حاڵەتەکانی ئازادی و لە ساتەکانی گوایە داهێناندا بە ڕادەیەک کۆیلەی کولتووری داگیرکەرانی بێگانەین کە هەر دەڵێی کۆپی ئەوانین.

ئێمە نەتەوەیەکی کۆیلەین. تەنانەت لە ساتەکانی ئازادبوونیشدا هەر کۆیلەین. ئازادی جەستەیی و جوگرافیایی و شوێن ناتوانێ ئازادی ڕۆحیمان پێ ببەخشێ. لەوەیش شوورەیی تر ئەوەیە کە ئێمە هێشتا هەست بە کۆیلەیی خۆمان ناکەین. تۆ بڵێی بە هۆی ئەم بێ هەستییەوە بێت کە ئێمە هێندە بێ زەوقانە، کولتووری نێگەتیڤ و میتۆدی داگیرکەران، کە ئەوان سەدان ساڵە لە دژی خۆمان بەکاریان دێنن، بە بەرهەم دێنینەوە ؟! یان دەشێ لەبەر ئەوە بێ کە ئێمە، بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین، بووینەتە کۆپی داگیرکەرانمان !! بەو پێیەی دیاردەکان ( Fenomen ) زۆر جا لە شێوەی خۆیان دژەکانیان دێننە بەرهەم. یان دژە دیاردەکان بە ڕادەیەک لاسایی دیاردە ( فینۆمێن ) دەکەنەوە کە وەک کۆپی ئەوان دێنە بەر چاو ئاشکرایشە لاسایی کردنەوە لە داهێنان بەدوورە، هەروا ئەسڵ ( ئۆریگیناڵ ) لە کۆپییەکەی خۆی پاکتر و ڕوونترە.

هەر دیاردەیەک، کە لە کات و شوێنێکی دیارکراودا دەردەکەوێت، بەرهەمی باروودۆخێکی تایبەتییە، یاخود ئەنجامی پێداویستییەکی بابەتییە. بەم مانایە دیاردەکان ( لێرەدا باس لە دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە نەک دیاردەکانی سروشت ) بەرهەمی حاڵەتێکی تایبەتین و لەگەڵ دەرکەوتیاندا رەوایی و بەهانەی مانەوەی کاتی یان درێژخایەنی خۆیان پێیە.

دیاردەکان وەک بەشێک لە بەهانەی بەردەوامبوونیان، یان وەک حەقیقەتی لەناوچوونیان دژە دیاردە (واتا دیاردەی دژ بە خۆیان) بەرهەم دێنن. بەڵام دیاردە و دژە دیاردە تەنیا لێک جیاواز نین، بەڵکوو دەشێ لە زۆر رووەوە تەبا و وێکچوو بن. یان دەکرێ بڵێم کە وەک چۆن کار و کاردانەوە ( الفعل و رد الفعل ) لەگەڵ جیاوازی رەوت ( أتجاه ) یان لە یەکتری دەچن، بە هەمان شێوە دیاردە و دژە دیاردە ( لەگەڵ جیاوازی ئامانجیاندا ) پێکدەچن.

دیاردە دژە دیاردە بەرهەم دێنێ. بۆ نموونە بوونی دیکتاتۆری و فاشیزم لە وڵاتێکدا بزاڤی دیموکراتی دەخوڵقێنێ ... دیاردەی داگیرکردن و کۆلۆنیالکردن بزاڤی رزگاریخوازی لە دژی خۆی سەر پێهەڵدەدات... تاد.

دیاردە و دژە دیاردە چەند پێکەوە ناکۆکن، رەنگە هەندێ جار هێندەش بۆ یەکتری پێویست بن، بەو پێیەی هەر یەکەیان رەوایی بوونی خۆی و بەهانەی مانەوەی خۆی لە بوونی بەرامبەرەکەیدا دەبینێت.

دیاردە و دژە دیاردە لە سایەی یەک کولتووردا (یان لە سایەی دوو کولتووری وێکچوودا) و لە چوارچێوەی ستروکتورێکی کۆمەڵایەتیدا سەر هەڵدەدەن. لە پرۆسەی درێژەدان بە کێشەی نێوانیاندا دەشێ بە رادەی جیاواز کار لە یەکتری بکەن... سوود لە میتۆد و دژە میتۆدی یەکتری وەربگرن. بە واتایەکی دی دیاردە و دژە دیاردە کاتێ ئامانجیان جودایە، کەچی دەشێ رواڵەت و رەفتاریان پێک بچێت... یان کاتێ رواڵەت و رەفتاریان جودایە دەشێ ناوەڕۆکیان ( لە مەودای دووردا ) پێک بچێت.

بەڵام لەبەر ئەوەی دیاردەکان لە دژە دیاردەکان دێرینتر و ریشەدارترن، هەروا تا ساتی لەناوچوونیان لە دژە دیاردە بە توانترو زاڵترن، بۆیە گەلێ جار شەقڵ و سیما و خاسییەتی خۆیانیان پێدەدەن. دەتوانن میتۆد و کولتووری خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن. بۆ نموونە دژە دیاردەی مەلەکی لە عێراقدا، کە لە تەمووزی ١٩٥٨ دا توانی دیاردەی مەلەکی ببەزێنێ، هەر هەمان میتۆد و کولتووری مەلەکی هێنایەوە بەرهەم. بە هەمان میتۆدی تیرۆریستانە ( بگرە زۆر دڕندانەتریش ) لەگەڵ گەلانی عێراق و نەیارانی خۆیدا رەفتاری کرد. هەروا شۆرشی ئیسلامی ئێران دژە دیاردەیەک بوو لە بەرامبەر دیاردەی رژێمی شا، بەڵام ئاخۆ ئەم دیاردە و دژە دیاردەیە لە چ روویەکەوە جیاوازن ؟ لە رووی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە؟ لە رووی باوەڕبوون بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلانەوە ؟ ئەی ئەو دژە دیاردانەی ئەمڕۆ بەرەنگاری دیاردەی کۆماری ئیسلامی ئێران بوونەتەوە ئاخۆ لە کام مەسەلەدا لە رژێمی ئێستای ئێران جیاوازن ؟ کێ گەرەنتی ئەوە دەدات کە ئەو رۆژەی

ئەوانیش لە دژە دیاردەوە دەبنە دیاردە، لە راونراوەوە دەبنە دەسەڵاتدار لە دیاردەکەی ئیمرۆ باشتر دەبن ؟ ( ئەم پرۆسێسە چەند و تا کەی بەردەوام دەبێت ئەمەیان باسێکی دیکەیە. )

بە کورتی دیاردەکان لە شێوەی خۆیان دژە دیاردەکان دێننە بەرهەم، یان دژە دیاردە بە رادەیەک دەکەونە ژێر کارتێکردنی سیحری دیاردە و بە رادەیەک لاسایی دەکاتەوە کە لە کۆپی ئەو دەچێت.

دەمێکە دیاردەی دیکتاتۆری و فاشیزم لە عێراقدا تەواوی ژیانی مادی و رۆحی گەلانی عێراقی داپۆشیوە. ئاخۆ لەم حاڵەتەدا دەکرێ لە کوردستاندا ( وەک دژە دیاردەی عێراق ) تا سەر قسە لە دیموکراتی بکرێت ؟ تیرۆر و دیکتاتۆری لە بەغدا، ئەگەرچی ئەمەیان لە بنەرەتدا پەیوەندی بە ئیمکانیەتی خۆ گونجان یان خۆ دابڕانی دژە دیاردە لە دیاردەوە هەیە. بەڵام پێدەچێ درەنگ یا زوو سیما و شەقڵی خۆی لە کوردستاندا دەربخات. مانەوەی سەددام لە بەغدا دەبێ کۆپییەکەی خۆی ( سەددامێکی چکۆلە ) لە کوردستاندا بێنێتە بەرهەم. هەر خودی خەڵکەکە لەبەر هەستی خۆ بە کەمگری لە بەرمبەر بەغدا و لەبەر هەلپەرستی، هەر خودی قەڵەمە خوێریەکان زەمینەی ئەم جۆرە ( سەرۆکە تاقانەیە )دەرەخسێنن. ئەگەر تا ئێستاش ئەم دیکتاتۆرە دەرنەکەوتووە لەبەر لاوازی و ناتەبایی و نابووتی دژە دیاردەکەیە. چونکە حوکمی مێژوو... میکانیزمی دیاردە و دژە دیاردە ئەوە دەسەپێنن کە تا بەغدا کسانی وەک سەددامی هەبێ مەحاڵە لە کوردستاندا ( گاندی ) یێک یان ( هوشی مین ) یێک دەربکەون.

دیاردەکان لە شێوەی خۆیان، دژەکانیان دێننە بەرهەم ... یان دژە دیاردەکان لاسایی خودی دیاردەکان دەکەنەوە.!

لە کۆتایی حەفتاکاندا ( تاران ) مەلایەکی وەک رابەری رۆحی و سیاسی خۆی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی. ئەم دیاردەیە لە هەندێ ( هەرێم )ی ئێراندا رەنگی خۆی بەسەر دژە دیاردەکاندا رشت، یان لە شێوەی خۆی دژە دیاردەی هێنایە بەرهەم. عەجەمەکان مەلایەکی شیعەی خۆیان قووت کردەوە. خەڵکی کوردستانیش بەپێی هەمان میکانیزمی لێکچوونی دیاردە و دژە دیاردە، مامۆستایەکی ئایینی نیشتمانپەروەریان دەرهێنا و لە بەرامبەری خومەینیدا رایان گرت. کەسیش بیری لەوە نەکردەوە کە خومەینی دیاردەیەکی سیاسی و ئایینییە و بەرهەمی دەیانساڵی بزاڤی مەزهەبی ـ سیاسی شیعەگەری ئێرانە ... یان کێشەی کورد لەگەڵ تاران کێشەیەکی ئایینی، یان مەزهەبی نییە تا بە دژە مەلا چارەسەر بکرێت، بەڵکوو کێشەی داگیرکردن و رزگارکردنی خاک و مرۆڤە. لەوەش سەیرتر ئەوانەی لە پشت ئەم دیاردەیەوە بوون خەڵکی ئایینی نەبوون، بەڵکو مارکسی عەیار ( ٢٤ ) بوون کە لە خۆیان بەولاوە هیچ حیزبێکی مارکسی دنیایان بە مارکسی نەدەزانی.

سەرئەنجام کۆپییەکەی خومەینی لە کوردستاندا کاڵ دەرچوو. مامۆستا مەلاکەی ئێمە نەک هەر وەک خومەینی نەبوو بە رابەری نەتەوەکەی بەڵکو تەنانەت نەیتوانی ( یان نەیویست ) ببێ بە سەرکردەی حیزبێکی مامناوەنجیش. هەر ئەوانەش کە جادەی چەند کیلۆمەترییان بۆ

مامۆستا فەرشڕێژ و گوڵڕێژ دەکرد پێش خەڵکی تر لە مامۆستای هێژا کەوتنە تەقە !!

دیسان دیاردەکان لە شێوەی خۆیان دژەکانیان دەخوڵقێنن ... یان دژە دیاردە لاسایی خودی دیاردەکە دەکاتەوە.

ئەوەتا لە بەغدا پەرلەمانێکی زەبوون و کارتۆنی هەیە و لە کوردستانیشدا پەرلەمانێکی هاوچەشن و زەبوون سەری هەڵداوە. پەرلەمانی کوردستان ( با لە فیستیڤاڵێکی نەتەوەییشدا خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ دابێت ) لە باشترین حاڵەت و لەو پەڕی سەروەرییدا نابێ لە پەرلەمانەکەی بەغدا دەسەڵاتدارتر بێت. کام دیکتاتۆری دنیا لە پەرلەمانێکی بە دەسەڵات نەترساوە و ناترسێ ؟! کە بوونە دیکتاتۆر ئامانج بێت پەرلەمانی راستەقینە بۆچی ؟!!

دژە دیاردە (بزاڤی کورد) بۆ سەلماندنی بوونی خۆی لە بەرمبەر دیاردەدا دەبێ دەری بخات کە ئەمیش وەک ئەو دەتوانێ نەک هەر خاوەنی پەرلەمان بێت، بەڵکوو دەتوانێ (دیسان وەک ئەو) خودی پەرلەمانەکە بکاتە ئامراز و کارتۆنی. مەگەر رێکەوتە کە

تەنانەت پەرلەمانەکەی کوردستانیش، وەک پەرلەمانی بەغدا ناوی ( المجلس الوطني )یە. ئاخۆ رێکەوتە کە وەک چۆن سەددام پێی شەرمە لە ( المجلس الوطني )یەکەی خۆیدا بەشدار بێت، بە هەمان شێوەش مام جەلال و کاک مەسعوود پێیان شەرمە لە(المجلس الوطني) یەکەی خۆیاندا بەشدار بن ؟!

شەڕی نێوخۆی ئەم دواییەش سەلماندی کە ( المجلس الوطني ) کوردستان چەند زەبوون و زەلیل و کارتۆنییە !! ئەو بێزاری و( یاخی بوونە ) یش کە هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان دژی شەڕەکە پیشانیان دا، هێندە زەبوون و پووت بوو کە زیاتر لە یاخی بوونی مەڕێک دەچوو لە شوانەکەی خۆی، کە بە تیڕاخوڕینێک، یان بە شوتڕکێک مەڕەکە ملکەچ دەکاتەوە و دێتەوە ریزی مێگەلەکە ! دیسان دیاردەکان لە شێوەی خۆیان دژەکانیان دەخوڵقێنن. کاتێک لە عێراقدا لە پاڵ دەزگای جاسووسی ( الامن ) چەندان دەزگای تیرۆریستی موخابەراتی دادەمەزرێندرێ دەبێ لە کوردستانیشدا لە پاڵ دەزگای ئاسایش دەزگای بەدناوی وەک ( پاراستن ) و رەنگە پاراستنی پاراستن و لە بەرامبەریشیدا دەزگای ( زانیاری ) و دەشێ زانیاریی زانیاریش دابمەزرێ !!!

سالانێکە لە بەغدا بەرەیەکی کارتۆنی بە نێوی ( الجبه الوطنیه ) هەیە، کە لە هەندێ موناسەبەتدا وەک دیکۆر و بوکەشووشە دەردەخرێت. بەڵام خۆ کاری لەم بابەتە تەنیا لە دەست بەغدا نایەت، بەڵکوو هەولێریش دەتوانێ بەرەیەکی چروکی کارتۆنی لەم جۆرە بخوڵقێنێ، یان بەرەی کوردستانی ( کە رۆژێک لە رۆژان جێگەی ئومێدی خەڵک بوو ) بکاتە بەرەیەکی داتاشراوی کارتۆنی بە دەست دوو زلهێزەکەی کوردستانەوە. حیزبۆکەکانی تری نێو بەرەش، کە بۆ تیکەنانێکی بەرماوەی دوو حیزبەکە ئامادەن لەسەر سک بخشێن، ئەوەندەیان بەسە کە لە موناسەباتێکدا ئاوڕێکیان لێ بدرێتەوە، یان ناویان بێت !!.

کاتێک لە بەغدا (عـدي) بە پاڵپشتی باوکی رۆژنامەیەک دەردەکات تا(جگە لە باوکی و پیاوە هەرە نزیکەکانی) سوکایەتی بە لێپرسراوانی حیزب و دەوڵەت بکات، لە

کوردستان کۆپیە زەبوونەکەی لە شێوەی (گوڵان) دەردەکەوێت کە بە هەمان شێوەی رۆژنامەکەی (عدي) بۆی هەیە ( جگە لە چەند کەسێکی دەسڕۆیشتووی نێو پارتی ) سوکایەتی بە هەر لێپرسراوێکی حیزب و حوکومەتی هەرێم بکات.

کاتێک لێپرسراوانی عێراقی رێگە بە خۆیان دەدەن گەمە بە سامانی ئابووری و دارایی عێراق بکەن، بۆ حیزبەکانی بەرەی کوردستانی، بە تایبەتی پارتی و یەکێتی، مافی ئەوەیان نەبێت سامانی کوردستان تالان و ئاودیوی سنوور بکەن ؟

کاتێک لێپرسراوانی دەوڵەتی عێراقی کە دێنە ئەوروپا، هەندێکیان سەرقاڵی سۆزانچێتی دەبن، بۆ دەبێ لۆمەی وەزیرێکی حوکومەتی هەرێم بکرێ، کە لەبەرچاوی چەندان هاوولاتی خۆی، لە قومارخانەیەکی پایتەختی ولاتێکی ئەوروپایی سۆزانی بۆ لە پەردە بکرێ !!

دیارە کۆپی لە ئۆریگینالْ ناچێت. بۆیە دزی و راو و رووتی لێپرسراوانی کوردستان، لەبەر سەختی باری ئابووری خەڵکی کورد و بێ کۆنترۆڵی، زەقتر و دزێوتر و شەرەخۆزانەتر دەبێت. هەروا وەزیرەکەی بەعس پێویستی بەوە نابێت قومارچییەکی دەوڵەمەند وێزی بکات و هەقدەست ( یان هەقرانی ) سۆزانییەکەی بۆ بدات !!

دیاردەکان لە شێوەی خۆیان دژەکانیان دێننە بەرهەم... یان دژە دیاردەکان لاسایی خودی دیاردەکان دەکەنەوە. بەم مانایە جیاوازی نێوان خەسڵەتی دیاردە و خەسڵەتی دژەکە هێندە کەم دەبێتەوە کە تا رادەیەک لە یەکتری بچن، یان بە واتایەکی دی جیاوازی نێوان مێنتالێتەی دیاردە و مێنتالێتەی دژە دیاردە هێندە کەم دەبێتەوە کە لە کۆپی یەکتری دەچن. هەردووکیان بە یەک عەقلییەت رەفتار دەکەن و میتۆدی وێکچوو، یان تەنانەت یەک جۆرە میتۆد بە کاردێنن ... یەک جۆرە کولتوور دێننەوە بەرهەم. ئەوەی بۆ دیاردە رەوایە بۆ دژە دیاردەش رەوا دەبێت. ئەوەی بتوانێ ببێ بە بەشێک لە دیاردە، دەتوانێ بشبێ بە بەشێک لە دژە دیاردە ... ئەوەی لەگەڵ دیاردەدا هەڵبکات و لە ناویدا جێگای ببێتەوە، دەتوانێ لە ناو دژە دیاردەشدا جێگای ببێتەوە ..تاد.

لێرەوە دەتوانین ئاسانتر لەوە بگەین کە بۆچی و چۆن لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی دواییدا کولتووری داگیرکەر ئاوا بەربلاو و (بەإبداعەوە) هێنرایەوە بەرهەم ؟! چۆن ئەو هەموو سەرۆک جاش و موخابەرات و جاشنووسەرە، کە تا دوێنێ بەشێک بوون لە دیاردەی بەعس، ئاوا بە ئاسانی و هێندە زوو بوونە بەشێک لە حیزبەکانی بەرەی کوردستانی، بێ ئەوەی هیچ کام لەوان و لە حیزبەکانی بەرە هەست بە پێک نامۆبوون بکەن. کەچی ئێلیت ( نخبە )ی رووناکبیری کورد وەک چۆن بە دەسەلاتی بەعس نامۆبوون، لە سایەی حوکومەتی هەرێمیشدا هەر بە نامۆیی مانەوە. ئەمان درێژە بە نامۆیی خۆیان و بکوژان و خۆفرۆشانیش درێژە بە هەڵپەرستی و کوشتن دەدەن. مێژوویش کە شمشێرێک و قەڵەمێکی خوێنی دەینووسنەوە، ئەم شورەییەش بە سەرەوەری تۆمار دەکات !!

ئاخۆ بزاڤی گەلێک ئەگەر نەزۆک و گەندەڵ نەبێت چۆن جێگای ئەو تاوانبارانەی تێدا دەبێتەوە کە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە بە ئەنفالکردنی دەیان هەزار مرۆڤی کوردا

بەشدارییان کردووە ؟! ئەمانە ئەگەر بەپێی نەریتی رزگاریخوازی و نیشتمانی بێت، یان بە پێی یاسای نێو دەوڵەتان بێت دەبێ دادگایی بکرێن و وەک تاوانباری شەڕ، یان وەک بکوژی بە کۆمەڵی خەڵک سزا بدرێن.

پەنجا ساڵە لە سەرتاسەری دنیادا جوولەکەکان بە دوای ئەو بکوژانەدا دەگەڕێن کە لە سەردەمی نازییەکاندا دەستیان لە کوشتاری جوولەکەدا هەبووە و سزایان دەدەن. لای ئێمەش بکوژانی دەیان هەزار مرۆڤ خەڵات دەکرێن و بۆ بکوژی رادەگیرێنەوە. ئاخۆ سەرکردەکانی نەتەوەیەک دەبێ بەم جۆرە رێزی نەتەوەکەیان بگرن و وەفایان بۆ خوێنی شەهیدەکانی هەبێت ؟! ئایا ئەمە سوکایەتی کردن نییە بە نەتەوە ؟!

بەڵام دیاردەکان لە شێوەی خۆیان دژەکانیان دێننە بەرهەم !!!

[ بەشێکی ئەم وتارە لە ژمارە « ١٠ »ی رۆژنامەی ( هەنگاو ) دا بڵاو کراوەتەوە. ]

ئابی ١٩٩٤

# ئامادەنەبوونی «ناوەوە»
# لە «دەرەوە»ی سێ ئەزموونی دەسەڵاتدا

خەبات عەبدوڵڵا

## * بەرایی

**سەرکردەکانی کورد، وا راهاتوون دوای هەر تێکشکانێک کە تووشاری شێوەیەک لە شێوەکانی دەسەڵاتی کوردان، لە راپەڕین و بزووتنەوەکانیاندا هاتوون، فاکتەری دەرەکی کە خۆی لە پێوەندی نێو دەوڵەتان و بەرژەوەندی داگیرکەران و قەڵەمڕۆی زلهێزەکاندا دەبینێ، بکەنە ماک و کرۆکی ئەو تێشکانانە و فاکتەرە ناوەکییەکانیش کە خۆی لە خودی کەسێتی سەرکردە و بزووتنەوەکەی و عەقڵی سیاسی کوردا دەبینێتەوە، بکەنە نوختەی وردکەرەوە و پاشکۆی فاکتەرە سەرەکییەکەی دەرەوە.**

**سەیر نەبێ - خوانەخواستە! - گەر سبەینێ ئەم ئەزموونەی ئێستاکەشمان، بەدەردی دوو حکومەتەکەی شێخ مەحمود و قازی ببرێ، هەمان فاکتەری (زەبەلاح) و (لە دەسەڵات بەدەری کورد) و (بڕیاردەری هەموو شتەکان)... فاکتەری دەرەکی بکرێتەوە بە پاساوی یەکەمی ئەو تێشکانە و فاکتەرە ناوەکییەکانیش بە پاشکۆ.**

خوێندنەوەی تا ئەم ساتە وەختەی مێژوومان، لەو رەهایی بەخشینە بە «دەرەوە»ی دروستکەر و لە هەمان کاتدا روخێنەر، بەدەرنیە. دەوترێ گەر بەرژەوەندی ئیستعماریانەی «دەرەوە» بیهێشتبا.. گەر خیانەتی! «دەرەوە» لە وازهێنان لە «ناوەوە» و یارمەتیدانی دوژمندا نەبا.. «ناوەوە» دەمێک بوو بانگی سەربەخۆیی و رزگاری دەدا. دەوترێ «ناوەوە» چی بکا کە «دەرەوە» ناهێڵێ «ناوەوە» هیچ بکا؟!

ئیتر «دەرەوە» لای «ناوەوە» دەبێتە (طاغوت). ئەم تێنەگەیشتن و تێکەڵ و پێکەڵ کردنە لە خودی «دەرەوە» و ئینجا «ناوەوە» دا بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتی سیاسی کورد، بەتایبەتیش لە هەردوو ئەزموونی حکومەتەکانی شێخ مەحمود و قازی محەممەد و ئینجا حکومەتەکەی ئێستا، وەکو تارماییەکی سامناک لە عەقڵی سیاسی کوردا رەنگ رێژ و بەرایی یە تولانییەکانی لە کەسایەتی سیاسی سەرکردە و تاکە تاکەی گەلەکەماندا بەرجەستە بووە و لە ساتە وەختە مێژووییە جیاجیاکاندا «دەرەوە» میحراب و جاری تر ئەهریمەن بووە.

تێبینی: ناوەوە = عەقڵی دەسەڵاتداری کورد.

دەرەوە = ئەوان (داگیرکەرانی گەورە و بچوک، دۆست و دوژمن، پێوەندی نێوان گەلان و دەوڵەتانی دنیا...تاد)

ئەگەرچی هەر سێ حکومەت، لە سێ قۆناغی مێژوویی جیاوازدا، لە سێ هەلومەرجی دیاریکراوی پەرەسەندنی کۆمەڵی کوردەواریدا سەریان هەڵدا، بەڵام زەحمەتێکی گەورەشمان نایەتە رێ گەر بمانەوێ کۆبەندی خاڵە هاوبەشەکانی نێوانی هەر سێ ئەزموونەکەی دەسەڵات

بکەین.. دەبینین کە :ـ

١- هەر سێ حکومەت بە کردەی فاکتەری دەرەکی، کە خۆی لە تەواوبوونی سێ جەنگی گەورەی جیهانیدا دەبینێتەوە، دروست بوون.

٢- پانتایی جیوپۆلیتیکی هەر سێکیان، پارچەی پارچەیەکی کوردستان بوون، ـ رێکەوتیش نەبوو کە ناوچە نەوتاوییەکان لە دەرەوەی ئەو پانتایی یانەدا بووبن ـ..

٣- هەر سێ حکومەت لەو کاتەدا دروست بوون، دەسەلاتی مەرکەز کە خۆی لە دەسەلاتی داگیرکەرانی کوردستاندا دەبینێتەوە، پوکاوەتەوە و بۆشاییەکی ئیداری خوڵقاندووە. ئیدارەی هەر سێ حکومەتیش ئیدارەیەکی ناکامە و سستەک بووە و تەنانەت رۆڵی گەورەی لە روخانی هەر دوو حکومەتی شێخ و قازیدا وازی کردووە.

٤- عەقڵی خێڵ بەسەر عەقڵی شارستانێتیدا زاڵ بووە.. تاکە کەس بۆتە خێڵ و خێڵ بە تاکە کەس، حیزب بۆتە خێڵ و حیزب بە تاکە کەس، ئەم عەقڵە دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری کابینەی حکومەتەکان بوون.

ئەمانە و دەکرێ چەندان فاکتەری تری وەکو : نەبوونی سوپایەکی بەهێز و یەکگرتوو، گوێ نەدان بە رۆڵی رۆشنبیر و دوورخستنەوەیان لە ناوەندەکانی دەسەلات، پشت بەستن هەر تەنیا بە دەرەوە و...هتد بکرێنە پاشکۆی خاڵە هاوبەشە سەرەکییەکان.

* * *

یا لێرەوە دەست پێ بکەین...لە سێ ئەزموونی دەسەلاتی کوردا، لەهەر سێ حکومەتەکانی شێخ و قازی و ئێستاماندا، پرسیارێک کە تا ئەمێستاکە، لە گوفتاری سیاسی مێژووماندا، جێگە و رێگەی بەتاڵە، ئەوەیە کە ناوەوە لە ناوەوەی خۆیدا چی کرد و چی دەکا؟ ناوەوە لە دەرەوە دا چی کرد و چی دەکا؟ ئاخۆ ناوەوە توانی، یان دەتوانێ بەرەو دەرەوەمان بیا و بیێتە بەشێک لێی و دەرەوەش بکاتە بەشێک لە خۆی؟

**یەکەم : دەرەوەی ئامادە / ناوەوەی نائامادە**

١- سێ جەنگی جیهانی، پاشان گۆڕینی تەرازووی هێزەکان و جێگرتنەوەی پێوەندی نوێی نێو دەوڵەتان بە پێوەندییە کۆنەکان، ئینجا بەشداربوونی لە دەرەوە سەپێنراوی پانتایی جوگرافیانەی کوردستانی گەورە لە کەوتنە ژێر پۆستاڵ و بۆمبی دەرەوەی هەر سێ جەنگەکە.. سەرەتای مێژوویەکی سەرکەوتووی لە جوگرافیایەکی بەزیودا، دەست پێکرد. جەنگی یەکەمی جیهان کۆتایی پێ دێ، شێخ محمود و حکومەتەکەی سەر هەڵدەدەن... دووەم کۆتایی دێ، قازی محەمەد و کۆمارەکەی... کۆتایی جەنگی کەنداویش کە لە هەندێ رووەوە لە راگەیاندندا بە جەنگی سێیەمی جیهان ناودەبرێ بە تێشکانی بەعس کۆتایی پێ هات و حکومەتەکەی ئێستامان فراژوو دەکات.

رۆڵی ئیجابی یانەی دەرەوە لە سایەی (بەرەکەتی) ئەو جەنگانە و بەرایی یەکانیدا، بەشی هەرە زۆری گەلانی ژێردەستەی دنیای بە رزگاری راستەقینە و بیناکردنی دەوڵەتی

سەربەخۆی نەتەوایەتی شاد کرد.

لە پێش و لە گەرمە و لە پاشی هەر سێ جەنگەکە، مێژووی دەرەوە، مێژووی چەندین پرۆژە و دارشتنی ستراتیجی دوورمەودایە لە دەرەوەی خۆیدا، بەپێچەوانەوە، مێژووی ناوەوە، مێژووی تیۆریزەکردنی پرۆژەی خۆکوشتنە لە خودی جەستەی ناوەوە دا.

٢- لەسەردەمی شێخ مەحمود دا، (سیڤەر) دەدەنە کورد.. سیڤەری دەوڵەت و جیابوونەوە، ناوەوە و کورد هەر بە تەنیا شەریف پاشای هەڵاتووی دەستی حکومەتی تورکیای دەبێ بەرەو پاریس بەرێ بکەوێ و دەردی دڵی خۆی بۆ گورگانی نێو دەوڵەتی هەڵبرێژێ.. شەریف پاشا هەر خۆیەتی و لە ناوەوە جێ ورێی نیە، کوردەکانی ژێردەسەڵاتی تورکیا حاشا لە شەریف پاشا دەکەن کە نوێنەری ئەوان بێ، پاش سێ ساڵان کە ناوەوە بە خەبەر نەهات، دوا جار دەرەوە بە (لۆزان) قرقەپ بە سیڤەر دەکەن.

لە سەردەمی قازیدا، ئەو کاتەی هاوپەیمانان تەختی داگیرکەر لە تاراندا دەڕوخێنن، (میر حاج)ی ئەفسەر و ئەندامی کارای حیزبی هیوا، لەم دیوەوە، ئەم دیواودیو بۆ چەند جارێ سەردانی وڵاتی موکریان دەکا، ئەو کاتەی قازی محەممەد، رۆڵەی خانەوادەی ئەریستۆکراتی عەشیرەتی دیبوکری، بەڕێوەبەری شاری مەهابادی ژێردەسەڵاتی بە پراکتیک روخاوی تاران دەبێ، میر حاج بۆ جارێکیش ئەندامێکی دەست ناکەوێ لەو وڵاتە بیکاتە کوانگەی حیزبەکەی. کە ناوەوە بە خەبەر دێ، هەر لە دەرەوە دەستێکی سووری سۆڤیێتی (کۆمەڵەی ژ. ک.) دەکاتە (دیموکرات) و قازیش بە سکرتێر و سەرکۆمار.

هاوپەیمانان و ئەمجارە لە پشتیانەوە دنیا هەمووی، بە گورزێکی گورچک بڕی بێ وێنە لە مێژوودا، پەلاماری بەعس دەدەن و تەختی دەلەرزێنن، ئا ئەو کاتە ناوەوە لە ئاوارەییەکی پشتی پشتەوەی روبەرە ئەلغام چێنراوەکان عاسی ببوو، چاوەڕێی دوا بریار و دوا ئەنجامی پرۆسێسی ئاڵوگۆڕە خێراکانی لە دەرەوەی خۆی دەکرد. بەعس دەرەوەی تێک دەشکێنرێ، کورد بە ناوەوەی بێ پرۆژەوە پەلامار دەدا، ناوەوەی بەعس لە ساتەوەختێکدا دەرەوە دەکاتەوە بە بەشێک لە خۆی، ئەو تانکە تۆپ هاوێژەی دوێنێی پێش پەلامارەکە، لە چاڵە لماوییەکاندا پاروی چەوری فڕۆکەی هاوپەیمانان بوو، دوای پەلامارەکە لە ژێر سایە بانی هەمان فڕۆکە و بەڕارەوی ئامادەکراوی هاوپەیمانان دێت و ئاگر بەر دەداتە جەستەیەکی بەهارەیی.

کاتێکیش دەرەوە خێر خوایانە دەستی ناوەوە دەگرێتەوە، ناوەوە زۆر بە بچوکی، هەروەکو جارانی، پارچە پارچە بەرەو دەرەوەی بەرامبەر - بەعسی زەبەلاح! - دەچێتەوە.. هەر لە دەرەوە، ناوەوە پەشیمان دەکرێتەوە، دوای کەرنەڤاڵی هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەمجارەشیان دیسانەوە هەر لە دەرەوە ئیعلان بە ئەنجامی سەرکەوتنی کەرنەڤاڵەکەی ناوەوە دەکرێ!

٣- لە کاتێکدا دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تورکیای عوسمانی و ئێرانی قەوامولسەڵتەنە و عێراقی عەفلەقی، دەرەوەیان وردوخاش کرا، لە رێی خودی خاوەن پرۆژە و تێنەشکاوی ناوەوەیانەوە، لە رێی ستراتیجی دوورمەوداو عەقڵی کۆیانەوە، دەرەوەیان بەو ئاقارەدا گۆڕی،

کە جارێکی تر ئامادەیی خۆیانی تێدا بەرجەستە بکەن. تورکیای نەخۆش و پرۆژە لێ براوی دوای جەنگی یەکەمی جیهان، توانی زۆربەی خاکی تورکیا لە دەست بێگانە خاوێن بکاتەوە و دەرەوە لە مۆرکردنی رێکەوتننامەی (لوزان) دا بکاتە بەشێک لە ناوەوەی خۆی و جەستەی نەتەوایەتی خۆی بێ پارچە پارچە بوون و بە فراوان خوازی بهێڵێتەوە.

ئێرانی داڕزاوی ژێر پۆستاڵی روس و ئینگلیزیش، بە دیپلۆماسیەتی زیرەکانە، بێ هیچ بەرگرییەک هەردوو کۆمارەکەی ئازربایجان و کوردستانی خستەوە ژێردەسەلات و ئێرانی بە پان و پۆڕی و دەسەڵاتی شاهەنشایی شادکردەوە.

ئیتر دەرەوەش لە ئاست ئامادەنەبوونی ناوەوە دا، نە فرمێسکی بۆ کوردەکانی ژێر شمشێری دەسەڵاتی تورکیا رشت و نە ملی قازی محەممەدی لە پەتی سێدارەی ئێرانی نادیموکراتی رەها کرد.

عێراقی پاش سێ جەنگ و لە هەموو کونجێکەوە ئابڵوقە دراویش، هەر ئێستا کە خەریکە لە دەرەوەڕا، هاوپەیمانەکان بەرەو لێکترازان و هەڵوەشاندنەوە بەرێ و دەرەوەیەکی تریان بەرانبەر ناوەوەی خۆی پێ دروست بکات.

جەنگ، ئەگەرچی پرۆسێسی ئاڵوگۆڕی دەرەوەی کورد بووە و وەکو فاکتەرێکی هەرە بەهێزی تۆکمە ریزکردنی خودی ناوەوە و هەمیشە و هەردەم لە خزمەت ئامادەبوونی ناوەوە بووە لە دەرەوەی گۆڕاوی پاش جەنگ، کەچی ناوەوە لە هەموو ئەو جەنگانەدا، لە هەموو ئەو پرۆسێسی ئاڵوگۆڕانەی دەرەوە دا، نائامادە و تەسلیم بووی دەرەوە بووە، پاش هەر ئاڵوگۆڕێک دەرەوە چاوەڕێ بووە ناوەوە قەید و شەرتی هەبێ. کەچی دواتر، قەید و شەرت خراوەتە سەر ناوەوە.

**دووەم: جوگرافیای تەسک**

١- قسەمان لەسەر قەوارەی «ماد» نیە، بە بەشێک لە دەسەڵاتی کورد دابنرێ یا نا، دوای میدیا، ئیتر جەستەی ئەو قەوارەیە بە ناوەوەی پچڕپچڕ، دەستە بەشی لاتەریک، کۆمەڵی لێرە و لەوێ، ئاودێر کراوە. قەڵەمڕەوی ناوەوە لە روبەری جوگرافیایەکی تەسک، پانتاییەکی بەردەست و پێش چاواندا، سنووركێش کراوە.

بە درێژایی مێژوو، تا ئێستاش ناوەوە میرات بەخشی جەستەی خۆی و داهێنەری دەرەوە بووە لە خودی شەقاشەقاری خۆیدا. گەلانی دنیا ئەو کاتەی ناوەوەیان دەبێتە دەرەوە و دنیاش بە خۆیان لە ناوەوەڕا، دەرەوەی وەهمی دەخوڵقێنن بۆ دووبارە و هەردەم ئامادەبوونی ناوەوە تێیدا. کەچی ناوەوەی نائامادەی کورد، لە رەحمی جەستەی خۆیدا، دەرەوەی راستینە و زەبەلاحی لە خۆی داتاشیوە و دوا جار بۆ ئامادەبوونی نامەعقولانە لەو دەرەوەیەی هەمان بونیاتدا، چەندین جار پرۆژەی خۆکوژی بۆ تیۆریزە کردووە.

٢- جوگرافیای قەوارە بچکۆلە، رێکخراو و حیزب و ئایدۆلۆجیای بچکۆلە بچکۆلەی بۆ داڕێژراوە و پارچەیەک لە کەلاکی هەمان (ستراتیج)ی گەورە و بێ خاوەنی مێژووی خۆی بۆ

تیۆریزە کراوە و نە توانراوە بەپێی سیستمی یەک بونیات، یەک نەتەوە و یەک ئینسانی سەر هەمان خاک، یەک ستراتیج بۆ یەک بونیات داڕێژرێ و بەم جۆرە ناوەوەی بچکۆلە بە چاوی گومان و دەرەوە تەماشای قەوارەکەی تری ناوەوەی خۆی کردووە و عەقڵی سیاسی کورد لە ستراتیجی پارچەیی دا (راوح)ی فکری و پراکتیکی کردووە و خەبات و تێکۆشانی چەند ساڵەی کوردان لە ژێر سایەی ئایدۆلۆجیای (مستورد)ی حیزبایەتیدا. لە هەر قۆناغێکدا کراوەتە ئەڵتەرناتیڤی ستراتیجی هاوبەشی لە نەستی (لاوعی) نەتەوەدا زیندوو، حیزبی ئایدۆلۆجی بە بنەما خێڵەکی کەڵگایی بەسەر حیزبی هەمان بونیاتدا کردووە و لە هەر قۆناغێکدا ئەگەر دەستە و رێکخراو و حیزبێک پەیدا بووبن و بانگاشەی ستراتیجی هاوبەش و هەست بزوێنی نەستی نەتەوە بوو بێ، بە خەیاڵ پلاو و ناسیۆنالیستی سەرەڕۆ و شۆڤێنی لە قەڵەم دراوون و بۆ سەرکوت کردن و تەنگ پێ هەڵچنینیان پارچەکانی هەمان جستە و تەنانەت داگیرکەرانیشیان لێ هاندراوون.

٣- جیۆپۆلەتیکی حکومەتەکانی شێخ مەحمود و قازی و ئەوەکەی ئێستامان، روبەری پانتایی یەکن لە پانتایە گەورەکەی جوگرافیای کوردستان، پارچەی پارچەیەک و ناوەوەی بچکۆلەی ناوەوە دابەشبووەکانن. ئەگەر ئەم پانتایی یانە، لیوای سلێمانی شێخ مەحمود و سێ یەکی رۆژهەڵاتی کوردستانی کۆمارەکەی قازی و لە نیوە کەمتری خوارووی کوردستانی حکومەتەکەی ئێستاشمان.. پرۆژەیەک بووبن، ئەوا پرۆژەی ئامادەنەبوونی ناوەوە بووە لە خودی ناوەوەدا.

خەونەکانی شێخ و قازی بە سەربەخۆیی کوردستانەوە، هەوڵدانی چەند جارەکی رزگارکردنی کەرکوک لەلایەن شێخ مەحمودەوە و هەڵکردنی ئالای کوردستان لەلایەن قازی یەوە، ئەوەندەی حەز و ئارەزووی ساتەوەختی دەسەڵاتخوازی و سەلماندنی ئەو دەسەڵاتە بووە، ئیتر لە پشتەوە هیچ پرۆژەیەکی دوورمەودای هەوڵدان بۆ ئامادەبوونی ناوەوە نەبووە لە دەرەوە دا.

شێخ مەحمود وەکو یەکێک لە پیاوە گەورە و ناسراوە دینی یەکانی شێخانی خێڵ و ناوچەکەی، کە لە بنەماڵە پایە بەرزە دینی یەکەیەوە ببووە نێوەندی کۆکەرەوەی دەوروبەرەکەی و خاوەن مەجلیس و لە خودی خۆیشیدا پیاوێکی لە خواترس، هەرگیز نەیتوانیوە ئینگلیز وەکو (مثل)ێک، کە پانتایەکی ـ ئەگەرچی بچوکیش بێ ـ لە فکر و پراکتیکا بۆ بهێڵێتەوە. هەر بۆیە دەست تێکەڵ کردنی لەگەڵ دەوڵەتە نەخۆش و تازە پێکهاتووەکەی تورکیای بە بنەچە خەلیفەیی لا گرنگتر بووە وەک لە مامەڵە کردن لەگەڵ ئینگلیزی غەیرە دیندا.

بۆیە هەوڵدان بۆ گرتنی کەرکوک لای شێخ مەحمود، ئەوەندەی پێوەندی بە یادەوەری یەکی دینی و حەز و ئارەزووی لووت شکاندنی ئینگلیزی «کافر» بووە، ئەوەندە ستراتیجی دوورمەودای لە رووی ئابوری و سیاسی کەرکوکی کوردستانی و دەوڵەمەند بە نەوتدا نەبووە، هەروەکو زۆربە وای بۆ دەچن.

قازیش کە پیاوێکی خواپەرست و راهاتووی بەڕێوەبەرایەتی شارە بچکۆلەکەی مەهاباد بووە و لە بنەماڵەیەکی بە بنەچە قازی و حاکم بووە، لە چەند موناسەبەتدا ئەو پەڕی دڵسۆزی خۆی بۆ پاراستنی یەکێتی خاکی ئێران پیشان داوە و ئەرکی سەرەکی خۆی و حیزبەکەی لە دیموکراتیزەکردنی رژێمی دەسەڵاتداری تاراندا دەبینی یەوە و ئۆتۆنۆمی بۆ کۆمارە سەربەخۆکەی خۆی دەویست. ئیتر خەونەکانیش وا دەکەونەوە، شێخ دوای ئەو هەموو بەرەنگاربوونەوە خوێناوی و شەڕی دەستە و یەخە ئەفسانە ئامێزانەی لەگەڵ ئینگلیزدا دەیگیرێ و خۆی بە رێکەوت جارێکیان رزگاری دەبێ، دوا جار بۆ رێگەپێدانی مانەوەی خۆی و لەشکرەکەی لە ناوچەی (بەتەنیا) پێنجوێن و پیراندا، لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا بکەوێتە گفتوگۆ و پاش کۆتایی ئینتدابی بەریتانی بە ماوەیەک، لە پیران بمێنێتەوە و بە داخی تێکچوونەوەی دەسەڵاتە بچکۆلەکەی سەر بنێتەوە.

قازیش بەپێچەوانەی هەر دوژمنایەتی یەک، لەگەڵ خەڵکی سابلاخدا، پێشوازی لە ئەرتەشی داگیرکەری «قوام السلطنه» بکەن و ئالای کوردستان بۆ دوا جار دابگیرێ و شێخ و قازی بە (پێ)ی خۆیان بەرەو تەسلیم بوون بە دەرەوە، ناوەوە راپێچ بکەن.

**سێیەم : حکومەت.. عەقڵی خێڵ و شارستانی**

١- حکومەت ئەلگۆ (نموذج) ێکی دیار و بەرجەستەی دەسەڵات و ئەڵتەرناتیڤی دەرەوەی سلبی یە لە خودی ناوەوە دا.

حکومەت بۆ ئەوەی ناوەوەیەکی ئامادە پێکبهێنێ، پشتیرێکی مێژوویی عەقڵی کۆ و ستراتیجیکی دوورمەودای گەرەکە کە دارێژەری ئامادەبوونی هەمیشەیی ناوەوەی خودی هەمان بونیات بێ.

مێژووی دەسەڵاتی سیاسی کورد، مێژووی عەقڵی خێڵە.. عەقڵی خێڵ مانای ستراتیجی ساتەوەخت و ون بوونی عەقڵی کۆ لە دارشتنی یەک ستراتیجی دوورمەودا و جوڵانەوە بە لۆژیکی مانەوە لە جیۆپۆلەتیکی تەسک و قەوارەی  دیاریکراویدا.

عەقڵی خێڵ، عەقڵێکی کورت بین و کوێرە، لەسەر ئاستی نەتەوە عەقڵێکی ئیفلیج و چەپەکە. گوفتاری سیاسی خێڵ، گوفتارێکی سەقەتی تاک مەودا و گۆڕهەڵکەنی گوفتاری سیاسی نەتەوەیە. لە سایە بانی ئەو عەقڵەدا، عەقڵی کۆ تەجمیدی ئەستی ئەو (خود)انە بووە کە پانتایی ئامادەبوونیان لە ناوەوە دا تەنانەت کاری لەسەر ستراتیجی نزیک مەوداش نەکرد و گردەنشینە.

٢- دەسەڵاتی مەرکەز دەپوکێتەوە و بۆشایی یەکی ئیداری لە شوێن خۆی جێ دێلێ.. ناوەوە گیرۆدەی عەقڵی سیاسی بێ ستراتیج و دابەشبووی ناوەوەی خۆیەتی، نائامادە... چاوەڕێیە، درەنگانێک بە خەبەر دێ و بە پشتیوانی و رازی بوونی دەرەوەی خۆی، سێ حکومەت دادەمەزرێنێ.

لە دەرەوە مێجەر نۆئێل خۆی پیا دەکا و پیاوماقوڵانی سلێمانی کۆدەکاتەوە و جاری

حوکمدارێتی شێخ دەدا و ناوەوە قاڵب ڕێژی دەرەوە دەکا. قازیش دوای تەنیا ساڵێک پێوەندی کردنی بە حیزبەوە، دەبێتە هەموو حیزبەکە و دوو ساڵ کەمتر لەو مێژووە بە پشتیوانی خێرخوایانەی ڕوس دچێتە سەر کورسی حوکم.

بۆ یەکەمین جار لە دنیاشدا، (ناوچەی ئارام) بۆ ناوەوەی داواکەری ئۆتۆنۆمی ڕەنگ ڕێژ دەکرێ. دیسانەوە ناوەوە، زۆر بچوکتر لەوەی حسابی بۆ دەکرێ، ناتوانێ لەسەر قاچ خۆی ڕابگرێ و ئامادە بێ. ئامادەبوونی وەهمی خۆی لە دەرەوەی بەرامبەر دا ـ لە پێتەختی داگیرکەر و لەسەر مێزی بێ پیت و فەڕی تاقیکراوەی چەندین جار ماڵوێرانی، بەرجەستە دەکات. ئیتر ئەمجارەش هەر لە دەرەوە ئیعلانی حکومەت بە ناوەوەی نائامادە جاڕ دەدرێ.

کوردستانی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بە چوار ساڵ پێش پێکهێنانی کابینەی حکومەت و لە کوردستانی کۆمارەکەی قازیشدا پێنج ساڵان پێش جاڕدانی کۆماری مەهاباد و، لەم کوردستانەی دوای ڕاپەڕینیشدا زۆرتر لە شەش مانگ پوکانەوە و نەمانی ئیدارەی فیعلی داگیرکەران.. ئینجا حکومەت پێکهێنراوە و لە هەموو جارێکیشدا، فاکتەری دەرەکی ڕۆڵی بزوێنەر و بڕیاردەری لەسەر پێکهێنانەکان بینیوە و هەر سێ حکومەت لە ئیدارەی خۆیاندا هەمیشە دەوڵەتە مەرکەزەکانیان بە ڕەقیب داناوە و نەیانتوانیوە ڕایەڵەی ئەو تەلیسمە سایکۆلۆجییە بپسێنن و ئیدارە بەو ئاقارەدا بەرن، کە سەربەخۆیی ڕاستەقینە دەستەبەر بکات.

ئیدارە و خودی حکومەت لە هەر سێ حاڵەتدا، لەسەر بنەمای ئاشتی ڕەها (السلام الطلق) دامەزراوە و لاسایی حکومەتە هێمنەکان کراوەتەوە و مۆرکی جەنگی و بەرگری و ئامادەبوون بۆ شەڕی چارەنووس و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تێدا بەر جەستە نەکراوە و لە کاتی هێرش و پەلاماری داگیرکەردا، جیۆپۆلەتیکی حکومەت جیۆپۆلەتیکێکی ترساو وگەر بەرگری کرابێ، لە حاڵەتی بەرگری سلبیدا بووە.

٣- مێژووی حکومەتەکانی کوردستان، مێژوویەکی دووبارە بۆوەی عەقڵی خێڵە، جا ئەگەرچی ئەو عەقڵە لە خودی خێڵ، یا تاکە کەس، یا حیزبدا بەر جەستە بووبێ. ئەو کاتەی خودی تاکە کەسی شێخ مەحمود، هەر لەبەر دڵ ڕاگرتن و ڕازی کردنی ئۆزدەمیری تورک، گەورە پیاوی ڕۆشنبیری کورد، وەزیری فەرهەنگ ـ مستەفا پاشای یامولکی دوور دەخاتەوە و دواتریش جەمال عیرفان دیزە بە دەرخۆنە دەکری و سەر بە پیرەمێردی شاعیری گەورەی کورد شۆڕ دەکا، ئا ئەو کاتانە شێخەکانی بەرزنجە، هەر لەبەر ئەوەی حوکمدار لە خۆیان بوو، لە سایەی حکومەتەکەی شێخ مەحمود دا «هەر یەکە لە لایەکەوە ئاغایەک بوو بۆ خۆی، کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە»

کاتێکیش قازی لە مەیدانی چوارچرای سابلاخدا، ملی بە پەتا دەکری و جوتیار و پاڵەی هەژار بە چاوی پڕ لە ئەشکەوە دێنە دیار لاشە هەڵواسراوەکەی، ئا ئەو کاتە زەوی و زار و سامانی کۆنە ئاغا و دەرەبەگە هەڵاتووەکانی دەست جوتیاری دەست و پێ قڵیشاو، ئەو بەگلەرانەی لە سەرکردایەتییەکەی قازی و کۆمارەکەیان پێک دەهێنا، هەروەکو جاران بە

سامانەکانیان شاد دەبنەوە. قازی بۆ دڵ نەرمکاندنی ئاغاکانی دەوروبەری، سەرەک خێڵ و پیاوە ریش سپییەکانی خێڵەکانی مامەش و مەنگوڕ و دیبوکری، چاو لە سەدا هەشتای رەعیەتی کۆمارەکەی - جوتیارانی ستەمدیدە دەپۆشێ و هەر بەبڕیاری تاکرەوانەی خۆی، عەبدولرەحمان زەبیحی و محەممەد دڵشاد و چەندانی تر لە کار دەخا و هەر بە رەزامەندی خۆیشی و بە بەر چاوی یەوە، زەبیحی بە قوڵ بەست کراوی بەرەو زیندانەکانی تاراتی داگیرکەر بەڕێ دەکرێ.

ئیتر مێژووش، بەشێوەی جیاجیا خۆی دووبارە دەکاتەوە.

حکومەتی بەرەی کوردستانی کە ناتوانێ ناوەوەی بە لۆژیکی ستراتیجی دوورمەودای خۆی ئیعلان بکا، حکومەت و هەڵبژاردن لە بری ئەوەی بۆ بردنەوەی زۆرترین کورسی، ستراتیجی ساتەوەخت و نزیک مەودا پێشبڕکێی لەسەر ساز بکرێ، جارێکی تر هەمان عەقڵ و ستراتیجی خێڵایەتی، ململانێ لەسەر پارچە پارچە کردنی جەستەی نەست و خودی هەمان بونیات.. ململانێ لەسەر ستراتیجی دوورمەودای سەربەخۆیی و رزگاری ساز دەکات و بە باق و بریقی ئۆتۆنۆمی و مافی چارەی خۆنووسینی دەڵەمەیی، جارێکی تر عەقڵی خێڵ چەقۆ دەخاتەوە هەمان جەستە و حکومەت لەسەر بنەمای کەرت کەرت بوونی جەستەی نەتەوە بینا دەکات.

**چوارەم : ناوەوە / ناوەوەی بەرامبەر**

**ناوەوە / دەرەوەی بەرامبەر**

حکومەتەکەی شێخ مەحمود دادەمەزری و کوردەکانی خۆشناو و پشدەر و جاف، سمایلا غای سمکۆ و لەشکرەکەی، بە هەمان نەستی کۆ و خەفەکراوی سەربەخۆیی و رزگاری دێنە خزمەت حکومەتەکەی شێخ مەحمود و لە نەشئەی سەرکەوتن و دامەزراندنی مەملەکەتە بچکۆلەکەدا، هەموو پێکەوە هاوئاهەنگ دەبن.

ئەو کاتانەش کە بارزانی و بارزانییەکان، بەزم و هەرای ئەم دیو ئاودیوی ئەو دیویان دەکا، لە سابلاخدا ئیلهام دەبەخشنە پارچەی جەستەکەی تریان و کۆمارە تازە پێکهاتووەکەی قازی لە ناوەوەرا بەهێز دەکەن.

جەماوەریش کە بە هەمان نەستی قەتیس کراوی رابردووە نزیکەکانەوە، پەلامار دەدا و رادەپەڕێ، پێش ئەوەی ناوەوە ئەو نەستە هەروەکو جاران دابەش بکاتەوە، تف لە ئۆتۆنۆمی و سنوورەکانی ناوەوەی خۆی دەکات و بە بێ ڤیزا دەست لە ملانی جیۆپۆلەتیکە گردەنشین و بەرجەستەکراوەکانی نەستی خۆی دەبێتەوە.

سنوورەکانی حەفتا ساڵەی دەرەوە لە گەرمێن و حەمرێندا دەبەزێنێ و ماچی ون بووی پانتایی یە دابەشبووەکانی کوێستان لە باکوور و رۆژهەڵاتدا، بە پێی پەتی دەستێنێتەوە.

نەستی کۆ، لە سەردەمی شێخ و قازی و ئێستاماندا، هەمان نەستە و هەموو جارێک، بە یادەوەرییەکی زیندووتر لە پێشوو، بەرجەستە بۆتەوە و لە هەر پارچەیەکی ئەم جەستەیە

پێشمەرگەیەک خوێنی ڕژابێ، پارچەکانی تر بە حەسرەت بوون بۆی و لە هەر کونجێکی تر سەرکەوتنێک ـ ئەگەرچی ساتەوەختیش بووبێ ـ تۆمار کرابێ، ئینسانەکانی هەمان بونیات و هەمان جەستە، شایی لۆغانیان لە خۆشیدا بۆ گێڕاوە. ناوەوە کە نەیتوانیوە بە لۆژیکی ئەو نەستەی هەمان بونیات، ستراتیجی دوورمەودای خۆی دابڕێژێ، نەیتوانیوە لەو نەستە تێ بگا و لە بری ئەوە نەستی خەملیوی خێڵ و حیزب و ئایدۆلۆجیای پراکتیک کردووە و ستراتیجی بەو ئاقارەدا بردووە کە بیکاتە بەشێکی زۆر بچوکی ستراتیجی دەرەوەی بەرامبەر ستراتیجی گەلانی سەردەست و ئۆپۆزیسسۆنە چەند کەسییەکان و گومان لە ستراتیجی هاوبەشی هەمان بونیات بکات .. گومانی هەبێ لەوەی کە کورد تەتەوە پێک دەهێنێ. ئیتر هەموو جارێک و لە هەر قۆناغێکی بزووتنەوەکە و تا ئێستاکەشمان، دروشمەکان، دروشمی پارچەیی و ون بوونی یەک ستراتیج و نائامادەیی ناوەوە بووە بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ ناوەوەی بەرامبەری هەمان جەستەی خۆی و، هەوڵدان بووە بۆ ئامادەبوونی وەهمی یانە لە دەرەوەی بەرامبەردا و دروشمەکانی «روخانی رژێم» و «دیموکراتی کردنی وڵات» کراونەتە ئەرکی یەکەم و سەرەکی خەبات، بەو هیوایەی دوای جێ بە جێ کردنی ئەو ئەرکانە، خودموختاری و ئۆتۆنۆمی راستەقینە و مافی بڕیاردانی چارەنووس لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەرکەزی بەهێز و یەکگرتوودا، بەسەر کوردی برادا ببەخشنەوە.

شێخ مەحمود کە بە نیازی فراوان کردنی قەڵەمڕۆی حکومەتەکەی، دەست لەگەڵ ئۆزدەمیری تورکدا تێکەڵ دەکا و لە کەوتندا بە هیوا دەبێ سۆڤیەتی رزگارکەری گەلان دەستی بگرێ، لە بیرەیەتی عوسمانییەکان بە کام شمشێر شێخ عوبەیدوڵڵایان لە خەونەکەی بێدار کرد و قازیش کە لە دپلۆماسیەتی روس و ئینگلیز حاڵی نابێ و هەوڵی دیموکراتیزەکردنی حوکمی ئێران دەدات و داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کۆمارە سەربەخۆکەی خۆی دەکات و بە هیوایە لەشکری ئازربایجان ـ کۆمارە دەستکردەکەی باقرۆفی شیوعی بە هانای بێ، قازی لە ساتەوەختی بیناکردنی کۆمارەکەی کەلاوەی حکومەتە بچکۆلەکەی شێخ و مەتەرەلۆزە لمۆز خوێناوییەکانی ئینگلیزی هەر لە پێش چاو ماوە.

حکومەت و پەرلەمانی دوای ئەنفالی ئەم پارچەیەش، لە کاتێکا دنیا هەمووی، بە دەرەوەی بەرامبەر و سەردەستی عەرەب و فارس و تورکیشەوە، بە دەوڵەتەکانی سوریا و ئێران و تورکیاشەوە، بە برا و پشتیوان و هاوخەبات و دراوسێی ئاشتیخواز و دێرینی خۆی دەزانێ و تاقەتی نیە لایەک بە لای ناوەوەی بەرامبەری پارچەکانی جەستەی خۆیدا بکاتەوە، دڵنیایە ئەگەر «شەقی زەمانە»کەی جاران، ئەمجارەشیان رووی لە پاشەڵی کورد کردەوە، هەر ئەو برا دێرین و دەسەڵات بەدەستانە، کە ناوەوە شێتی دەست لە ملان کردنیان بووە، هەروەک جاران دەرگای پارچەکەی ترمان لێ دادەخەنەوە و برایەتی راستینەی خۆیان لە بە پەناهێندە وەرگرتنی ناوەوە ـ عەقڵی دەسەڵاتداری کوردی چەند جار ئەزمۆ شکاودا، جارێکیتر پیشان دەدەن.

ئیتر ناوەوە، لە هەر سێ ئەزموونی دەسەڵاتدا، ناوەوەی بەرامبەری لێ دەبێتە ئەو

دەرەوەیەی کە کۆسپ و تەنگژە بۆ ناوەوە دەخولقێنێ و ڕێگەی لێ دەگرێ خۆی لە دەرەوەی بەرامبەری گەلانی سەردەستەدا ئامادە بکا و ناوەوە کە قەوارەی خۆی نازانێ، بچوک بچوک، بە ستراتیجێکی نەزۆک و پستەبالاً خەبات دەکا بەو ئاواتەی جێگەیەکی لەنێو ستراتیجی بالاً بەرزانی خاوەن دروشمە زلەکانی گۆڕینی کورسی حوکم و دیموکراتی کردنی وڵات بۆ بکەنەوە.

**پێنجەم : ناوەوە و دەرەوە ... نەزمی نوێی دنیا**

١- ئەگەرچی هەر سێ حکومەت، بە کردەوە پشتیوانی ڕاستەوخۆی فاکتەری دەرەکی، بناغەیان دامەزرا، بەلاًم ئەوەی هاتنە کایەی ئەزموونەکەی ئێستامان لە هەردوو حکومەتەکەی شێخ و قازی جیا دەکاتەوە، شێوە و ناوەڕۆکی ئەو فاکتەرەیە، کە لە فاکتەرێکی چەند جەمسەر (قطب)ی یەوە گۆڕاوە بە فاکتەرێکی تاک جەمسەری ناسراو بە نەزمی نوێی دنیا، کە ڕەنگە هەر ئەمەش بێ وەلاًمی ئەو پرسیارەمان بداتەوە، کە ئاخۆ چۆنە تا ئێستاکە ناوەوەی نائامادە درێژەی بە مانەوەی خۆی داوە و دەدات؟ یەکێک لە رووتە (سمە) سەرەکییەکانی ئەم نەزمە، دەست تێوەردانی سەربازییانەی ڕاستەوخۆیە، بۆ هەر پارچە زەوییەک کە ئەو بیەوێ... ئەویش بە دوو مەبەست :

أ- هەموو دەست تێوەردانێک، لە بنەڕتدا مۆرکی دەسەلاًتخوازی ئەو نەزمە، کە ئەمەریکا ڕیبەرایەتی دەکا، بەرجەستە دەکاتەوە. ئەمەش ماک و کرۆکی مانەوەی خودی ئەو دەولەتە وەکو زلهێزێکی ئابوری و سەربازی لە دنیادا پێک دەهێنێ. ـ هەرچەندە ئامرازەکانی دەست تێوەردان هەمان ئامرازی کلاسیکی جەنگی ساردە و دەشێت لەسەرهەلدانی جەمسەری تری وەکو ئەورووپای یەکگرتوو، یان یابان، یان هەر زلهێزێکی تردا، ئەو ئامرازە کلاسیکییە، چەپەک و گردەنشین بکات. ـ

ب ـ هەموو دەست تێوەردانێک، ئەگەرچی سەرەتا وەک ستراتیجێکی نزیک مەودای ئەو نەزمە خۆی دەنوێنێ، کەچی لە پشتەوە ستراتیجێکی دوورمەودای بۆ ڕەنگ ڕێژ دەکرێ... هەموو دەست تێوەردانێک لە ئەنجامدا جیۆپۆلەتیکێکی ئاسودە لە پاش خۆی جێ دەهێلێ. ئاسودەگی (الاستقرار) یەکێکە لەو فاکتەرە هەرە گرنگانەی کە نەزمی نوێ نیازی وایە، لە ژێر سایەی هەمە جۆر یاسادا، لە هەر کونجێکی ئەم دنیایەدا بەرجەستە بکا، تالێیەوە بازارێکی سەرانسەری هێمن و ئارام و بێ پشێوی، بۆ جەمسەە سەردار و تاک و تەنیاکەی خۆی دابین بکا.

٢- لە هەمان سۆنگەوە، دەکرا ڕاپەڕین بە کەرکوکیشەوە، کۆڕەوی ملیۆنانی بەدوادا نەهاتبایە و ناوەوە هەر یەکەم جار لەسەر خاکی دوکەلْ و بارودی ڕاپەڕین، بینای حکومەتەکەی بکردایە، ئەگەر ناوەوە ـ بەرەی کوردستانی لە کاتی گرتنی کوێتدا، بە هیوای گفتوگۆی ئۆتۆنۆمی نەبووایە و بە لۆژیکی خۆسازدان بۆ شەڕی چارەنووس کاری بکردایە و ساتەوەخت و (توقیت)ی ڕاپەڕینەکەی ـ دوانەخستایە بۆ دوای ئەنجامی جەنگەکە و چاوەڕێی

شیعەی نەکردبایە کە لە پشتی ستراتیجی شیعەگەری ئێرانیی فراوانخوازانەوە راپەڕینایە و ناوەوەش لە هەمان پارچە زەوی گومان لێکراوی ئێرانەوە خۆی بە کەرکوکدا نەکردایە نە شیعە و نە کورد، لە هەلومەرجێکی وەهادا نەیانتوانی فاکتەری ئاسودەگی ـ ئەوەی ئەمەریکا و هاوپەیمانان جەنگێکی جیهانییان لە پێناودا گێڕا ـ پێک بهێنن. ئیتر لە لۆژیکی ئەو نەزمەوە، نە سەربڕینی ئینسانی بێ تاوان و نە سوتماک کردنی هەر گەل و خاکێک، دەتوانن جێگەیەک لە پایەکانی ( ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ )ی ئەو نەزمەدا بکەنەوە و نە کارێکیشیان دەبێ بەسەر ئەو نەزمەوە.

٣- کوردستانی گەورە، وەک مەوقعێکی ستراتیجی و کورد وەک گەلێکی موسوڵمانی سوننە مەزەب، لە تێڕوانینی نەزمی نوێی دنیاوە، دەتوانێ رۆڵی گەورە لە ئاسودەگی ئەم ناوچە هەڵاێساوەدا وازی بکا. چونکە کوردستان وەک جیۆستراتیجێکی قایم و توند و تۆڵ، لە توانایدا هەیە رێگر و کۆسپ بێ لەبەردەم سکە خشکێی فراوانخوازی شیعەی ئێراندا. هەروەکو رۆڵی گەورە لە لاوازکردنی عێراقی پاشەڕۆژی شیعە مەزهەبی نزیک چاڵە نەوتەکانی کەنداوا دەبینێ.

کوردستان بەپێی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی و ژمارە و ئایینی دانیشتوانەکەی، بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتێکی بچوکی سێ ملیۆنی وەک ئیسرائیل و غەیرە دینی ناوچەکە و داگیرکەری پارچەیەک لە خاکی گەلێکی موسوڵمان و خاوەن پەیامی وەک عەرەبدا، کە هەمیشە وەک قەوارەیەکی هەڵتۆقیوی شاز، بە چاوێکی دوژمنکارانە تەماشای کراوە، لە تێڕوانینی ئەو نەزمەوە، کوردستان دەتوانێ رۆڵی چارەنووس سازانە لە پاشەڕۆژی ئەم ناوچەیەدا وازی بکا.

لەسەرێکی ترەوە، واپێ دەچێ کورد لەم ناوچەیەدا، زۆرتر لە هەموو گەلانی دراوسێی، توانای لە خۆگرتن و پیادەکردنی ئەو تێزە دیموکراسییەی تایبەت بەو نەزمەی هەبێ و ئەمەش دیسانەوە یەکێک لە کۆڵەکە بەهێزەکانی هەمان فاکتەر پێکدەهێنێ کە تەنگژە (نەزمە)ی لە پاش جێ ئامێنێ.

٤- ناوەوە ـ عەقڵی دەسەڵاتداری کورد، کە ترسێکی ستراتیجی گەلانی سەردەست، ستراتیجی ئۆپۆزیسیۆنەکانی کورسی حوکم، دروشمەکانی ناو هەناوی خۆی پێ سڕیوەتەوە وئەو عەقڵەی بەبێ بڕیار هێشتۆتەوە، ئیتر دەرەوەش ـ نەزمی نوێی دنیا، بە هەمان ستراتیجی ئۆپۆزیسۆنی سەرتاسەری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، مامەڵەی لەگەڵ ناوەوەدا کردووە.

دەرەوە کە دەزانێ ستراتیجێکی مێژوو کرد لە پشتی ناوەوەی ستراتیج ون، لە کار خراوە و ئاکرێ حسابی بۆ نەکرێ، دەرەوە کە دەزانێ کوردستان یەک خاک و کورد یەک نەتەوە پێکدەهێنێ و فاکتەرەکانی مانەوە و ئامادەبوونی تێدایە، ئیتر تا ئێستا ئەوەندە گوێی بە ستراتیجی دوورمەودای چارەسەر و بە دەنگەوەهاتنی ناوەوەی ناو چوارچێوەی ستراتیجە پارچەیی و ئۆپۆزیسیۆن پەروەرەکان نەداوە و نادات.

* * *

ئەمڕۆ کە عەقڵی دەسەڵاتداری کورد، ویستبێتی یان نا، مەبەستی بووبێ یان نا، پەلکێش کراوە بۆ سەر خوانی دەرەوە، رایەڵەی پێوەندییەک بەرجەستە کراوە کە تا ئێستا لە توانای ئەو عەقڵەدا نیە شیکاری بکا و لێی تێ بگا... لەم پێوەندییەدا عەقڵی دەسەڵاتداری کورد دەکرێتە بەرامبەر و بەرامبەریش نیە، بانگهێشت دەکرێ و بانگهێشت ناکا.

جا عەقڵی دەسەڵاتداری کورد، بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو ئامادەبوون هەڵبهێنێ، پێش هەر شتێک دەبێ رایەڵەکانی مامەڵەکردن و سروشتی پێوەندی کردنی خۆی بە دەرەوە، لە تۆز و گەردی میتۆلۆجییانەی دەرەوەی غەیبی دەرباز بکا و زمان بۆ ئەو پێوەندییە لە رێی ( حوار )ەوە پەیدا بکا و لەبری پێوەندی نێوان قسەکەر و گوێ لێگر، کارلێکەر و کارپێکەر، بڕیاردەر و جێ بە جێکەر، مۆرکی ئەو پێوەندییە بەو ئاقارەدا ئاراستە بکا کە پێوەندی نێوان دوو تێڕوانین، دوو گۆشە نیگا، دوو لایەنی خاوەن بڕیار، دوو بەرامبەری خاوەن ستراتیج، کە لێک تێگەیشتن بنەمای ئەو دوو لایەنە پێکدەهێنێ، مسۆگەر بکات.

تێبینی/ بۆ نووسینی ئەم باسە، سوود لە کتێبی (شۆڕشەکانی کورد، کورد و کۆماری عێراق ـ عەلادین سوجادی ـ ١٩٥٩، چاپخانەی مەعاریف ـ بەغدا) وەرگیراوە و پێشتریش سوودم لە نووسینە بەنرخەکەی (ستراتیژی خێڵ و.. ئایدۆلۆژیای حیزب و.. عەقڵی بەرەبی و.. ئەزموونی پەرلەمان ـ بابەک) وەرگرتووە.

GEORGE J. ANDREOPOULOS
(ED),
CONCEPTUAL AND HISTORICAL DIMENSIONS OF GENOCIDE UNIVERSITY OF PENNSYLVANIA PRESS,
GENOCIDE IN KURDISTAN?
THE SUPPRESSION OF THE DERSIM REBELLION IN TURKEY(1937 - 1938)
AND THE CHEMICAL WAR AGAINST THE IRAQI KURDS (1988)
MARTIN VAN BRUINESSEN
FOR: ISMAIL BESIKCI

# ژینۆسید لە کوردستان؟*

*سەرکوت کردنی ڕاپەڕینی دەرسیم لە تورکیا (٣٧ ـ ١٩٣٨) و شەڕی کیمیایی لە دژی کوردەکانی عێراق (١٩٨٨)*

**مارتین ڤان بروانیسن**
**پێشکێش بە : سمایل بەشیکچی**
**وەرگێڕ : حەسەنی قازی**

چاوگ

تەنانەت کاتێک ئەو دێڕانە دەنووسرێن، ڕێبەرانی کورد لە عێراق لە کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان دەپاڕێنەوە کە پێش بە ژینۆسایدی گەلەکەیان بە دەست ئەرتەشی سەددام حوسێن بگرێ. دوای شکانی ئەرتەشی عێراق لە شەڕی کەنداو(" عەمەلییاتی لافاوی سارا")، دانیشتووانی کوردی باکووری عێراق، هەروەک دانیشتووانی عەرەبی باشووری عێراق لە دژی حکوومەتی عێراق ڕاپەڕین. ئەو ڕاپەڕینە وا وێدەچێ تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەڵستێکی لە خۆوە بێ لە ئاست ئەرتەش و بەدەنگەوەهاتنی داوای جۆرج بووش بێ کە لە خەڵکی عێراقی ویست دیکتاتۆرەکەی خۆیان بڕوخێنن. ئەم ڕاپەڕینە تەنانەت بۆ ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکانیش شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، کە بەنیسبەت زۆر درەنگ وەخۆکەوتن بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی بەدەستەوە بگرن. بەرو مەیدانی ڕاپەڕینەکە بێوێنە بوو و پێشتر تەجرەبە نەکرابوو، کوردەکان کۆنترۆڵی هەموو شارۆچکە و شارەکانیان لە باکوور بەدەستەوە گرت و، ژێرخانی داوودەزگای حکوومەتی نێوەندی لەبەر یەک هەڵوەشا و رووخا. سەرکەوتنی کوردەکان و، هیوای کوردەکان بۆ یارمەتی دان بە دامەزراندنی ڕێژێمێکی دیکە لە عێراق، تەنێ چەند هەوتوویەکی خایاند. ئەگەر چی ئەرتەشی(عێراق) بەتوندی لە نەبەردی کووەیت دا لێ درا بوو و زەبری وێ کەوتبوو، بەلام توانای تێکدەرانەی ئەوەندە مابوو کە هەموو جۆرە نائارامی و ورووژانێکی نێوخۆیی سەرکوت بکا. سەربازان و هێلیکۆپتێرە گوللە هاوێژەکان دوای دامرکاندنی ڕاپەڕینی خوارووی عێراق، چوونە سەر

گیانی کوردستان. کوردەکان کە هەر چەکی سووکیان هەبوو و بە شل و شەوێقی ڕێکخرا بوون خۆیان لەبەر سەربازانی ئێلیت و هەڵبژاردە کە چکی زۆر باشیان پێ بوو و ئەو پەڕی دڕندەیەتییان بەکارهێنانەدەگرت. شارەکان بە قیمەتی کاولکاری و تێکدرانێکی زۆر و زەوەند و خەسارێکی بێ ژمار لە خەڵکی سیڤیل داگیرکرانەوە. زۆربەی دانیشتووان بە کۆمەڵ ڕەویان کرد و داڵدەیان بردە بەر چیاکان بەرەو لای باکوور تر و بەرەو ڕۆژهەڵات کە لەوێ چ دەرەتان و ژێرخانێکی ئەوتۆ نییە کە وەفریان کەوێ و بیانحاوێنێتەوە. ئەوان بە ئاوایەکی بێ بەزەییانە لەلایەن ئەرتەشەوە ڕاودەنرێن و بە هێلیکۆپتێرە گوللە هاوێژەکان دەکوترێن. سەدان هەزار ئینسان لەسەر سنوورەکانی تورکیا و ئێران پەنگیان خواردۆتەوە، بەو هیوایەی کە ڕێیان کەن، بەڵام جارێ هەر دەستەوەستان ماونەتەوە. ئەگەر دەستبەجێ یارمەتییان پێ نەگا، ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان لە خەفەتان و لە برسان دەمرن، ئەگەر بە دەست سەربازانی سەددام حوسێن نەکوژرێن.

ئەو پرسیارەی کە داخودا ئەم تاوانانەی ئێستا لە دژی شیعەکانی عێراق و کوردەکان دەکرێ بە «ژێنۆسید» دابندرێ یان نا بە شێوەیەکی دڵتاوێن بۆ ئەوان پرسیارێکی بێ جێ و پووتە، جیاوازی چییە کە ئەوان «بەم شێوە»یە قەلاچۆیان تێ بخرێ یان وەکی دی قەتڵوبڕ بکرێن؟ چ ژێنۆسید بێ یان نا، کۆمەڵگەی نێونەتەوایەتی خۆی وا بەڕێوە دەبا کە مەیلی ئەوەی تێدا بەدی نەکرێ کە بۆ ڕاگرتنی ئەو کوشتوبڕە خۆی تێوەردا، باشترین شتێکی کە مرۆڤ دەکرێ هیوای پێ هەبێ ئەوەیە کە هەوڵێکی نێو نەتەوایەتی بۆ یارمەتیدان و بەدەنگەوەهاتنی ئەوانەی دەمێننەوە بدرێ. ئێمە ناتوانین خۆمان لەو پرسیارە شەرم هێنەرانە بپارێزین داخودا نەدەکرا ئەو قەتڵوبڕانە پێشیان پێ بگیرێ، یان نەدەکرا ڕابگیرێن بەرلەوەی لایەنی ئەوەندە بەربڵاو و بە لێشاو بەخۆوە بگرن. ئاشکرایە، بەڕێوەبەرانی ئەم تاوانانە، سەددام حوسێن و ڕژێمەکەی ئەون، بەڵام ئیتلافی دژی سەددام حوسێنیش بەرپرسیاری لەسەر شانە و پێی دێتە نێوان، چونکوو داوای ڕاپەرینی کرد و دوایەش بە دۆش داماوی مایەوە و هیچی نەکرد لەکاتێکدا کە سەددام تۆڵەی لە خەڵک دەکردەوە. بەڵام تەنانەت لە نەبوونی دەستێوەردان و خۆتووش کردنی ڕاستەوخۆش دا، داخودا کۆمەڵگەی نێو نەتەوایەتی هەست بە بەرپرسیاری ئەخلاقی ناکا بۆ پێش گرتن لەو قەسابی و قەتڵوبڕە بەکۆمەڵە؟ ئایا دەکرێ ئەم بەرپرسیارییە بە خۆخەریک کردن بە واتا و ناساندنی ژێنۆسید لە چوارچێوەی حقووقی دا داپۆشرێ؟ تا ئەو ڕۆژەی کە دەستێوەرنەدان لە «کاروباری نێوخۆی» وڵاتێک دا وەک پرنسیپێکی پیرۆز بمێنێتەوە و ئاڵوگۆڕی تێدا نەکرێ، بەداخەوە کۆشش بۆ پێداهاتنەوەی ناساندن و واتای زاراوەی ژێنۆسید هەروەک کردەوەیەکی ڕووناکبیرانەی نەزۆک دەمێنێتەوە.

جارێ زۆر زووە کە ئەم کارەساتەی لەو ڕۆژانەی دوایی دا بەسەر گەلی کورد هاتووە، کارەساتی هەرە خراپ لە مێژووی پڕ لە جەخاری دا، بە ئاوایەکی هەموو لایەنە شی بکرێتەوە. لەم وتارەدا ئەمن لەدوو قەتڵوبڕی دیکەی پێشوو لە کوردستان دەدوێم کە هێندێکان بە ژێنۆسید نێودێریان کردوون. ئەو قەتڵوبڕانە هەردووکیان بەدەم سەرکوت کردنی

راپەرینە کوردییەکانەوە کران، یەکەمیان لە تورکیا، زیادتر لە نیو سەدەیەک لەمەو پێش و ، ئەوەی هەرە تازەتریان لە عێراق، کە لەوێ سەددام حوسێن تەبەعە سەر وەبەرنەهێنەرەکانی خۆی بە چەکی کیمیایی بۆمبباران کرد.

هەردووی ئەم کوشتوبڕانە کەسیی بەیناوبەینین، لە کاتێکدا کەسانی ئەوتۆ هەن کە پێیان وایە ئەوانە بە پێی زاراوەی پەیماننامەی ١٩٤٨ دەبێ بە ژینۆسید دابندرێن، ئیدیکەش هەن (لەوانە بە دڵ راوەکێوە بۆ خۆم) کە پێیان خۆش نییە ئەم زاراوەیە دەکار بکەن. لەلایەکەوە، زەحمەتە بسەلمێندرێ کە دەوڵەت لەم دوو کەیسانەدا مەبەستی بووە «کە بەتەواوی یان تا رادەیەکی زۆر [کوردەکان] خاشەبڕ کا و نەهێڵێ». لەلایەکی دیکەشەوە ئەو کوشتوبڕانە هەر کردەوەی تەنبێ کردن نەبوون کە بەدژی سەربزێوانی چەکدار دەکار کرابن. لە راستی دا، ئەو کوشتوبڕانە لووتکەی جوولانەوە و رەفتارێک بوون و دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی ئەو رژێمانە لە ئاست کوردەکان دا لێک بدرێنەوە و سەرەدەریان لێ بکرێ. ئەو سیاسەتانە دەگەنە فۆرمی جۆربەجۆری ئیتنۆسید ( خاشەبڕکردن و نەهێشتنی ئیتنیکی) ـ و ئەوەی بگەرێتەوە سەر تورکیا، تێکدانی بە ئانقستەی هەویەتی کورد بە رێگەی تواندنەوەی بەتۆبزی و، لە مەڕ عێراق کاول کردنی بناخەی کۆمەلایەتی کورد و بنچینەی کۆمەلایەتی ـ ئابووریی ئەو. هەر دووی ئەو رژێمانە ئەو سیاسەتانەی خۆیان لە ئەساس دا بەشێوەی جۆربەجۆری خێرخوازی بۆ وەدیهێنانی مودێرن بوون نیشان داوە و، تورکیا تەنانەت بە ئەرک و وەزیفەیەکی شارستانیگەری و پێشکەوتنی لە قەڵەم داوە.

**کوردەکان : دۆخی جوگرافیایی و سیاسی**

دوای عەرەبەکان، تورکەکان و فارسەکان، کوردەکان چوارەم گەلی هەرە پڕ ئەژمارن لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست دا و، ئێستا نزیکەی بیست میلیۆن کەسن. کاتێک دوای شەڕی دنیاگری یەکەم نەخشەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست لەسەرڕا کێشرایەوە، کوردەکان دابەشکران و کەوتنە نێو چوار یان پێنج ولاتەوە. نزیکەی نیوەی ئەوان ئێستا لە تورکیا دەژین، نزیکەی چوار میلیۆن لە عێراق، پێنج میلیۆن لە ئێران و تەقریبەن یەک میلیۆن لە سووریا، لەکاتێکدا تاوبڕی پچووکتری کوردی لە یەکێتی سۆڤیەت (لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا هێشتا یەکێتیی سۆڤیەت هەڵنەوەشابوو ـتێبینی وەرگێڕ)ش هەن. کوردستان «ولاتی کوردەکان» نێوی دەوڵەتێک نییە بەڵکوو نێوی هەرێمێکی شاخاوییە کە کوردەکان بە سەدان ساڵ تێیدا ژیاون. ئەو هەرێمە لە مێژە ناوچەیەکی قەڵغان بووە لە نێوان ئیمپراتوورییە گەورەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست دا، واتە ئیمپراتووری فارس و عوسمانی، دوای رووخانی ئەمەی دواییان کوردستان لە نێو دەوڵەتە سەرکەوتووەکاندا دابەش کرا. ناسیۆنالیزم بەنیسبەت درەنگ لە نێو کوردەکاندا پەیدا بوو، ئەوەش بۆ خۆی هۆیەکە کە ئەوان لە دەستیان نەهات دەوڵەتێکی لە مەڕ خۆیان دامەزرێنن.(٢) هەست و مەیلی ئیسلامی لە جەنگەی شەڕی گەورەدا و دوای ئەو برەوی زۆر بوو و ئەو وای لە زۆر لە کوردەکان کرد کە

لەگەڵ تورکەکان بە دژی هێزە مەسیحییەکان رێک کەون و، ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە بەشێکی گەورە لە کوردستان بخرێتە سەر تورکیای تازە. خوارووی کوردستان، کە لەلایەن بریتانییەکان ڕا داگیر کرابوو، بەدەستی ئەوان لە دەوڵەتی عێراقی تازە دروستکراو زیاد کرا، لەکاتێکدا ئێران کۆنترۆڵی خۆی بەسەر بەشی رۆژهەلات دا سەقام پێ دا.

لە هەر کام لەم دەوڵەتانەدا، کوردەکان زوو لەگەڵ حکوومەتە نێوەندییەکاندا کێشەیان لێ پەیدا بوو. لە سالانی ١٩٢٠ بەم لایەوە، هەڵتەزینەوە و راپەڕینی زروزەوەندەی کوردی لە ئێران، عێراق و تورکیا روویان دا، کە هەموویان لە پانتاییەکی جوگرافیایی بەرتەنگ دا قەومان لە زۆر کەیساندا ئەو راپەڕینانە بە دەرەجەی یەکەم دژ کردەوە بوون لە ئاست بە سەرداسەپاندنی کۆنترۆڵی حکوومەتی نێوەندی یان لە بەرامبەر سیاسەتێکی تایبەتی حکوومەت دا، بەلام ئەو راپەڕینانە نیشانەی ئاشکرای ناسیۆنالیزمی کوردیشیان تێدا بوو. حکوومەتەکان، بە نۆرەی خۆیان دەستیان دایە سیاسەتی سەرکوتکەرانەی لە زێدە لە ئاست کوردەکان، بە مەبەستی لەنێوبردنی توانای هێزەکی کوردەکان بۆ جوێبوونەوە. ئەو کێشانە لە تورکیا و لە عێراقی کۆماری دا کێشەی هەرە توند و تیژ بوون و بەرێز دنەدەریان ناسیۆنالیزمی تورک و عەرەب بووە.

پێداچوونەوەیەکی گشتی بە بزووتنەوەی کورد و ئاکاری حکوومەتەکان لە ئاست کوردەکان لەو ولاتانەدا لە دەرەوەی زەمینەی ئەم نووسراوەیە دایە.(٣) ئەمن لێرەدا خۆم بەوە دەبەستمەوە کە لە دوو کەیسی هەرە جیدی سەرکوت کردن و زوڵم و زۆر کە لەوانەیە گەیبێتە ژێنۆسید بدوێم. لە هەر دووکی ئەو کەیسانەدا ئەمن لەپێشدا بە گێرانەوەی توندوتیژی و زەبروزەنگ دەست پێدەکەم و، دوایە چوارچێوەی سیاسەتی حکوومەت و کردەوەکانی کوردەکان کە لەم چوارچێوەیەدا قەومان شی دەکەمەوە. ئەمە، هیوادارم رێگە بە من بدا، کە رووناکی بخەمە سەر پێوەندی پێچەڵپێچی ئەنگێزە و مەبەستی تێکدان و نەهێشتن.

**گوشتوبڕێنکی تەقریبەن لە بیرکراو: دەرسیم ١٩٣٧ ـ ١٩٣٨**

لە سالی ١٩٩٠ لە تورکیا کتێبێک بلاو بۆوە کە هەر بە نێوەکەی ڕا رێژیمی تاکە پارتی تورکیا لە سالانی ١٩٣٠دا تاوانبار دەکا کە لە ناوچەی کوردی دەرسیم دا ژێنۆسیدی کردووە.(٤) ئەو کتێبە دەستبەجێ پاوان کرا و چ دمەتەقە و لێدوانێکی ساز نەکرد بەو جۆرەی کە نووسەرەکەی، کۆمەڵناس ئیسماعیل بەشیکچی هیوای پێی بوو. بەشیکچی یەکەم رووناکبیری تورک و بۆ ماوەیەکی درێژ تەنیا رووناکبیرێکی ئەوتۆ بووە کە، بە ئاشکرایی رەخنەی لە ئیدیئۆلۆژی رەسمی تورکیا و سیاسەتەکانی لەمەڕ کوردان گرتووە. ئەو ئەم رەخنانەی خۆی بە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەلایەتی ـ ئابووری سەبارەت بە هەلومەرجی رۆژهەلاتی تورکیا لە سالی ١٩٦٩ دەستپێکرد و بە رێگەی زنجیرەیەکی درێژ لە نووسراوی کە هەتا دێ زیادتر زمانی پۆلێمیک و جەنجالی پەیدا دەکەن درێژە پێدەدا. ئەو ئازایەتییە

رووناکبیریبە و ئەخلاقیبە بە قیمەتێکی زۆر لەسەروی وەستا، گشت کتێبەکانی پاوان کران و، بۆ نووسینی ئەوان پتر لە ۱۰ سالی زیندان کێشا. ئەگەر چی لەوانەیە ئەو ئاکامانەی کە من لێرەدا پێیان دەگەم هێندێک لە ئی وی جیاواز بن، بەلام پێم خۆشە کە قەرزداری خۆم لە ئاست زانایی بەرعوزەیی وی دەربڕم و ئەم نووسراوەیەی خۆمی پێشکێش بکەم.

ئەو کوشتوبڕانەی کتێبەکەی بەشیچی لێیان دەدووێ بەدەم دامرکاندنەوەی هەرێمی راپەڕیوی کورد لە دەرسیم (کە ئیستا نێوی تونجەلی یە) لە سالانی ۱۹۳۷ و ۱۹۳۸ بەدەست تورکیا کراون. ئەو رووداوانە یەک لە لاپەڕە هەرە رەشەکانی مێژووی تورکیای کۆماری دەردەخەن کە لەلایەن زۆربەی مێژوونووسانڕا، چ لاوەیی و چ تورک سووکێک بێ دەنگی یان لێ کراوە یان بە ئانقەستە شێوێندراون.(۵) کاتێک کە بەربەرەکانی و لێڕاسانی دەرسیم درێژەی هەبوو، دەستەلاتدارانی تورکیا ئەو پەڕی هەولی خۆیان دا بۆ ئەوەی کە زانیارییەکی زۆر کەم سەبارەت بەو بگاتە دنیای دەرەوە. چاودێرانی دیپلۆماتیک لە ئانکارا دەیانزانی کە عەمەلییاتێکی بەربلاوی نیزامی بەڕێوەیە، بەلام زۆر کەمیان دەزانی کە مەبەستی راستەقینە لەوەی رووەدا چییە. لەگەل ئەوەشدا دوای رووداوەکان، کۆنسوولی بریتانیا لە ترابزۆن، پۆستێکی دیپلۆماتیک کە لە هەموو جێیەکی دی لە دەرسیم نزیکتر بوو، باسی زەبروزەنگی بێ بەزەییانە و تەرووشک بەیەکەوە سووتاندنی کرد و ئەو زەبروزەنگەی بە راشکاوی لەگەل کوشتوبڕی بەکۆمەلی ئەرمەنییەکان لە سالی ۱۹۱۵ بەراورد کرد. ئەو نووسی، : « بە هەزاران کورد » « لەوانە ژن و مندال کووژران، ئەوانی دی، زۆربەیان مندال لە چۆمی فورات هاوێژران، لەکاتێکدا بە هەزاران کەسی دی، کە خەلکی ناوچەی کەمتر دوژمن بوون، دوای ئەوەی مەڕومالات و شتوومەکی دیکەیان لێ ئەستێندرا بوو و رووت کرابوون بە زۆرەملی بۆ ویلایەتەکانی (ئەستانەکانی) ئانادۆلی نێوەندی راگوێزران. ئێستا راگەیەندراوە کە چی دیکە لە تورکیا کێشەی کورد نەماوە.» (۶)

ئەمن لە پێشدا، بە پشت بەستن بەم چەند سەرچاوانەی کە بە دەستمەوەن، تێدەکۆشم کە دیمەنێک لە دۆخی دەرسیم بەر لە بەربەرەکانی دامرکاندنەوە و رووداوەکانی ۱۹۳۷ ـ ۱۹۳۸ بکێشمەوە. دوایە هەول دەدەم نیشان بدەم کە ئەوەی ئێمە سەروکارمان لە تەکی دا هەیە تەنێ سەرکوتکردنی بێ بەزەییانەی راپەڕینێکی نێوخۆیی نییە بەلکوو بەشێکە لە سیاسەتێکی بەربلاوتر کە لە دژی کوردەکان دەکار کراوە.

دەرسیم، هەرێمێکی دەستوێڕانەگەیشتووی بەرزە، بە چیای بەرف داگرتوو، دۆل و دەرەی تەنگەبەر و قوول و لە نێوەندی رۆژهەلاتی تورکیا هەلکەوتووە. لەو ناوچەیەدا ژمارەیەکی زۆر عەشیرەتی پچووک نیشتەنی بوون و، بە بەخێوکردنی ئاژەل، باخداری و سەوزی کاری و کۆکردنەوەی بەرهەمی لێرەوار ژیانێکی مەمرە و مەژیان هەبوو و لە لێوار کۆمەلگەدا دەژیان. لە نێوەڕاستی سالەکانی ۱۹۳۰دا، ژمارەی تەواویان بە ۶۵۰۰۰ تا ۷۰۰۰۰ کەس دادەندرا.(۷) دەرسیم لەباری فەرهەنگی یەوە بە شێکی تایبەتی بوو لە کوردستان، لەلایەکەوە لەبەر هۆکاری ئیکۆلۆژی و جوگرافیایی و، لەسەرێکی دیکەوەش لەبەر

تێکەڵاوێک لە تایبەتمەندی زمانی و ئایینی. هێندێک لە عەشیرەتەکانی ئەوێ بە کوردی ئەسڵی قسەیان دەکرد، بەڵام زۆربەیان بە زمانێکی دیکەی بە کوردییەوە لکاو کە بە زازا ناسراوە دەدوان. گشتیان پێڕەوی کۆمەڵی لاردینی (ئاینزای) عەلەوی بوون، کە ئەوانی لە باری کۆمەڵایەتییەوە لە کوردە سوننییەکان کە بەلای ڕۆژهەڵات و باشووری ئەوانەوە دەژیان جویێ دەکردەوە.(لە نێو کوردە سوننییەکان دا هەم کوردی ئاخێوەر و هەم زازایی ئاخێوەر هەبوون). ئەگەر چی لە زۆر بەشەکانی دی تورکیا عەلەوی هەن، بەڵام ئەوانەی دەرسیم دەستەیەکی جیاواز پێک دەهێنن و، بروا و ڕێسای تایبەتی خۆیان هەیە.(٨)

دەرسیم، لە نێوەڕاست سالانی ١٩٣٠دا، ئاخر بەشی تورکیا بوو کە بەشێوەیەکی کار بڕ هێشتا نەکەوتبووە بەر کۆنترۆڵی حکوومەتی نێوەندی. عەشیرەتەکانی دەرسیم لەلایەن حکوومەتەکانی پێشوو وەوە قەت قەمتەر نەکرابوون، تەنیا قانوونێکی کە ئەوان سەریان وەبەر دەهێنا و ددانیان پێدا دەهێنا قانوونی سوننەتی عەشیرەتی بوو. سەرۆک عەشیرەتەکان و ڕێبەرە ئایینییەکان دەستەلاتێکی زۆریان بەسەر خەلکی ڕەش و رووت دا هەبوو و، غالبە لە باری ئابووری یەوە دەیان چەوساندنەوە. تا ئەو جێیەی کە حکوومەت دەستی لە کاروباری نێوخۆییان وەرنەدابا ئەوان دژایەتییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ حکوومەت نەدەکرد. زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکان، لە ڕاستی دا، بە ڕێگەی دامەزراندنی پێوەندی نزیک لە تەک ئەفسەرانی ئەرتەش و پۆلیس کە دەناردرانە ناوچە، هەڵکەوت و هەڵوێستی خۆیان پتەوتر و بەهێزتر کرد. سوننەتێکی وا هەبوو کە دەست لە دانی خەرج و باج بە دەوڵەت بگێڕدرێتەوە - ئەگەر چی داهاتەکەش ئەوەندە نەبوو کە باجی لێ ببەسترێ، چونکوو هەرێمەکە ئەوەندەی بلێی هەژار و دەستەوەستان بوو. لاوانی هەرێمەکە تا ئەو جێی توانیبایان خۆیان لە خزمەتی ئیجباری دەدزییەوە، بەڵام تا ساڵی ١٩٣٥ ژمارەیەکی بەرچاو لەوان لە ڕاستی دا لە ئەرتەشی تورکیا دا خزمەتیان دەکرد.

کێشە و ناخۆشی هەمیشەیی و ئەپساوە لە نێو عەشیرەتەکان دا هەبوو و غالبە شێوەی شەڕ و پێکدادانی درێژخایەنی بە خۆیەوە دەگرت. زۆر لە عەشیرەتەکان چەکدار بوون و، هێرش بۆ سەر عەشیرە دراوسێکان نائاسایی نەبوو. کاربەدەستانی نیزامی ناوچەش زۆر جار دەکێشرانە نێو کێشە عەشیرەتییەکان، چونکوو هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان تاوانی ئەوەیان وەپاڵ دوژمنەکانیان دەدا کە خەریکی دزلاب و کاکە و برالەکردن لە دژی دەوڵەت بن. لە هەمان کاتدا تەبلیغات و بانگەشەی ناسیۆنالیزمی کورد، لەلایەن کوڕانی خوێندەواری بنەماڵە دەسترۆیشتووەکان لە نێو عەشیرەتەکاندا دەکرا.(٩) لە ساڵی ١٩٣٦دا دەرسیم بە مەبەستی ئاشکرای دامرکاندنەوەی و «فێری ژیانی شارستانی کردنی» کەوتە بەر ئیدارەکردن لەلایەن حکوومەتی نیزامیرا. ولامی عەشیرەتەکان لە هەمبەر سیاسەتی مۆدێرن کردن و تازەکردنەوە لەلایەن دەوڵەتەوە، کە بریتی بوو لە کێشانی جادە و ڕێگا، دروستکردنی پرد و دانانی پۆستی پۆلیس، لێڵ و نا روون بوو. هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان هەوڵیان دا کە لەگەڵ دەستەلاتدارانی نیزامی بێنە ڕەدایە و، هێندێکی

دیکەشیان ملیان نەدا بەو دەستتێوەردانە لەسەربەخۆیی پێشوویاندا. تا ساڵی ١٩٣٧، دەستەڵاتداران هاتبوونە سەر ئەو بڕوایە، یان وایان لا تێچاندبوون کە لەو بڕوایەدابن، کە ڕاپەڕینێکی گەورە دەقەومێ، وەک نیشانەیەک لە خۆ ڕاگری لە دژی بەرنامەی دامرکاندنەوە و ئارام کردنەوەی حکوومەت، بە دنە و هاندانی ناسیۆنالیستەکان. ئەو کەسەی کە بە پیلانگێڕی سەرەکی دادەندرا ڕێبەرێکی ئایینی بوو بە نێوی سەید ڕەزا. گۆیا پێنج عەشیرەت ( لە کوێ نزیک سەد عەشیرەت) لەم پیلان و دۆلاّبەدا بەشدار بوون.

بەربەرەکانی نیزامی لە دژی دەرسیم لە وەلاّمی ڕووداوێکی تا ڕادەیەک چکۆلە دەستی پێکرد و، وا وێدەچێ کە ئەرتەش چاوەڕێی هۆیەکی ڕاستەوخۆی کردبێ بۆ ئەوەی دەست بە تەنبێ کردنی عەشیرەتەکان بکا. ڕۆژێک لە مانگی مارسی ١٩٣٧دا، پردێکی ستراتیژی دار ئاگری تێبەردرا و هێڵی تەلەفوون هەڵ پسا. سەید ڕەزا و ئەو عەشیرەتانەی کە سەر بەوی بوون گومانی ئەوەیان لێ دەکرا کە ئەو کارەیان کرد بێ. لەوانەیە ئەرتەش لەو بڕوایەدا بووبێ کە ئەو کارانە سەرەتای ئەو ڕاپەڕینە بووبێ کە ئەوان چاوەڕێیان دەکرد. سەرچاوەیەکی تورک دەڵێ هەر لەو سەروبەندی دا ڕووداوێکی پچووکی دیکەش لە جێیەکی دیکەی کوردستان دا قەوما و ئەمە بە هەبوونی هاوڕێکی و هاوەدەنگی لە نێو ناسیۆنالیستە کوردەکان دا دادەنێ.(١٠) بەلاّم مێژووی ڕەسمی بەربەرەکانی نیزامی خەسڵەتی ئەو ڕووداوە هەر بە شتێکی ناوچەیی دادەنێ.(١١) بە ئاوڕدانەوە سەر ڕابردوو زەحمەتە کە توندوتیژی ناوکۆیی ـ عەشیرەتی و ڕاپەڕینی بەئانقەست لە دژی دەوڵەت لە یەک جوێ بکرێنەوە. سەرچاوەیەکی لایەنگری تورک لە ڕاستی دا دەڵێ کە شک و گومان کردن لە سەید ڕەزا لەسەر بناوانی ئەو تێچاندن و بەدگۆیانە داندرابوو کە دوژمنە ناوچەییەکانی بۆیان هەڵبەستبوو.(١٢) بەهەمە حاڵ، ئەرتەش بەڵگەی کەوتە دەست بۆ ئەوەی خۆی تێ وەردا. یەکەم دەستەی سەربازان کە بۆ گرتنی گومانێکراوەکان ناردران، لەلاین عەشیرەتە چەکدارەکانەوە پێشاوبریان درایەوە و ڕاگیران.کاتێک کە عەشیرەتەکان بەردەوام بوون لەسەر مل نەدان بۆ بەدەستەوەدانی ڕێبەرەکانیان، بەربەرەکانی و هێرشێکی بەربلاّو دەستی پێکرد. عەمەلیاتی نیزامی بۆ چۆک دادان بە هەرێمەکە لە سەرتاسەری هاوینی ١٩٣٧دا بەردەوام بوو. لە مانگی سێپتامبردا سەید ڕەزا و هاوکارە هەرە نزیکەکانی خۆیان بەدەستەوە دا، بەلاّم بەهاری دواتر عەمەلیاتەکە تەنانەت بەهێز و ژمارەی زۆرترەوە دەستی پێکردەوە. ئەو عەمەلیاتەی کە دەبێ بە دەم زەبروزەنگی بێوێنە و ئەو پەڕی بێ بەزەییەوە بەڕێوەچووبێ.

ئەو چەند سەرچاوەی کە سەبارەت بەو ڕووداوانە بەدەستەوەن بەپێویستی لایەنگرانەن. کتێبێکی گرینگ لەلایەن پیاوێکی خەڵکی هەرێمەکەوە نووسراوە، تێکۆشەری ناسیۆنالیست و دکتۆری بەیتاڵ، نووری دەرسیمی، کە لە پلە سەرەتاییەکانی ڕاپەڕینەکەدا بەشداربووە و، زۆر لە خزمەکانی لە تۆڵە ئەستاندنەوە نیزامییەکاندا لە کیس داوە. ئەو کتێبەی کە ئەو چواردە ساڵ دواتر لە تاراوگەی سووریا بلاّوی کردەوە ئاشکرایە کە ڕەنگی بیروڕا ناسیۆنالیستیەکانی ئەوی پێوە دیارە و لەوانەیە لە هێندێک بابەتەوە ترش و خوێی پێوە

کرابێ، بەڵام لەسەر یەک جێگەی بڕوایە و بۆ ئەوە دەبێ پشتی پێ ببەسترێ. (١٣) باشترین کاری کە ئەمن دەتوانم بیکەم ئەوەیە کە هێندێک لە بڕگەکانی ئەو کتێبە وشە بە وشە لێرەدا بگێڕمەوە.

کاتێک ئەرتەشی تورکیا دەستی بەوە کرد کە عەشیرەتە سەربزێوەکان ڕاوبنێ و دایان مرکێنێ، پیاوان لێی وەدەست هاتن و ژن و منداڵانیش چوون داڵدەیان بردە بەر ئەشکەوتی قووڵی نێو چیایان. دەرسیمی دەنووسێ: «کە بە هەزاران لەو ژن و منداڵانە لەنێو چوون» چونکوو ئەرتەش بە خشت زارکی ئەو ئەشکەوتانەی سواخ دا. لە نەخشە نیزامییەکانی هەرێم دا ئەو ئەشکەوتانە بە ژمارە دیاریی کراون. لە زارکی ئەشکەوتەکانی دیکەدا، ئەرتەشییەکان ئاگریان کردەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی تێیدان بخنکێن. ئەوانەی کە هەوڵیان دا بێنە دەرێ و خۆیان دەربازکەن بەسەرەنێزە وتجرونجر کران. ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچانی قورەیشان و بەختییار [دوو عەشیرەتی ڕاپەڕیو و سەربزێو] لەسەر ڕەوەزە بەردە بەرزەکانەوە خۆیان هاویشتە نێو شیوە قووڵ و تەنگەبەرەکانی مونزور و پارچیک، بۆ ئەوەی نەکەونە دەست تورکەکان. (١٤)

کیرگان، عەشیرەتێکی کە خۆی بەدەستەوە دا و سەری بۆ ئەرتەشی تورکیا شۆڕکرد و ڕێی خۆی لە ڕاپەڕینەکە جوێ کردەوە، هێندەش بە ئەرمونیانی و لێخۆشبوون لەگەڵی نەبزووتنەوە: «لەبەر ئەوەی کە کیرگان باوەڕیان بە تورکەکان کردبوو لە گوندەکاندا مانەوە، لەکاتێکدا ڕاپەڕیوەکانی بەختییار پاشەکشەیان کرد، لە ئاکامی ئەوەدا کیرگان هەموو لەنێوچوون. سەرۆکەکانیان ئەشکەنجەکران و دوایە کوژران. گشت ئەوانەی کە هەوڵیان دا خۆیان ڕزگارکەن یان داڵدەیان بردە بەر ئەرتەش گیران، پیاوەکان دەستبەجێ کوژران، ژن و منداڵەکانیان دەکادێن و وێنجەدێنان پەستاوت و، بەزیندوویی ئاگریان تێبەردان. (١٥)

کاتێک زستان داهات و، ئەرتەش نەی دەتوانی درێژە بە عەمەلییاتەکەی بدا، پێشنیاری تەقە وەستان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی هێمنانەی لە تەک ڕاپەڕیوەکان دا هێنایە گۆڕێ و، بەڵێنی ئەوەشی دا کە کاری بە کاری عەشیرەتەکانی دیش نەبێ و ئەو خەسارانەی قەوماون بیژێرێ و تێیی هەڵهێنێتەوە. (١٦) ئەو بەڵێنانە بوونە هۆی هەڵخەڵەتاندنی ڕێبەری سەرەکی ڕاپەڕیو، سەید ڕەزا، کە بچێتە نێو شاری ئەرزنجان (کە فەرماندەکەی ئەوێی دەناسی و متمانەی پێی هەبوو). سەید ڕەزا لەوێ لەگەڵ ٥٠ کەس لە پیاو و دەستوپێوەندەکانی کە لەگەڵی بوون گیرا. ئەوان بەیەکەوە دادگایی کران و ١١ کەس لەوان، لەوانە سەید ڕەزا بۆخۆی حوکمی مردنیان درا و، دەستبەجێ ئیعدام کران.

لە بەهاریساڵی ١٩٣٨دا عەمەلییاتی نیزامی لە ڕادەیەکی تەنانەت بەربڵاوتردا دەستی پێکردەوە. «عەشیرەتەکانی قەرەباڵ، فەرهاد و پیلڤانک کە خۆیان بەدەستەوە دابوو، بەتەواوی خاشەبڕ کران و جووقەواریان لێ برا. ژن و منداڵی ئەو عەشیرەتانە لە کادێن و وێنجەدێن خران و دەرگایان لەسەر گاڵە درا و بەزیندوویی ئاگریان تێ بەردرا. ژن و پیاوی عەشیرەتەکانی پیلڤانک و عەشاقی عەبباس کە هەمیشە لە هەمبەر حکوومەت دا

وەفاداربوون، لە دۆڵی نین و ئینجیگە ریز کران و ئیعدام کران. ژنان و کچانی گوندی ئیرگان کۆکرانەوە و نەوتیان پێدا کرا و بەزیندوویی ئاوریان تێ بەردرا. خەچ، گوندی سەرەکی عەشیرەتی شێخ محەممەدان، کە بە نەغدەن خۆی بەدەستەوە دابوو، بە شەو هەڵیان ئەشکاوتە سەری و گشت دانیشتووەکانی بە موسەلسەل و بە تۆپ کوژران. دانیشتووانی شارۆچکەی هوزات و عەشیرەتی قەرەچا، پیاو و ژن و منداڵ بە کۆمەڵ ڕەپاڵ نران بۆ نزیک ئۆردوگەی نیزامی لە دەرەوەی هوزات و بەتەقەی موسەلسەل کووژران [.........] بە هەزاران ژن و کچ خۆیان دە چۆمی مونزوور هاویشت [.........] گشت ناوچەکە بە هەورێکی ئەستوور داگیرابوو کە ئاگری تۆپخانە و بۆمببارانی هەوایی بە گازی ژاراوی سازی کردبوو. [.........] تەنانەت ئەو لاوانەی دەرسیمیش کە لە ئەرتەشی تورکیادا خەریکی خزمەتی ئیجباری خۆیان بوون لە تیپەکانیان تاک خرانەوە و هەڵئاوێردران و ئیعدام کران. »(١٨)

ناسیۆنالیستێکی دیکەی کە لە دەرسیم لە دایک بووە. سەعید قرمزی توپراخ لە ساڵی ١٩٧. کتێبێکی سەبارەت بە مێژووی بزووتنەوەی کورد بە نێوی خواستەمەنی دوکتۆر شوان بڵاو کردۆتەوە و چەند لاپەڕەی بۆ گێڕانەوەی قەتڵوبڕی دەرسیم تەرخان کردووە.(١٩) ئەگەر چی ئەو کتێبە بە ئاشکرایی قەرزداری زانیارییەکانی کتێبی دەرسیمی یە، بەڵام هێندێک زانیاری زیادتری سەبارەت بە ڕووداوەکانی دەرسیم تێدایە کە لە سەرچاوەی سەرزارەکی وەرگیراون. سەبارەت بەربەرەکانی ساڵی ١٩٣٨ شوان دەنووسێ : «لە بەهاری ساڵی ١٩٣٨دا حکوومەت ڕایگەیاند کە ئامادەیە لە هەموو ئەو کەسانە خۆش بێ و عەفوویان کا کە چەکەکانیان دابنێن. عەشیرەتەکانی قەرەباڵ، فەرهاد، پیلڤانک، شێخ محەممەدان و قەرەچا، کە بە دەنگ ئەو فەرمانەوە هاتن، بەتەواوی قەلاچۆیان تێ خرا و سەریان تێداچوو. لە سەرویەندێکی دواتردا، [تورکەکان] زۆربەی ئەندامانی عەشیرەتی قورەیشانی ناوچەی مازگیرت و عەشیرەتەکانی یۆسفان و بەختیاریشیان کوشت و لەسەر ژن، پیاوی پیر و منداڵانیشەوە نەچوون. ئەوان بەتێکڕایی و بە کۆمەڵ کوژران، زۆر جار بە نووکی سەرنێزە. لە ئاخروئۆخری هاوینێ دا، عەشیرەتەکانی هۆرمەکان، قورەیشان و ئالان ی ناوچەی نازمیە و، بەشێک لە عەشیرەتی بامە سووران ی مازگیرت بە بۆمبی گازی ژاراوی و بە سەرنێزە قەلاچۆیان تێ خرا و خاشەبڕکران. نەوتیان بە تەرمەکانیان دا کرد و ئاگریان تێ بەردان. » (٢٠)

ئەگەرچی لەوانەیە بە نەگونجاو بێتە بەر چاو، بەڵام باسی ئەو بەسەرهاتانە تا ڕادەیەکی زۆر لەو بەڵگانەی دا کە لە سەر مێژووی ڕەسمی نیزامی یە بەربەرەکانییەکە بڵاوکراونەتەوە لە دوو دەدرێن و تەئیید دەکرێن.(٢١) تەنێ ئەو ئیدیعایەی کە ئەرتەش لە هێرشی ساڵی ١٩٣٨دا گازی ژاراوی بەکارهێنابێ، کە هەم دەرسیمی و هەم شوان دەیکەن، ئاسەلمێ. لە چەندین نموونەدا گوزاریشتەکان دیاردیی بۆ گیرانی ژن و منداڵان دەکەن، بەڵام لە جێی دیکەدا سەبارەت بە کووژرانی بێ بەسەرەوەچوونی ئینسان و ئاژەڵان دەخوێنینەوە. گوزاریشتەکان، بە شانازییەکی تایبەتییەوە لیستەی ئەوەیان تێدایە کە چەند «چەتە» و

کەسوکاریان «قەلاچۆیان تێخراوە و قڕکراون» و چەند گوند و مەزرا سوتێندراون. چۆن ئەوانەی وا بە کۆمەڵ لە ئەشکەوتەکان دا خۆیان حەشار دابوو ڕێک لەنێو بردراون. ژمارەی ئەو کووژراوانەی لەم گوزاریشتانەدا هاتوون(لە هێندێک لە پێک هەڵپڕژانەکاندا ژمارەی وردی ٧٦ کەس هاتووە و لە هێندێکی دیکەیاندا «گشت چەتەی عەشیرەتی حەیدەران و بەشێک لە دەمەنان») دەگاتە نێوان ٣ تا ٧ هەزار کەس، لەکاتێکدا باسی کاول کردنی بە دەیان گوند دەکرێ. لە ١٧ ڕۆژی هێرشی ساڵی ١٩٣٨دا بە تەنێ، باسی ٧٩٥٦ کەس دەکرێ کە کوژرابن یان بە زیندوویی گیرابن.(٢٢) قسەی تێدا نییە ئەوانەی کە بە زیندوویی گیرابن هەر کەمایەتییەک بوون. کەوابوو بە پێی قسەی ئەو گوزاریشتە ڕەسمی یانە نزیکەی لە سەدا دەی گشت دانیشتووانی تونجەلی کووژراون. کوردەکان ئیدیعا دەکەن کە خەسارەکانیان تەنانەت زۆر زیادتر بووە.

### ژێنۆسید یان ئێتنۆسید

ئەو کوشتارەی لە دەرسیم کرا بێ ئەملاو ئەولا زۆر قورس، بێ هەڵئاواردن و ئەو پەڕی بێ بەزەییانە بوو، بەڵام داخودا ئەوە ژێنۆسید بوو؟ ئایا ئەو کوشتارە «بە مەبەستی قڕکردن و نەهێشتنی گشت یا بەشێک» لە کوردەکان کرا (یان «هەر» خەڵکی دەرسیم ؟) یان ئەوە هەر سەرکوتکردنی ڕاپەڕینێکی چەکدارانە بوو، بە کوشتارێکی زۆرەوە؟ ئەمن تێدەکۆشم نیشان بدەم کە ئەوە هیچ کام لەوانە نەبوو. قەت سیاسەتێکی ئەوتۆ لە گۆڕێ دا نەبوو کە کوردەکان یان بەشێک لەوان لەباری جەستەیی یەوە (فیزیکی) قڕ و خاشەبڕ بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە بەربەرەکانی دەرسیم دا، مەبەستێکی بە ئانقەستە لە گۆڕێ دا بوو بۆ لەنێوبردنی ڕاپەڕینەکان و هەموو ڕاپەڕیوی هێزەکی و، ئەوە بەشێک بوو لە سیاسەتێکی گشتی لە ئاست کوردەکاندا ئەو سیاسەتە زۆر لە بارترە کە بە ئێتنۆسید، لەنێوبردن و تێکدانی هەوێتی ئێتنیکی کوردی نێو دێر بکرێ.

مەبەستی لەنێوبردن دەکرێ لە شێوەی گەڵاڵەکردنی بڕیارێکی نهێنی شوورای وەزیران دا بخوێندرێتەوە کە لە ٤ی مای ١٩٣٧ دا لەسەر ئەرکی ئەو ئۆردووەی کە بۆ تەنبێ کردنی دەرسیم ناردراوە دەرکراوە.(٢٣) بڕیارەکە ڕێگەچارەیەکی دوایی بۆ سەربزێوییە ئەپساوەکانی دەرسیم پێشبینی دەکا. بڕیارەکە دەڵێ: «ئەو جار، خەڵکی ناوچە سەربزێوەکان دەبێ کۆبکرێنەوە و بۆ شوێنی دیکە دەربکرێن.» بەڵام دوایە فەرمان بە ئەرتەش دەدا «چزک بە ئەوانە دابدەن کە چەکیان بەکارهێناوە یان هێشتاش چەک بەکاردەهێنن یەکجار و بۆ هەمیشە دەستبەجێ بێ خەتەریان کەن، گوندەکانیان بەتەواوی تێک دەن و خاو و خێزانیان ڕاگوێزن» بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ئەو دەمی هەموو پیاوێک لە دەرسیم چەکی بەدەستەوە بوو، ئەوە مانای وایە کە گشت پیاوێک بکووژن.

لە سەرچاوە ڕەسمییەکاندا دەستبەجێ بە ئاشکرا دەرناکەوێ کە بەربەرەکانی دەرسیم ڕاستەوراست ڕووی لە کوردەکان بوو بێ. هیچ بەئاشکرایی باسی کوردەکان ناکرێ، چونکوو

ئەو دەمی هەبوونی کوردەکان بە تەغدەن بەرپەرچ درابۆوە. گوزاریشتە نیزامییەکان بەبێ فەرق و جیاوازی دانان و هەڵئاوردان بە هەموو خەڵکی دەرسیم دەڵێن «چەتە» (های دوت). لەگەڵ ئەوەشدا، وەزیری نێوخۆ شوێکرو کەیا، بەپێویستی زانیووە کە ئەنجومەنی بەرزی نیشتمانی (تورکیا) ئاگادار بکا کە خەڵکی دەرسیم « تورکی رەسەنن» و، بەو شێوەیە بەئاشکرایی لایەنی ئیتنیکی شیاوی باس نەکردنی پرسی دەرسیمی دەربڕیبوو.(٢٤) هەڵیەت، گیروگرفت ئەوە بوو، کە زۆربەی خەڵکی دەرسیم هێشتا بە تورک بوونی خۆیان نەدەزانی. زۆر لە خەڵکی ئەوێ هیچ تورکی یان نەدەزانی و دەستەلاتداران ناچاربوون بۆ دوان و پێوەندی لەگەڵ گرتنیان دیلمانج بکاربهێنن،(٢٥) فڕۆکە «بە زمانی ناوچە» بەیاننامەیان بەردەداوە.

دەرسیمی و شوان، کە هەردووکیان خەڵکی ناوچەکەن، هەوڵێکی زۆر دەدەن نیشان بدەن کە راپەڕینی دەرسیم لە راستیدا راپەڕینێکی ناسیۆنالیستی کوردی بووە و ئەوەی کە بە ئاوایەکی ئاوا بێ بەزەییانە بەربەرەکانی کراوە ئەوە بووە. بەڵام واوێدەچێ ئەوان تا رادەیەکی زۆر هەست و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە راپەڕیوەکان دەربڕن، کە ئەوەی پاڵی پێوەدەنان قازانج و وەفاداری زۆر بەرتەنگ بوو تا ئەوەی کە لەبەر ئیدەئالە بەرزە ناسیۆنالیستیەکان بێ. ئەو سەربزێوی و راپەڕینە وێدەچێ بە دەرەجەی یەکەم بەگژداهاتنەوەی حکوومەت بێ کە دەستی لە کاروباری عەشیرەتەکان وەردەدا و، خۆڕاگری لەبەر ئەوەی کە حکوومەت بە « ئەرکی ژیاری کردنی» دادەنا.

رژێم ئەو راسپاردەیەی - کە زۆر بەر لە راپەڕینەکە دەستی پێکرد - خۆی وەک خەباتێکی لێبڕاوە لە دژی دواکەوتوویی و چەوسانەوەی خەڵک بەدەستی فیۆدال، سەرۆک عەشیرەتەکان و رێبەرانی کۆنەپەرستی ئایینی ناساند. چاوەدێرێک کە لە کۆڕ و کۆمەڵی حکوومەتی نزیک بووە، بە ماوەیەکی کورت دوای بەربەرەکانی دەرسیم بە هەڵپە و شۆقێکی زۆرەوە باسی ئەنجامی ژیاری کردنی بەربەرەکانییەکە دەکا:« سەرۆک عەشیرەتەکان، رێبەرە ئایینییە سەر بە گێچەڵ و هاودەستەکانیان گیران و بەرەو رۆژئاوا دوور خراونەتەوە. عەمەلیياتە سەرکەوتووە نیزامییەکان بەیەکجاری و بۆ هەمیشە هەلی سەرهەڵهێنانی بزووتنەوەیەکی جەردەییان لە توێجەلی لە داهاتوودا لە لە ریشە دەرکێشاوە. دەرسیم لە ئێستا بە دواوە رزگار کراوە و پارێزگاری لێدەکرێ. لە دەرسیم هیچ شوێنێک نەماوە کە پای ئەرتەشی نەگەیشتبێتێ و ئەفسەران و فەرماندەران دەزگای زانیاری دان و توانای خۆیان لێ دانەنابێ. ئەرتەش جارێکی دیکەش بە راپەڕاندنی ئەم ئەرکە گەورەیە، هەستی سپاس و پێزانی نەتەوەی تورکی لە ئاست خۆی جووڵاندووە و رێز و پلەی بۆ خۆی پێکەوە ناوە.» (٢٧)

لەگەڵ ئەوەشدا، لە کردەوەدا هێرشی هەوڵی حکوومەت، بە عەمەلییاتی دەرسیمیشەوە لە دژی « فیئۆدالیزم» و پاشکەوتوویی نەبوو و زیادتر لە دژی هەوێتی ئیتنیکی کورد بوو. بەربەرەکانی بێ بەزەییانەی دەرسیم تڕۆپکی زنجیرەیەک تەگبیر و هەنگاونان بوو بۆ ئەوەی کوردەکان بە زۆرە ملی بتوێندرێنەوە هەروەک ئەمن ئێستا شی دەکەمەوە.

**سیاسەتە کوردیەکانی تورکیای کۆماری**

کۆماری تورکیا، کە پێکهاتنی لە ساڵی ۱۹۲۳ راگەیەندرا، بوونی و سازبوونی ئاکامی شەڕی سەربەخۆیی یە کە لەلایەن موستەفا کەمال و هاوکارەکانی را لە دژی نەتەوەکانی جۆربەجۆری دیکە کە هێندێک لە بەشەکانی ئیمپراتۆری پێشووی عوسمانی یان بەدەم شەڕی دنیاگری یەکەمەوە بە خاکی خۆیان دەزانی کرا ـ واتە یۆنانییەکان، ئەرمەنییەکان، فەرانسەییەکان و ئیتالیاییەکان. «پەیمانێکی نیشتمانی» چوارچێوە و بەری ئەو خاکەی دیاری کرد کە بزووتنەوەی سەربەخۆیی شەڕی بۆ دەکرد وەکوو ئەو سەرزەوی و خاکانەی پێشووی ئیمپراتۆری کە موسڵمانانی نا ـ عەرەبی تێدا دەژیان، بە گوتنێکی دی، واتە تورکەکان و کوردەکان، چونکوو ئەوانە دەستەی موسڵمانی هەرە سەرەکی نا ـ عەرەب لە ئیمپراتووری دا بوون. کوردەکان شانبەشانی تورکەکان لەو خەباتەدا بەشدار بوون و، سەرۆکەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە راستی دا زۆر جار باسی برایەتی تورک ـ کوردیان دەکرد و ئەوەی کە دەوڵەتی تازە لە تورکان و کوردان پێک دێ. لە مانگی ژانڤییەی ۱۹۲۳دا موستەفا کەمال هێشتا باسی ئەوەی دەکرد کە دەبێ ئۆتۆنۆمی ناوچەیی بۆ ناوچە کورد نشینەکان دابین بکرێ.(۲۸) بەڵام سیاسەتەکانی ئەو زوو بەتوندی گۆڕان. هەر ئەو راستییەی کە کۆماری تازەنێوی «تورکیا»ی لێنرا (نێو خواستنەوەیەک لە زمانە ئورووپاییەکان را) نیشانەی ئەوە بوو کە هێندێک لە هاووڵاتییەکان بەنیسبەت ئەوانی دیکە ئاکارێکی یەکسانیان لەگەڵ دەکرێ.(۲۹)

ئێلیت و سەردەستی کۆماری تازە، کە زۆر بە وشیارییەوە دەیان ویست ئەو سەرکەوتنەی کە بە زەحمەت وەدەستیان هێناوە بپارێزن بە هەڕەشە بۆ سەر یەکایەتی خاک و بیانووی ئیمپریالیستی بۆ داچاندنی تۆوی دووبەرەکی و دابڕاندن پەشێو بوون. لەو بابەتەوە، کوردەکان بە مەترسییەکی جیدی دادەندران. ئەگەر چی لاوازیش بوو، بەڵام بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیی خوازی کورد لە گۆڕێ دا بوو و، لە سەرەتاوە لەلایەن بریتانیاوە هێندێک پشتیوانی لێدەکرا. بانگەوازی یەکێتی ی موسڵمانان، کە لە جەنگەی شەڕی سەربەخۆیی دا دەنگی دەداوە لە نێو کوردەکاندا زۆر زیادتر لە تەبلیغاتی ناسیۆنالیستی کوردی کاریگەرتر بوو، بەڵام کاتێک تورکیا کەوتە ڕێبازێکی عیلمانی (لاییک)یەوە، بناخەی یەکێتی یەکی ئەوتۆ تێک رووخا و نەما. کەمالیستەکان هەولیان دا کە جێی ئیسلام وەکوو هۆکارێکی یەکگرتن بە ناسیۆنالیزمی تورکیایی بگۆڕنەوە. بەو ڕێگەیەدا، ئەوان دنەی وەخەبەرهاتن و راسانی ناسیۆنالیزمی کوردیان دا کە لێی دەترسان.

هێندێک لە سیاسەتەکانیان بوونە هۆی ناڕەزایەتی و گازن لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی زۆر بەر بڵاوتر لە ناسیۆنالیستە کوردە پێناودارەکاندا بە تەنێ. لە شەڕی دنیاگردا، ژمارەیەکی زۆری کورد رایان کردبوو بۆرۆژئاوا کاتێک کە ئەرتەشەکانی رووسی ئانادۆڵی رۆژهەڵاتیان داگیر کرد. هەر لە بەرایی ساڵی ۱۹۱۹وە، حکوومەت بڕیاری دا کە ئەو کوردانە بە ئەستانە

ڕۆژئاواییەکان دا بڵاوکاتەوە، لە دەستەی ئەوتۆدا کە لە ٣٠٠ کەس زیادتر نەبن، بە ئاوایەکی ئەوتۆ کە لە هیچ شوێنێک دا لە سەددا پێنجی دانیشتووان زیادتر نەبن. هێندێک لە کوردەکانی کە پێیان خۆش بوو بگەڕێنەوە کوردستان ڕێیان پێ گیرا و نەیان هێشت بچنەوە.(٣٠) لە تورکیای تازەدا، هەموو جۆرە خوێندن و فێرکردنێکی مۆدێرن، لەوە و دوا دەبوو بە تورکی بێ، لەوەش زیادتر، لە ساڵی ١٩٢٤دا، فێرگە سونەتییە ئیسلامییەکان(مەدرەسە) ـ (حوجرە وەرگێڕ) گاڵە دران. هەنگاوە عیلمانییەکانی دیکە (هەڵوەشانەوەی خەلافەت، داخستنی کارگێڕیی شێخەلئیسلام و دادگە ئایینییەکان، هەموویان لە ساڵی ١٩٢٤دا) بوونە هۆی دڵئێشان و بێزاری کۆروکۆمەڵە سونەتییە ئایینییەکان. کوردە ناسیۆنالیستەکان و ئەفسەرانی ئەرتەش هێزی خۆیان لە تەک ڕێبەرانی ناڕازی ئایینی دا ڕێک خست و، یەکەم ڕاپەڕینی مەزنی کورد لە ساڵی ١٩٢٥ ڕوویدا کە لەلایەن شێخ سەعیدەوە ڕێبەری دەکرا.(٣١)

ئەو ڕاپەڕینە بە دەکارکردنی هێزێکی زۆری نیزامی تێک شکێندرا و دامرکاوە. ڕێبەران گیران و لە سێدارە دران و، ئەو ناوچانەی لە ڕاپەڕینەکەدا بەشداریان کردبوو بەتوندی تۆڵەیان لێ کرایەوە. بەپێی قسەی سەرچاوەیەکی ناسیۆنالیستی کورد عەمەلیاتە نیزامییەکان بوونە هۆی تاڵان کردنی زیادتر لە ٢٠٠ گوند، کوڵ کردنی زیادتر لە ٨٠٠٠ خانوو و، ١٥٠٠٠ کەس کوژراو.(٣٢) ڕاپەڕینی شێخ سەعید هەڕەشەیەکی نیزامی جیدی بۆ سەر تورکیا نەبوو، بەڵام ئەو ڕاپەڕینە نوختە وەرچەرخانێک بوو لە مێژووی ئەو کۆمارەدا. ئەو ڕاپەڕینە مەیلی بەرەو سازکردنی حکومەتێکی سەرەڕۆی خێراتر کرد و ئەو جۆرە سیاسەتەی پێک هێنا کە بەدانستە مەبەستی لەنێوبردنی هەوێتی ئێتنیکی کوردی بوو. ڕاست دوای هەڵگیرسانی ڕاپەڕینەکە، سەرۆک وەزیری بەنیسبەت لیبراڵ فەتحی ئۆکیار لەسەر کار لابرا و عیسمەت ئینوێنووی زاڵمی لە جێگەی داندرا. ئینوێنوو بەدەم دیاری کردنی هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بە کوردان، بەئاشکرایی ڕایگەیاند، «ئێمە بە ڕاشکاوی ناسیۆنالیستین ناسیۆنالیزم تاقە ئامانجێکە کە ئێمە بەیەکەوە ڕادەگرێ. جگە لە زۆربەی تورک نەبێ، هیچکام لە عونسورە [ئێتنیکییەکانی]دیکە نابێ چ تەئسیریان هەبێ. ئێمە هەر چۆنێک بێ و بەهەر قیمەتێک بێ، ئەوانەی لە وڵاتەکەمان دا دەژین دەکەینە تورک و ئەوانەش لەنێودەبەین کە لە خۆیان ڕادەبێن و لە دژی تورک و تورکایەتی ڕاست دەبنەوە.(٣٣)

چەندین ڕاپەڕینی ناوچەیی دیکەش بە دووی ڕاپەڕینی شێخ سەعید دا کران، ئی هەرە گەورەیان لە نێوان ساڵانی ١٩٢٨ ـ ٣٠ لە دەوروبەری چیای ئاگری دا ڕووی دا. ئەو ڕاپەڕینە لە چاو ڕاپەڕینەکانی دیکە بەتەواوی ڕاپەڕینێکی ناسیۆنالیستی بوو، لەلایەن پارتییەکی سیاسی کورد لە تاراوگەرا ڕێکخرا بوو و سازکرا بوو. لە گەڵ ئەوەشدا، لە گشت ئەو ڕاپەڕینانەدا، عەشیرەتەکان دەورێکی سەرەکیان گێڕا. ئەوان لەژێر ڕێبەری ئاغاکانی خۆیان ( سەرۆک عەشیرەتەکان) و جارجار شێخەکان واتە ڕێبەرانی ئایینی کە دەسەڵات و

نفوزێکی هەموو لایەنەیان هەبوو رێک خرابوون. (ئەوەش دەربڕینی گشتی تورک، بۆ پێویستی هەڵوەشاندن و نەهێشتنی «فیئۆدالیزم»، عەشیرەتگەری و کۆنەپەرستی ئایینی دا دەگەڕێتەوە). حکوومەت، بە تێگەیشتنی ئەوە،وڵامی ئەوە بوو کە هێندێک لە شێخەکان و ئاغاکان ئیعدام بکا و ئەوانی دیکە بەجوێ کردنەوە لە عەشیرەتەکانیان راگوێزێ و دووریان بخاتەوە بۆ بەشەکانی دیکەی وڵات. هێندێک عەشیرەت بە خڕی ( بەتایبەتی ئەوانەی لە راپەڕینی ئاگری دا بەشدارییان کرد بوو) سورگون کران و بە رۆژئاوای تورکیا دا بڵاو کرانەوە.

یەکەم دوورخستنەوەکان تەنێ تۆڵە ئەستاندنەوە بوون لە عەشیرەتە راپەڕیوەکان. لە ساڵەکانی دواتردا، دوورخستنەوە و راگوازتن بوو بە هەوڵێکی گشتی بۆ تواندنەوەی کوردەکان. پرۆگرامی تورکاندن (کردنە تورک) کە لەلایەن ئینۆنووە راگەیەندرا بوو بەو پەڕی تین و گوڕەوە بەڕێوە چوو. زمانی کوردی، جلوبەرگی کوردی، فۆلکلۆری کوردی و تەنانەت وشەی «کورد»یش پاوان کران. زانایان دەستیان کرد بە «بەڵگەهێنانەوە» کە « عەشیرەتەکانی رۆژهەڵات» لە تۆرمەی تورکی خالیسن و، زمانەکەیان تورکی یە، ئەگەر چی زمانەکەیان لەبەر نزیکی و دراوسێتی ئێران تا رادەیەک شێواوە. لەو دەمییەوە ئەوان ناوی «تورکی چیایان» بەسەردا برا. پێویست بە گوتن ناکا کە لە ژیانی ئاکادمی و گشتی دا چ جێگەیەک بۆ بیروڕای نارازی و دژ نەبوو. لەوان رۆژان دا بە پشتیوانی حکوومەت تیئۆرییەکی مێژووی دیکەش گەڵاڵە کرا کە دەیگوت گشت ژیارییە (شارستانییەت) مەزنەکانی جیهان ـ چینی، هیندی، موسڵمان، و تەنانەت ژیاری کەونارانی میسری و ئیتروریایی ـ بنەچەی تورکی یان هەیە. کەوابوو تورکاندن، تەنانەت بە زۆرەملیش، وەک پرۆسەیەکی ژیاری کردن دادەندرا. بەڵام قەت ئەو پرسیارە شەرماوییە نەدەهاتە گۆڕێ کە چ پێویستیەک هەیە بۆ تورکاندنی ئەو خەڵکانەی کە دەگوترێ لە بناوانەوە تورکن.

راگوازتن و جێگۆڕکێی بە لێشاوی دانیشتووان هەنگاوێک بوو کە دەستەڵاتداران هیوایان پێی بوو بۆ ئەوەی یەکایەتی خاکی وڵات بەهێز بکا و پرۆسەی تواندنەوە خێراتر کا. کوردەکان دەبوو رابگوێزرێنە رۆژئاوای تورکیا و بە هەراوی بڵاو بکرێنەوە، لە کاتێکدا کە دەبوو تورک لە شوێنی ئەوان بەجێ بکرێن. بەڵگەی هەرە گرنگی سیاسەت لەو بارەیەوە واتە قانوونی دامەزراندن و بەجێ کردن لە ساڵی ١٩٣٤، تەواو بە راشکاوی نیشان دەدا کە تورکاندنی (خەڵک) مەبەستی سەرەکی ئەو دامەزراندن و بەجێ کردنە بووە. قانوونەکە سێ کاتەگۆری ناوچەیی لێ دامەزران و راگوێزتن دیاری و دەستنیشان دەکا : یەک لەوانە لە و ناوچانە پێک دێ «کە چۆڵ کردنیان لە باری لەشساخی، ئابووری، فەرهەنگی، سیاسی و هێمنییەوە بەدڵن و لەوێ نیشتەجێ بوون پاوان کراوە». دووەمی ئەو ناوچانە ئەو شوێنانەن « کە بۆ راگوێزتن و دامەزراندنی ئەو دانیشتووانە لەبەر چاوگیراون کە تواندنەوەیان لە فەرهەنگی تورک دا بە دڵە» و، ناوچەی سێیەم «ئەو جێیانەن کە تێیاندا زیادبوونی دانیشتووان بە فەرهەنگی تورکی یەوە بە دڵە.»(٣٤) بە گوتنێکی دی، هێندێک لە ناوچە

کورد نشینەکان (کە دوایە گەلاڵەیان بۆ دادەندرا) دەبوو بەتەواوی چۆڵ بکرێن و دانیشتووانیان لێ نەمێنێ، لە کاتێکدا لە ناوچە کوردییەکانی دیکەدا دەبوو عونسوری کوردی بە ڕێگەی نیشتەجێ کردنی تورکان کەم بکرێتەوە ( و هەروەها بە ڕێگەی موختەمەلی دەرکردنی کوردەکانی خۆجێی). دەرکراوەکان دەبوو لە ناوچە تورکی یەکان دا نیشتەجێ بکرێن، کە لەوێ دەکرا بتوێندرێنەوە.

ئامانجی کوت کوت کردنی کۆمەڵگەی کورد بۆ ئەوەی کە تواندنەوەی زۆر خێراتر سەر بگرێ لە چەندین برگەی دیکەی ئەو قانوونانەش دا بە ئاشکرایی دەردەکەوێ. بۆ نموونە، مادەی ١١، پێش بەو هەولانە دەگرێ کە خەڵکی نا ـ تورک بۆ پاراستنی فەرهەنگی خۆیان بیدەن بە ڕێگەی ئەوەی دا بو ئەوەی لە یەک هەڵنەبڕێن لە گوندی ئەوتۆدا دامەزرێن یان لە بەشی ئەوتۆدا کار بکەن کە لەباری ئێتنیکی یەوە یەکدەست بن.« ئەوانەی کە زمانی زگماکییان تورکی نییە ڕێگەیان پێنادرێ کە وەک گرووپ گوندی تازە ئاوەدان کەنەوە یان کۆمەڵەی ئاوچەیی، کرێکاری و سەنعەتی بەیەکەوە دامەزرێنن، نەک ئەو جۆرە کەسانە ڕێگەی ئەوەشیان پێدەدرێ کە گوندێکی ئاوەدان، یان بەشە سەنعەتێک یان کارگەیەک بۆ ئەندامانی هەمان ڕەگەز بگرنەوە.»(٣٥) ئەمە بە ڕوونی زۆر زیادتر لە هەڵئاواردن و فەرق و جیاوازی لەگەڵ دانانی قانوونی یە، قانوونی دامەزراندن و بەجێ کردن چوارچێوەی قانوونی سیاسەتی ئێتنۆکوژی (ئێتنۆسید) پێک دەهێنێ.

جا لە زەمینە و دابەزاندنی ئەو قانوونەدایە کە دەبێ لە سەرکوت کردن و دامرکاندنەوەی دەرسیم بڕواندرێ. دەرسیم یەک لە یەکەم ناوچەکان بوو کە ئەو قانوونەی تێدا تەتبیق کرا. ساڵێک دوای پەسندکردنی قانوونی دامەزراندن و بەجێ کردن، لە دیسامبری ١٩٣٥، ئەنجومەنی بەرزی نیشتمانی تورکیا قانوونێکی تایبەتی لە مەڕ دەرسیم پەسند کرد. هەرێمەکە خرا نێو ئەستانێکی جوێ وە و کەوتە بەر دەستەڵاتی فەرماندارێکی نیزامی، ئەو دەستەلاتی ئەو پەڕی ئاسایی درایە بۆ ڕاگرتن و دوورخستنەوەی تاک و بنەماڵان. وەزیری ئەو کاتی نێوخۆ، شوکرێو کایا، پێویستی هەبوونی قانوونێکی ئەوتۆی لەبەر دواکەوتوویی هەرێمەکە و عەشیرەتە سەربزێوەکانی شی کردەوە. هەرێمەکە بێ قانوونی بەسەردا زاڵ بوو، ئەوەش لەبەر نەزانی و هەژاری. عەشیرەتەکان هەموو کاروبارێکی قانوونی، کۆمەڵایەتی و جینایییان بەپێی قانوونەکانی دواکەوتوویی عەشیرەتی خۆیان یەکلا دەکردەوە بێ ئەوەی بە قەد سەرپۆشێکیش چییە گوێ بدەنە دەوڵەت. وەزیری نێوخۆ وەزعەکەی بە نەخۆشی و پەتایەک دانا و، ڕای گەیاند کە یازدە بەربەرەکانی نیزامی پێشوو، لە زەمانی ڕێژیمی کۆن دا نەی توانیوە ئەو نەخۆشییە چارە بکا. ئەو ڕای گەیاند کە پێویستی بە پێوەچاران و جوولانەوەیەکی ڕیشەیی لە گۆڕێ دایە و، ئەو قانوونە بەشێکە لە بەرنامەیەکی چاککردن (بە « مێتۆدی ژیارییەوە »)کە ئەو خەڵکە وا لێدەکا لە نیعمەتەکانی کۆمار دابەشیان پێ ببڕێ.(٣٦)

ئەو ئیستعارەی کە وەزیر لەمەڕ نەخۆشی و چارەکردنی بەکاری هێنا واوندەچێ لە

گوزاریشتێک قەرزکرابێ کە دە ساڵ پێشتر لەسەر دەرسیم بۆ هەمان وەزارەتخانە ئامادە کرابوو. ئەو بەڵگەیە لە مێژووی رەسمی سەبارەت بە بەریەرەکانی نیزامی دا، وەکوو رێنوێنێک بۆ سیاسەتی نیزامی دیسان بڵاوکراوەتەوە لەو بەڵگەیەدا نووسەرەکەی، حەمدی بەگ، بە دەرسیم دەڵێ : «کوانێک [کە] حکوومەتی کۆماری [........] دەبێ بیبڕێ و دەری هاوێ بۆ ئەوەی ئێشی پیستری پێ نەگا». حەمدی بەگ زۆر بە راشکاوتر لە شوکرێو کەیا سەبارەت بە تەبیعەتی نەخۆشی دەرسیم دەدوێ : ئەوەش وشیاربوونەوەی لە زیندە و پەرەگری ئێتنیکی کوردی بوو.

چارەسەرکردن بە رێگەی جادەکێشان و پرد رایەڵ کردن، دانانی پۆستی پۆلیس و کردنەوەی خانووی حکوومەتی لە هەموو گوندە گەورەکان دەستی پێکرد. نارەزایەتی و وروژان لە ئاکامی بەسەرداسەپاندنی کۆنترۆڵی دەوڵەتی هۆی راستەوخۆی پێکەوەنا بۆ بەربەرەکانی دامرکاندنەوە لە ساڵانی ۱۹۳۷ ـ ۱۹۳۸دا و ، لە هەمان کاتیشدا یەکەم راگوێستنە زۆرەملییە بە لێشاوەکانی رەخساند کە قانوونی ۱۹۳٤ رەچاوی کرد بوو.(۳۸) دوای ئەوەی کە راپەڕینی دەرسیم سەرکوت کرا، هەرێمەکانی دیکەی کورد کە لەسەرەوەڕا « ژیارکراو» بوون تێگەیشتن کە خۆڕاگری چی بەدواوەیە.

کار و هەنگاوەکانی کەمالیستی کۆششێکی بەرزەفڕانە بوون بۆ دامەزراندنی دنیایەکی نوێ. موستەفا کەماڵ و هاوکارەکانی لەسەر کاولەکانی ئیمپراتووری عوسمانی، پیاوە نەخۆش و پەککەوتووەکەی ئورووپا، دەوڵەتێکی نوێی بەهێزیان دامەزراند بوو. بە رێگەی پاوان کردنی خەتی عەرەبی دا ئەوان هەموو بیرەوەریەکی رابردوویان لە نێو برد و دەستیان ئاواڵە بوو بۆ ئەوەی چۆنی پێیان خۆش بێ مێژوو بنووسنەوە. کەمالیستەکان دەخۆنووسان بۆ پێکهێنانی نەتەوەیەکی مۆدێرن، پێشکەوتوو و، تاقانە لەو شتەی کە سەردەمایەک چل پینەیەک بوو لە جڤاتی ئێتنیکی جیاواز. هەرچییەکی کەوا وەبەرچاو هاتبا کە یەکێتی ی نیشتمانی بەربەرچ داتەوە و شلی کاتەوە، چ جیاوازی ئێتنیکی یان چینایەتی، دەستبەجێ رەپاڵ دەنرا و بەبێ بەزەییانە سەرکوت دەکرا. بەچاو کەمالیستەکانەوە، ئەوە پرۆسەیەکی رزگاری بوو، داگرتنەوەی شان و شەوکەتی ئینسانی و وەکوویەکی بوو. موستەفا کەماڵ رای گەیاند : «خەڵکی ئانکارا، دیاربەکر، ترابزۆن و مەقەدوونییە» «هەموویان منداڵی رەگەزێکن، گشتیان گەوهەرێکن کە لە یەک بەردی بەقیمەت داتاشراون.» بەڵام واقیع وا دەرکەوت کە هێندەش یەکسانی و وەکوویەکی دەرنەخا. تەنانەت ئەمرۆش، ئەگەر کارتی هەوێتی کەسێک نیشان بدا کە ئەو لەترنجەلی لە دایک بووە لەلایەن کاربەدەستانەوە بەگومانەوە رەفتاری لەگەڵ دەکرێ و لێی دەردۆنگن و ناتوانێ بە هاسانی کار پەیداکا و لە جێیەک دامەزرێ، ئەگەر چی بەتەواویش توابێتەوە و بووبێتە تورک.(۳۹) وتەیەکی بەنێوبانگی دیکەی موستەفا کەماڵ کە لەسەرانسەری وڵات دا لەسەر دیواری خانووبەرە حکوومەتییەکان و پەیکەرەکان هەڵکەندراوە مووقەڵێشانە لیلە و دەڵێ : «چ بەختەوەرە ئەو کەسەی خۆی بە تورک دەزانێ!» ـ وا دەگەیەنێ کە ئەوانەی خۆیان بە تورک نازانن

بەختەوەر نین. وەزیری دادپەروەری مەحموت ئەسات کەمتر مووقەلیشە بەلاّم بە راوێژێکی توورە و ئاشکرا لە ساڵی ١٩٣. رای گەیاند : «تورکەکان تەنیا ئاغای ئەم وڵاتەن، تەنیا خاوەنی ئەون. ئەوانەی کە لە تورمەی خالیس و پاکی تورک نین تەنیا مافێکیان لە وڵاتەدا هەیە، ئەویش مافی ئەوەی کە خزمەتکار بن، کە کۆیلە بن. با دۆست و دوژمن و تەنانەت چیایانیش ئەو راستییە بزانن و لێی تێ بگەن !» (٤٠)

دڵ راوەکێ، یان دژ لە هەڤی نێوخۆیی، کە بەشێکی جوێ نەکراوە لە هەڵوێستی کەمالیستی سەبارەت بە کوردەکانە بۆ زیادتر لە نیو سەدە درێژەی بە مانی خۆی داوە. مەفهوومی کەمالیستەکان سەبارەت بە تورک بوون بەپێی ناساندنی بیۆلۆژی سەبارەت بە رەگەز نییە. لە تورکیا هەموو کەس تورکە (رەنگە، جگە لە کەمایەتییە مەسیحی یەکان نەبێ) و زۆر کورد هەن کە کەسایەتی سیاسی زۆر هەڵکەوتوو و بەرچاویان وەدەستهێناوە بەو شەرتەی کە هەویتی تورکی یان وەخۆ کردبێ. هەم پرێزیدێنت تورگوت ئۆزاڵ و هەم رێبەری ئۆپۆزیسیۆن ئەرداڵ ئینۆنوو (رەگێکی) کوردییان هەیە. بەلاّم هەستێکی بەرزتربوونی رەگەزی تورکی هەیە کە زۆر جار وەڕوو دەکەوێ. ئەگەر چی ئەو بۆچوونانە دژ لە هەڤن بەلاّم بۆ سەرکوت کردنی هەویتی کوردی یەکتری تەواو و بەهێز دەکەن.

دیمۆکراتیزەبوونی تورکیا، کە دوای شەڕی دووەمی دنیاگر دەستی پێکرد، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵهێنانی وشیاربوونەوەی ئێتنیکی کوردی، جۆششێکی رادیکاڵیزمی باڵی چەپ و باڵی راستیشی لە تەک خۆی دا هێنا. کودەتا نیزامییەکانی ساڵانی ١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠ هەوڵی زیندووکردنەوەی بۆچوونی خالیسی کەمالیستی بوون و بەرووبوویان هەوڵ و کۆششی تازە بوو بۆ بە زۆرەملی تواندنەوەی کوردەکان. تونجەلی، دەرسیمی کۆن، بەشێکی زۆری لەو سەرکوت کردن و دامرکاندنەوەیە پێ براوە. ئیتر چی دیکە «ماکەی نەزانی و عەشیرەتگەری دواکەوتوو» نییە، ئەوێ لە ماوەی چەند دە ساڵی پێشوودا وەک بەستێنی گەرمی کۆمۆنیزم و، پاشماوەی لە ریشەدەرنەکێشراوی کوردایەتی چاولێکراوە. چەند ساڵ لەمەوبەر نەخشەی تازە هاتنە گۆڕێ بو چۆڵ کردنی بەشێکی گەورە لە تونجەلی و بەجێ کردنی دانیشتووانی لە رۆژئاوای وڵات، بە رواڵەت بە مەبەستی جەنگەڵ کاری.(٤١) ئێستا زۆربەی خەڵکی دەرسیم لە تاراوگەدا دەژین و بڵاوکراونەتەوە، یان لە رۆژئاوای تورکیا یان لە هەندەران. شتێکی ئەوتۆ لە فەرهەنگی تایبەتی و جیاوازی دەرسیم نەماوەتەوە.

(لە ژمارەی داهاتوودا بەشی دووەمی ئەم باسە ـ شەڕی کیمیایی لە دژی کوردەکانی عێراق ـ بڵاودەکەینەوە.)

## پەراوێزەکان

١- وشەکانی « AS SUCH » ـ وەک ئەوە، بەم شێوە ـ دەگەڕێنەوە سەر ناساندنی ژێنۆسید بەپێی پەیماننامەی ١٩٤٨ : «[...] ژێنۆسید بە مانای هەرکام لەو کردەوانەی خوارەوەیە کە بە مەبەستی لەنێوبردنی گشت یان بەشێک لە

گرووپێکی، نەتەوایەتی، ئێتنیکی، رەگەزی یان ئایینی بکرێ، بەم شێوەیە :(a) کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە، (b) لێدانی زەرەی بەدەنی یان نەفسی لە ئەندامانی گرووپەکە،(c) بە ئانقەستە. داسەپاندنی هەلومەرجێکی ژیانی ئەوتۆی بە بڕاوە بەسەر گرووپەکەدا کە دەبێتە هۆی لەنێوچوونی فیزیکی ئەو بەگشتی یان بەشێک لەو، (d) بەسەرداسەپاندنی تەگبیر و هەنگاوی ئەوتۆی کە پێش بە زەو و زوو لەنێو گرووپەکەدا بگرێ، (e) بە زۆرەملی راگوێزتنی منداڵەکانی گرووپەکە بۆ نێو گرووپێکی دیکە.»

ئەوە لە کتێبی LEO KUPER, GENOCID

ITS POLITICAL USE IN THE TWENTIETH CENTURY

وەرگیراوە.

(NEW HAVEN, Yale University Press, 1981), 210.

٢- جگە لە جمهووری کەمتەمەنی مهاباد نەبێ، کە کەمتر لە ساڵێک لە بەشێکی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٦دامەزرا.

٣- باشترین لێکدانەوەی گشتی مێژوویی سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بریتین لە :

Wadie Jwaideh, The Kurdish nationalist movement, Its origins and development (PH.D.thesis, Syracuse University, 1960)

Chris Kutschera, Le movement national Kurd(Paris, Flammrion, 1979), و

Lucien Rambout, Les Kurdes et le Droit : Des textes, Des faits (Paris: Edition du Cerf, 1947)

ئەو کتێبە ئەگەرچی کۆنیش بووە، بەلام سەبارەت بە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ باشە، هەروەها کتێبی

HASSAN ARFA, THE KURDS , an historical and Political study( London, oxford University Press, 1966)

نووسەری ئەم کارەی دوایی، ژەنەراڵێکی خانەنشینی ئێرانییە و، بۆ خۆی لە بەربەرەکانی تەنبێکاری لە دژی کوردەکاندا بەشدار بووە.

ISMAIL BESIKCI, TUNCELI KANUNU(1935) VE DERSIM JENOCIDE -٤

(قانوونی ١٩٣٥ سەبارەت بە تونجەلی و ژێنۆسیدی دەرسیم)

Istanbul, Belge Yayinlari, 1990)

٥- لەو دوو دەقی پێوانەدا سەبارەت بە تورکیا بە یەک وشەش چییە باسی ئەو ڕووداوانە ناکرێ،

Bernard Lewis, The emergence of modern Turkey (London, Oxford University Press, 1968)

و

Stanford J. Shaw and Ezel Kural Shaw, History of the Ottoman Empire and of Modern Turkey, Vol.11: The rise of modern Turkey 1808 - 1975 ( Cambridge, University Press, 1977),

ئەو نووسەرە تورکانەی کە باسی بەربەرەکانی دەرسیم دەگێڕنەوە وایان لا پەسندە کە بەسەر کوشتوبڕەکەدا بازدەن و خۆی لێ نەدەن. ئەگەرچی، ژەنەراڵی خانەنشین موحسین باتوور لە بیرەوەرییەکانی دا دەڵێ کە ئەو وەک ئەفسەرێکی

لاو، لە بەربەرەکانی دەرسیم لە ساڵی ١٩٣٨دا بەشداری کردووە بەڵام دەمی خۆی رادەگرێ و هیچ ناڵێ :

« ئەمن داوای لێبووردن لە خوێنەوەرەکانم دەکەم، ئەمن ئەو لاپەرەیە لە ژیانم نانووسم. »

BATUR, MUHSIN
ANILAR VE GORUSLER - UC DONEMIN PERDE ARKASI

(بیرەوەرییەکان و روانگەکان ـ لە پشت پەردە لە سێ سەردەماندا )

(Istanbul, Milliyet, 1985)

لە کتێبی مووسا ئەنتەر وەرگیراوە

MUSA ANTER,
[بیرەوەرییەکانم] ANILARIM
(Istanbul, Doz, 1990), 44.

٦- گوزاریشتی کۆنسوول لە ترابزۆنەوە بە مێژووی ٢٧ی سێپتامبری ١٩٣٨.

(Public Record office, London, Fo 371 Files, document E 5961/ 69/ 44).

٧- ئەو ئەژمارە لە مانگی دیسامبری ١٩٣٥ لەلایەن وەزیری ئەو کاتی نێوخۆ، شوکرو کەیا را دراوە (بەشیکچی باسی دەکا لە، (TUNCELI KANUNU (1935), 10 )

ئەو ئەژمارە لەسەر ئەستانی تونجەلی یە. هەرێمی مێژوویی دەرسیم لە راستیدا لە تونجەلی گەورەتر بوو و، بەشێک لە ئەستانە دراوسێکانی سیڤاس، ئەرزنجان و ئەلازیک پشی وەبەردەگرت. ئەوە رەنگە بۆیە بێ کە نووسەرێکی دیکەی هاوچەرخ ژمارەی دانیشتوواتی دەرسیم بە ئەژمارەیەکی زۆر زیادتر . . . ١٥٠ کەس دادەنێ، بەرواڵەت ئەو دیاردەیی بۆ دەرسیمی گەورەتر دەکا.

(Nasit Ulug, Tunceli medeniyete aciliyor)

( تونجەلی بۆ شارستانییەت دەکرێتەوە)

( Istanbul, Cumhuriyet Matbaasi, 1939), 144.

بەربەرەکانییە نیزامییەکان بەگشتی هەر لە سنووری ئەستانی تونجەلی دا دەکران، جا بۆیە ئەمن ئەژماری پێشووترم لا پەسندە.

٨- سەرنج راکێشە ( رەنگە هێندێکیش گرینگی سیاسی هەبێ)، زۆر لە کوردەکانی دەرسیم رەگێکی بنەچە ئەرمەنی یان هەیە ـدەرسیم لە رابردوودا دانیشتوویەکی زۆری ئەرمەنی هەبووە. تەنانەت زۆر بەر لە قرانی ئەرمەنییەکانیش، زۆر لە ئەرمەنییە خۆجێیەکانی ئەوێ دڵخوازانە تواتەوە و بوونە عەلەوی کورد.

( L. Molyneun _ Seel," A journey in Dersim," Geographical Journal 44, No. 1, (1914):49- 68)ئەوە شوێنی خۆی هەم لەسەر دیالێکتە زازاکانی ناوچە و هەم بیروورای گشتی بەجێ هێشتووە.

٩ـ بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی وردی نیزامی سەبارەت بە رووداوەکان : ئەو ئەرمەنییانەی لە دەرسیم لە دایک ببوون و، لە ئەرمەنی قران رزگار ببوون و لە سووریا دەژیان لەگەڵ ناسیۆنالیستە کوردەکان گەڕانەوە هەرێمەکە و دنەی عەشیرەتەکانیان دا بۆ راپەڕین و سەربزێوی.

RESAT HALLI,
TURKIYE CUMHURIYETINDE AYAKLANMALAR (1924 - 1938)

( راپەڕینەکان لە کۆماری تورکیادا، ١٩٢٤ ـ ١٩٣٨)

( ANKARA : T.C. GENELKURMAY BASKANLIGI HARP TARIHI DAIRESI,

1972), 377.

١٠- MAHMUT GOLOGLU.

TEK - PARTILI CUMHURIYET,
1931 - 1938
(کۆماری تاکە پارتی، ١٩٣١- ١٩٣٨)
( ANKARA, 1974 ), 243

١١- HALLI, TURKIYE CUMHURIYETINDE AYAKLANMALAR, 379

١٢- OZTURK, HIDIR,

TARIHIMIZDE TUNCELI VE ERMENI MEZALIMI
( شوێنی تونجەلی لە مێژوومان دا و جینایەتەکانی ئەرمەنییەکان )
( ANKARA : TURK KULTURUNU ARASTIRMA ENSTITUSU, 1984 ), 31 - 36.

١٣- M. NURI DERSIMI,

KURDISTAN TARIHINDE DERSIM
( دەرسیم لە مێژووی کوردستان دا)
( aleppo, 1952 )

دەرسیمی ناوچەکەی بەجێ هێشت کاتێک کە دەرکەوت کە فەرمانداری تازەی نیزامی ئەو بەماکەی سەرەکی ڕاپەڕینەکە دادەنێ. ئەوە بەر لەوەی بوو کە عەمەلییاتە ئەسڵی یە نیزامییەکان دەست پێبکا، جا بۆیە ئەو بۆ خۆی شاهیدی کوشتوبڕەکان نەبووە و بەچاوی خۆی نەی دیون. بەڵام بەگشتی ئەوەی ئەو باسیان دەکا لە باری فاکتی یەوە ڕاستن، ئەگەرچی ڕەنگە هێندێک جار بە ژمارەکانییەوە نابێ و گەورەی کردبنەوە. بەرەناوەڕۆوکردنی ڕاستییەکان لە کتێبەکە دا ڕەنگە لەو جێیانەی دابن کە ئەو باسی دەوری خۆی دەکا و، ئارەزووی ئەوەی کە خەڵکی دەرسیم زۆر بە ناسیۆنالیست تر لەوەی دابنێ کە لە ڕاستیدا بووبن. ڕاپەڕینی دەرسیم زیادتر نیشانەی خۆڕاگری سوننەتیی عەشیرەتی لە ئاست دەستێوەرداتی حکوومەتی پێوە دیارە تا ئەوەی کە ئەوەندە مزەبڕن بێ کە ئارەزووی پێک هێنانی دەوڵەتێکی جیاوازی هەبێ.

١٤- لە کتێبەکەی دەرسیمی ڕا وەرگێردراوە،

KURDISTAN TARIHINDE DERSIM, 285 - 6.

لە نێو ئەو کچانەی دا کە خۆیان کوشت کچەکەی نووسەر فاتۆش لەگەڵ بوو (هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٣١٩)

١٥- DERSIMI,

KURDISTAN TARIHINDE DERSIM, 286 - 7.

١٦- بەپێی قسەی دەرسیمی لە کتێبی،

KURDISTAN TARIHINDE DERSIM، لاپەڕەی ٢٨٨، ئەرتەش وای تواند کە مل بدا بە داوای ڕاپەڕیوەکان، بەڵام ئەو نالێ کە ئەو داوایانە چ بوون و شییان ناکاتەوە.

١٧- دادگایەکە و ئیعدامەکان دەبوو زۆر بە پەلە جێ بەجێ بکرێن، بەر لەوەی کە پرێزیدێنت ئاتا تورک کە بەرەو ئەوێ بەڕێوە بوو بۆ ئەوەی سەر لە ناوچەکە بدا بگاتە جێ. کاربەدەستەکان نەیاندەویست کە پرێزیدێنت بشەمزێن بەوەی کە خەڵکی ناوچە دەستەوداوێنی بن و تکای لێخۆشبوونی لێ بکەن. ئەو ڕووداوانە، بەرووالەت لەگەڵ هەستی شەرمەزاری لەلایەن ئەو پیاوانەی ڕا کە فەرمانی ڕێکخستنی دادگای بەکۆمەڵی و ئیعدامە تێگڕاییەکانیان داوە گێردراونەتەوە، ئەوەی دواییان لە بیرەوەرییەکانی وەزیری کاروباری دەرەوەدا، ئیحسان چاگلایانگیل دا

ANILARIM ( ISTANBUL : YILMAZ, 1990 ), 45 - 55

١٨- DERSIMI, KURDISTAN TARIHINDE DERSIM, 318 - 20

دەرسیمی بەتایبەتی باسی براکەی خۆی دەکا، کە ئەو دەمی لە پێگەی هەوایی دیاربەکردا کارێکی دەفتەری هەبوو، ئەو لەوێوە ڕەپێچەک درا و دوایە لەگەڵ دوو برادەری دیکەی دا ئیعدام کرا.

١٩- DR. SIVAN, KURT MILLET

HAREKETLERI VE IRAK TA KURDISTAN IHTILALI
( بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد و شۆڕشی کوردستان لە عێراق)

STOCKHOLM, 1975)

ئەو کتێبە پێشتر ساڵی ١٩٧. بەنهێنی لە تورکیا چاپکرابوو.

٢٠- SIVAN, KURT MILLET HAREKETLERI, 98.

٢١- HALLI, TURKIYE CUMHURIYETINDE AYAKLANMALAR, 365 - 480

ئەم سەرچاوە گرینگە عەمەلیاتە ئیزامییەکان زۆر بە وردی و، ڕۆژبەڕۆژ باس دەکا و، لەلایەن بەشی مێژووی شەڕ سەر بە ستادی ئەرتەشی تورکیا ڕا ئامادەکراوە. ئەو کتێبە بەگشتی بە دەستەوە نییە، لە ئەژمارێکی زۆر کەم دا چاپکراوە، لەوەش دەرچێ زۆربەی ئەو چەند نوسخەیەش کە بە دەستەوە بوون داوا کرا کە بنێردرێنەوە و ماوەیەکی کورت دوای بڵاوبوونەوەی لە نێو بران. ئەو دوستانەی کە ناپانەوێ ئێویان بێنم فۆتۆکۆپی ئەو بەشەیان بۆ ناردم کە لەسەر دەرسیمە. هێندێک لە بڕگە سەرەکییەکانیش وشە بە وشە لە کتێبەکەی بەشیکچی دا هاتوون. ١٩٩.

٢٢- HALLI, TURKIYE CUMHURIYETINDE AYAKLANMALAR, 478

٢٣- لە کتێبەکەی بەشیکچی دا هاتووە.

TUNCELI KANUNU, 67.

٢٤- وەزیر ( لە کتێبەکەی بەشیکچی دا هاتووە، TUNCELI KANUNU 10 ) کاتێک کە لە ساڵی ١٩٣٥ قانوونی تایبەتی بۆ دەرسیم پێشکێش کرد، دوو ساڵ بەر لە دەستپێکردنی بەربەرەکانییەکە رای گەیاند کە خەڵکی ئەوێ « بە بنەچەکە گروپێکن کە سەر بە ڕەگەزی تورکن. »

( ASLEN TURK UNSURUNA MENSUP BIR KITLEDIR).

بە ئاوایەکی دژ لە هەڤانە لەنێوبردنی هەوێتی ئێتنیکی کورد بە حاشاکردن لە هەبوونی حەلاڵ کرا، بڕوانە خوارەوە.

٢٥- CAGLAYANGIL, ANILARIM, 47.

٢٦- HALLI, TURKIYE CUMHURIYETINDE AYAKLANMALAR, 390

٢٧- (هێندێک کورت کراوەتەوە) ULUG, TUNCELI, 159

ناشێت حاکی ئولوگ (نەشید حەقی ئولوگ) لە ئەنجومەنی بەرزی تیشتمانی تورکیا دا نوێنەری ئەستانی کوتاهیا بوو و پێشتر شیکردنەوەیەکی ڕۆژنامەنووسی سەبارەت بە پێوەندییەکانی « فیئزواڵ »ی لە دەرسیم نووسیبوو و پێویستی ئەوەی کە دەبێ ئەوانە هەڵوەشێن. ئەو هیچ مەیلێک لە ئاست ئەوە نیشان نادا کە ئەو پرۆسەی «ژیاری کردنە» بە چ قیمەتێکی ئینسانی تەواو دەبێ و باسی ناقە کوشتنێکیش چییە ناکا.

٢٨- کاتێک کە هەوتورنامەی چاپی ئەستەمبوڵ واتە ( " بەرەو . . . ٢٠٠٠ " ) IKIBINE DOGRU

لە هەژماری ٦ی نۆڤامبری ساڵی١٩٨٨ی خۆی دا یادداشتەکانی کۆبوونەوەیەکی چاپەمەنی بڵاوکردەوە کە تێیدا موستەفا کەمال باسی ئۆتۆنۆمی کردووە، ئەو کارە دەستبەجێ هەرایەکی زۆری لە تورکیا ساز کرد. گۆڤارەکە دەستبەجێ

لەبەر « پڕوپاگاندای جیاوازیخوازی » پاوان کرا، بەلاَم دوایە بڕیارێکی مەحکەمە ئەو پاوانەی لابرد.

٢٩- لە کاتی خەباتی هاویەش لەپێناو سەربەخۆیی ئیشتمانیدا ئەو سەرزەوییەی کە دەبوو بەرگری لیٰ بکریٰ «تورکیا»ی پیٰ نەدەگوترا بەلکوو وەکوو «ئانادۆلی و رۆمستان» «ANATOLIA AND RUMELIA» یاسدەکرا(ئیوی کەوناران بۆ بەشی ئاسیایی و ئورووپایی ولاتی ئیستا.)

٣٠- گوزاریشتی نهێنی سەبارەت بە وەزعی رۆژهەلاتی تورکیا دوای شەڕ.

FOREIGN OFFICE FILES, SERIES FO 371,I 919, ITEM 44A/ 112202/3050
(PUBLIC RECORD OFFICE, LONDON),
A. YAMULKI,
KURDISTAN VE KURD IHTILALLERI
(کوردستان و راپەڕینەکانی کورد)
(BAGHDAD, 1946), 70 - 1

ئەو نووسەرەی دوایی باسی سەرۆک عەشیرەتێکی کورد دەکا کە پێی خۆشبوو جەماعەتی عەشیرەتەکەی خۆی کۆبکاتەوە و لەگەلْ ئەوان بگەڕێتەوە کوردستان، بەلاَم پێشیان پیٰ گرت و لیی نەگەڕان بچێتەوە. ئەو جۆرە کەیسانە دواتر وەک نارەزایەتی هەرە سەرەکی کە ماکەی یەکەم راپەڕینی گەورەی کوردەکانیان پێک هێنا باس کراون. بڕوانە

MARTIN VAN BRUINESSEN
"VON OSMANISMUS ZUM SEPARATISMUS : RELIGIOSE UND ETHNISCHE HINTERGRUNDE DER REBELLION DES SCHEICH SAID",

لە کتێبی

ISLAM UND POLITIK IN DER TURKEI دا. بەسەرپەرستی.

MARTIN VAN BRUINESSEN و JOCHEN BLASCHKE

(BERLIN : EXPRESS EDITION, 1985), 109 - 165, 143 - 4.

٣١- VAN BRUINESSEN

" VOM OSMANISMUS ZUM SEPARATISMUS."
ROBERT OLSON,
THE EMERGENCE OF KURDISH NATIONALISM AND THE SHEIKH SAID REBELLION,1920 - 1925 ( AUSTIN : UNIVERSITY OF TEXAS PRESS, 1989).

٣٢- BLETCH CHIRGUH,

LA QUESTION KURDE (LE CAIRE, 1930), 52.

٣٣- لە وتارێک دا کە لە «TURK OCAKLARI» - کوانووەکانی تورک - لە ئانکارا لە ٢١ی ئاوریلی سالْی ١٩٢٥دا خوێندراوەتەوە و لە کتێبی :

GUNEY ASLAN, UNIFORMALI KASAPLAR

[ قەسابی ئۆنیفۆرم لەبەر] دا هاتووە.

(ISTANBUL : PENCERE YAYINLARI, 1990), 14,

بەوەرگرتن لە گۆڤاری مێژوویی گشتی«YAKIN TARIHIMIZ »

٣٤- تەرخان کردنی ناوچەی تایبەتی لە نێو ئەم سیٰ کاتە گۆری یە دا (کە ئەمن لەبەر روون بوون رێزیانم گۆڕیووە) دەبوو لەلایەن وەزارەتخانەی نێوخۆ را، بەگوێرەی کاکلْی قانوونەکە بکریٰ، قانوونەکە بە خۆی، چوارچێوەی سیاسی و ئەو تەفسیراتەی بوویەتی بە دوور و درێژی لەلایەن ئیسماعیل بەشیکچی یەوە باس کراوە لە کتێبی :

ISMAIL BESIKCI
KURTLERIN MECBURI ISKANI
(بە زۆرەملی ڕاگوێزتن و نیشتەجێ کردنی کوردەکان)
( ANKARA : KOMAL, 1977).
ئەو بڕگانەی لە ماددەی ٢دا باس کراون لە ١٣٢ دان. پوختەیەکی فەڕانسەیی ئەو قانوونە لە کتێبی :
RAMBOUT
LES KURDES, 32 - 33 دا هاتووە.
وەرگێڕاوی چەند بەشێک لەو قانوونە لە نووسراوەکەی UTE BARAN دا،
«DEPORTATIONS : TUNCELI KANUNLARI»، لە کۆکراوەی "DOCUMENTATION OF THE INTERNATIONAL CONFERENCE ON HUMAN RIGHTS IN KURDISTAN" ( BREMEN, 1989), 110 - 6
چاپ کراوە کە بەداخەوە هەڵەی زۆر زەقیان تێدایە.

وا وێدەچێ کە چ لێکۆڵینەوەیەکی جیدی لەسەر بەڕێوەچوون و دامەزراندنی ئەو قانوونە نەکرابێ. لەگەڵ ئەوەشدا، جوگرافیازانێک کە لە ئاخروئۆخرەکانی ساڵانی ١٩٣٠ دا سەری لە کوردستان داوە، چاوی بە شوێنگەی زۆروزەوەندی تازەدامەزراوی تورک لە ناوچەکەدا کەوتووە.

( J. FRODIN, " NEUERE KULTURGEOGRAFISCHE WANDLUNGEN IN DER OSTLICHEN TURKEI",
ZEITSCHRIFT DER GESELLSCHAFT FUR ERDKUNDE 79, No. 1 - 2 ( 1944), 1 - 2)
زۆر لەوانەی لەو ناوچەیە دامەزراندرابوون، لەو دەمییەوە لەبەر ئەوەی هەستیان پێ کرد کە پێوەندەمیان بەخێر نییە، گەڕانەوە بۆ ڕۆژئاوای تورکیا.

٣٥- BESIKCI, KURTLERIN MECBURI ISKANI, 142.

٣٦- وتاری کەیا لە ئەنجومەنی بەرزی نیشتمانی تورکیادا، ٢٥ی دیسامبری ١٩٣٥(لە کتێبەکەی بەشیکچی دا هاتووە،
TUNCELI KANUNU, 10
ئەویش لە ڕووی سیایی وتارەکانی پارلمانی وەرگرتووە)

٣٧- گوزاریشت سەبارەت بە وەزعی دەرسیم لەلایەن حەمدی بەگ، پشکنی داوودەزگای سیڤیل، لە ٢ی ڤیڤرییەی ١٩٢٦دا ئەو گوزاریشتە لە نووسراوەکەی HALLI, TURKIYE CUMHURIYETINDE AYAKLANMALAR 375 - 6
دا چاپ کراوەتەوە.

ئەو لێکۆڵینەوە باسی سیاسەتێکی درێژخایەنی ستادی ئەرتەش لەسەر بناوانی ڕاپۆرتەکە دەکا و دەڵێ بەربەرەکانی نیزامی تەنیا وڵامێکی سادە نەبوو بۆ ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو لە ساڵی ١٩٣٧دا. لە ساڵی ١٩٢٦دا کاتێک حەمدی بەگ گوزاریشتەکەی خۆی نووسی هێشتا دەکرا ناوی کوردان و هەستی سیاسی کورد بەراشکاوی باس بکرێ، لە ساڵانی ١٩٣٠دا ئەوان هەر بە زاراوەی لێڵی وەکوو «عەشیرەت»، «ناشارستانی» (واتە بێ بەش بوون لە شارستانییەت و ژیاری مۆدێرنی تورک) یان «بەهەنچە تورک» ناو دێر دەکران.

٣٨- تەنیا ئەژمارێکی کە سەبارەت بە دەرکردن و ڕاگوێزتنەکان لە دەرسیم لە ساڵانی ١٩٣٠دا ئەمن دیومە لەلایەن

ژەنەراڵی خانەنشین ئەسەنگین ڕا باس کراوە. بەپێی قسەی ئەو ٣٤٧، کەس، کەسەر بە عەشیرەتە زۆروزەوەندە جیاوازەکان بوون بەرەو ڕۆژئاوای تورکیا دوورخرانەوە. بڕوانە :

KENAN ESENGIN, KURTCULUK SORUNU

( کێشەی کوردایەتی )

( ISTANBUL : SU YAYINLARI, 1976 ), 145.

ئەژماری ڕاستی ئەوانەی دوورخرانەوە لەوانەیە زۆر زیادتر بێ.

٣٩- بڕوانە : PETER BUMKE

"KIZIBAS - KURDEN IN DERSIM
(TUNCELI, TURKEI) :
MARGINALITAT UND HARESIE",
ANTHROPOS 74 ( 1979 ) : 530 - 48.

٤٠- ڕۆژنامەی میللییەت، ١٩ سێپتامبری ١٩٣.

٤١- لە ژانڤییەی ١٩٨٧، دانیشتووانی ٢٣٣ گوند لە گوندەکانی تونجەلی ( لە کۆی ٤٣٤) لەلایەن کارگێڕی جەنگەڵ کاری هەرێمەوە دەسەریان کرا کە دەبێ گوندەکانیان چۆڵ کەن و ماڵ بگوێزنەوە بۆ ڕۆژئاوا یان باشووری ڕۆژئاوای تورکیا. بڕوانە گوزاریشتێکی تایبەتی لەو بارەیەوە لە گۆڤاری هەوتووانەی IKIBINE DOGRU ی چاپی ئەستەمبووڵ دا. ١٥ - ٢١ ڤێڤرییەی ١٩٨٧. ئیعترازی بەربڵاو کە بە بڵاوبوونەوەی ئەو گوزاریشتە ساز بوو بەرواڵەت جاری جێ بەجێ کردن و بەرێوەچوونی ئەو جێ پێ چۆڵکردنانەی وەدرەنگی خستووە.

# کوردستانی سوور
# پێکهاتن و هەڵوەشاندنەوەی

عەبدوڵڵا غەفوور

*کوردستانی سوور ( قەزای کوردستان، کوردستانی ئازربایجان، مەڵبەندی کوردستان یا هەر تەنیا کوردستان )، ناوی بەشێکی ئیداری بوو لە خاکی کۆماری ئازربایجانی سۆڤیەتی پێشوو، کە لە ساڵی ١٩٢٣ تا ١٩٢٩ز درێژەی هەبوو. ئەم وتارە بۆ روونکردنەوەی هۆکانی دروستبوون و ژمارەی دانیشتووان و پێکهاتنی نەتەوەیی و پۆلێتیکی دابەشبوونی ئیداری ئەو ناوچەیە تەرخان کراوە.*

### پەیدابوونی کورد لە قەزای کوردستان

مەڵبەندی کوردستانی ئازربایجان هەر لە مێژە کوێستانی تیرە و هۆزە کۆچەرییەکانی کورد بووە، هەموو ساڵێ ژمارەیەک لەمەڕدارانی کوردی خاکی ژێردەستی فارس (پاش ١٩٣٦ ئێران ) لە کۆتایی زستان و سەرەتای بەهاردا روویان لە لەوەڕگەکانی خاکی ئازربایجان دەکرد، پاش وشکبوونی گیا و هاتنی گەرما، دەگەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێیانەوە هاتبوون. وا دیارە ژمارەیەک لەو خێڵە کۆچەرانە، لەبەر هەر هۆیەک بێ، لە کوێستانەکان ماونەتەوە و بە یەکجارەکی لەوێ جێنشین بوون.

لە چەرخی شازدەی زاینیدا ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی یەکێک لە هێزە هەرە گەورەکانی رۆژهەڵات بوو، هەتا دەهات خورتتر دەبوو، ئەو خورتییەی مۆڵەتی دابوو بۆ دەستدرێژکردنە سەر خاکی دراوسێکانی بەتایبەتی لە قۆڵی رۆژهەڵاتەوە، ئەوە بوو لە ساڵی ١٥٨٦ ز هێزێکی گەورەی نارده سەر سەفەوییەکان. شەرەفخانی بەدلیسی لەو رووەوە نووسیویەتی : « لەو ساڵەی فەرهاد پاشا، خۆی ئامادە کرد بۆ گرتنی مەڵبەندی گەنجە و بەردە، پاش داگیرکردنیان، خێڵەکانی قاجار و گرمی(١) دۆزتی دەرکرد(٢) (١٣،١٤،ل٢٩٢). هەندێکیان بە ناچاری هاتنە ناو خاکی ژێردەستی سەفەوییەکان. رووسیاش، وەک ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، خۆی لە خاکی دەوڵەتەکانی دەورپشتی، بەتایبەتی قەفقاز، خۆش کرد بوو، دەستی کرد بە بیانووگرتن و شەرفرۆشتن، لە ئەنجامدا چەند شەڕێک لە نێوانیاندا رووی دا، لە هەندێکیان بەتایبەتی لە شەڕی چیچانی ( ١٨٠٤ ـ ١٨٠٥ )ز لەگەڵ قاجارەکاندا سەرکەوتنێکی باشیان بە دەست هێنا و خاکێکی زۆریان داگیر کرد. هەر بەوەندە گڕ و کفیان دانەمرکایەوە، بەڵکوو درێژەیان بە شەڕ دا هەتا قاجارەکانیان ناچار

کرد، دەست لە بەشێک لە خاکی خۆیان هەڵگرن، بەپێی پەیمانی گولستان (١٨٢٨)ز و تورکمان چای (١٨٢٨)ز، داغستان و رۆژهەلاتی گورجستان و میرنشینی قەرەباغ(٣) و گەنجە و کوبین و ئالشیکۆڤ و یەریڤان و نەخچەوان بەتەواوی کەوتنە ژێر کۆنترۆلی ئیمپراتۆرییەتی رووسیاوە، شایانی باسە دانیشتووانی هەندێ لەو مەڵبەندانە بەتەواوی کورد بوون.

ئەم گۆڕانکارییانەی لە نێوان رووسیا و قاجاردا رووی دا، تەبووە هۆی پێشگرتن لە هاتووچۆکردن و ئەمبەر و ئەوبەرکردنی خێڵە کوردەکان، بۆ نموونە ئەڤریانۆڤ دەنووسێ « پاش گرتنی میرنشینی قەرەباغ لە ساڵی ١٨٠٥ز، بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری ئەوێ لەلایەن رووسەکانەوە، دڵی خەڵکێکی زۆری لە خۆ کرد. بۆ دامرکاندنەوەی ئەم بارەش رووسەکان لە ساڵی ١٨١٠ز دا، ١٤٠ خێزانی کوردیان رەوانە کردە لای کوردەکانی میرنشینی یەریڤان (١، ل٢٤). هەروەها لە ترسی هێرشی لە دوانەهاتووی قاجارەکان و خۆ نەگرتن لەبەر باجی رووسەکان، خەڵکێکی زۆر قەرەباغیان بەجێهێشت. بەڵام ئەوە نابێ وامان لێ بکا بڵێین کە لەو سەردەمەدا کورد هەر خەریکی گواستنەوە و شوێنگۆرکێ بوویێ لەو خاکە تازانەی دەکەوتنە ژێر کۆنترۆلی رووس. ئەوەتا ئەڤریانۆڤ دەنووسێ « لەگەڵ ئەوەشدا رووداوی وا بووە، کورد لە وولاتی فارسەوە هاتوونەتە خاکی تازەی بەردەستمان ( قەرەباغ ع.غ)، بۆ نموونە لە کۆتایی ١٨٠٧ز دا محەممەدی سافی سوڵتانی قەرەباغی، برا گەورەی ٥٠٠ - ٦٠٠ خێزانی کورد، هانایان بردە بەر کاربەدەستانی تازەی قەرەباغ ( رووسەکان ع.غ.)، بۆ ئەوەی رێگا بدەن بە خۆی و خێڵەکەی لە میرنشینی قەرەباغ سەقامگیر بن (١، ل ٢٤). ئەو هاتوو چۆیە هەتا ئەوڕۆکەش نەک هەر لەو مەڵبەندە بەڵکوو لە هەموو کوردستان نەبڕاوە و نابڕێ، دەوڵەتە داگیرکەرەکان و سنوورە دەسکردەکانیان، نەیانتوانیوە و ناتوانن پێوەندی نێوان گەلی کوردستان لە یەکتر بپڕن.

### دروستکردن و هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی سوور (٤)

دامەزراندنی کوردستان وەک بەشێکی ئیداری سەربەخۆ، بابەتی گفتوگۆکردنی چەند جارەی کۆمیتەی ناوەندی بەجێگەیاندنی ئازربایجان و کۆمیتەی دابەشکردنی ئیداری (هەرێم) و هەروەها رێکخراوەکانی پارتی بوو. بۆ ئەو مەبەستە کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئازربایجان (بۆلشەفیک) لە کەسان و زانایانی مێژوو، ئابووری، جوگرافیا و ئەتنۆگرافیا و هیتر، لیژنەیەکی دیاریکردنی سنوور و جۆری ئیداری و هەڵسوڕاندنی کاروباری نەگۆرنیی قەرەباغ و کوردستانی پێک هێنا. ئەندامانی لیژنەکە یەک دەنگ لەگەڵ دامەزراندنی نەگۆرنیی قەرەباغ بوون و کەسیان دژ نەبوون و بە هەقیشیان دەزانی، بەڵام کە قسە دەهاتە سەر کوردستان، کەس برای کەس نەبوو، هەر یەکە قسەیەکی دەکرد ورایەکی هەبوو، بە جۆرێ کەرای دوانیان بە یەک نەدەچوون.

کێشەی دامەزراندنی کوردستانی سوور، چەند مانگێک لە کۆبوونەوەی رێکخراوە

رامیارییەکاندا قسەی لێوە دەکرا و بەرەبەرە رای ئەندامەکان بەرەو ئەوە دەهات کە ناوچەی کوردستان دامەزرێ، بەڵام کە دەهاتنەسەر قوباتلی، کە لە دواییدا بووە بەرناوچەیەک (ناحیە) لەو قەزایە هەر کەس بۆ لای خۆی رایدەکێشا و هەر بڕیارێ بدرابایە هێندەی پێ نەدەچوو هەڵدەوەشایەوە و یەکێکی تری لە باتی دەردەچوو. لە مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ز لە ئەنجوومەنی کۆمیتەی ناوەندی بەجێگەیاندنی ئازربایجانەوە سەبارەت بە قوباتلی سێ بڕیار دەرچوو : یەکەم لە ٢١ تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ز، کە پەرەگرافی چوارەمی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبوو، دووەم لە ٢٠ تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، کە پەرەگرافی دووەمی لەسەر کوردستان بوو، سێیەم لە ٣٠ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ز، پەرەگرافی چوارەمی باسی کوردستانی دەکرد.

بڕیاری یەکەم، داوای هەڵوەشاندنەوەی بەرناوچەی قوباتلی دەکرد، بەڵام دووانەکەی تر وایان پێ باش بوو ئەو کێشەیە قسەی لێ نەکرێ و بۆ ماوەیەک بنوێندرێ.

کێشەی قوباتلی لە ساڵی ئایندەشدا هەر نەبڕایەوە، لە ١٣ کانوونی دووەمی ١٩٢٣ز کۆمیتەی ناوەندی بەجێگەیاندنی ئازربایجان، بڕیارێکی تری دەرکرد، دژی بەستنەوەی قوباتلی بە کوردستانەوە، داوای کرد وەک بەشێکی ئیداری سەربەخۆ بمێنێتەوە. وا دیارە لە دەرکردنی ئەو بڕیارەدا، پێکهاتنی نەتەوەییان بە هۆکارێکی سەرەکی داناوە. وەک لە پاشاندا دەرکەوت لەسەرژمێری ١٩٢٦ز دا لە رووی زمانەوە دانیشتووانی قوباتلی خۆیان بە تورک لە قەڵەم دا بوو.

کۆمیتەی ناوەندی بەجێگەیاندنی ئازربایجان چەند جاری تریش لە کۆبوونەوەکانی خۆیدا، باسی کوردستان دەکا، بەڵام بەداخەوە، جگە لە دوو پرۆتۆکۆڵ هیچ شتێکی تر لەبەر دەستدا نین بۆ لێکۆڵینەوە. بێگومان گەر هەوڵ و تەقەلای لیژنەی بزکشبان نەبوایە ئەو دوو دەکۆمێنتەش نەدەکەوتە بەر باس، کە لە ئەرشیفی پارتی لە ئینستیتوتی مێژوو بە ناوی ( سێپان شاولیان )ی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئازربایجان (بۆلشەفیک) دەستی کەوت بوو. لە پەرەگرافی چوارەمی پرۆتۆکۆلی یەکەمیدا، دوو پێشنیاز سەبارەت بە قەزای کوردستان خراوەتە روو :

پێشنیازی یەکەم ئەوەیە کە کوردستان بکرێتە بەشێکی ئیداری سەربەخۆ، واتە قەزایەک و یەکسەر بەسەنتەرەوە ببەسرێ. لەم مەڵبەندانە : جەوانشێر، شوشێن، کوردستانی قوباتلی پێک بێ. ئەوەش لەبەر ئەوەی کە کوردستان لە قەرەباغی دەشتاییەوە دوورە و دانیشتووانی کە نزیکەی (٦٠) هەزار کەس بوو کەمە. هەر بۆیە بۆ دابینکردنی گوزەران و پەیوەندی گونجاوی رۆژانە وا بە باش زانراوە راستەوخۆ بە سەنتەری باکۆوە ببەسرێتەوە.

پێشنیازی دووەم ئەوە بوو کە کوردستان وەک خۆی بمێنێتەوە، لە رووی ئیدارییەوە لە قەرەباغی دەشتایی جیا نەکرێتەوە. ئەندامانی پەرلەمانی کۆماری ئازربایجان، لە کاتی دەنگدان لەسەر ئەو دوو پێشنیازە بوون بە دوو کۆمەڵی هاوسان لە دەنگدا، هیچ لایەکیان نەیتوانی پێشنیازەکەی خۆی بەویتر بسەلمێنێ.

بەڵام لە پرۆتۆکۆلی دووەمدا بە راشکاوی دوارۆژی کوردستان ئاشکرا بوو، لە کۆبوونەوەی رۆژی ٧/تەمووزی/١٩٢٣ز ی پەرلەمانی ئازربایجاندا بڕیاری ئەوە درا، کە پاش چەسپاندنی نەگۆرنیی قەرەباغی ئۆتۆنۆمی ( نەگۆرنیی قەرەباغ لە ٧ی تەمووزی ١٩٢٣ز بووە ناوچەی ئۆتۆنۆمی) کوردستانی ئۆتۆنۆمی دابمەزرێ و سەنتەر و سنوورەکەی دیاری بکرێ (٥، ل ٥٣).

گەرچی بڕیاری دامەزراندنی کوردستانی ئۆتۆنۆمی راگەیەندرا، بەڵام بە کردەوە کۆمیتەی بەرزی ئازربایجان، هەوڵی دەدا لەو بڕیارە پاشگەز ببێتەوە و پشتگوێی بخا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیاندەتوانی بەتەواوی خۆیان لەو راستییە بدزنەوە کەبڕیارێک دەرچووە و بەکردەوەش کوردستان ناوچەیەکی ئیداری نیمچە سەربەخۆیە، هەر بۆیە لە مانگی ئاب و ئەیلوولی ١٩٢٣دا هەمان کۆمیتە دانی بەوەدا نا کە کوردستان ناوچەیەکی سەربەخۆیە و پێک هاتووە لە جەوانشیر و شوشێ و کوردستانی قوباتلی.

لە مانگی ئابی ١٩٢٣ز پیاوێک بە ناوی گوسێ حاجییێف (یوسفێ حاجی) بە سەرۆکی کۆمیتەی بەجێگەیاندنی قەزای کوردستان دامەزرا و لە دوای ئەمەش حاجییێف کەوتۆتە نامە ناردن بو سۆڤیەتی کۆمیساری گەل لە ئازربایجان دەربارەی پێویستییەکان و دامەزراندنی فەرمانبەر و شتی تری قەزای کوردستان.

کوردستانی سوور کە تەمەنی هەر شەش ساڵ بوو (١٩٢٣ ـ ١٩٢٩ )ز بە کردەوە ئەوەی سەلماند کە ئەو دروشمانەی لە یەکێتی سوڤیەتی جاراندا بانگاشەی بۆ دەکرا، سەبارەت بە مافی چارەنووس و دامەزراندنی قەوارەی نیشتمانی، تەنیا درۆیەکی ئایدۆلۆژی بووە، لەو شوێنانەدا کە بەرژەوەندییان وای خواستبێ دەوڵەت یان قەوارەی فیدراڵی یا ئۆتۆنۆمی بۆ گەلێک پێک بێنن ئەنجامیان داوە، لە شوێنێکی تریشدا کە ئەم بەرژەوەندییەیان نەبووبێ وەک ( کوردستانی سوور ) ئەوا بە دەردی کوردستانی سوریان بردووە.

### ژمارەی دانیشتووان و پێکهاتنی نەتەوەیی

لە ساڵی ١٩٢٣ز دا ژمارەی دانیشتووانی کوردستانی سوور نزیکەی ٤٩ هەزار کەس بوو، بەڵام بەپێی ئەنجامی سەرژمێری ١٩٢٦، ژمارەی دانیشتووانی گەیشتۆتە دەوروبەری ٥٢ هەزار کەس، واتە لەم ماوەیەدا نزیکەی سێ هەزار کەس زیادی کردووە (پیاو ـ ٢٧ هەزار، ژن ـ ٢٥ هەزار، شارنشین ـ ٥. . هەزار، گوندنشین ـ ٥١.٥ هەزار کەس). بەڵام لە ساڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەم نێوچە ئیدارییە کوردییەدا، ژمارەی دانیشتووان لە ٥٢ هەزار کەس پتر بوو.

دابەشبوونی جوگرافی دانیشتووان بەسەر بەرناوچەکانی قەزای کوردستان لە ساڵی ١٩٢٦ز دا بە جۆرە بوو :

قەرەقیشلاق ـ ٦.٥ کەس، کەڵبەجار ـ ١٢.٤٦ کەس، قوتورلی ـ٤٨٨٨ کەس، قوباتلی ـ ١٣٥٣٣ کەس، کورە حاجی ـ ٨٢٨٥ کەس، مورداخانی ـ ٦١٨٩، لاچین ( سەنتەری

کوردستانی سوور ) ـ ٤٣٥ کەس ( ٦، ل ـ ٧١ ).

قەزای کوردستان لە رووی پێکهاتنی نەتەوەیی یەوە زۆر ئاڵۆزە، لە سەرژمێری سالی ١٩٢٦ز دا، ئەو نەتەوانەی لەم بەشە ئیدارییەدا دەژیان، ئەمانە بوون : کورد ـ ٣٧١٨٢ کەس ( لە هەموو کۆماری ئازربایجاندا ـ ٤١١٩٣ کەس )، تورک ـ ١٣٧٤٥ کەس، ئەرمەن ـ ٣٧٣ کەس، رووس ـ ٨١ کەس، ئۆکراینی ، گورجی، ئەڵمان، لازگی، ئاڤاری، تەتەر، هەموی بەسەر یەکەوە ـ ٢٨ کەس ( ٦، ل ـ ٣١ ). بە ووتەیەکی تر زۆریەی هەرە زۆری دانیشتووان (٢, ٧٢٪) کورد بوون. لەگەڵ ئەوەشدا رێژەی کورد لە قەزای کوردستان لە ساڵەکانی دوایی، لە سایەی پۆلیتیکی تواندنەوە و بە تورککردن لە ناوچەکەدا کەمی کرد، بۆ نموونە، لە سالی ١٩٢٣ز هەتا ١٩٢٦ز ئەو رێژەیە لە ٧, ٨٠٪ بوو بە ٢, ٧٢٪ ( ١٢، ل ـ ٢ ) واتە ٥, ٨٪ کەم کردووە.

دابەشبوونی جوگرافی کورد بەسەر بەرناوچەکانی قەزای کوردستاندا، لە سەرژمێری ١٩٢٦زدا، بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە :

**خشتەی ژمارە : ١**

**پێکهاتنی نەتەوەیی بەرناوچەکانی قەزای کوردستان لە سالی ١٩٢٦ز(٥)**

| بەرناوچە | دانیشتووان | نەتەوە | | |
|---|---|---|---|---|
| | | کورد | تورک | هیتر |
| قەرەقیشلاق | ٦٠٥٠ | ٦٠٠٣ | ١١ | ٣٦ |
| کەڵبەجار | ١٢٠٥٢ | ١١٩٦٧ | ٦٢ | ٢٣ |
| قوتورلی | ٤٨٨٨ | ٤٨٧٣ | ١٣ | ٢ |
| قوباتلی | ١٣٥٣١ | ١ | ١٣٣٦٧ | ١٦٣ |
| کوردحاجی | ٨٢٨٦ | ٨١٦٩ | ٩٩ | ١٨ |
| مورادخانی | ٦١٨٩ | ٦٠٥٩ | ٢٩ | ١٠١ |
| لاچین «شار» | ٤٣٥ | ١١١ | ١٦٤ | ١٦٠ |
| تێکڕا | ٥١٤٣١ | ٣٧١٨٣ | ١٣٧٤٥ | ٥٠٣ |
| رێژەی ٪ | ١٠٠٫٠ | ٧٢٫٣ | ٢٦٫٧ | ١٫٠ |

وەک لە ژمارەکانی خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، جگە لە بەرناوچەی قوباتلی، لە ناوچەکانی تردا کورد بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی پێک دەهێنن و لە هەندێکیشیاندا وەک ( قەرەقیشلان ) نزیکەی هەموو کوردن.

لە مانگی ئابی ۱۹۳۱ز دا، بە پێشنیازی کۆمیساری گەل، بۆ فێرکردن لە کۆماری سۆسیالیستی ئازربایجانی سۆڤیەت ( بەشی زانیاری ) لەگەڵ ئینستیتوتی زانیاری و لێکۆڵینەوەی دەوڵەتی ئازربایجان ( بەشی رۆژهەلات )، لیژنەکەی بۆ کشپانی «بەریز» رەوانەی قەزای کوردستان کرا، بە ئاواتی ( وەک راگەیەندرا بوو ) پەرەپێدانی ئاستی کلتوری لە ناو کوردەکانی کۆماری سۆسیالیستی ئازربایجانی سۆڤیەت ( ٥، ل ـ ٥ ). ئەم کۆمیتەیە و بوکشپانی سەرۆکی زۆربوونی کورد، بێویژدانانە، لەو ناوچەیەدا بە درۆدەخاتەوە و دەنووسێ « ئەو رایەی کە دەڵێ زۆربەی دانیشتووانی قەزای کوردستانی پێشوو کورد بوون بە شێوەیەکی بڕەر دەڵێم وا نییە » (٥، ل ـ ٥) بۆ لەخشتەبردن دێ و دەڵێ : لە (۱۹.) گوندی ناوچەی لاچیندا، تەنیا لە (۱.) گوندیاندا خەڵک بە کوردی قسان دەکەن و خۆیان بە کورد دەزانن. ئەوجا درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ : لە گوندی مێریک کە ژمارەی دانیشتووانی ۲۷٤ کەسە و نەوەی (۷) بەرە بابن، هەموویان بە تورکی قسان دەکەن و تورکن، لەگەڵ ئەوەشدا، وەک پێیان گوتین لە ناو پیاواندا، هەندێ لە پیرەکانی گوندی مێریک بە ئاستەم کوردییان لە بیر ماوە و ژمارەشیان (۳۱) کەسن (پیرەژن ـ ۲. کەس، پیرەمێرد ـ ۱۱) ( ٥، ل ـ ٦۲ ـ ٦۳ ).

وا دەردەکەوێ لیژنەکەی بوکشپان بۆ پەرەپێدانی کلتوری کوردەکانی قەزای کوردستانی پێشوو نەچووە، بەڵکوو بو ناونووسکردنی خەڵک بە تورک و نکولیکردن لە بوونی کورد رۆیشتووە و یەکێ لە ئەرکەکانی لیژنەی بوکشپان بۆ ناوچەکە. پاش هەڵوەشاندنەوەی ئیداری کوردستانی سوور بۆ ئەوە بوو کە کەمایەتی بوونی کورد لە ناوچەکەدا هەڵبەستێ و هەقانییەتی هەڵوەشاندنەوەکە بسەلمێنێ، بەڵام لەم کارەی وەک لە زانیارییەکانی ناو ئەم خشتەیەی لای خوارەوەدا هاتووە، سەرکەوتوو نەبووە.

**خشتەی ژمارە : ۲**

**پێکهاتنی نەتەوەیی لە قەزای کوردستانی پێشوو لە ۱۹۳۱ز**

| بەرناوچە | دانیشتووان(٦) | کورد ژمارە (۷) | کورد رێژەی٪ (۸) |
|---|---|---|---|
| قەرەقیشلان | ٦٤٥. | ٦.۳۳ | ۹۳,٥ |
| کەلبەجار | ۱۸.٥۳ | ۱۱۹۹۳ | ٦٦,٤ |
| کوردحاجی | ۸٥۹۳ | ۸۱۷۳ | ۹٥,۱ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مورادخانی | ٦٦.٢ | ٦١٥٩ | ٩٣.٣ |
| قوتورلی | ٧١٣٢ | ٥٨٨٥ | ٨٢.٥ |
| قویاتک | ١٨٤١٨ | — | — |
| تێکرا | ٥٥٢٤٩ | ٣٨٢٤٣ | ٦٩.٢ |

وەک بەو ژمارانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ، هەر ئەو نەخشەیەی لە ساڵی ١٩٢٦دا بوو، دەنا بوکشپان بۆچی پێمان ناڵێ، کوانێ ئەو تورکانەی ئەو ناونووسی کردوون ؟ وا دیارە ئەم پیاوە، لە دیاریکردنی نەتەوەدا ئینتمای نەتەوەی لا گرنگ نییە و تەنیا زمان دەکاتە پێوانە، زمانیش لێرەدا زمانی نەتەوەی باڵادەستە و وەک بەشێک لە بە ئازەریکردن بڵاوکراوەتەوە. لێرەدا راستییەک هەیە دەبێ وەکوو خۆی بنووسرێ، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی خەڵکی کوردستانی سوور زمانی قسەکردنیان لە ١٩٢٦دا ـ ٩٣٪ و لە ١٩٣١دا ـ ٩٠٪ تورکی بوو ( ٦، ل ـ ٧١، ٥، ل ـ ٦١ ). لێرەدا پرسیارێک خۆی قووت دەکاتەوە، ئەگەر ئەو خەڵکانە کورد بوون، بۆچی بە تورکی قسەیان دەکرد ؟ لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەدا دەڵێین : خوێندن بە زمانی تورکی و سوکایەتیکردن بە زمانی کوردی ( زمانی گێلمە گێلم )، کوتاڵفرۆش و جەڵەبکڕ و پینەدۆز و جۆلاً و عەتار و پەنیرکڕ و دەروێش و سەید و مەلا و شێخ و فەتاح فاڵ و عاشوور بە تورکی بووە (٢، ل ـ ٤١). قسەکردن بە تورکی مانای شارستانییەت و پایەبەرزی لە ناو خەڵک و نزیکبوونەوە لە دەسڕۆیشتووەکانی بازار بووە، بەڵام وەنەبێ کوردەکانی ئەو نێوچەیە، لە ماڵەوە بە زمانی زکماکی خۆیان قسەیان نە کرد بێ.

## هەڵکەوتی جوگرافی و دابەشکردنی ئیداری

کوردستانی سوور بەو ناوچە و بەرناوچانەی کۆماری سۆسیالیستی ئازربایجانی سۆڤیەتی پێشوو دەگوترێ، کە کەوتۆتە باشووری رۆژئاوای قەزای کوردستان و هاوسنوورە لە باکوور لە گەڵ قەزای گەنجە و لە باشوور لەگەڵ ئێران و قەزای جبرایل و لە رۆژهەڵات مەڵبەندی ئۆتۆنۆمی نەگۆرنیی قەرەباغ و لە رۆژئاوا کۆماری ئەرمینیا.

بەڵام سنووری سروشتی کوردستانی سوور بەم جۆرەیە : لە باکوورەوە چیای مرۆڤ، لە رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتەوە رووباری ئەکارە ( لە گوندی ئەفەندیلە هەتا ئاوەڕێژی میلخە لیفی (لقی ئەکارە)، لە رۆژئاوا و باشووری رۆژئاواوە چیاکانی دەرەلاگیز و کەنگورز ـ ئەلاگلیز، لە باشوورەوە چیاکانی جبراییل.

قەزای کوردستان لە رووی ئیدارییەوە بەسەر چەند بەرناوچەیەکدا دابەش دەکرا، کە هەر بەرناوچەیەک لە چەند گوندێک پێک دەهات. کاروباری ئیداری و هەندێ لایەنی ئابووری و

کۆمەڵایەتی و رامیاری، لە قەزای کوردستاندا، لەلایەن کاربەدەستێک بە ناوی سەرۆکی کۆمیتەی بەجێگەیاندن بەرێوە دەبرا. هەڵسوڕاتی کاروباری گوند و پەیوەندی لەگەڵ سەنتەری قەزادا، لە بندەستی لیژنەیەکدا بوو بە ناوی سۆڤیەتی گوند « ئەنجوومەنی گوند » . بەشە ئیدارییەکانی کوردستان، بەپێی ساڵەکان بەم جۆرە بوون :

*قەزای کوردستان لە ١٩٢٣*

*بەپێی بریاری ٧/ تەمووزی /١٩٢٣، بەرناوچەکانی سەر بەم قەزایە ئەمانە بوون : جەوانشیر، شوشین، کوردستانی قوباتلی (٥، ل ـ ٥١).*

*قەزای کوردستان لە ١٩٢٤*

*بەشە ئیدارییەکانی ئەو قەزایە، هەمان بەرناوچەکانی ساڵی پێشوو بوون و بریتی بوون لە جوانشیر، شوشین، کوردستانی قوباتلی.*

*قەزای کوردستان لە ١٩٢٥*

*سەنتەر ـ عەبدەللیار ( لە ١٩٢٧ ەوە لاچین )، پانتایی ـ ٣٥٣٢کیلۆمەتری چوارگۆشە (کچگ)، شار ـ ١، بەرناوچە ـ ٤، سۆڤیەتی گوند ـ ٢.*

*بەرناوچەکانی ئەمانە بوون : ئەکاری، حاجی ساملی، قوتورلی، پوسەیان ( ٩، ل ـ ٢.٢ ).*

*قەزای کوردستان لە ١٩٢٦*

*سەنتەر ـ عەبدەللیار، پانتایی ـ ٣٥٣٣ کچگ، شار ـ ١، بەرناوچە ـ٦، سۆڤیەتی گوند ـ ٧٣.*

*بەرناوچەکانی ئەمانە بوون : قەرەقیشلاق، کەلبەجار، قۆتورلی، قوباتلی، کوردحاجی، مورادخانی ( ١٠، ل ـ ١٨٩).*

*قەزای کوردستان لە ١٩٢٧*

*سەنتەر ـ لاچین، پانتایی ـ ٣٥٣٤ کچگ، شار ـ ١، بەرناوچە ـ ٦، سۆڤیەتی گوند ـ ٥٨، گوند ـ ٣٨٧.*

*بەرناوچەکانی ئەمانە بوون : قەرەقیشلاق، کەلبەجار، قۆتورلی، کوردحاجی، پوسیان (١٢٣،١١)*

*قەزای کوردستان لە ١٩٢٨*

*سەنتەر ـ لاچین، پانتایی ـ ٣٥٣٤ کچگ، شار ـ١، بەرناوچە ـ ٦، سۆڤیەتی گوند ـ ٥٦، گوند ـ ٤٨.*

*بەرناوچەکان ئەمانە بوون : ئەکاری، قەرەقیشلاق، کەلبەجار، قۆتورلی، کوردحاجی، پوسیان (١١٥،٣).*

## سەرچاوەكان

١/ ئەڤرینۆف پ.ی.، كوردەكان لە شەڕی رووسیا لەگەڵ فارس و توركیا، بە درێژی چەرخی نۆزدە، باری رامیاری ئێستای كوردەكانی توركیا، فارس و رووسیا، لێكۆڵینەوەی مێژووی تەفلیس، ١٩٠٠ ( رووسی ).

٢/ ئەلەكبیرۆڤ ئا.، بەرەو كێشەی لێكۆڵینەوەی كلتوری كوردەكان. ئەكادیمیای زانیاری كۆماری سۆسیالیستی یەكێتی سۆڤیەت، كارەكانی ڤیلیالی ئازربایجان، ٢٧، زنجیرەی مێژوو، باكۆ، ١٩٣٦ ( رووسی ).

٣/ دابەشكردنی ئیداری، خاكی كۆماری سۆسیالیستی یەكێتی سۆڤیەت، ١٩٢٩، مۆسكۆ، ١٩٢٩ ( رووسی ).

٤/ دابەشكردنی ئیداری، خاكی كۆماری سۆسیالیستی یەكێتی سۆڤیەت، مۆسكۆ ، ١٩٣٤ ( رووسی ).

٥/ بوكشپان آ.، كوردەكانی ئازربایجان : لاچین، كەلبەجاری مەڵبەندی نەخچەوان، باكۆ، ١٩٣٢. ( رووسی )

٦/ سەرژمێری گشتی دانیشتووانی سۆڤیەت ١٩٢٦، بەرگی ١٤، كۆماری قەفقازیای فیدراڵی سۆسیالیستی سۆڤیەت، مۆسكۆ، ١٩٢٩. ( رووسی )

٧/ سوكلێڤیچ س.ی.، بنای ئیداری - رامیاری كۆماری سۆسیالیستی یەكێتی سۆڤیەت، لینینگراد، ١٩٢٦ (رووسی)

٨/ سوكلیڤیچ س.ی.، بنای ئیداری - رامیاری كۆماری سۆسیالیستی یەكێتی سۆڤیەت، مۆسكۆ، ١٩٢٧ (رووسی)

٩/ خاك و دابەشكردنی ئیداری، كۆماری سۆسیالیستی یەكێتی سۆڤیەت لە ١ ـ ی كانوونی دووەمی ١٩٢٥ز ، مۆسكۆ، ١٩٢٥ (رووسی)

١٠/ خاك و دابەشكردنی ئیداری، كۆماری سۆسیالیستی یەكێتی سۆڤیەت لە ١ ـ ی كانوونی دووەمی ١٩٢٦ز مۆسكۆ، ١٩٢٦ (رووسی)

١١/ خاك و دابەشكردنی ئیداری، كۆماری سۆسیالیستی یەكێتی سۆڤیەت، مۆسكۆ، ١٩٢٨

١٢/ چورسین گ.ف.، كوردەكانی ئازربایجان ( لێكۆڵینەوەی ئەتنۆگرافی )، ی.ك.ی.ف.ی.، بەرگی ٣، تەفلیس، ١٩٢٥ (رووسی)

١٣/ شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، بەرگی٢، وەرگێران و پێشەكی و شیكردنەوە و پاشكۆ، ڤاسیلیڤیا ی.ی.، مۆسكۆ، ١٩٧٦ (رووسی)

١٤/ جلد ٢ آز كتاب شرف نامه، تآلیف شرف خان بن شمس الدین بدلیسی، كه باهتمام اقل عباد ولادیمیر ملقب ولیامینوف زرنوف، در محروسه پطرسبورغ دار الطباع اكادمیه امپراطوریه، سنه ١٨٦٣ عیسوی مطابق سنه ١٢٧٨ هجری (فارسی) ( ١٠ )

١٥/ الشرفنامه فی تاریخ الدول والامارات الكردیه، الفه باللغه الفارسیه، الامیر شرف خان البدلیسی، نقله الی اللغه العربیه و علق علیه، ملا جمیل بندی رۆژبیانی، مطبعه النجاح، بغداد، ١٩٥٣ (عربی)

١٦/ شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی، هەژار كردوویە بە كوردی، نەجەفی پیرۆز، ١٩٧٣ز (كوردی)

***

## روونكردنەوەكان

(١) بەقسەی بوكشپان خێڵەكانی گرمی دۆرت (بیست و چوار) هەموویان كوردن (٥ ، ل٥٧)

(٢) ئەو برگەیە كە لە چاپە رووسییەكەدا هەیە، نە لە تێكستە كوردییەكە و نە لە عەرەبییەكەدا بەرچاو

تاکەوێ.(١٥ل١٥)

(٣) مەڵبەندی قەرەباغ لە رووی تۆپۆگرافییەوە دەکرێتە دوو بەش : لای باکووری رۆژهەڵاتی چیایە و بە گۆڕنی قەرەباغ (کوێستانی قەرەباغ) ناوی دەرکردووە و لای باشووری رۆژئاوا دەشتاییە، لەبەر ئەمە پێی دەڵێن ـ دەشتایی قەرەباغ.

(٤)بۆ نووسینی ئەم پەرەگرافە، سوودی زۆرم لە کتێبەکەی بۆکشپان وەرگرتووە.

(٥) ئەم سەرژمێرییانەم لە سەرچاوەی ژمارە ( ٥، ل ـ ٧١ )ەوە وەرگرتووە و لێکمداونەتەوە.

(٦) خەملاندنی نووسەرە و سەرچاوەی ژمارە (٤، ل ـ ٢٣٤ ـ ٢٣٦)

(٧) بۆکشپان، ل ـ ٦١

(٨) کاری نووسەرە.

(٩) سەرچاوەکان بەپێی ئەلف و بای رووسی ریز کراون.

(١٠) ئەم سەرچاوەیە و ئەوانەی دوایی، بەپێی ساڵی دەرچوونی شەرەفنامە ریز کراون.


## گۆڤاری هەژان

بۆ هەموو رۆشنبیران و نووسەرانی پێشکەوتنخوازی کورد !

ئێمە لە خۆ ئامادەکردندایین بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە کێشەی ئافرەت، چونکە گومانی تێدا نییە کە نەبوونی گۆڤارێکی لەو جۆرە کەلێنێکی لە کلتوورەکەماندا بەجێ هێشتووە و ئەو پێویستییە هەژانە وای کرد بەرپرسیارێتی ئەو کارە گرنگە وە ئەستۆی خۆمان بگرین و کاری بۆ بکەین.

گۆڤاری ( هەژان ) داوا لە هەموو نووسەرێکی پێشکەوتنخواز دەکات کە بە بەرهەمی بەپێز بەسەری کاتەوە. نووسەرانی ژن و پیاو بانگهێشتن دەکەین بە قەڵەمەکانیان ( هەژان ) سەر بەرز بکەن.

بابەتەکان تایبەت بن بە کێشەی ئافرەتەوە، لێکۆڵینەوەی زانستی نووسراو یان وەرگێڕدراومان بۆ بنێرن تا بتوانین بە هاوکاری هەموو لایەک بە گۆڤاری ( هەژان ) کەلێنێکی کلتووری پڕ بکەینەوە
تەنیا داواشمان ئەوەیە کە بابەتەکان بە خەتێکی درشت و لە دیوێکی لاپەڕەکە بنووسن.

مەعاباد قەرەداغی ـ رێواس ئەحمەد

ناونیشان

**Post Restante**
**126 11 STOCKHOLM 32**
**SWEDEN**

# ژن لە ڕۆژهەڵاتی کۆن و خوێندنەوەیەکی ئارکیۆلۆژیایی قورئان*

نەزەند بەگیخانی

**پێرست**


پێشەکی

بەشی یەکەم: ستاتوی ژن پێش سەرهەڵدانی ئایینە یەکخودایییەکان

١. ژن لە میزۆپۆتامیا

ئ. ژن لە لای سۆمەریەکان

ب. ژن لە لای بابلیەکان

پ . ژن لە لای ئاشوریەکان

٢. ژن لە لای هیتیەکان

٣. ژن لە لای عیلامی و فارس و میدیەکان

٤. ژن لە میسری کۆن

بەشی دووەم: ستاتوی ژن لە دوای سەرهەڵدانی ئایینە یەکخودایییەکان

١. ژن لە لای ئیسرائیلیەکان

٢. ژن لە جەزیرەی عەرەبی پێش ئیسلام

٣. ژن لە ئیسلامدا

ئەنجام

سەرچاوە


*. سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە ئەم ووتارە، لەبەر درێژییەکەی بەدوو بەش بڵاودەبێتەوە.

## پێشەکی

رۆشنایی خستنە سەر باری ژن لە کۆندا، واتە رۆشنایی خستنە سەر باری ئێستای ژن. بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی زانستی لە قورئان بدوێین و ستاتوی ژنی تیادا دیاری بکەین، بە پێویستمان زانی سەرەتا باسی باری ژن لە پێش سەرهەڵدانی ئایینە یەکخوداییەکاندا بکەین. (پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ خوداکانی لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری و ئەقینداری جیاناکرێنەوە. ئەم پەیوەندییانە مارکی هەموو ئەو گرفتانەیان لەسەرە کە کاریان تێکردوون)[1]. لەم بۆچوونەوە، ئایینە یەکخوداییەکان خاڵی نین لە کاریگەری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتوری پێش خۆیان. دۆزینەوەی ئەو تابلیتانەی کە داستان و کۆدی میللەتانی کۆنی میزۆپۆتامیایان لەسەر تۆمار کراوە، سەنگی ئایین بەو جۆرەی کە ئێمە تێیگەیشتووین کەم دەکاتەوە. ئەو کۆد و یاسایانەی کە پێغەمبەرەکان بە ناوی یاسا ئاسمانییەکان سەپاندوویانە، داهێنانێکی خودایی نین، بەڵکو درێژکراوەی کۆد و داستانەکانی پێش خۆیانن. تا ساڵی ١٨٧٢، تەورات لە مێژووی مرۆڤایەتی بە یەکەم کتێب و بە «ووتەی خودا» دادەنرا، بەلام کاتێ لە ساڵی ١٨٧٢ جۆرج سمث کۆمەڵێ تابلێتی لە میزۆپۆتامیا دۆزیەوە، دوای خوێندنەوە و شیکردنەوەیان دەرکەوت کە بەشێکی رووداوەکانی تەورات، بەتایبەتی داستانەکان و لەوانە «داستانی تۆفان»، لەم تابلێتانەدا تۆمار کراون و مێژووشیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش نووسینی تەورات. یەکەم ئایینی یەکخودایی، سەدەی سێزدەی پێش زایینی، بە رای ئاشورناسی هاوچەرخی فەرەنسی ژان بۆتێرۆ، تەنها یەک شتی زیاد کردووە ، ئەویش چەمکی یەکخودایییە کە دوای ئاوارە بوونیان ئیسرائیلیەکان سەنگیان خستە سەر و ناسنامە و رەسەنیی خۆیانیان پێسەلماند. ئایین، جگە لە لایەنە رۆحیەکەی کە مەودایەکی میتافیزیکی دەداتە جیهان و شتەکان و دڵنیایی دەخاتە ناخی مرۆڤ، هەوڵی رێکخستنی ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری مرۆڤ دەدات و مرۆڤ بەرەو قۆناغی شارستانی دەبات. دۆزینەوە ئارکیۆلۆژییەکانی ئەم سەد ساڵەی دوایی سەلماندیان کە مرۆڤ لە ٤٠٠٠ تا ٣٠٠٠ ساڵ پ.ز توانیویەتی لە قۆناغی گیانەوەریەوە بۆ قۆناغی رێکخستن و یاسا و ئەرک، قۆناغی زاڵبوون بەسەر سروشتدا بپەڕێتەوە؛ ئەمەش یەکەم جار لە میزۆپۆتامیا ئەنجامدراوە و پاشان میسریەکان لاسایان کردۆتەوە ، ئنجا بۆ دۆڵی هیند و پاشان بۆ چین گواستراوەتەوە. گرنگترین داهێنان لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی، داهێنانی نووسینە کە لە دەوروبەری ٣٠٠٠ ساڵ پ.ز لە لایەن سۆمەریەکان داهێنراوە. داهێنانی نووسین، هەروەکو ژان بۆتێرۆ دەڵێ: (تەنها

---

1. Jean Bottéro, Naissance du Dieu, Paris, Gallimard, 1992, P.23.




میزۆپۆتامیای کۆن لە چوارچێوە جوگرافیەکەیدا. وەرگیراوە لە:

**Initiation a l'orient ancien, op. cit.**

تەکنیکێکی تۆمارکردن و شیکردنەوە نەبوو، بەڵکو شۆڕشێک بوو لە عەقلی مرۆڤ)[٢].

میزۆپۆتامیا کە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە گرنگیەکی لاوەکی هەبووە و لە پەراوێزی تەورات دانراوە، لەگەڵ دۆزینەوەکەی جۆرج سمث گرنگیەکی مێژوویی و شارستانی وەرگرت. لەو کاتەوە بە راستەقینەیی بە «بێشکەی شارستانیەت» ناسرا و دان بەوەداهێنرا کە شارستانیەتی هیند و میسر و یۆنانیش کاریگەری مەزنی بیر و داهێنانەکانی میزۆپۆتامیان؛ ژان بۆتێرۆ لەم رووەوە دەڵێ: (میزۆپۆتامیەکان باوکی هەرە کۆنی مرۆڤن)[٣]. ئەم شارستانیەتە مەزنە لە تێکەڵبوون و ئاڵوگۆڕی کەلتوری میللەتانی ناوچەکە، بە تایبەتی سۆمەری و سامیەکان دروست بووە، هەموو ئەوەی پاشان سەریهەڵدا، تەنانەت ئایینە یەکخوداییەکانیش، کاریگەری ئەم شارستانیەتەیان لەسەرە.

بەرای سیمۆن دوبوڤوار (لەو کاتەوەی مرۆڤ گەیشتە ئاستی داڕشتنی داستان و یاساکان، پاتریارکی بە تەواوی جێگیر بوو)[٤]. لەبەرئەوەی نووسەری ئەم داستان و کۆد و یاسایانە پیاو بوون، زۆر بە ئاسایی هەستی نێرانەی خۆیان تیادا بەرجەستە کردووە و بەشی هەرە زۆریان لە بەرژەوەندی ژن نین. (کاتێ پیاو خۆی وەکو ئازادی و بکەر دەسەلمێنێ، بیری «ئەویتر» دەبێتە لاوەکی)[٥]. بە پشتبەستن بە کۆد و یاساکان، لە باسکردنی ستاتوی ژن لە رۆژهەلاتی کۆن و ئیسلامدا، هەوڵ دەدەین ڕێچکۆڵەی ئەم مێژووە نەجووڵاوە بگرین و پیشانی بدەین کە کۆد و یاسا و داستانەکان هەموویان تێکهەڵکێشراون و یاسا و فەرمانە ئاسمانییەکانیش لە یاسا و فەرمانی نێر زیاتر نین.

بۆ ئەوەی کات و شوێنی ئەو میللەتانەی رۆژهەلاتی کۆن بزانین، هەوڵ دەدەین بە کورتی لە جوگرافیا و مێژو و سیستەمی ئایینیان بدوێین. لەم کارەدا، نەمویستووە رای خۆم دەربڕم و یاسا و کۆدەکان لێکبدەمەوە، مەبەستی من پیشاندانی ستاتوی کۆنی ژنە، پاشان لە باسی ئایینە یەکخوداییەکان، بە تایبەتی ئیسلام کە مەبەستی سەرەکی باسەکەمە، هەوڵ دەدەم بە شێوازێکی دیکە لە ستاتوی ژن بدوێم و کاریگەرییە مێژووییەکە پیشان بدەم.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە حەز دەکەم لە پێشەکیدا باسی بکەم تایبەتە بە فارس و میدیەکان. کاتێ فارس و میدیەکان هاتوونەتە ئەم ناوچەیە (سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ.ز) و ئیمپراتۆریان دامەزراندووە، ئایینی ئیسرائیلی سەریهەڵدابوو (سەدەی سێزدەی پ.ز)، هەرچەندە لە ٥٣٩ ی پ.ز، لەگەڵ رووخانی بابلیەکان بە دەستی

٢. Jean Bottéro, Initiation a l'Orient ancien, Paris, Seuil, 1992, P.27.

٣. Ibid, P. 28

٤. Simone de Beauvoir, Le deuxième sexe, tom.I, Paris, Gallimard, 1976, P. 134.

٥. Ibid, P. 134.

هەخامەنشیەکان و دامەزراندنی ئیمپراتۆری هەخامەنشی، گەرانەوەی جوولەکە ئاوارەکان بۆ میزۆپۆتامیا و ریکخستنی یەهودایزم دەست پیدەکەن، بەلام ئەوان لە دەرەوەی دەسەلاتی ئەم ئایینە یەکخوداییە دەژیان، بۆیە بە پیویستم زانی لە بەشی یەکەمی باسەکەم: ستاتوی ژن پیش سەرهەلدانی ئایینە یەکخوداییەکان، باسیان بکەم.

## بەشی یەکەم:
## ستاتوی ژن پیش سەرهەلدانی ئایینە یەکخوداییەکان
### ۱ . ژن لە میزۆپۆتامیا

### ئـ . ژن لە لای سۆمەریەکان

لە رووی جوگرافییەوە، سۆمەرناسەکان نەخشەی وولاتی سۆمەر دەگەرینەوە بۆ باشوری عیراقی ئەمرۆ[٦]: دامینی زنجیرە چیاکانی قەوقاز لە باکور، کەنداوی فارس لە باشور، زنجیرە چیاکانی ئیران لە رۆژهەلات و بیابانی سوریای عەرەبیش لە رۆژئاوا. بە رای ژان بۆتیرۆ سۆمەریەکان لە هەزارەی چوارەمی پیش زایینی گەیشتوونەتە ئەم ناوچەیە[٧]؛ لە سەرەتادا خەریکی کشتوکال و بەخیوکردنی مەرومالات بوون و لە شیوەی گوندی سەرەتایی لە شوینی جیاجیا ژیاون، پاشان ئەم گوندانە دەچنە پال یەک و شار پیکدەهینن. (یەکەم مەلبەندی شارنشینی دەولەمەند و هەمەلایەن ئەوکاتە دروست بوو، هۆز و خیلەکان کە شیوە ریکخراویکی سەرەتاییان هەبوو، چوونە پال کۆمەلیکی گەورە کە لە رووی سیاسیەوە ریکخرابوو)[٨]. لەگەل دروستبوونی شار پیویستیەکان زیاد دەبن و بواری پیشەسازی و بازرگانی فراوان دەبیت.
(خانەی سەرەکی کۆمەلگای سۆمەری خیزان بووە، نیریش ناوکی خیزانی پیکهیناوە و

٦. بروانە: Samuel Noah Kramer, "L'histoire commence à sumer", Paris, Arthaud, 1975. et "Le mariage sacré", Paris, Berg International, 1983.

٧. تا ئیستا شوین و رەسەنی سۆمەریەکان نەزانراوە، بەلام داستانەکانیان ئەوە پیشان دەدەن کە بە ریگای ئاودا کۆچیان کردووە و هاتوونەتە ئەم ناوچەیە. لیکدانەوە فیلۆلۆژییەکانیش بۆ ناسینی رەسەنی سۆمەریەکان، سۆمەرناسەکانی نەگەیاندۆتە هیچ راستیەک، چونکە تا ئیستا بە تەواوی نەزانراوە زمانی سۆمەری سەر بە چ خیزانە زمانیکە. هەر ئەمەش وایکردووە لە لایەک تورک و لە لایەک عەرەب و بەم دواییەش جولەکەکان رەگەزی خۆیان بۆ سۆمەریەکان بگەرینەوە.

٨. S. N. Kramer, Le mariage sacré, op. cit., P. 21.

یەکگرتوویی و تەمریی پاراستووە)[٩]. پیاو لێپرسراوی یەکەمی چارەنووسی خێزان بووە. لە رووی ئابووریەوە، زۆربەی ئەو پیشانەی کە پراکتیک کراون، وەکو ئاسنگەری، دارتاشی، نانەوایی، وەستایی و چنین لە لایەن پیاوەوە ئەنجام دراون و پیاو دارایی ئەندامانی خێزانی دابینکردووە. لە رووی سیاسیەوە، سیستەمی فەرمانڕەوایی مۆنارکی بووە و مەلیک لێپرسراوی چارەنووسی وڵات بووە و پایەی سەردار و باوکی هەبووە.

دەربارەی ژیانی ئایینی، سۆمەریەکان هێزێکی خودابیان لە سروشت و گەردوون بەدی دەکرد و باوەڕیان بە کۆمەڵێ خوداوەند هەبوو، بە رای ئەوان خوداوەندەکان مرۆڤیان دروست کردووە تا لە ماوەی ژیانیدا خزمەتیان بکات. پەرستگا گرنگیەکی سەرەکی لە ژیانی گشتی و تایبەتی خەڵکدا هەبووە. دوای مردنیش، باوەڕیان وابوو، مرۆڤ لە مەملەکەتی تاریکی ژێر زەمیندا دەبێت بە خێو و («ژیان» یش تیایدا رەنگدانەوەیەکی غەمناک و میلانکۆلیانەی بوونی ژێرەوەیە)[١٠]. خۆشەویستی لە لای سۆمەریەکان بەهایەکی ئایینی هەبووە، بۆیە سۆزانیەکان لە پەرستگاکان دەژیان؛ زۆربەی کچە سۆزانیەکان لە لایەن خێزانەکانیانەوە، بە تایبەتی لە لایەن باوکانەوە پێشکەش بە پەرستگا دەکران، ئەم سۆزانیانە رێز و پایەیان لە هی ژنێکی ناسۆزانی کەمتر نەبووە.

تا ئێستا ئارکیۆلۆژەکان دەربارەی ستاتوی ژن لە لای سۆمەریەکان هیچ کۆدێکیان نەدۆزیوەتەوە[١١]، بۆیە بۆ ناسینی ستاتوی ژنی سۆمەری زیاتر پشت بە دۆکیومەنتە دۆزراوەکانی ئارشیڤی هەندێ لە مەلیکەکان و هەروەها بە داستان و پەیکەرەکانیان بەستراوە.

سۆمەریەکان رووانینێکی پیرۆز و بەرزیان بۆ خۆشەویستی جەستە هەبووە. بە پێی داستانی گلگامێش ئەڤین و چێژی جەستە کە لە ژندا بەرجەستە کراون، مرۆڤ بەرەو هاوسەنگی و ژیری دەبەن. گلگامێش بۆ ماڵیکردنی ئەنکیدۆ کە لە دەرەوەی شار لەگەڵ

---

٩. J. Bottéro, "La femme dans l'Asie ancienne: Mésopotamie et Israel", in Histoire mondiale de la femme, Vol. I, Paris, Nouvelle Librairie de France, 1965, P. 158.

١٠. S. N. Kramer, ibid, P. 34.

١١. تا ساڵی ١٩٤٧ کۆدی حامورابی بە کۆنترین کۆدی نووسراوی یاسا دادەنرا، لە ساڵانی ١٩٤٧-١٩٤٨ کۆدێکی سۆمەری لە لایەن فرانسیس ستیل شیکرایەوە کە بە یەکەم کۆدی یاسایی دانرا. لە ساڵی ١٩٤٨ یش کۆدێکی دیکە کە بە زمانی بابلی نووسراوە و لە کۆدی حامورابی کۆنترە لە باشووری عێراق دۆزرایەوە. ئەم کۆدە بە پێچەوانەی «یاسای ئاسن= چاو بە چاو و ددان بە ددان» کە لە لای ئیسرائیلیەکان پەیڕەو کراوە، لە سەر بنچینەیەکی مرۆڤانە دامەزراوە و لە جیاتی سزای فیزیکی، سزای ماددی لە تاوانبار داوادەکات. هیچ کام لەم کۆدانە باسی ستاتوی ژن ناکەن. بڕوانە: S. N. Kramer, L'histoire commence à sumer, Op. cit., PP. 77-79.

گیانلەبەر و درندەدا دەژیت، کەنیزەکێک دەنێرێتە لای. ئەم کەنیزەکە ماوەی حەوت شەو و حەوت رۆژ لەگەڵیا دەمێنێتەوە و بەیەکەوە رادەبوێرن، دوای ئەم حەوت شەو و حەوت رۆژە (ئەنکیدۆ ژیر و کامڵ دەبێت)[12]. پاشان ئەنکیدۆ لەبەرپێی ژنەکە دادێتەوە و بریار دەدات گوێرایەڵی بکات، چونکە هەست دەکات ئەم ژنە ژیانی گۆڕی و فێری چەمکێکی نوێی کرد. بە رای ژان بۆتێرۆ ئەم دیمەنەی گلگامێش بیرێکی زۆر بەرزی خۆشەویستی فیزیکی پیشان دەدات: ژن کە لەگەڵ پیاو جووت دەبێ، تەنها چێژی جەستەی پێنابەخشێ، بەڵکو پیاو بەرز دەکاتەوە تا خۆی، ئەقڵ و دڵی پێدەناسێنێ. پیرۆزترین بەهای ژن لە لای سۆمەریەکان لە خوداوەندە ژنەکاندا کۆبۆتەوە، لەوانە «ئینانا» کە سامبۆلی ئەڤین و بەپیتی بووە و دابینکەری ئاشتی بووە بۆ وولات.

هەروەکو لە سەرەتادا ووتمان، باوک سەردار و لێپرسراوی یەکەمی چارەنووسی خێزان بووە. بە بێ رەزامەندی باوک کچ مافی شووکردنی نەبووە. کۆنتراکتی مارەبڕین لە نێوان باوکی کچەکە و کوڕەکە (ئەگەر کوڕەکە بالق نەبوایە، ئەوە باوکی ئامادە دەبوو) بە ئامادەبوونی چەند شاهێدێک مۆردەکرا. مارەبڕین کردەیەکی زیاتر کۆمەلایەتی بووە نەک ئایینی؛ لە کاتی مۆرکردنی کۆنتراکت، باوکی کوڕەکە هەندێک پارەی بە ناوی سەرپشکانە «tirhatu» پێشکەش بە باوکی کچەکە دەکرد. کچەکە لە نێوان هەردوو خێزان وەکو شتێک ئاڵوگۆڕی پێدەکرا. کچ پێش باڵقبوون مارە دەکرا، بەلام تا تەمەنی باڵقبوون نەدەگوێزرایەوە. لە ماوەی دەستگیرانیدا، دەبوایە کچێنی خۆی بپارێزێت؛ هەر پیاوێک بۆ کاری سێکسی لێی نزیک بووباوە فەرمانی کوشتنی لەسەر دەدرا.

فرەژنی لە لای سۆمەریەکان پەیرەو نەکراوە، بەلام ئەگەر ژنێ منداڵی نەبوایە، یاسا رێگای بە مێردەکە دەدا ژنێکی دیکە مارە بکات، بە مەرجێ ژنی یەکەم هەر لە لای بمێنێتەوە و لە لایەن ژنی دووەمیش خزمەت بکرێت. گوایە مەلیک «ئوروکاگینا» لە ساڵی ۲۳۵۰ کۆتایی بە فرەمێردی هێناوە کە تا ئەوکات باوبووە. لەوکاتەوە یاسای یەک ژن بۆ یەک پیاو پەیرەو کراوە؛ تەنها مەلیک لەم یاسایە بەدەر بووە و مافی هەبووە لە ژنێک زیاتر مارە بکات. لە هەمان کاتدا، پیاوی سەر بە چینی دەوڵەمەند بواری راگرتنی کەنیزەک و کۆیلەی هەبووە کە بۆی شیاوە لەگەڵیان بخەوێت. ئەم ئاووهەوایە جۆرێک لە حەرەمی دروستکردووە کە پاشان لە لای ئیسرائیلیەکان و لە لای موسڵمانان پەرەی پێدرا و بوو بە هۆی جیاکردنەوەی شوێنی ژن و پیاو لە چوارچێوەی ماڵێکدا. ژن مافی نەبووە مێرد تەلاق بدات یان داوای تەلاقی لێبکات، ئەم مافە تەنها لە دەستی پیاودا بووە.

---

١٢. L'épopée de Gilgamesh, Traduit par Abed Azrie, Paris, Berg International, 1979, P. 40.

لە میراتگری، ژن و پیاو بە یەکسانی میراتیان بەرکەوتووە، پیاو بە بێ ڕەزامەندی ژنەکەی مافی نەبووە موڵک و ماڵ بفرۆشێ. لە شاهێدیش ژن وەکو پیاو حسێبی بۆ کراوە و هەردووکیان وەکو دوو مرۆڤ لەبەردەم دادگا گوێیان لێگیراوە.

لە ڕووی پۆشاکەوە، سۆمەریەکان حەزیان لە ڕووتی نەکردووە؛ ڕووتبوونەوە تایبەت بووە بە ژیانی نهێنیان «خۆشەویستی». لە ژیانی گشتیاندا، یەک ووشە بۆ پۆشاکی ژن و پیاو بەکارهاتووە کە بریتی بووە لە « tug» و بە ئەکەدیش پێی ووتراوە « cubatu». لە سەرەتادا ئەم پۆشاکە بریتی بووە لە پارچە قوماشێکی لاکێشەیی و لە لەش وەرپێچراوە کە دواتر، بە تایبەتی لە لای ژن، سەرو گەردەنیشی دادەپۆشی. لە هەزارەی سێیەمەوە، ئەم پۆشاکە شێوەی کراسێکی درێژی بێقۆڵ یا قۆڵ کورتی وەرگرتووە و کە لە ناوقەد بە پشتێنێک یا قایشێک ڕێکهاتۆتەوە. خەڵکی هەژار بە هەمان شێوەی دەوڵەمەندەکان پۆشتە نەبوون و تەنها کراسێکی درێژیان پۆشیوە و هیچی تر. سەرپۆش یاخود چارۆگە لە لای سۆمەریەکان باو نەبووە.

بە ڕای سۆمەرناسەکان، سۆمەریەکان خەڵکێکی لیبێراڵ بوون، ئەڤینی سەربەست لە لایان باوبووە، بە مەرجێک ئەوکەسەی کە لەگەڵی دەخەوتن هاوخوێن «خوشک، دایک، کچ» یان نەبوایە؛ هەروەها ژن لە سەر خواستی خۆی مافی هەبووە منداڵ لەبارببات.

لە بواری سیاسیدا، بە شێوەیەکی گشتی ژن دەسەڵاتدار نەبووە، بەڵام ژن و کچانی مەلیک هەردەم لە نێو چواردیواری حەرەم دیل نەکراون و ڕۆڵی سیاسیان هەبووە. مەلیک پایەی ئاینی بەرزی بە کچەکانی دەدا: وەکو قەشایەتی کە لە ڕۆڵی سیاسی خاڵی نەبوو. تاکە ژنێکی سۆمەری دەسەڵاتدار قوبابا- یە کە لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەم، بۆ ماوەی سەدەیەک فەرمانی گێڕاوە. لە هەندێ تابلۆی دۆزراوەی سۆمەریەکان، ژنێک لە تەنیشت یا لە پێش مەلیک دانیشتووە، بە ڕای زۆربەی سۆمەرناسەکان ئەمە ئەوە پیشان دەدات کە ژن لە ژیانی گشتی بەشدار بووە و پرس و ڕای پێکراوە.

## ب. ژن لە لای بابلیەکان

بابلیەکان لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز دێنە سەر شانۆی دەسەڵات لە مێزۆپۆتامیا. لە ١٨٩٤ پ.ز دا یەکەم خانەوادەی بابلی سەرهەڵدەدات؛ حامورابی لە دەوری شاری بابیلۆن خەڵکەکەی کۆدەکاتەوە و مەملەکەتێکی تەرا دادەمەزرێنێ.

هەروەکو پێشتر ووتمان، تا ساڵی ١٩٤٧ کۆدی حامورابی بە کۆنترین کۆد دادەنرا، بەڵام دۆزینەوەکانی دوای ئەم ساڵە مێژوونووس و ئارکیۆلۆژەکانی گەیاندە باوەڕێکی دیکە. کۆدی حامورابی بە زمانی بابلی نووسراوە و لە ٣٠٠ یاسا پێکهاتووە. ئەم کۆدە بە ووردی باری یاسایی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ستاتوی ژنی بابلیمان بۆ

دەردەخات.

بە پێی کۆدی حامورابی، کۆمەڵ لە سێ چین پێکهاتووە: چینی نۆبل، هاوڵاتی و چینی کۆیلە. چینی باڵا مافی لە چینەکانی دیکە زیاتر بووە و کۆیلەش پایەیەکی نزمی کۆمەڵایەتی هەبووە، بەڵام ژنخوازی لە نێوان چینە جیاوازەکاندا هەبووە؛ پیاوێکی چینی باڵا مافی هەبووە ژنێکی کۆیلە مارە بکات و بە پێچەوانەشەوە، ژنێکی سەربەست بۆی هەبووە شوو بە کۆیلە بکات. «Code de Hammurabi,175».

کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات و بازرگانی و هەندێ پیشەی دەستی وەک نانەوایی و ئاسنگەری...هتد پیشەی گشتیی خەڵک بوون.

کۆدی حامورابی پێمان دەڵێ کە شوێنی بنچینەیی ژن ناوماڵ بووە. ئەو ژنەی هاتوچۆی دەرەوەی بکردبایە بە چاوێکی سووک سەیر کراوە. وەفاداری ژن بۆ مێرد زۆر دڵنیایی خراوەتە سەر، ئەو ژنەی هاتوچۆی دەرەوەی بکردبایە بەبێ وەفا لە قەڵەم دەدرا. (وەفا نواندن یەکێک بووە لە ئەرکە هەرە گەورەکانی ژن بەرامبەر بە مێرد)[١٣]. ئەگەر ژنێکی بەمێرد لەگەڵ پیاوێک بخەوێ و بەسەریاندا بچن، ئەوە هەردووکیان بەیەکەوە دەبەسترێنەوە و دەخرێنە ناو ئاوەوە «Code de Hammurabi, 129». بەڵام ئەگەر مێردی ژنەکە لە ژنی خۆی خۆش بووبایە، ئەوە مەلیکیش دۆستەکەی ئازاد دەکرد. بە پێی ئەم برگەیەی کۆدی حامورابی، یاسا مافی داوەتە مێردەکە سەربەست بێت لە بڕیاردان. کچ دەبوایە پاریزگاری کچێنی خۆی بکات؛ هەر پیاوێک بە بێ ڕەزامەندی دایک و باوک لە کچێک نزیک بووبایەوە فەرمانی کوشتنی بۆ دەردەچوو.

هەروەکو لە لای سۆمەریەکان، باوک لێپرسراوی سەرەکی خێزان بووە، هەرکە منداڵ بگەیشتبایە تەمەنی باڵقبوون، ڕۆڵ و مافی دایک کۆتای پێدەهات. «Code de Hammurabi, 137». منداڵ بە پلەی یەکەم هی باوک بووە؛ (لە مێزۆپۆتامیا پرەنسیپی سەرەکی خێزانی پاتریارکی بە توندی پەیرەو کراوە: منداڵ نە بە هی دایک و نە بە هی خێزانی دایک حسێب نەکراوە)[١٤]. لەم ڕووەوە برگەی «١٣٥» ی کۆدی حامورابی دەڵێ: (منداڵ بۆ باوکیان دەگەڕێنەوە).

فرەژنی لە لای بابلیەکان بە شێوەیەکی یاسایی باونەبووە، بەڵام (بە پێی نەریت پیاو بۆی هەبووە دوو سێ یاری هەبێ)[١٥]؛ هەروەکو پێشتر باسمان کرد، ئەگەر ژن دۆستی هەبوایە، سزای کوشتن دەدرا.

---

١٣. "La femme dans l'Asie ancienne: Mésopotamie et Israel", op. cit, p. 189

١٤. Ibid, P. 197.

١٥. Ibid, P. 190.

باوکی کچ سەرپشک بوو لە هەڵبژاردنی مێردی کچەکەی، لەگەڵ باوکی کوڕەکە ڕێکدەکەوت و مەبلەغێک پارەی وەکو مارەیی لێ وەردەگرت. کچەکە بە پێی دەوڵەمەندیی ماڵی باوکی جیازی بۆ دادەنرا؛ ئەم جیازە بە پێی کۆدی حامورابی بریتی بووە لە پارچە زەوی و کۆیلە و کەلوپەلی ناوماڵ و جلوبەرگ و زێڕ و شتی دیکەی خۆرازاندنەوە. دوای مردنی ژنەکە، ئەم جیازە دەبوو بە موڵکی منداڵەکانی؛ ئەگەر منداڵیشی نەبوایە، ئەوە بۆ ماڵی باوکی دەگەڕایەوە. لە هەردوو حاڵەت، جیاز موڵکی تایبەتی ژن بووە و مێرد هەقی نەبووە بیخوات یا بیفرۆشێت.

ژن مافی نەبووە داوای تەڵاق بکات، ئەم مافە تەنها هی پیاو بووە، بە ڕادەیەک ئەگەر ژنێک بە مێردەکەی ووتبا چیتر تۆم ناوێت، ئەوە مێردەکە مافی هەبوو بیکوژێت، کەچی ئەگەر پیاو بیویستبا واز لە ژنەکەی بهێنێت، ئەوە مەبلەغێک پارەی لە دەست دەناو ڕەوانی ماڵی باوکی دەکردەوە. ئەگەر ژن نەزۆک بوایە، مێردەکەی مافی هەبوو تەڵاقی بدات. «Code de Hammurabi, 138»، بەڵام ئەگەر ژنەکە تووشی نەخۆشی بوایە ئەوە مێردەکە مافی نەبوو تەڵاقی بدات «١٤٠.»، لەم حاڵەتەی دووەمدا، ژنەکە سەربەست بوو لە بڕیاردان بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵی باوکی. لەبەرئەوەی یاسا مافی بە ژن نەداوە داوای تەڵاق بکات، ئەوە بەشێوەیەکی باسا یی (بە بەفیڕۆدانی سامانی مێرد و دەستڕۆیی کردن) ڕێگای پێدراوە وێنەی خۆی لەبەر چاوی مێردەکەی ناشیرین بکات و مێردەکە ناچار بکات تەڵاقی بدات «بڕگەی ١٤١»، بەڵام لەم حاڵەتەدا مێرد لەسەری پێویست نەبووە نرخی تەلاقدان بدات. هەندێ جاریش ئەگەر ژن نەزۆک بوایە یان تووشی نەخۆشیەکی کوشندە بوایە، مێرد مافی هەبوو ژنێکی دیکە مارە بکات و ژنی یەکەمیش هەر لە لای خۆی بهێڵێتەوە. ژنی دووەم دەبوایە بەرامبەر بە ژنی یەکەم ڕۆڵی خزمەتکار ببینێ، (ئەگەر ژنی دووەم منداڵی نەبووبا یان گوێڕایەڵی ژنی یەکەمی نەکردبایە، ئەوە ژنی یەکەم مافی هەبوو وەکو کۆیلە بیفرۆشێ)[16]. ئەم مەرجانە لە کۆنتراکتی مارەبڕین تۆمار دەکران و یاسا بە تەواوی ڕێگای پێدەدان.

بە دایەن دانی منداڵ لە لای بابلیەکان شێوازێکی یاسایی هەبووە و لە کۆدی حامورابی بڕگەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە «بڕگەی ١٩٤». ئەگەر لە ماوەی بەدایەنیدا منداڵێک بمردایە و دایەنەکەی بە بێ ڕەزامەندی دایک و باوکی منداڵەکە منداڵێکی دیکەی وەخۆی بگرتبایە، ئەوە یاسا بڕیاری دەدا مەمکێکی ببڕدرێتەوە. دایەنی و مامانی و مجێوریی لە پەرستگاکان لەو پیشانە بوون کە ژن پێی هەڵساون و کرێی خۆیان وەرگرتووە؛ لە کۆشکی مەلیکیش ژنی مۆسیقاژەن و سەماکەر هەبوون.

بابلیەکان کاریگەری سۆمەریەکانیان لەسەر بووە؛ لە میراتگری ژن مافی تەواوی هەبووە، میرات بە یەکسانی لە نێوان ئەندامانی نێر و مێ دابەشکراوە. لە شاهێدیش،

---

Ibid, P. 190. .١٦

ژن و پیاو وەکو یەک حسێبیان بۆ کراوە و ڕێز لە شاهێدیان تراوە.

لەگەڵ تەواوبوونی شاری بابیلۆن، حامورابی پەیکەری خوداوەندەکان دەگوێزێتەوە بۆ پەرستگای شاری نوێ؛ سۆزانیەکان کە تا ئەوکات شوێنیان ناو پەرستگا بوو، بوون بە دوو بەشەوە: بەشێکیان لەگەڵ پەیکەری خوداوەندەکان چوون بۆ پەرستگای شاری بابیلۆن و بە هەمان شێوەی پێشوو، وەکو کارێکی پیرۆز پراکتیکی سۆزانیان دەکرد. بەشی دووەم ئەوانە بوون کە نەیانتوانی لەگەڵ پەیکەرەکاندا بڕۆن، بۆیە دەکەونە سەر شەقام و ناو کۆڵانان و بەدوای کڕیاردا دەگەڕێن. پاشان بۆ ئەو بەشەی دووەم خانوویەک دروست دەکەن و ناوی لێدەنێن «ماڵی سۆزانیان». ئەم ماڵە دەبێت بە مەڵبەندی ڕابواردن و خواردن و خواردنەوە. لەو کاتەوە کاری سۆزانی دەبێت بە پیشە و ئەو ژنانەی کە پراکتیکی دەکەن هەمان ستاتوی ئایینی پێشوویان نامێنێ.

لە ڕووی جلوبەرگەوە، ژن کراسێکی درێژدامەنی قۆڵدار یا بێقۆڵی پۆشیوە. ژنی بابلی سەرپۆشی نەپۆشیوە و سەر و پرچی بە هەندێ ئامراز ڕازاندۆتەوە، بەڵام هەندێ جار کۆیلە شتێکی تایبەتیان لەسەر ناوە تا لە ژنی ئازاد جیابکرێنەوە.

بە ڕای ژان بۆتێرۆ، لە بەشی باشوری میزۆپۆتامیا، واتە لە بابیلۆن، بە کاریگەری سۆمەریەکان ڕووانین بۆ ژن باشتر بووە لە چاو بەشی باکور، واتە لە لای ئاشوریەکان؛ (ئاشوریەکان ژنەکانیان زیاتر لە دەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنا)[١٧].

## پ. ژن لە لای ئاشوریەکان

ئاشوریەکان لە ١٣٠٠ ی پ.ز لە باکوری میزۆپۆتامیا دەسەڵات دەگرنە دەست و شاری ئاشور دەکەن بە پایتەخت و سەربەخۆیی خۆیان دەسەلمێنن. لە نێوان ١٠٠٠ تا ٦٠٩، ئاشوریەکان پەل دەهاوێژن و نەینەواش دەگرن و دەیکەنە پایتەختی خۆیان.

بە ڕای زۆربەی تایبەتمەندان لە مێژووی میزۆپۆتامیا، سۆمەریەکان لە میللەتانی تری ناوچەکە زیاتر لیبێرال بوون. لەم ڕووەوە کاریگەری سۆمەریەکان لە سەر بابلیەکان زیاترە لە چاو ئاشوریەکان. بە پێی ئەو دۆکیومەنتانەی کە دۆزراونەتەوە و مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرگۆن، یاساکانی ئاشوری لە هی بابلیەکان کۆنترن و لە ئەوانەوە وەرنەگیراون.

کۆمەڵگای ئاشوری، هەروەکو تەواوی کۆمەڵگاکانی تری ناوچەکە، پاتریارکی بووە. دەسەڵاتی ڕەها لە دەستی باوکدا بووە. کچ پێش شووکردنی موڵکی باوک بووە، ئەگەر باوکی نەمابایە، ئەوە برای یا هاوخوێنێکی نێر دەبوو بە خاوەنی؛ پاش شووکردن، خاوەنداریەتی کچ دەگوێزراوە بۆ مێرد. ئەگەر کچەکە کۆیلە بوایە، سەردارەکەی دەبوو بە

---

١٧. Ibid, P. 205.

زمانحاڵی، ئەگەر سۆزانیش بوایە لە ناو پەرستگا، ئەوە ڕێکخراوی پەرستگا دەسەڵاتی لەسەری هەبوو. کاتی مارەبڕین، باوکی کچەکە لەگەڵ باوکی کوڕەکە (یان کوڕەکە خۆی ئەگەر گەیشتبایەتە تەمەنی باڵقبوون) ڕێکدەکەوتن و مارەیی کە بریتی بووە لە مەبلەغێک پارە پێشکەش بە باوکی کچەکە دەکرا؛ هەندێ جار لە جیاتی ئەم پارەیە زاوا ماوەیەک بۆ باوکی کچەکە کاری دەکرد. کچی گەنج و خاوەن کچێنی لە بێوەژن زیاتر ڕێز و شایانیان لێنراوە. بە پێی برگەی ٤١ ی یاسای ئاشوری، ئەگەر پیاوێک بێوەژنێکی بهێنایا، دەیتوانی بە بێ کۆنتراکتی مارەبڕین لەگەڵی بژیت؛ دوو ساڵ ژیان بەیەکەوە مانای مارەبڕینی دەگەیاند. ئەگەر سۆزانیشی بخوازتبا، ئەوە لەبەرچاوی چەند شاهێدێک رایدەگەیاند.لەم دوو حاڵەتەی دوایدا، مارەبڕینی ڕەسمی پێویست نەبووە، ئەمەش واتە دیاری نەکردنی مارەیی کە بە پێی هەموو کۆد و یاساکان بە قازانجی ژن بیری لێکراوەتەوە[18].

ژن مافی چوونە دەرەوەی نەبووە، ماڵ شوێنی بنچینەیی ژن بووە و کاروباری ناوماڵیش پیشەی سەرەکیی بوون. ژنی ئازاد و کچی پیاوی ئازاد دەبوایە خۆیان داپۆشن، بەڵام (سۆزانییەکان لە شوێنی گشتی سەریان دانەدەپۆشی، یا جلی تایبەتیان لەبەردەکرد)[19].

زۆرجار کچ لە تەمەنێکی بچووکەوە مارەی براوە، بەڵام دواتر گواستراوەتەوە؛ لە ماوەی نێوان مارەبڕین و گواستنەوەیدا، لەسەری پێویست بوو خۆی لە هەموو دەستدرێژیەک بپارێزێ؛ کچێنی لە لایان زۆر گرنگ بوو. (ئەگەر ژنێکی بەمێرد دۆستی هەبوایە، هەق دەدرا بە مێردەکە بیانکوژێ یان ئەتکیان بکات: لووتی ژنەکەی ببڕێ و دۆستەکەشی بخەسێنێ) «Lois medio-Assyriennes»[20]. بەڵام پیاو بۆی لواوە لە پاڵ ژنەکەی یاری هەبێت. فرەژنی باو نەبووە تەنها لە لایەن مەلیک یان چینی باڵا نەبێت. هەروەکو لە لای بابلییەکان، ئەگەر ژنێ منداڵی نەبووبا، ئەوە مافی هەبوو ژنێکی دیکە مارە بکات و ژنی یەکەمیشی بەخێوبکات؛ ئەگەر بیناردبایەوە ماڵی باوکی، دەبوایە مارەیی بداتێ یا مەسرەفی بکات.

منداڵ لەباربردن قەدەغە بووە و سزای گەورەشی لەسەر بووە. بەپێی یاسای ئاشوری،

١٨. لە ڕەسەندا، لەبەر ئەوەی ژن خاوەنی هیچ سەرچاوەیەکی ئابووری نەبووە و کاری نەکردووە، مارەیی وەکو دابینکەری ژیانی ئابوری و داوڕۆژی ژن بیری لێکراوەتەوە. ئەمڕۆ پێشکەوتنە کەلتوری تەکنەلۆژیەکان تا رادەیەکی زۆر ژیانی ئابووری ژنیان گۆڕیوە، بۆیە قەبوڵکردنی مارەیی لە لایەن کچەوە مانای رازی بوونە بە بەها تەقلیدیەکان و بە پشتبەستن بە پیاو. دواتر زیاتر لەسەر ئەم خاڵە دەدوێین.

١٩. Ibid, P. 178.

٢٠. Voir J. Bottéro, "Les libertés des femmes de Babylone", in Initiation a l'Orient ancien, op. cit., P. 159.

ئەگەر ژنێ منداڵەکەی لەبارببات و بەڵگە لە دژی هەبێت، ئەوە ژنەکە لە دار دەدرێ؛ ئەگەر لە کاتی لەباربردن ژنەکە بمردبا، ئەوە دەبوایە لاشەکەی لە دار بدرێت و منداڵەکەشی فڕێدەدرا ناو ئاوەوە یان لە سووچی کۆڵانێ دادەنرا و دەبوو بە خۆراکی سەگ و هەڵۆ.

ژن مافی نەبووە داوای تەلاق بکات و پیاو سەرپشک بووە لە بڕیاردان. ئەگەر مێردێک ژنەکەی بەجێهێشتبایە، دەبوایە ژنەکە ماوەی پێنج ساڵ چاوەڕێی بکات؛ ئەگەر تا پێنج ساڵ نەگەڕابایەوە، ئەوە ژنەکە مافی هەبوو شوو بکاتەوە بە مەرجێ کوڕی لە مێردەکەی نەبوایە. ئەگەر پاش پێنج ساڵ مێردەکە بەدەرکەوتبایەوە و بیسەلماندبا کە چەند هۆیەک ڕێگای گەڕانەوەی لێگرتبوو، ئەوە یاسا ڕێگای پێدەدا ژنەکەی داوابکاتەوە؛ بەلام دەبوایە ژنێکی دیکە بۆ ئەو پیاوە بدۆزێتەوە کە ژنەکەی شووی پێکردبوو.

.هەندێ دۆکیومەنتی ئارشیڤی مەلەکی ئاشوریەکان ئەوەمان پیشان دەدات کە ئاشوریەکان سیستەمێکی حەرەمی نزیک لەوەی موسڵمانانیان هەبووە. نزیکەی چل ژن لە کۆشکی مەلیک ژیاون و نۆکەری پیاوی خەساویان هەبووە کە مافیان نەبووە لە حەوت پێ زیاتر لە ژنەکان نزیک ببنەوە. بەم ژنانە ووتراوە «سکریتو» کە واتای «داخراو یان بەندکراو» دەگەیەنێ؛ مەلیک تاکە سەرداری ئەم شوێنە بووە و ڕێگای پێنەداون هاتوچۆی دەرەوە بکەن.

هەروەکو سۆمەری و بابلیەکان، ئاشوریەکان لە شاهێدی و میرات دابەشکردندا ستاتویەکی یاسایی یەکسان بە پیاو بە ژن دەدەن.

## ٢. ژن لە لای هیتیەکان

هیتیەکان لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز لە شێوەی کۆچەر بە چیاکانی قەوقازدا لە ڕۆژهەلاتەوە هاتوونەتە ئەنادوڵ. سەرەتا چەند میرنشینێکی بچووک پێکدەهێنن و لە سەدەی هەڤدەوە ئیمپراتۆری هیتی دادەمەزرێنن. حوکمڕانیی هیتیەکان بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێ:

١- یەکەم ئیمپراتۆر کە ئیمپراتۆری کۆنیشی پێدەڵێن، دوای داگیرکردنی بابیلۆن لە لایەن مورسیلی یەکەم لە سەرەتای سەدەی شانزەی پ.ز دروست بوو.

٢- ئیمپراتۆری نوێ کە لە سەدەی چواردە و سیزدە دەگاتە لوتکەی دەسەلات.

٣- هیتی نوێ کە لە باکوری سوریا دروست بوو، بەلام هەر زوو ئاشوریەکان لەناویان برد.

یاسای هیتیەکان لە دوو تابلێتدا دۆزراوەتەوە و بە «کۆد» ناسراوە. کۆمەڵگای هیتی لە دوو چین پێکهاتبوو: چینی ئازاد و چینی کۆیلە. لەسەر ئاستی سزادان، لە ناو هەردوو چیندا، هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژن و پیاودا نەکراوە.کۆمەڵگای هیتی

پاتریاركی بووە، (بەڵام پیاو دەسەڵاتی ڕەهای لە دەستدا نەبووە)[٢١]. ژنخوازی لە نێوان هەردوو چیندا هەبووە؛ پیاوی ئازاد و ژنی كۆیلە، یان بە پێچەوانەوە، خێزانیان دروست كردووە، بەڵام لە كاتی جیابوونەوە و تەڵاقدان كۆیلە تەنها مافی یەک منداڵی هەبوو، منداڵەكانی دیكە، ژمارەیان هەرچەندێک بوایە، بۆ ژنە ئازادەكە یان پیاوە ئازادەكە دەبوون. موڵک و سامانیش بە یەكسانی لە نێوانیان بەش دەكرا.

زینا كردن سزای كوشتنی بۆ ژن و پیاو لەسەر بووە، بەڵام (ئەگەر لەناو چیا پیاوێک لەگەڵ ژنێک بخەوتبا، ئەوە بە تاوانی پیاوەكە دادەنرا و سزای مەرگ دەدرا؛ گوایە ژنەكە لەم چۆڵیە دەستدرێژی كراوەتە سەر و هاواری نەگەیشتۆتە كەس، ئەمە لە حاڵەتێک ئەگەر ژنەكە ڕەزامەندی لەسەر نەبووبێت)[٢٢]. بەڵام ئەگە لە ئاوەدانی ڕوویبدابایە و مێردی ژنەكە بەسەریاندا چووبا، مافی هەبوو یەكسەر هەردووكیان بكوژێت، ئەگەر یەكسەر نەیكوشتبان و نەیویستبا ژنەكەی بمرێت، ئەوە دەبوایە بچێتە كۆشكی مەلیک و بڵێت «ژنەكەم نابێ بمرێت»، بەم شێوەیە مەلیک ژنەكەی ئازاد دەكرد و لە دۆستەكەشی خۆش دەبوو. ئەگەر بیویستبا بمرن، ئەوەند بەس بوو بڵێت «با هەردووكیان بمرن»، ئەو كاتە مەلیک هەردووكیانی لەدارەدەدا. لە هەردوو حاڵەتدا، پیاو مافی تەواوی هەبووە و یاسا بە پێی ڕای ئەو كاری كردووە.

ژن و كچی مەلیک بەهایەكی مەزنیان هەبووە و نەدەبوایە كەس لێیان نزیک بێتەوە یان تەنانەت سەیریشیان بكات. كاتێ لە كۆشک دەردەچوون، دەبوایە ڕێگایان بۆ چۆڵ بكرێت، هەر كەسێ سەیری بكردبان، سزا دەدرا[٢٣].

بە پێی كۆدی هیتی، كچ و كوڕ ڕۆڵی سەرەكیان هەبووە لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیان، بەڵام دایک و باوک مافیان هەبووە بەم هەڵبژاردنە ڕازی نەبن. ئەگەر كوڕێک خوازبێنی كچێكی كردبا و باوكی ڕازی نەبووبا بیداتێ، ئەوە كوڕەكە مافی هەبوو بە كۆمەڵێک پیاو بچێتە سەرماڵیان و كچەكە هەڵگرێت؛ لەم حاڵەتەدا زۆرجار بۆتە شەڕ و خوێنڕشتن، یاسا بەرگری لەو كەسانە نەدەكرد كە لەم نێوانەدا دەكوژران، چونكە بە كاری دەرەوەی یاسا حسێب دەكرا.

لە كاتی شووكردن، بە پێی باری دارایی ماڵی باوكی، كچ جیازی لەگەڵ خۆی دەبرد؛ دوای مردنی ژنەكەی، مێرد مافی هەبوو دەست بەسەر ئەم جیازەدا بگرێ. ئەگەر ژن و

---

٢١. Jenney Dannanville, "Anatolic Hittite", in Histoire mondiale de la femme, op. cit., P. 250.

٢٢. Ibid, P. 251.

٢٣. ژێنیی دانمەنڤیل دەڵێ: جارێک مەلیک «شوپیلولیوما» لە پەنجەرەوە یەكێک دەبینێ سەیری ژن و كچەكانی دەكات، یەكسەر فەرمانی كوشتنی ئەوكەسە دەدات. بڕوانە Ibid, P. 252.

مێرد لەیەکتری جیابوونایەوە، ئەوە سامان و موڵکیان بە یەکسانی لە نێوان خۆیان دابەش دەکرد.

دەربارەی فرەژنی، ژێنیی دەمەنقیل دەڵێ: کۆدی هیتیەکان لەم ڕووەوە هیچ نالێت، بەڵام لە کۆشکی مەلیک فرەژنی پەیڕەو کراوە. مەلیک خاوەنی حەرەم بووە و کەنیزەک و سەماکەر و گۆرانیبێژی هەبووە، جگە لە ژنە ڕەسمیەکانی، مەلیک مافی هەبوو لەگەڵ کەنیزەک و کچەکانی دەربار بخەوێت، بەڵام منداڵی تەنها لە ژنە ڕەسمیەکانی دروست دەکرد، ئەگەر لە یارەکانی منداڵیشی هەبووایە، ئەم منداڵانە مافیان نەبوو جێگای باوکیان بگرنەوە.

ژن بەشداری کاروباری سیاسی کردووە. شاژن «پودوهیپا» ڕۆڵێکی سیاسی و ئایینی و دادوەری زۆری لە ژیانی هیتیەکاندا بینیوە.

جلوبەرگی ژنی هیتی بریتی بووە لە تەنوورەیەکی لۆچداری درێژ و کراسێکی بەسەردا شۆڕکراوەتەوە. پرچیان بە سادەیی داهێناوە، بەکارهێنانی زێڕ بۆ خۆڕازاندنەوە، جگە لە گوارە، باونەبووە لە لایان. ژنی هیتی سەرپۆشی نەپۆشیوە. لە میراتگرتن، ژن و پیاو بە یەکسانی میراتیان وەرگرتووە.

## ٣. ژن لە لای عیلامی و فارس و میدیەکان

کە باسی ئێرانی کۆن دەکەین، یەکسەر بیرمان دەچێتە سەر عیلام کە ئارکیۆلوژەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تا ئێستا کۆمەڵێک دۆکیومەنت و گۆزە و سواڵەتی کۆنیان تیا دۆزیوەتەوە و ڕۆشنایەک دەخەنە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوکات.

عیلام لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە پەیوەندی لەگەڵ میزۆپۆتامیا هەبووە و لە جەنگدا بووە لەگەڵ سۆمەر و بابلی و ئاشوریەکان. زۆرجار عیلامیەکان ژێر کەوتوون و بە میزۆپۆتامیاوە لکێنراون، بەڵام تایبەتمەندی زمانەوانی خۆیان هەردەم پاراستووە.

لە کۆتایی هەزارەی دووەمەوە عیلام بەرگەی دەسەڵاتی سەربازی ئاشوریەکان ناگرێت و دەڕووخێ، بەڵام فارسەکان دوای هاتنیان بۆ ئەم ناوچەیە و خۆ بەهێزکردنیان، عیلام دەگرن و هەر بە ناوی پێشووی خۆی ئاوەدانی دەکەنەوە.

فارسەکان لە هەزارەی یەکەمی پ.ز بە قەفقازدا دێنە ئەو ناوچەیە و بە درێژایی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بەرەو خوارووی ڕۆژهەڵات دەکشێن. ڕووەو ڕۆژئاوا بەرەنگاری عیلام و میزۆپۆتامیا، ڕووە و باکووریش بەرەنگاری ئورارتو «ئارارات، کە چوار سەدە دواتر دەبێت بە مەملەکەتی ئەرمینیا» دەبنەوە. لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتانە، فارسەکان بۆ ماوەی چوار سەدە لە دۆڵەکانی زاگرۆس دەمێننەوە و سیاسەت و شارستانیەتی ئێرانی کە کاریگەری میزۆپۆتامیا و عیلامی لەسەرە دادەمەزرێنن. تا سەدەی حەوتی پ.ز،

فارسەکان بە تەواوی لە پارسوماش، لەسەر زنجیرە چیاکانی بەختیاری نیشتەجێ بوون. لە نیوەی هەزارەی یەکەمی پ.ز، هەخامەنشیەکان ئیمپراتۆری هەخامەنشی دادەمەزرێنن و لە ٥٣٩ داریوش بەسەر بابلیەکاندا زاڵ دەبێ و میزۆپۆتامیا دەخاتە ژێر دەستی خۆی؛ (بیری دەوڵەت و بوونی ئێران بە دەوڵەت، بۆ هەخامەنشیەکان دەگەڕێتەوە).

چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێرانی ئەوکات بریتی بوون لە: میر و چینی نۆبل، چینی خەڵکی ئازاد و خاوەن زەوی و زارو لەگەڵ چینی کۆیلە و هەژاران. (لەم سەردەمەوە سیمای شەڕی داهاتووی چینی هەژار و لادێی دژی چینی نۆبل، خۆی نەخش دەکات)[24]. لەم سەردەمەدا موڵکداری بچوک سەرهەڵدەدات؛ بەکارهێنانی ئاسن لە ئێران گەشە دەکات، بەڵام کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالات پیشەی سەرەکی دانیشتوان بوون

دەربارەی میدیەکان، لە ٨٣٦ ی پ.ز، «سەلمانازار» ی سێیەم، مەلیکی ئاشوریەکان بۆ یەکەم جار باسی میللەتێک دەکات بە ناوی «Madai» (هەر ئەویش بۆ یەکەم جار ناوی فارس دەهێنێ) کە لە باشوری رۆژهەلات، لە ناوچەی هەمەدان نیشتەجێ بوون. (هیچ بەڵگەیەکمان نیە گەیشتنی فارسەکان لە پێش میدیەکان بۆ ئەو ناوچەیە بسەلمێنێ)[25]. میدیەکان دوو بەش بوون، بەڵام لەژێر دەسەڵاتی «فراوەرت» یەکخران و دەسەڵاتیان لە هەمەدانەوە تا رۆژهەڵاتی دەماوەند و لە باشوریشەوە تا سنوری بیابانی ناوەڕاستی ئێران درێژ ببووەوە. دوای ئەم یەکگرتنە، میدیەکان رێکخراوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی مەزنیان پێکهێنا.

(لە سەردەمی عیلامیەکان، یاسا دەگاتە پلەیەکی بەرزی پێشکەوتن، دادوەری لە رێگای حاکم یان لە رێگای دەستەی دادوەرانەوە و بە ئامادەیی شاهێد ئەنجام دەدرا)[26]. مارەبڕین بە ئامادەبوونی خوداوەند و چەند شاهێدێک مۆرکراوە. کچ مافی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی نەبووە، دایک و باوک دەسەڵاتی سەرەکیان لە دەست دابووە. کچ و کوڕ وەکو یەک مافیان لە میراتگرتن و شاهێدیدا هەبووە. لە سەردەمی فارسەکان، (یاساکان زۆر توند و تیژ بوون)[27].

فرەژنی لە لای فارسەکان باوبووە (حەز دەکەم ئەوە بە بیر خوێنەر بهێنمەوە کە کاتی هاتنی فارس و میدیەکان بۆ ئەم ناوچەیە، ئایینی ئیسرائیلی سەریهەڵدابوو، بەڵام لە لای

---

٢٤. Ibid, P. 122.

٢٥. Ibid, P. 86.

٢٦. Clément Huart, l'Iran antiuqe, Elam et Perse et la civilisation iranienne, Paris, Albin Michel, 1952, P. XXVI.

٢٧. Ibid, P. 389.

ئەو میللەتانە ئەناسرا بوو، بۆیە لە بەشی پێش سەرهەڵدانی ئایینە یەکخوداکان باسیان دەکەین)، جگە لە ژنی رەسمی، پیاو یاریشی هەبووە. ژن بەرامبەر بە پیاو ئەرکی گوێڕایەڵی تەواوی لەسەر بووە. کچ لە منداڵیەوە مارەیی دەبڕدرا، بەڵام دواتر دەگوێزرایەوە. ژنخوازی لە نێوان ئەندامانی خێزان «خوشک و برا»، بە پێی ئاڤێستا رێگای پێدراوە و پراکتیک کراوە[28]؛ (کۆمەڵێ نموونەی مێژوویی، پەیڕەوکردنی ئەم یاسایە لە نێوان خوشک و برا پیشان دەدەن)[29].

دەربارەی ژن و ژنخوازی، کلیمەنت هوارت باسی پێنج جۆرە مارەبڕین لە لای فارسەکان دەکات:

١- ئەو ژنەی لەسەر رەزامەندی دایک و باوکی شووی بکردایە، منداڵەکانی بۆ مێردەکەی دەبوون. بەم جۆرە ژنانە دەووترا «پادیزا زن».

٢- ئەو کچەی تاقانە بوایە، دوای شووکردنی دەبوایە یەکەم منداڵی بدات بە دایک و باوکی تا شوێنی چۆڵی کچەکە پڕبکاتەوە.

٣- ئەگەر کوڕێک پێش ژنهێنان بمرێت، دایک و باوکی کچێکیان جیاز دەکرد و لە یەکێکیان مارە دەکرد؛ ئەو منداڵانەی کە دەیانبوو نیوەی دەدران بە دایک و باوکی کوڕە مردووەکە و بە منداڵی ئەو حسێب دەکران. بەم ژنەیان دەووت «ژنی بەخێوکراو».

ئەو بێوەژنەی شووی بکردایەتەوە، پێی دەووترا «چاغە زن»، واتە «ژنی خزمەتکار». ئەگەر ئەم ژنە لە مێردی یەکەمی هیچ منداڵی نەبووبا، ئەوە نیوەی ئەو منداڵانەی لە مێردی دووەم دەیبوو، بە هی مێردی یەکەم دەناسران.

٥- ئەو کچەی بە بێ رەزامەندی دایک و باوکی شووی بکردایە، بە سووکی سەیر دەکرا و پێیان دەووت «خود سرای زن»، ئەم کچە لە میراتی دایک و باوکی بێبەش دەکرا تا کوڕی گەورەی دەگەیشتە تەمەنی باڵغبوون، ئەو کاتە کوڕەکە دایکی پێشکەش بە باوکی دەکرد.

لەم نموونانەوە دەردەکەوێ کە پیاو خاوەنی ژن بووە و دەسەڵاتی رەهای لە دەستدا بووە، تەنانەت کوڕیش ئەم جۆرە دەسەڵاتەی بەسەر دایکیدا هەبووە «نموونەی پێنج».

لە کاتی مارەکردن، مێرد مەبلەغێک پارەی پێشکەش بە باوکی کچەکە دەکرد، ئەگەر ئەم کچە لە داهاتوو منداڵی نەبووبا، ئەوە باوکی کچەکە دەبوایە ئەم پارەیە بۆ مێردەکە بگەڕێنێتەوە. لە دایکبوونی کوڕ زۆر شانازی پێوە کراوە و دایکەکە دیاری زۆری بۆ هاتووە و ئاهەنگی تایبەتی بە بۆنەیەوە گێڕدراوە؛ بەڵام بۆ کچ هیچ شتێکی لەمجۆرە

٢٨. بۆ پاراستنی رەسەنیی دەسەڵاتداران، ئەم یاسایە لە لای خانەوادەی فیرعەونەکانی میسریش پەیڕەو کراوە. لەوانەیە هەر ئەم دوو نموونەیە وایان لە سیمۆن دەبۆڤوار کردبێ لە «سێکسی دووەم» دا بڵێت (ژنخوازی لە نێوان خوشک و برا لە لای زۆربەی میللەتانی رۆژهەڵات باوبووە).

Ibid, P. 394. .٢٩

رووینەداوە.

کوڕ لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە لە دایکی جیا دەبووەوە و لەگەڵ باوکی دەچووە دەرەوە، بەڵام کچ لە ناو ماڵ، لەگەڵ دایکی دەمایەوە تا باوکی مێردێکی بۆ دەدۆزیەوە. منداڵ بەرامبەر بە دایک و باوک ئەرکی گوێڕایەڵی تەواوی لەسەر بووە، ئەگەر نا، ئەوە میراتەکەی دەخرا سەر بەشە میراتی دایکی، بە مەرجێک دایکەکە شایستەی بوایە. ئەگەر پیاوێک کوڕی نەبێ و بمرێ، دەبوایە ژنەکەی شوو بە نزیکترین خزمی مێردەکەی بکاتەوە و ئەو منداڵانەی کە دەیانبوو بە هی مێردە مردووەکە دەناسران. ئەگەر ژنیشی لە پاش بەجێ نەمابایە، ئەوە کچەکەی یان خزمێکی زۆر نزیکی بە شوو دەدرا و منداڵەکانی بە هی کابرای مردوو دەناسران.

بە پێی باوەڕی مەزدایزم، دوای مردنی دایک و باوک، منداڵەکانیان، کچ و کوڕ مافیان هەبوو لە لایەن خێزانێکەوە بەخێوبکرێن: لەم حاڵەتەدا کچەکە نەدەبوایە شوو بکات یا دۆستی هەبێت، کەچی ئەم مەرجانە نەدەسەپێنرانە سەر کوڕەکە. کچ کە شووی دەکرد، لە میراتی باوک بێبەش دەکرا؛ ئەو جیازەی کە لە کاتی شووکردن ماڵی باوکی بۆیان ئامادە دەکرد، جێگای میراتی دەگرتەوە. بەڵام ئەگەر شووی نەکردبا هەقی میرات گرتنی هەبوو.

دەربارەی باری ژن لە لای میدیەکان، پشتمان بەو زانیاریانە بەستووە کە لەم رووەوە سترابۆن لە کتێبی «جوگرافیا» دەیانخاتە روو. بە رای سترابۆن رابواردن پێش شووکردن لە پەرستگاکان بە ناوی ئایینەوە پرکتیک کراوە. خوداوەندی پەرستراو «ئاناهیتا»، خوداوەندی خۆشەویستی و پیت و بەرەکەت بووە؛ بۆ خزمەتکردنی پەرستگای ئاناهیتا باوکان کچی خۆیان پێشکەش بە پەرستگاکان کردووە: (شتێکی سەرسوڕمێنەر نیە کە دەبینین بەگزادەترین خەڵک کچەکانی خۆیان کە هێشتا هەر کیژن، بە پێی مەراسیم پێشکەش بە پەرستگاکان دەکەن)[20]. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لەو پەرستگایانە کۆیلەی نێر و مێ هەن و هەردووکیان بە خزمەتکردن هەڵدەسن. ئەو کچانەی کە لەو پەرستگایانە دەمێننەوە (سامانێکی زۆریان لەبەر دەستە، چونکە سەر بە خێزانی دەوڵەمەندن؛ خۆیان نادەنە دەست ئەو کەسەی بۆ یەکەم جار لێیان نزیک دەبێتەوە، بە لایانەوە باشترە ئەو کەسە خاوەن پایەکی کۆمەڵایەتی هاوتای چینی خۆیان بێت)[21]. هەروەکو لە لای سۆمەریەکان، ئەم کچانە بە چاوێکی سووک سەیر نەدەکران و خاسیەتی پیرۆزییان هەبووە.

لە رووی سیاسیەوە، ژن بەشداری لە کاروباری سیاسی کردووە: نمونەی هەرە دیار و

---

٢٠. Strabon, Géographie, tom. VIII, livre. XI, traduit par François Lasserre, Paris, Société d'édition (Les belles lettres), 1975, P. 132.

٢١. Ibid, P. 132.

بەناوبانگ شاژن «مێدی» یە کە ناوی وولاتەکەش هەر بە ناوی ئەوەوە بووە. بە پێی جوگرافیای سترابۆن، (ئەو کاتانەی مێدی لە جیاتی شا دەهاتە ناو خەڵک، رووی خۆی تا چاوەکانی دادەپۆشی)[٣٢]. گوایە ئەم شێوە جلوبەرگە، هەر بە ناوی مێدی-وە بۆ ناو فارسەکان گواستراوەتەوە: (ئەو رۆبە درێژەی کە ئەمرۆ پێی دەووترێ «رۆبی فارسی»، لە رەسەندا هی میدیەکانە [...] داب و نەریتی میدیەکان، لە لای فارسەکان وەک نیشانەیەکی شەرەف و سیفاتێک بۆ مەزنی شاهانە بەکاردەهێنرا، لە جیاتی ئەوەی بە رووتی بژین یان پۆشاکی سووک بپۆشن، ناچار بوون خۆیان داپۆشن و رۆبی ژنانە لەبەر بکەن)[٣٣].

فرەژنی لە لای میدیەکان باو بووە، بە رای سترابۆن مەلیک مافی نەبووە لە پێنج ژن کەمتری هەبێت، ژن حەزی کردووە و بەلایەوە شەرەف بووە ئەگەر مێردەکەی زۆر ژنی هەبوایە، (ئەگەر لە پێنج ژن کەمتریان هەبێت، شەرم و بەدبەختییە بۆیان)[٣٤].

## ٤. ژن لە میسری کۆن

لە کتێبی «سێکسی دووەم» دا، سیمۆن دوبوڤوار دەربارەی باری ژن لە میسردا دەڵێت: (باری ژن لە میسر لە هەموو شوێنێک باشتر بووە ... ژن هەمان مافی پیاوی هەبووە ... هەمان هێزی دادوەری لەپاڵ بووە)[٣٥]. ئەم بارەی ژنی میسری، بە رای سیمۆن دوبوڤوار پەیوەست بووە بە سیستەمی ئابووری میسری کۆن. سیمۆن دوبوڤوار بە روانینێکی ئەنگلسانە مەسەلەکە لێکدەداتەوە و دەڵێ: (ئەم دەستکەوتە نایابە رێکەوت نیە: بەڵکو لەوەوە دێت کە لە میسری کۆن زەوی و زار تەنها موڵکی مەلیک و چینی بەرزی قەشە و جەنگاوەران بووە... بەهۆی نەبوونی موڵکداریی تایبەت، ژن نرخی مرۆڤی هەبوو)[٣٦]. ئەم وێنەیەی ژنی میسری لەمێژە بۆتە جێگای سەرنجی مێژوونووس و سۆسیۆلۆگەکان. هیرۆدۆت سەری سوڕماوە لەوەی کە لە میسر ژن کاروباری دەرەوە بەڕێوە دەبەن و پیاویش لەماڵەوە دەمێننەوە و خەریکی چنینن. بە رای ئەرستۆ ئەم

---

٣٢. Ibid, P. 117.

٣٣. Ibid, P. 117.

٣٤. Ibid, P. 118.

٣٥. Le deuxième sexe, op. cit., P. 142.

٣٦. Ibid, P, 142.

سەربەستییە ریسوایی بووە. بەڵام ژان ڤێرکووتێ لە «ژن لە میسری کۆندا» دەڵێ: (لێکۆڵینەوە نوێیەکان هەمان وێنەی ژنی میسری پیشان نادەن)[٣٧].

مێژووی میسری فیرعەونی نزیکەی سێ هەزار ساڵی خایاندووە؛ لە ٣٢٠٠ ی پ.ز دەست پێدەکات و لە ٣٣٠ی پ.ز، لەگەڵ داگیرکردنی ئەلیکساندەری مەکەدۆنی کۆتایی پێهاتووە. هەروەکو ژان ڤێرکووتێ دەڵێ، لەم ماوە زۆرەدا گۆڕانی زۆر بەسەر ستاتووی ژندا هاتووە. ماوەی هەشتا ساڵێک دەبێ کە ئارکیۆلۆژ و میسرۆلۆگەکان توانیویانە دۆکیومەنتی دۆزراوەی میسری کۆن شی بکەنەوە. شیکردنەوەی ئەو دۆکیومەنتانە رۆشنایەکی نوێ و زانستییانەی خستۆتە سەر روانین و زانیارییەکانی پێشوو.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بنچینەی ئایینی کە زۆربەی کات بەرزی پیاو بەسەر ژندا دەسەلمێنێ، تیۆلۆژیی «زانستی ئایینی» میسری باوەڕی بەوە هەیە خودا مرۆڤی وەکو یەک و لە هەمان کاتدا دروستکردووە. خوداوەندە مێیەکان لە خوداوەندە نێرەکان بەرزتر بوون، بەڵام ئەمە بەرزی یا نزمی نێر و مێی پیشان نەداوە.

باشترین نموونە کە تێگەیشتن و روانینی میسرییە کۆنەکان بۆ ژن پیشان دەدات، ئەفسانەی ئیسیس» ە. بە هۆی سیفاتە مرۆڤایەتییەکانی، «ئیسیس» بنچینەی ئایینی میسری پێکدەهێنێ. «ئیسیس» ئیمازی ژنێکی وەفادار و دایکێکی دڵسۆز و سامبۆلێکیش بووە بۆ چێژی جەستە.

یەکەم تێکستی ئەدەبی میسری کۆن بریتییە لە «Sagesse» کە رووداوەکانی ئیمپراتۆری نوێ (١٥٧٠-٩٥٠) ی تێدا تۆمار کراوە. ئەم تێکستە برگەکانی لە شێوەی ئایەت داڕێژراون و زانستی مۆرالی (ئەخلاقی) رادەگەیەنێت. (بە پێی هەندێ لە پاشماوەکانی برگەی ١٧١-١٧٣ کە بە تایەکگرتوویی دەستمان کەوتوون، لێپرسراوی کاروباری ناوماڵ پیاو بووە)[٣٨]. برگەی «٢٧٧-٢٨١» گوزارە لە باوەڕ نەبوون بە ژن دەکات و دەڵێ: (ئەگەر دەتەوێ هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەو ماڵە رابگری کە رووی تێدەکەی، چ وەک سەردار، باوک یا هاوڕێیەکی ئاسایی، ئاگاداربە نزیکی ژنان مەکەوە... بە جەستە سەرخۆش دەبیت... ساتێک کە لە خەون دەچێت لەوانەیە بەرەو مەرگت ببات)[٣٩].

بە رای ژان ڤێرکووتێ ئەم برگەیە ئەوەمان پێدەڵێ کە شوێنی ژن ناو ماڵ بووە و سەربەستی ژن بەو شێوەیە نەبووە کە زۆر لە مێژوونووسانی کۆن تێیگەیشتبوون.

فرەژنی بە شێوەیەکی یاسایی باو نەبووە، تەنها فیرعەون، جگە لە یار، مافی هەبووە دوو سێ ژن مارەبکات. بەڵام وەکو زۆربەی میللەتانی رۆژهەڵاتی کۆن، پیاوی چینی

٣٧. Jean Vercoutter, "La femme en Egypte ancienne", in Histoire mondiale de la femme, vol. I, op. cit., P. 64.

٣٨. Ibid, P. 78.

٣٩. Ibid, P. 78.

باڵا بەهۆی دەسەڵاتی دارایییەوە كۆمەڵێ كەنیزەك و كۆیلەی هەبووە و مافی هەبووە لەگەڵیان بخەوێت. برگەی ٤٥٦-٤٥٩ دەڵێ: (فمت همولْ مەدە لەگەلْ كچێكی منداڵ بخەویت)، كەواتە تەمەنێكی دیاریكراو بۆ شووكردن و پركتیكی سێكسی دانراوە، بەڵام بە تەواوی نەزانراوە چ تەمەنێك؛ لە هەندێك دۆكیۆمەنت باسی تەمەنی پانزە ساڵی بۆ پیاو كراوە و كچیش پێش دوانزە ساڵی مارەی براوە، بەڵام ماوەی چاوەڕوانكردن و دەستگیرانیش هەبووە.

سێكس لە لای میسریە كۆنەكان تابو بووە، زینا كردن بۆ ژن و پیاو سزای لەسەر بووە. باوك سەرپشك بووە لە دۆزینەوەی مێرد بۆ كچەكەی، مەبلەغێك پارەی لە جیاتی كچەكەی لە كوڕەكە وەرگرتووە و كچەكەی پێشكەش كردووە. مێرد كۆمەڵێ ئەركی لەسەر بووە بەرامبەر بە ژنەكەی، ژنیش دەبوایە گوێڕایەڵی مێرد بێت و لە ماڵەوە خزمەتی بكات. لە برگەی ٣٢٨-٣٣٨ دا سەنگینی و ژیریی پیاو بەوە دیاریكراوە كە خواردن و پۆشاك بۆ ژنەكەی برەخسێنێ، هەروەها لە باسی دەسەڵات خستنە سەر ژن دەڵێت: (ئەگەر دەسەڵاتی بخەیە سەر، وەكو ئاو نەرم دەبێت). هەندێ جار لە بازاڕە گشتییەكاندا ژن فرۆشیاریی كردووە؛ لە لای هەموو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی كۆن، ژن مامانی و دایەنی كردووە و كرێی خۆی وەرگرتووە، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی ژن خەریكی كاروباری ناو ماڵ بووە و پیاویش دابینكەری ئابووری خێزان بووە.. ژن مافی نەبووە پیاو تەڵاق بدات و ئەم كردەیە پەیوەست بووە بە خواستی پیاو.

لە كۆشكی فیرعەون ڕۆڵی كۆمەڵایەتی ژن دیارتر و گرنگتر بووە لە ڕۆڵی ژنی گشتیی. ژان ڤێركووتێ لەو باوەڕەدایە كە لەبەرئەوەی گۆڕی ژن و كچەكانی فیرعەون وەكو گۆڕی فیرعەون و كوڕەكانی بووە و هەموویان هەرەمی تایبەتیان بۆ دروست كراوە و قوربانیان وەكو یەك پێشكەش كراوە، جیاوازی لە نێوان نێر و مێدا نەكراوە. بەڵام دەسەڵاتدار و قەشە و جەنگاوەر هەردەم پیاو بوون. لە ناو خانەوادەی فیرعەونەكان، ژنخوازی لە نێوان ئەندامانی خێزان كراوە، ئەمەش بە پلەی یەكەم بۆ پاراستنی پایە و خوێنپاكی دەسەڵاتداران بووە و لە دەرەوەی كۆشك، واتە لەناو خەڵك ئەم یاسایە یاساغ بووە.

لە ڕووی پۆشاكەوە، ژنی میسری چارۆگە و سەرپۆشی نەپۆشیوە؛ كراسێكی درێژی قۆڵدار یان بێقۆڵی پۆشیوە و زۆربەی كات سنگی لە ژێرەوە دیار بووە.

# بەسە چیتر نکوڵی لە جیاوازی مەکە!

ئەنیکا دوپینگ
سەلاح ڕێبوار لە سویدی وەریگێڕاوە

لە ماوەی کارکردنم لە کەناڵی ٤ی تەلەفزیۆن بۆ پرۆگرامی ( سۆپەرمان و گوڵەباخی کێوی)* سەبارەت بە پیاوانە و ژنانە قسەم *STALMANNEN OCH TORNROSA لەگەڵ زۆر خێزاندا کرد، سەخڵەتکردن، لەیەکحاڵی نەبوون دەبنە هۆی ناکۆکی و دەمەقاڵێ.

بەداخەوە ئەو ناکۆکییەش بە تەنیا بە دەورەی یەک مەسەلەدا دەسوورێنەوە. ئەویش ئەوەیە ئێمە هەرگیز فێری ئەوە نەبووین کە لە هەندێ جیاوازی رەگەز تێبگەین. راستییەکەشی دووان سەبارەت بەو جیاوازییانە نەگونجاو بووە.

کەس لە ژێر زەبری ترسدا بە ئێمەی نەگوتووە زەوی پانە، یان ئەوە لەقلەقە لەگەڵ منداڵان دێ. یان ئەوە شتێکی میرات نییە. بەڵکو دەورویەرە کە ئێمە دەکاتە دوو رەگەزی جیاواز و بووەتە رەوای سەردەم. ئێمە زۆرین کە هەمیشە دەممان کردۆتەوە و دنەمانداوە و ئازارمان لەسەر هەر وەڵامێکی پێچەوانەی ئەوانە کێشاوە. لەمەویەر ئەو جیاوازییانە بە مانای نایەکسانی لێکدراوەتەوە و خواش ئەو جیاوازییەی دروست کردووە.

دووان سەبارەت بە جیاوازییەکانی رەگەز قەدەغە بووە، چەندە نەزانی ئازاری لەگەڵ خۆیدا هێناوە، ئەوەندەش لە یەکحاڵی بوون و رێزگرتن لە جیاوازییەکانی رەگەز هێمنی و خۆشی بۆ ژیانی هاوسەری هێناوە، بەرەنگاری کولتور نەتەوەکان، ئاینەکان یا رەگەزەکان دەگرێتەوە.

بەڵام تەنیا ئەوەندە بەس نییە. ئەو لەیەکچوونە کە ماوەی چەندین ساڵە لە سوید خۆی لە خاڵی هەرە بەرزی داوە. هەرگیز بە مانای تەواوی یەکسانی ماف لە نێوان رەگەزەکاندا نەبووە، بەڵکو پیاوی کردۆتە شتێکی ئاسایی و پەیوەندی گشت شتەکان : خاوەن کاری تەواو، رەفتاری پیاوانە و نەخۆشی پیاوانە.

ئەمەش ژنانی لەگەڵ خۆیدا رەکێش کردووە، بۆ ئەوەی نرخیان بگاتە هی پیاو، ئەو بیرۆکەش لە پرۆسێسی یۆنانییەوە هاتووە. کە تەواوی میوانانی شەوی ناچار کردووە لەگەڵ قەوارەی تەختی خەوی بگونجێن، بۆ لێگەراین وای لێ بێ؟ بۆ ئێمە نایەکسانیمان بە یەکسانی گۆڕییەوە؟ بۆچی وا هەست دەکەین کە دەسکاری نارنجۆکێکی نادڵنیا دەکەین، لە سویدی ووشەی ئازادی ١٩٩٤ دا؟

لە گشت گیانلەبەرە بڕبڕەدارەکاندا جیاوازی رەگەز هەیە. هەندێ رەفتار لای ژنان

ئاسایی ترە، هەندێکی تریش لای پیاوان. گشت ئەوانە بۆ بەردەوامی هەلومەرجی ژیان دروستبوون کە تا دەکرێ گونجاوتر بێ. بۆچی ئەوە شتێکی ترسناک بێ؟

بێگومان زور لێبواردن (إستثناء) هەیە، زۆر جیاوازی گەورەش لە نێوان رەگەزەکاندا هەیە، ژن هەیە لە پیاوان پیوانەترە...و هتد، بەلأم ئەوە بەر لە راستی ناگرێ. جیاوازییەکانی رەگەز ئەوەندە گەورەن کە بە راستی خیانەتە ئەگەر تکۆلێیان لێ بکرێ، نکولییەک کە نرخەکەی هەست و سۆزە، هاوسەرییە، خۆشی ژیانە.

بەگشتی ژن و پیاو جیاوازن، هەندێک بەشی مێشک لە یەک جیاوازن، پێگەیین و کارکردنی مێشک لە هەردوو رەگەزەکەدا وەکوو یەکە، ئەمەش کاریگەری قوتابخانەیە، کە کار دەکاتە سەر ژیان، بەلأم قەدەغە بووە قسەی لە بارەوە بکرێ.

رێگە بدە با سێ نموونەی گونجاو بێنمەوە :

١- نموونەیەکی سادە بێنینەوە. سەدان هەزار هاوسەر لە ناو ئوتۆمبێل یان بەلەم دەمەقاڵێیان دەبێ.

مێشکی پیاو لە بیرکردنەوەدا باشترە، واتە زۆر جار نەخشەی ئاراستەی دەریا لە ناو مێشکی دا هەلاوگێڕ دەکا و پێویستی بە سەیرکردنی نەخشە نییە و بە دروستی کەشتی رانی دەکا. لە بەرامبەر ئەوەدا ژن زیرەکی زیاتر لە خوێندنەوە دایە تا بیرکردنەوە، ئەو پێویستی بە یارمەتی هەیە بۆ کەشتی رانی دەبێ نەخشە بە دروستی سەراوگێڕ بکا. ئەمە مانای وا نییە کە ژن دەبەنگە. یا گیروگرفت بو پیاو دروست دەکا، بەڵکوو دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ژن، شێوەی زیرەکی ئەو هەندێ لەگەڵ هی پیاو جیاوازە.

٢- یان بگرە شێوەی جیاوازمان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفت.

باشترین شێوە بۆ ژنان ئەوەیە، قسە بکەن،قسە بکەن، قسە بکەن. لە بابەت گیروگرفتی خۆیان و هی خەڵکی تر، یا ئەو گیروگرفتانەی کە دێن، ئەمە سەنگینی گیروگرفتەکەی بۆ سووکتر دەکا. بۆ ژن تەنیا یەکێک هەبێ گوێی لێ بگرێ و هاو هەستی بێ بەسە بۆ هێزی بەردەوامی لە رۆژبەرێکردندا. بەبێ چارەسەری پێویست.

بەلأم پیاو بۆ قسەی ژنان سەبارەت بە گیروگرفت زۆر جار دوو شێوە کاردانەوەی هەیە، یەکەم دەسبەجێ پشێوییەکەی پەنا دەدا و (ئەوەش تەنیا باوەڕ بە خۆی دێنێ). (کچێ، گوێ مەدەیە هەرچی دەڵێن با بڵێن)، (دە لێگەرێ خۆ جیهان تەروخاوە). شتێ کە ژن هەست بە کەمی دەکا، یا لە رێزی دابەزێندراوە. دووەم کاردانەوەش پیاوەکە دەسبەجێ دەست دەداتە بەر خۆی و بە دوای چارەسەری گیروگرفتەکەدا دەگەرێ.

هەردوو کاردانەوەکە، شێوەی پیاوانەن لە چارەسەرکردنی گیروگرفت، بەلأم ئەوەی ژنە پێویستی بوو تەنیا یەکێک گوێی لێ بگرێ و واپیشان بدا کە حاڵییە و بە راستی سەختە و بەبێ پەنادانی پشێوی یان چارەسەرکردنی دەسبەجێ، ئەگەر نا بە ئاسانی دڵیان لە یەکتری دێشێ.

٣- نموونەی سێیەم، سەبارەت بە شێوەی جیاوازمان لە بەرێوەبردندا. پیاو دەسبەجێ

پیرامیدەکانی بەڕێوەبردن ڕێک دەخا و دەسەلاتی لە سەرەوە بۆ خوارەوەش پەسەند دەکا کە فەرماندەرە و دەبێ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بکرێ. هەرچی ژنە زیاتر بیر لە شێوەکانی پراکتیکی تۆڕی کارکردنی بەڕێوەبەرایەتی دەکاتەوە.

لە تاقیکردنەوەیەکدا بۆ پەروەردەکردنی بەڕێوەبەرایەتی ژن و پیاو سەرئەنجامەکەی بەم شێوەیە بوو، قوتابییەک لە پڕ دێتە ژووری دەرس و بە هاوبەشانی دەورەکە ڕادەگەیەنێ کە بەیانی ژەمەکانی نانخواردن لە کاتی جیاوازدا دەبێ، ژەمی نیوەڕۆ کاتژمێری ۱۱.۳۰ و ئێوارە ۱۷.٤٥ و بەبێ وەستان دەڕواتە دەرەوە، مامۆستای دەرس بە هاوبەشەکانی دەورەکە ڕادەگەیەنێ کە هەر کەس لە لای خۆی بەبێ بیرکردنەوە پرسیارێک سەبارەت بەو گۆڕانکارییە یاداشت بکا.

پرسیاری ۷ لە ۹ پیاوەکانی تر ئەوەبوو (کێ ئەو بڕیارەی داوە) و ۷ لە ۱۰ی ژنانیش (لەبەرچی گۆڕدراوە).

پیاوان دەیانەوێ بزانن ئایا ئەو ترخە هەیە کە گوێڕایەڵی فرمان بێ، ژنانیش بە دوای ئەوەوەن کە ئایا ئەو گۆڕانە شتێکی پراکتیکییە. بۆ حاڵی بوون لەو جیاوازییە ڕەگەزییانەی کە لە ژیانی هاوبەشیماندا هەن، هەر ڕۆژە لە ژوورەکانی پشوودان و شوێنە گشتییەکان گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ، بەڵام لە گفتوگۆ ڕەسمییەکان گۆزە بە دەرخۆنە کراون.

ئەگەر یەکێک جورئەت بداتە بەر خۆی و بڵێ مرۆڤ کتومت وێنەی خوا نییە، بەڵکو گیانلەبەرێکی بڕبڕدارە و هەندێ ئاکاری گیانلەبەری هەر تیایە، ئەوە بە لای کەمی بە کافر لە قەڵەم دەدرێ.

با سەیرێکی (سەربستان) بکەین کە هەوڵی سەرەتایی ترین نامرۆڤایەتی پیشان دا کە چۆن مرۆڤ بەرگری لە ئاقاری خۆی دەکا. با سەیری منداڵێکی ساوا بکەین کە هەر لەگەڵ لەدیکبوونیدا بە دوای گۆپکەی مەمکدا دەگەڕێ، با سەیری مرۆڤێکی تەنگەتاو بکەین لە دایرەدا، کە هەمان تەنگەتاوی باپیرانمان پیشان دەدا کە لە دەست قەپاڵی بە هەڵمەتی پڵنگ ڕایاندەکرد.

لە زۆربەی ڕەفتارماندا ئێمە لە گیانلەبەر بەرزترین و لە هەر بەراوردێک دەسڵەمینەوە (بیۆلۆژی شتێکی خراپ و لە نرخ دابەزینە) بەتایبەتی دەربارەی ژیانمان ئەو هاوکێشەیە دووپاتە دەکاتەوە، کە ئێمە سیاسی و ئایدۆلۆژی ڕاستین و دەتوانین گەرەنتی کۆمەڵێکی ئایدیاڵ بدەین، کە دەوروبەر بەتەواوی ئەو میراتە ڕەش دەکاتەوە. هەڵبەتە نکولی لەوە ناکرێ کە دەوروبەر کاریگەرییەکی زۆر و لە بن نەهاتووی لە سەرمان هەیە، ئێمە درێژترین تەمەنی منداڵی گیانلەبەرە بڕبڕەدارەکانمان هەیە و چەندین ڕێبازی کاریگەریشمان هەیە کە بتوانێ ڕەفتارەکانمان دیاری بکا و بیکاتە مرۆڤایەتی.

ڕەنگە ئێستا کاتی ئەوە هاتبێ کە بە شێوەی ڕەسمی بناخەی بایۆلۆژی جیاوازییەکانی ڕەگەز دیاری بکرێ. کە کار دەکەنە سەر ژیانمان بۆ ئەوەش پێویست بەوە ناکا بیسەلمێنین کە هەموومان یەک ڕەگەزین بۆ گەیشتن بە دادپەروەری.

ئەگەر چاومان لە دیاردە تایبەتییەکانی ژن نوقاند، ئەوە چاوپۆشی لە چەوسانەوەیەک دەکەین کە سەختربێ لەو چەوساندنەوەیەی کە لە لایەن پیاوانەوە دەکرێ.( بە ڕەچاوکردنی هێشتا لیکۆڵینەوەی نەخۆشییەکانی ژن، بە هەڵە لەگەڵ ژن ڕەفتار کردن، بە سەختی لێحاڵی بوون و ژان و دڵتەنگی). ئێمە زۆر چاوپۆشیمان لەو کولتوورەی دوژمنی ژنان کردووە، بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان ژنمان کردۆتە خزمەتێکی گەورە.

ئەوەش تەنیا ژنانی نەگرتۆتەوە، ئێمەش زۆر جار تانە و توانجمان لە پیاوان گرتووە و گاڵتەمان بە زۆر ڕەفتاریان کردووە، بۆ نموونە شێوەی پیاوانە کە هەر جارەی لە خاڵێکی دیاریکراو ورد دەبنەوە، یا پشوو درێژییان لە خۆ خەریککردن بە زانیاری لابەلاو سەخڵەتکەرەوە. ئێمەی ژن بە زۆری ئەمە بە نەزانی و ترسناکی و هەست بە لێپرسینەوە نەکردن دادەنێین. بەڵام ئەوە لە بنچینەدا پەیوەندی بە قووڵی جیاوازی ڕەگەزەوە هەیە لە مێشکدا و لە هەمان کاتدا مەبەست و چەژلێوەرگرتنی پیاوانەیە کە یەکتری تەواو دەکەن.

بیر لە زۆر ژن و مێرد بکەوە کە هەموو تەقەلایان بۆ داپۆشین و چاودێری جیاوازییەکانی یەکترییە، کەچی هەرگیز لە ڕوانگەی لە یەکحاڵی بوونەوە یەکتریان تەواو نەکردووە و زۆر جار ناکۆکی نابەجێ هاتۆتە پێش.

من وەکو دۆستێکی دەوروبەر قەت مرۆڤ بێجگە لە بەشێکی سروشت بەشتێکی تر نابینم، زیرەک و هوشیار، بەڵام نەک شتێکی ئاسمانی، وەک شتێکی تەزویرنەکراو جورئەتی لیکۆڵینەوەی بدەین، پشتیوانی شتە ئاڵۆزەکان بکە و هانیان بدە (هەست لە خۆت ڕابگرە) هەروەکو یۆنانییەکان وەکو ئەرکی ژیان پێشنیازیان کرد، باشە چی لەوە قازانج دەکەین؟

یەکەم ڕەنگە پێش ئەوەی جیاوازییەکان بەدی بکەین و بە ڕاستی لێشیان تێبگەین و بیانگۆڕین، دەبێ بزانین کە ئێمە تەنیا نین، ئێمە ئاساین و حەشاماتی خەڵکی هەمان گیروگرفتیان هەیە. هەوڵ بدەین بزانین کامە تایبەتە بە ڕەگەزی ئێمە و ڕەگەزی هاوسەرەکەمان، بێ ئەوەی خۆمان بە تاوانبار بزانین، ئەوەش تەنیا دەبێتە هۆی حەسانەوە ، ئەو کاتەی ئێمە ئەو گیروگرفتە وەک مەسەلەی تاکە کەسی وەرناگرین و تێدەگەین کە ئەوە جیاوازی ڕەگەزە و بەشێوەی جیاواز کار دەکەن، بەمە زۆرمان قازانج کرد. ئەوەش تەنیا پێویستی بە جورئەت هەیە، بۆ وەدەسهێنانی زانیاری نوێ، بەبێ ئەوەی هەڵیسەنگێنێ یا تاوانباری بکەی.

---

ئەنیکا دۆپینگ Annika Dopping ژنە ڕۆژنامەنووسێکی سویدییە. لە کەناڵی چواری تەلەفزیۆن کار دەکا و تایبەتە بە مەسەلەی ژن. لە ڕۆژی ۱۹۹٤/٤/۱۳ دا بەرنامەی (سوپەرمان و گوڵبانی کێوی) پێشکەش کرد. ئەم وتارە دەربارەی هەمان مەسەلەیە کە لە ڕۆژنامەی داگێنس نیهێتەر Dagens Nyheter ی ڕۆژی ۱۹۹٤/٤/۱٤ دا لە لاپەڕە A4 بلاوبۆتەوە.

# تەسلیمە نەسرین : تیشکێک لە تونێلی ستەمدا

نووسین و ئامادەکردنی : رێواس ئەحمەد



ئەو بوو بە سونبولێکی تری ژان و گۆڕانی خەزان، ناڵەی کچێکی تازە لەدایکبووە گۆمە خەوتووەکانی شڵەقاند، هەر بۆیە زوو رایانگەیاند، دەبێ ئەو دەنگە بخنکێ. لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا دەربڕینی دیدوبۆچوونی جیاواز و ناکۆک لە دیدی باو و رەسمی قەدەغەیە و ئەوەی بە لای تاریکپەرستانەوە گرنگە هەر دەنگێ خۆی لە قەرەی ئاین و کێشەی ئافرەت بدا دەبێ کپ بکرێتەوە، ئەمجارەیان دەنگی کچە نووسەری بەنگلادیشی تەسلیمە نەسرین بوو، گۆرانییەکەشی وێژدانی زیندووی لە ناو ئازاردا خنکاو بوو، ئەو دەنگ و گۆرانییە بوون بە ناونیشان و مانشێتی لاپەڕە سەرەکییەکانی دەیان رۆژنامە و گۆڤاری ئەم دنیایە و باری سیاسی بەنگلادیشی هەژاند.

ئەم نووسەرە تەمەنی (٣٢)ساڵە، کچی خێزانێکی رادیکاڵە، کۆلێژی پزیشکی تەواو کردووە. چەند ساڵێکە وەک دوکتۆری ژنان کار دەکا : « کاتێ بووم بە پزیشک و کارم کرد، پەیوەندیم لەگەڵ خەڵکێکی هەمەجۆرە و لە هەموو چین و توێژێکی جیاوازی کۆمەڵ

پەیدا کرد. ئیتر کەوتمە ناو ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکەوە، بەتەواوی هەستم بە نادادپەروەری و جیاوازیگەری لە کۆمەڵدا کرد، ئیتر بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ کارێک بکەم. تەنیا رێگەیەک بە بیرمدا هات ئەوە بوو دەست بۆ قەڵەمەکەم بەرم ...» (١)

ئەمە بوو وای لەم نووسەرە گەنجە کرد بنووسێ، دیارە ووشەکانیشی لە ناخی ئەو ئازار و دەردە سەریانەوە هەڵدەقوڵێن. نەخۆشەکانی هەموویان ژنن، ژنێ دەچێتە لای چونکە منداڵی نابێ و مێردەکەی هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکا ژنی بەسەر بهێنێ، یەکێ کوڕی نابێ و ئەوی تریان شەلاڵی خوێن کراوە و منداڵی لە بارچووە ... هتد.

گیڤارای پزیشک کاتێ بۆی دەرکەوت ئەو ستەم و برسێتی و زۆردارییەی لە کۆمەڵدا هەیە، بە شرینقە و دەرمان چارەسەر ناکرێن، مانیڤێستە بەناوبانگەکەی راگەیاند! « لە هەر کوێدا ستەم هەبێ ئەوێ نیشتمانی منە » و تفەنگەکەی کردە شان و رووی کردە چرە دارستانەکانی بۆلیڤیا.

تەسلیمە نەسرینی پزیشکیش بە هەمان قەناعەتەکەی گیڤارا گەیشت. بەڵام ئەم نە واز لە پیشەکەی دێنێ و نە تفەنگ هەڵدەگرێ و نە دەڕواتە شاخ و چرە دارستانەکان. ئەم دەست بۆ قەڵەم دەبا و یەکەم فیشەکی گڕدار لە شەوەزەنگی ناو تونێلەکەدا بەڕێ دەکا.

لە سەرەتادا بە شیعر دەستی پێ کرد و ئەمجار وتار و لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەو دەرد و ستەمەی ئافرەتانی وولاتەکەی بە دەستییەوە دەناڵێنن، ئەزمونی پزیشکایەتی و ترس و گومان و فرمێسکی ژنانی وولاتەکەی دەبنە مووروی ملوانکەی بیری.

رادەی چەوساندنەوە و بێ مافی ئافرەت وای لێ کرد لە هیچ بەرهەمێکیدا ئەو بابەتەی لە یاد نەچێ، هەر بۆیە بیروباوەڕ و رەووتی نووسینەکانی دوژمنانی زۆریان بۆ پەیدا کرد، ژیانی ئەم سێ ساڵەی دوایی نووسەر پڕ لە نیگەرانی و مەترسی بوو. فوندامینتالیستەکان دژی وەستان و بۆ بێدەنگکردنی هێز و هەڕەشە و شمشێری فەتوا و مل پەڕاندنیان بەکار هێنا : « من دەزانم بۆچ فوندامینتالیستەکان دەیانەوێ بێدەنگم بکەن، لەبەر ئەوەی دەمەوێ ژنان وەک ئەندامێکی ئازاد و یەکسان سەیری خۆیان بکەن، من دەمەوێ لۆژیک و زانست رێ پیشاندەری ژیانی مرۆڤایەتی بن نەک خورافەت و پڕوپوچی و نەزانین » (٢)

ئەو نووسینەکانی بۆ هوشیارکردنەوە و هەژاندنی ئافرەت بەکار دەهێنێ و دەیەوێ ئافرەتان لەو خەوە قورسە بێدار کاتەوە و هەست بەو راستییە بکەن کە ئەوانیش مرۆڤن. لە بانگەوازێکدا بۆ ئافرەتان دەڵێ : « ئاینەکەی خۆیان لەسەر هێرۆشەلیم و هیمالایە و چیای هیرا نووسیوەتەوە، رایانگەیاند ئاینەکەیان پیرۆزە، هەر بە ناوی باوەڕە پیرۆزەکەیانەوە بە زنجیر لێیان دایت، لە چێشتخانەدا جێگەیان بۆ دانایت، لە توێندا دەسدرێژییان کردە سەرت، هەر کاتێکیش پێیانخۆش بێ و لێت بێزار بن دەرت دەکەن، ئەوانە ئینسانی نین، ئەوانە پیاون...

ئەی ئافرەت بژی، پڕ سییەکانت هەوای ساف هەڵمژە، ئاسمان هی تۆیە، ئەستێرەکان، گەڵای دار، رووبار و دارستانەکان، هەور و ئاو و با، زەوی و گیا، گوڵ و باڵندەکان ..

دەریا .. ئەمانە هەموو هی تۆن .. ئەوانەپیاون، ئەوانە بۆ تۆ هیچ ناگەیەنن، ئەوانە هەڵت دەلوشن، پارچە پارچەت دەکەن، دەتکەن بە خۆڵەمێش، ئەوانە ئینسانی نین، ئەوانە پیاون... من زۆرم بینیووە، من سەرگەردانی ژیانێکی پڕ مانا و دەوڵەمەندم، ئەمڕۆش شانازی بەوەوە دەکەم کە ژنم و من ژنم و هەموو دڵۆپە خوێنێکم پاکە، هەموو کونیلەیەکی گیانم پیرۆزە...

خۆت ئازاد بکە، زنجیری دەستەکانت بپچڕێنە، دەستەکانت هی خۆتن. بەپێیەکانت بە ڕێگادا ڕا بکە، پێیەکانت هی خۆتن، بە دەنگی بەرز پێبکەنە، لێو و رووت هی خۆتن، واقیع بە چاوی خۆت ببینە، چاوەکانت هی خۆتن، خۆت خاوەنی بوونی خۆتی، خۆت خاوەنی خۆتی ... » (٣)

نووسەر پانزە بەرهەمی چاپکراوی هەیە، یەکەم بەرهەمی کۆمەڵە هۆنراوەیەک بوو کە لە ساڵی (١٩٨٦) دا بڵاو کرایەوە. دوا بەرهەمیشی کورتە رۆمانی شورەیی ( Lajja ) یە کە بە حەوت رۆژ نووسیویەتی. لە شوباتی ١٩٩٣ دا بڵاو کراوەتەوە و پێش ئەوەی لەلایەن رژێمەوە قەدەغە بکرێ ( ٦٠) هەزار دانەی لێ فرۆشراوە.

شورەیی باسی خێزانێکی هیندۆسی دەکا لە بەنگەلادیش، رووداوەکان لە پاش هێرشی هیندۆسەکان بۆ سەر مزگەوتی ئاودهیا لە هیندستان لە کۆتایی ١٩٩٢ دا دەست پێ دەکا. شوێنی رووداوەکان بەنگەلادیشە و باسی خێزانێک دەکا باوکەکەیان دوکتۆرێکی پیرە و کوڕەکەیان « سورانجیان » لاوێکی بەرەڵایە و زۆربەی هاوڕێکانیشی موسوڵمانن. کچەکەشیان « مایا » رۆژێک لە کاتی چوونە دەرەوەدا لەلایەن گروپێکی موسوڵمانەوە دەفرێندرێ. رۆمانەکە باسی ئەوە دەکا چۆن موسوڵمانەکان هێرشیان بردۆتە سەر هیندۆسەکان کە کەمایەتییەکی ئاینین لە بەنگەلادیش، چۆن ماڵیان تاڵان دەکەن و دەیان سوتێنن و ژنیان دەفرێنن و کەرامەتیان پێشێل دەکەن.

پاش بڵاوبوونەوەی ئەم رۆمانە، بەو تۆمەتەی کە هەستی موسوڵمانەکانی بریندار کردووە، موسوڵمانە کەللە وشکەکان هێرشێکی رێکخراو و سەرتاسەری دەکەنە سەر تەسلیمە نەسرین و فەتوای کوشتنی دەدەن.

لە کۆتایی بەهاری ئەم ساڵیشدا رۆژنامەیەکی هیندی گفتوگۆیەک لەگەڵ نووسەردا ساز دەکا لە وێدا دەڵێ : پێویستە شەریعەت و یاساکانی ئیسلام بە جۆرێکی وا بگۆردرێ هاومافێتی پیاو و ژنی تیا جێ بکرێتەوە. بەڵام ئەم گوتەیەی تەسلیمە نەسرین بە شێوەیەکی تر لە رۆژنامەکەدا بڵاو کراوەتەوە و گوایە ئەو داوای ئەوەی کردووە قورئان بگۆردرێ. گەرچی بۆ رۆژی پاشتر نووسەر ئەم دەستاپاکییەی رۆژنامەنووسەکە رەت دەکاتەوە، بەڵام بێکەڵک دەبێ.

ئیتر ئەمە ئەو بەنزینە بوو کە فونداميتاليستەکان پەرۆشی بوون بۆ خۆشترکردنی ئاگری فەتوا و مل پەڕاندنی تەسلیمە نەسرین. ئەوان لە سەرتاپای بەنگەلادیشدا کەوتنە خۆپیشاندان و فەتوادەرکردن بۆ کوشتنی، ئەمە جگە لەوەی چەند گروپێک بۆ سۆراخکردن و دۆزینەوەی پێک هێنرا. هەروەها یەکێ لەو حزبە ئیسلامییانەی لە رژێمدا بەشدارن فشاری

خستە سەر حکومەت تا بڕیاری گرتن و مەحکەمەکردنی بدرێ. ئەوەشیان کرد بە مەرج گەر ئەم بڕیارە ڕانەگەیەندرێ ئەوا حیزب و گرووپە فوندامینتالیستەکان هەڵدەکوتنە سەر حکومەت. هەر بۆیە لە ١٩٩٤/٦/٤ دا بڕیاری گرتنی تەسلیمە نەسرین دەدەن و هەزاران پۆلیس کەوتنە گەڕان بۆ دۆزینەوە و دادگاکردنی. نووسەر ناچار دەبێ خۆی بشارێتەوە. ئەم خۆشاردنەوە و خۆپاراستنە بوو بە خەونێکی ترسناک و لە دوو مانگ زیاتری کێشا، ئەم کچە نووسەرەی لە جاران شێلگیرتر کرد لەوەی کە هەموو کەسێ، چجای نووسەر و هونەرمەند و خاوەن را بێ، دەبێ ئازادانە بتوانێ بۆچوونی تایبەتی خۆی سەبارەت هەرچ کێشەیەکی کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتی و ... هتد دەرببڕی.

تەسلیمە نەسرین لە نامەیەکیدا بۆ یانەی ( PEN )* سویدی دەنووسێ : « ڕێگە نادەم بێدەنگ بکرێم، لە هەموو شوێنێکدا شایەتی ئەوەم کە چۆن بە ناوی دادپەروەری ئاینەوە ئافرەت دەچەوسێندرێتەوە و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. ئایا ئەوە ئەرکی ئەخلاقی من نییە کە نارەزایی دەرببڕم و دژی بوەستم ؟ زۆر پیاو دەیانەوێ ژنەکانیان داخراو و نەخوێندەوار و لە چێشتخانەدا بن و پێیەکانیان بە زنجیر بەسترابێتەوە.

لە وولاتەکەی مندا ( ٦٠ ) ملیۆن ئافرەت هەیە، تەنانەت کەمتر لە ١٥٪یان خوێندەوارن، چۆن بەنگەلادیش دەتوانێ ببێتە وولاتێکی مۆدێرن و شارستانی و خاوەن پێگەی شیاو لە جیهاندا، لە کاتێکدا کە هێزی کۆنەپەرستی زاڵە بەسەر نیوەی دانیشتووانی وولاتەکەمدا.

ئەو مەلایانەی کە دەیانەوێ من بکوژن، هەموو هەنگاوێک بەرەو پێشکەوتنی کۆمەڵ لە ناو دەبەن. من بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە وولاتە جوانەکەم لەوان بپارێزم، من داوا لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاوبیرمن یارمەتیم بدەن تا داکۆکی لە مافەکانی خۆم بکەم. پشگیریمان بکەن تا بەنگەلادیش ڕزگار بکەین. » ( ٤ )

تەسلیمە نەسرین خۆشاردنەوەکەشی دەکاتە سەنگەرێکی تر بۆ دەستەبەرکردنی کات و وەختێکی زیاتر، تا بتوانێ پتر سۆز و پشتیوانی کۆڕ و کۆمەڵ و کەسانی مرۆڤپەروەر و ئازادیخواز و دیموکراتی ناو وولاتەکەی و جیهان دابین بکا و بۆیان ئاشکرا بکا چۆن فوندامینتالیستەکان مافی ژیانیان لێی زەوت کردووە و هەر ڕۆژێ لە سوچێکی بەنگەلادیشدا خۆپیشاندان و ڤیستیڤالی ڕەواکردنی لە قەنارەدانی ئەو ڕێک دەخەن. تەنیا لە ١٩٩٤/٧/٢٧ دا (١٣) پارتی و گرووپی مەزهەبی ( ٢٠٠ ) هەزار کەس کۆدەکەنەوە، تا لەشکری تاریکپەرستی پێک بێنن و شەڕی سەربەڕاندنی ئەو ڕابگەیەنن.

هەر لەو ماوەیەدا تەسلیمە نەسرین بەشێوەیەکی نهێنی نامەیەک بۆ ( کارل بیلد ) سەرۆک وەزیرانی پێشووی وولاتی سوید دەنووسێ و داوای لێ دەکا کە پەیوەندی بە سەرۆک وەزیرانی بەنگەلادیش ( خالیدە زەیا )وە بکا، بۆ ئەوەی ڕێگەی بدەن بەشێوەیەکی یاسایی وولات بەجێبهێڵێ، سەرۆک وەزیرانی سویدیش بە گەرمەوە بەدەنگی ئەم داخوازییەوە چوو.

ئەم هەراوهوریایەی فوندامینتالیستەکان بەرامبەر نەسرین ڕێکیان خست، سەلمان ڕوشدیمان

دەهێنێتەوە یاد پاش ئەوەی رۆمانی ( ئایەتە شەیتانییەکانی ) نووسی، جیاوازییەکە ئەوەیە تەسلیمە نەسرین لە خودی وولاتەکەی خۆیدا حوکمی کوشتنیان داوە. چەندین نووسەری ناسراوی وەک ( بیرنارد هێنری لیڤی ـ Bernard Henri Levy، سەلمان روشدی ـ Salman Rushdie ، نادینی گوردیمیر ـ Nadine Gordimer، رەشید میمونی ـ Rachid Mimouni، فیلیپێ سولیش ـ Phillip Sollers) نامەی پشگیرییان بۆ تەسلیمە نەسرین ناردووە، لە یەکێ لەو نامانەدا هاتووە :

« ... دوو روویی ئاوازی من نییە، من ئامادەی دەربڕینی رایەکی جیاوازم، راستیەکەی ئەوەیە کە تۆ ئافرەتێکی ئازاد و نووسەری، تۆ لەگەڵ خۆتدا بڕیاری ئەوەت داوە کە نابێ چۆک دایدەی، لە هەمان کاتدا ئەوەی مرۆڤ قبوڵی دەکا ئەوەیە تۆ لە دۆخێکی گران و زۆر مەحاڵدا دەژی، دە پشت بکەرە ئەو شێتانە، ئەوانەی بە دواتدا دەگەرێن، بژی بەو جۆرەی ئارەزووتە، ئەوەی دەتەوێ بینووسە ....... ئەمری لە پێناو مافی مرۆڤایەتی یا مافی ئافرەت، تۆ پێویستت بەوە نییە ببیتە قارەمانی ئەورووپا یان نموونەیەک بۆ جیهان، تۆ پێویستت بە فرمێسکی تیمساح نییە ...» (٥)

نووسەری ناسراوی تورکیاش (عەزیز نەسین) لە گفتوگۆیەکی رادیوییدا کە عوسمان ئاکیز لەگەڵی کردووە، دەڵێ : « من رێزێکی زۆری لێ دەگرم، لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا لەسەر هەوڵ و بەرهەمەکانی ئەوم خوێندۆتەوە، بۆ وریاکردنەوەی کۆمەڵ لەسەر ( شەریعەت ) و بە ئاگاهێنانی ژنان سەبارەت بە ناعەدالەتی ئیسلام. ئەمەش کارێکی زۆر باشە. » (٦)

پاش تێپەڕبوونی مانگێ بەسەر ژیانی خۆشاردنەوەدا، نامەیەکی تر بۆ یانەی ( PEN ) ی سویدی دەنێرێ : « ..... وا مانگێ بەسەر ژیانی خۆشاردنەوەمدا تێپەڕی. لەم ماوەیەدا نەمتوانی خێزانەکەم ببینم و قسەیان لەگەڵ بکەم. ناچارم لەم ژوورە تاریکەدا بمێنمەوە، کە تیشکی رۆژی لێ دەرناکەوێ ...بارودۆخێکی مەترسیدارە، هەموو رۆژێ هەزاران مەلا خۆپیشاندان دژم بەرپا دەکەن، هەرەشەی کوشتنم لێ دەکەن، رژێمیش تەواو بێدەنگە، هەروەک چۆن بێدەنگ بوو لە فوندامینتالیستەکان کاتێ نرخیان بۆ سەرم دانا، رژێم بۆ رەتاندنەوەی ئەم کارەیان تەواو بێدەنگە. من بروام بە یاسای ئەم وولاتە نییە، زیندانیش جێگەیەکی ئەمین نییە، ئەوەتا چوار سەرکردەی سیاسی لە زینداندا کوژران. من رقێکی زۆرم لە فوندامینتالیستەکانە، هەر ئەم رقەش بووە هۆی نووسینی رۆمانی ( شورەیی ) هەموو ئەوانەی بەنگلادیشیان خۆش دەوێ، هەست بە شەرم دەکەن لەوەی کە چ لە وولاتە جوانەکەماندا روو دەدا. من لە هەرەشە و فەتوای ئەوان ناترسم، من لە نووسین و ئازادیی دەربڕیندا بەردەوام دەبم دژ بە راوەدوونان و چەوساندنەوەی کەمایەتی. لەو باوەڕەشدام ئێمەی دونیا پەرست و نیشتمانپەروەر دەبێ یەک بگرین لەبەر ئەوەی تەنیا پێکەوە دەتوانین بەربەرەکانی زوڵم و شەڕی فوندامینتالیستەکان بکەین ..... » (٧)

چەندین نامە لە ئەمریکا و ئەورووپا و رێکخراوە مرۆڤایەتییەکان و ئەمنستی و رێکخراوە وێژەیی و رووناکبیرییەکانەوە بە رژێمی بەنگلادیش و سەرۆک وەزیرانی ئەو وولاتە

گەیشتووە، کە هاریکاریی و هاودەنگی بۆ تەسلیمە نەسرین رادەگەیەنن. سەرۆک وەزیرانی بەنگەلادیش (خالیدەزەیا) کەوتە نێوان دوو ئاگرەوە. گەر تەسلیمە نەسرین حوکمێکی سووکی بدرێ ئەوا لە گێچەڵی ئیسلامییەکان رزگاری نابێ. گەر حوکمێکی قورسیش بدرێ، ئەوا بەپێی هەڕەشەی وولاتانی ( یەکێتی ئەورووپا .EU ) گرنگترین یارمەتی ئابووری لێ دەبڕن.

لە (٢)ی ئۆگوستیدا تەسلیمە نەسرین لەگەڵ پارێزەرەکەیدا دەچێتە بەردەم دادگا. لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری تایمی لەندەنیدا خۆئاشکراکردن و چوونی بۆ دادگا بەمجۆرە روون دەکاتەوە : « تەنانەت لە شوێنی خۆحەشاردانیشمدا پێ نەدەچوو کە ژیانم لە مەترسیدا نە بێ. دۆخەکە تا دەهات خاپتر دەبوو، هەر لەبەر ئەوە بڕیارم دا بچمە بەردەم دادگا. هەرچەندە ئەوەش بە مانای مەترسی بوو بۆ ژیانم » (٨)

لە دادگادا بڕیاری گرتنی دەدەن پاشان ( کەمال موحسین )ی پارێزەری دەبێتە کەفیلی و ئازاد دەکرێ. ئەمجار رێگەی درا وولات جێبهێڵێ و بچێتە هەندەران.

لە .١ئۆگوستی ١٩٩٤ دا نووسەر گەیشتە سوید و لەلایەن وەزیری پێشووی دەرەوەی سوید مانگرێت ئەڤ ئوگلاس پێشوازی لێ کرا، شایانی باسە کە یانەی (PEN )ی سویدی ئەرکی بانگهێشتن و ژیان و گوزەرانی نووسەری لەم ماوەیەی لە سوید دا دەژی گرتۆتە ئەستۆی خۆی.

ئەی دەبێ هەڵوێستی فوندامینتالیستەکانی بەنگەلادیش چبێ؟! (ئەحمەد عەلی) سەرکردەی یەکێ لە پارتە ئیسلامییەکانە و دەڵێ: «گەر راستبێ و ئەو وولاتی جێهێشتبێ ئەوە ئێمە هەست بە ئارامبوونەوە دەکەین » هەروەها نوێنەری وەزارەتی دەرەوە دەڵێ : « گەر ئەو بە رێگەی خۆیدا بڕوا و وولات جێبهێڵێ زۆر چاکە، کەم گێچەڵی بۆ هەڵئەگیرساندین، زۆر کەمان نەدی بەدەستییەوە » (٩)

ئەی موسوڵمانەکانی نیشتەجێی لە سوید چ دەڵێن ؟! ( مەحموود ئەلدین ) سەرۆکی کۆمەڵەی موسوڵمانانە لە سوید دەڵێ :

« سزادانی ئەوانەی لە ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە، دەدەینە دەستی خوا. ئەوە ئیشی ئێمە نییە. ئەوانەی کە رەخنە لە ئیسلام دەگرن، نابێ هەڕەشەیان لێ بکرێ، بەڵکوو دەبێ گفتوگۆ و دیالۆگیان لەگەڵدا بکرێ. »

ئاخۆ ئەم سەرۆک کۆمەڵەیە، ئەگەر لە سویدا نەژیابا هەمان هەڵوێستی دەبوو ؟!

* * *

وەک شەپۆلە باڵندەیەک دەرکەوت ... وەک چاروکە ئەستێرەیەک لە ئاسمانەوە دایاری، خەندەیەکی ئاسک دانە وردەکانی دەرخستبوو، قژێکی رەشی کورت، رەشتاڵەیەکی خوێن شیرین، کراسێکی سوور و چەفتەیەکی زەردی گوڵدار بەژنە کەڵەگەتە پڕکەی داپۆشی بوو، تەمەنی تەنیا (٣٢) ساڵە، بەڵام مەنگی چاوەکانی ژانی تەواونەبوونی سێ سەدە و نیوی (.٦) ملیۆن ئافرەتی وولاتەکەی حەشار دابوو. ئەو لەسەر دادپەروەریی تێکۆشانی حوکمی

هەڵواسینی درا. ئەو لە پێناوی نەمانی چەوساندنەوە و زۆرداریی و لە پێناو بانگەوازی مرۆڤایەتی بوونی ئافرەتی مرۆڤ وولاَت بەدەرکرا.... هەر بۆیە لە ١٩٩٤/٨/١٨ دا، وا بە سەرکەشی لە نێوان هەردوو وەزیری سوید مارگرێت ئەڤ ئوگلاس و بریجت فریکیو دەرکەوت و ستیپێندیوم ( مەنحە)ی توخۆلسکی پێ بەخشرا، کە (١٥٠) هەزار کرۆنی سویدییە.

لە ئاهەنگی وەرگرتنی خەلاَتەکەدا تەسلیمە نەسرین سوپاسی بێپایانی یانەی ( PEN )ی نووسەران و حکومەتی سویدی کرد بۆ ئەو یارمەتییەی داویانە، ئەمجارە بە کورتی ئاوڕی لە مێژووی بەنگەلادیش دایەوە و باسی ئەوەی کرد لە کەیەوە و بۆچی دەنووسێ و خەون بە چ جیهانێکەوە دەبینێ... لە کۆتایی وتەکەیدا ووتی : « ..... من هەردەم خۆم بە قەرزاربار و منەتبار دەزانم، دەشزانم کە هەرگیز ناتوانم ئەم قەرزە بگەڕێنمەوە، بەلاَم هەوڵ دەدەم کە شایانی ئەو ستێپێندیومە بم کە یانەی ( PEN ) ی نووسەران پێی بەخشیم، هەروەها خۆم دەپارێزم لەو بەڵێنەی فوندامینتالیستەکان داویانە کە بمکوژن، هەرچەندە نازانم چەند سەرکەوتوو دەبم. چارەنووسم هەرچییەک بێ، سوێند دەخۆم کە هەردەم شێلگیر بم لە ئەرک و بۆچوونمدا بۆ جیهانێک کە لۆژیک و پێکەوەهەڵکردن و خۆشەویستی و جوانی پێشڕەوی بێ.

لە کۆتاییدا سەر دادەنەوێنم بۆ دڵسۆزی قولی سوید بەرامبەر مافی مرۆڤ و پرینسیپی ئازادی ووشە .» (١٠)

پــــــەراوێزەکان

١/ رۆژنامەی ( DAGENS NYHETER )ی رۆژی ١٩٩٤/٨/١٨.

٢/ هەمان سەرچاوەی پێشوو رۆژی ١٩٩٤/٨/١٩.

٣/ رۆژنامەی ( AFTONBLADET )ی رۆژی ١٩٩٤/٨/١٧.

* یانەی ( PEN ) یانەیەکە بۆ یارمەتیدان و داکۆکیکردن لەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە لە ولاَتەکانیاندا راوەنرێن و رێگای دەربڕینیان لێ زەوت دەکرێ.

٤/ رۆژنامەی ( EXPRESSEN )ی رۆژی ١٩٩٤/٦//١٤.

٥/ هەمان سەرچاوەی پێشوو رۆژی ١٩٩٤//٨/١٠.

٦/ سەرچاوەی ژمارە (١)، رۆژی ١٩٩٤ /٨/ ٢٤.

٧/ سەرچاوەی ژمارە (٤)، رۆژی ١٩٩٤/٧/٧.

٨/ دەقی ئەم چاوپێکەوتنە لەلایەن کاک ئارێزەوە کراوە بە کوردی و لە رادیوی کۆمەڵەی کوردی لە سپۆنگە لە ستۆکهۆڵم، لە رێکەوتی ١٩٩٤/٨/٢٧ بلاَو کرایەوە.

٩/ سەرچاوەی ژمارە (١)، رۆژی ١٩٩٤/٨/١١.

١٠/ سەرچاوەی ژمارە (١)، رۆژی ١٩٩٤/٨/١٩.

## دیدارێک لەگەڵ بورهان یاسین

# سنوورەکان کوردستانیان بەسەر چەند کەسایەتی و کلتورێکی جیاوازدا دابەش کردووە

**فایەق عەبدولکەریم ئامادەی کردووە. (١)**

*- بورهان یاسین لە باشووری کوردستان ساڵی ١٩٥٦ لە دایک بووە.*
*- بەشی « مێژوو » ی لە زانکۆی موسڵ تەواو کردوو.*
*- ئێستا خەریکی تەواوکردنی دوا پلەی بڕوانامەی دوکتۆرایە لە مێژوودا، تێزەکەی لە بارەی بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردەوارییە لە چلەکانی ئەم سەدەیەدا، کارەکەی تەواو بووە و لەبەردەم پرۆفیسۆری سەرپەرشتکەر دایە.*

**- هەندێ لەو بەرهەمانەی بڵاوی کردوونەتەوە :**

*١/ کورد لە عێراقدا ١٩٥٨ - ١٩٩١ ( بە زمانی سویدی )*
*٢/ بەنێونەتەوەییکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا ١٩٥٨ - ١٩٨٠ ( بە زمانی دانیمارکی )*
*٣/ عێراق ١٩٦٨ - ١٩٩١، ئایدۆلۆژیا، دەوڵەت، سەرکردە. ( بە زمانی سویدی )*
*٤/ چەند سەرنجێ دەربارەی خەباتی چەداری جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور. (بە کوردی، گۆڤاری یەکگرتن) ٥/ هەروەها چەند کۆڕێکی دەربارەی دۆزی کورد و شوێنی کورد لە سیستەمی نوێی جیهانیدا، بە زمانی کوردی و عەرەبی و سویدی ساز کردووە.*

**پ : نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی کوردی، یا کوردستانێکی ئازاد، چ لە کۆن و چ لە کاتی ئێستاماندا گەلێ شت بۆتە ڕێگر لەبەر دەمیدا، لەوانە : جێگای کوردستان، شەتەکدانی بە چەند وڵاتێکی دواکەوتوو زۆردار، یا پەیوەندی تیرەگەری یا زمان... تاد. دەکرێ زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بدوێین ؟**

و: کەم تا زۆر لەم بابەتە کۆڵراوەتەوە و لەسەری وتراوە، بەڵام تا ئێستاش باسێکی سەربەخۆ لەم بارەیەوە نەنووسراوە. کۆمەڵگەی کوردەواری لە بنەڕتدا کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بووە. ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەم دیاردەیە کز بووە، بەڵام ئەمە مانای لە ناوچوونی نییە. ئەم مەسەلەیە دەتوانرێ لە دوو لاوە تەماشا بکرێ، لایەکیان پەیوەندییە مادییەکانە، یا پێکەوە لکانی کۆمەڵێک مرۆڤ لەسەر بناغەی پەیوەندی تیرەگەری. لاکەی تری کەسایەتی یا

بیرکردنەوەی خێڵەکییە. لەوانەیە ئەگەر لە رووی دەرەوە تەماشای یەکێکی خوێندەوار بکەی، تەماشای شێوەی ژیان و هتد بکەیت، بە خێڵەکی نەژمێری، بەڵام لە رووی بیر و ئینتیماوە هەر خێڵەکییە. بە هەر حاڵ ئەم مەسەلەیە زوری لەسەر وتراوە.

زۆر کەس نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی بو ئەو هۆیە دەگێڕنەوە. هۆیەکی تریش جوگرافیاي سیاسی کوردستانە کە کەوتۆتە نێوان چەند زلهێزێکی کۆن و نوێ، کۆن وەکوو ئاشووری و بابلی و بیزەنتی و ئیسلامی و ...هتد. دواتریش عوسمانی و فارسی و هەندێ دەوڵەتی بە ناو تازەش. هۆیەکی تریش بۆ دروست نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی کوردی ئەوەیە کە تا ئێستاش پێشکەوتنی ئابووری کوردستان یارمەتی ئەوەی نەداوە چینێکی بەهێز هەڵکەوێ و هەنگا و بەرەو دامەزراندنی ئەو قەوارەیە بنێ. بۆیە چەند ناوەندێکی ئابووری بەهێز بووە و کوردستانیش بۆتە بازاڕ. دروست نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی یا نەهاتنە کایەوەی تا ئەوڕۆ پرسیارێکی قورسە و تەنیا وردبوونەوە لە مەسەلەی تیرەگەری یا جوگرافیایی یا مەسەلەی ئابووری بەس نییە، بەڵام لەوانەیە هەموو بەیەکەوە وێنەیەکی روونتر بخەنە روو. ئەوەی من بیری لێ دەکەمەوە زیاتر ئەوەیە : دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەیی یەکان لێدانێکی مێژوویی بوو لە بیرۆکەی هاتنەکایەوەی دەوڵەتی کوردستان. دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، دوای ئەو جەنگە هۆیەکی زۆر هەبوو بۆ دروست نە بوونی دەوڵەتی کوردستان. من بڕوام بەوە نییە کە میللەتی کورد ئەو دەمە لە رووی شارستانییەت و پەیوەندییەکانییەوە بە ئەندازەی ئەو میللەتانەی دی کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێک هێنا، پێگەیشتوو نەبوو وەکو میرنشینییەکانی کەنداوی فارس یا ( عەرەب ) و ...هتد. ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەو گەلانە لە کورد پێشکەوتووتر بوون، بەڵکو کورد ئامادەیی دروسبوونی قەوارەیەکی سیاسی لە هەندێ لاوە لەو میللەتانە زیاتر تێدا هەبوو. بە گشتی مەسەلەکە دەگەڕێتەوە سەر بەرژەوەندی زلهێزەکان و بە تایبەتیش بەریتانیا. بەریتانیا دەیتوانی یارمەتی دروسبوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دات، بەڵام لەبری ئەوە خۆی بووە رێگرێ لەبەردەم دروسبوونیدا. ئەگەرچی دروستیش بوایە هەموو کوردستانی نەدەگرتەوە، بەڵکو لەوانە بوو باشووری کوردستان و بەشێکی زۆری خوارووی کوردستانی بگرتایەوە.

**پ :زۆر کەس حەز دەکا بزانێ چ زمانێ لە نووسینە کۆنەکانماندا بەرجەستە بووە ؟ زمانێکی بێگانە یا کوردییەکی بێخەوش یا چەند دیالێکتێکی جیاواز. هاتنەکایەوەی چەند دیالێکتێکی جیاواز رەنگە کارێکی نێگێتیڤانە بکاتە سەر پرۆسەی نزیکبوونەوەی خەڵکی کوردستان لە یەکتر.**

و: لە نووسینە کۆنەکاندا زیاتر زمانی بێگانە بەکارهاتووە وەکو فارسی، دیالێکتی هەورامی، هاتنەکایەوەی دیالێکتی جۆراوجۆر شتێکی نوێ نییە و ناتوانین بە دیاردەی بیستەکانی بژمێرین، بەڵکوو زۆر زۆر کۆنترە. هەندێ لێکۆڵەرەوە کە لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی تایبەتییان بە ئەنجام گەیاندووە، پەنجە بۆ هۆکارێکی زۆر رادەکێشن کە بوونەتە

هۆی پەیدابوونی چەند دیالێکتێک لەوانە :

١/ کەمی پەیوەندی نێوان پارچە جیاجیاکانی کوردستان.

٢/ ئابووری، ئابوورییەکی مەمرە و مەژی بووە، بەشی ئەوەی نەکردووە لێی بنێردرێتە دەرەوەی ناوچەکە. ئەمیش هۆیەکی ترە بۆ بەرفراوان نەبوونی پەیوەندییەکان و نزیکبوونەوە لە یەک.

٣/ کوردستان لە پێشکەوتنی رێگاوبان و بەرفراوانی، هەمیشە بەشی دووەمی بەرکەوتووە....هتد.

ئەمانە هەموو لالایەک، لایەکی دی مەسەلەکە پێهاتنی خێڵەکی کوردستانە. تیرەگەری لەسەر کۆمەڵێ بەرژەوەندی مادی و کۆمەڵایەتی فراوانی وەکو سیتەمێکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی پێک نەهاتووە، بەڵکو بەپێی رای هەندێ لە شارەزایان هەموو تیرەیەک کەسایەتییەکی تایبەت و دیالێکتێکی تایبەت و سیستەمێکی کولتووری تایبەتی بۆ خۆی دروست کرد بوو. پاراستنی ئەو دیالێکتە، بە پاراستنی چوارچێوە و سنووری خێڵەکەی خۆی دەزانێ، واتە هەموو تیرەیەک ویستویەتی ئەو دیالێکتە یا شێوە زمانەی خۆی بپارێزێ.

**پ : ئەگەر بچینە سەر باری ئابووری و**

و: بیورە با لە زمان بیینەوە، دابەشبوونی کوردستان بەم شێوەیەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، هۆکارێکی گەورە بوو بۆ دابەشبوونی زمانی کوردی. ئەم دابەشبوونە مەترسییەکی یەکجار گەورەی هەیە و منیش لە چەند شوێنێکی تردا پەنجەم بۆ راکێشاوە. لەوانەیە ئەم مەترسییە، هەڵکردنی لامپی سوور لە مەسەلەی زماندا، بۆ هەندێ کەس زیادە رۆیی بێ، بەلاّم لە راستیدا وا نییە. زمان زۆر گرنگە و مەسەلەکەش پڕ مەترسییە. کتێبێ کە باسی ئەم مەسەلەیەی کردووە، من لێرەدا دەمەوێ پەنجەی بۆ راکێشم، ئەویش کتێبەکەی « میهردادی ئیزەدی » یە(٢)، نووسەر لەم کتێبەدا دەڵێ : « ئەگەر کورد لە ماوەی ١٠ ـ ١٥ساڵی داهاتوودا بەخۆی رانەگا، ئەوجا دەبێ ئێمە یاس لە « میللەتانی کورد » بکەین، نەک «میللەتی کورد»». ئیزەدی زیاتر لەسەری دەڕوا و لە زمان دەکۆڵێتەوە. سنوورەکان کوردستانیان دابەش نەکردووە بە چەند دیالێکتێک، بەڵکوو بە چەند کولتوورێک، چەند کەسایەتییەک. هەوڵەکانیش کە تا ئێستا لەم بوارەدا دراون زور کەمن. بە رای خۆم مەسەلەی زمان مەترسی هەیە بۆ سەر کەسایەتی نەتەوەیی کورد. ئەو گەلانەی کە خاوەنی قەوارەی سیاسی خۆیان نین، دەبێ پەنا بەرنە بەر هەندێ شتی تر بۆ پاراستنی کەسایەتی خۆیان وەکو : زمان و کولتوور و پەیوەندی کۆمەلاّیەتی و.....هتد. وەکو لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییەکان دەری دەخەن، زمان نەک هەر ئامرازی پەیوەندی و قسەکردن و لێکنزیکبوونەوەیە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ دەربڕینی کەسایەتی هەر میللەتێکیش. هەر درزێ بکەوێتە زمانی کوردییەوە، مانای ئەوەیە درز کەوتۆتە بیری کوردی و کەسایەتی نەتەوەی کورد. سەرئەنجام دەتوانم بڵێم کە کورد پێویستی بە پرۆژەیەکی نەتەوەیی هەیە. من ئەم

قسەیەم کردووە و لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە : پێویستمان بە پڕۆژەیەکی نەتەوەیی کوردستانی هەیە، کە تیایدا زۆر وردەکاری دەبێ دەسنیشان بکرێ. بۆ نموونە مەسەلەی زمان، زمانی یەکگرتوو، پەرەسەندنی زمان ... هتد. هەروەها کورد کێیە، ئەوڕۆ هەرکەسە و پێناسەیەکی دەداتێ، بەلاّم لەو پڕۆژەیەدا دەبێ پێناسەیەکی نەگۆڕی بدرێتێ. باسی زمانی کوردی، جوگرافیای کورد، سەرچاوە سروشتییەکانی سەر زەوی و بن زەوی، بارودۆخی ئابووری سەرجەمی کوردستان و زۆر شتی تریش دیاری بکرێ. کورد ئەگەرچی لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا دابەش کراوە، بەلاّم بوونی پڕۆژەیەکی نەتەوەیی کوردستانی زۆر شتمان بۆ دەگێڕێتەوە و رێگا چارەی مەسەلەکانمان بۆ ئاسانتر دەکاتەوە. زایۆنییەکان پەنجا ساڵ بەر لە دروسبوونی « ئیسرایل » پڕۆژەی نەتەوەیی خۆیان هەبووە، ئەمە مانای ئەوە نییە بەر لە پەنجا ساڵ، کە پڕۆژکەیان دارشت دەکرا دەوڵەتیش دامەزرێنن، بەلاّم دروسبوونی ئیسرایل بێ پڕۆژەیەکی نەتەوەیی مەحاڵ بوو یا راستر، لەوانەیە بۆمان هەبێ هەبێ بڵێین زۆر سەخت بوو.

**پ : ئەوجا مەسەلەی ئابووری، لە هەر شوێنێ بنەمای ئابووری ( مەبەستم تەنیا پارە نییە) بەهێز بێ، ئەوە پێشکەوتنی ئابووریش پەرە دەسێنێ، پەیوەندییە ئابووری و کۆمەلاّیەتی و زۆر شتی تریش پەرە دەسێنێ و سەرچەم کاریش دەکاتە سەر بیر و هۆشی کۆمەڵ، واتە بنەمایەکی ئابووری بەهێز شوێن پێی خۆی بەجێ دێڵێ. ئێستا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا هەیە، بۆ نموونە باکوور و باشووری کوردستان. حەز دەکەم بزانم ئەو بنەما ئابوورییە چ کارێکی کردۆتە سەر کۆمەڵگەی کوردەواری و سەرئەنجامەکانیش چۆن دەکەوێتەوە ؟**

و: بەستنەوەی هۆشی سیاسی بە پێشکەوتنی ئابووری و خزمەتگوزاری و ... هتد مەسەلەیەکی نەگۆڕە. هەندێ لە پارچەکانی کوردستان پێشکەوتنێکی چاکتریان بە خۆوە دیووە، چونکە بە ئابووری وولاّتێکی دیاریکراوەوە بەسراون. ئەگەر بەراوردێ لە نێوان خواروو و سەرووی کوردستاندا بکەین، دەبینین خوارووی کوردستان ئاستێکی پەرەسەندنی بەرزتری هەیە، ئەویش نوێ نییە، بەڵکو هەر لە سەرەتای دامەزراندنی عێراقەوە، کوردستان کسایەتی تایبەتی خۆی هەبووە و گرنگیشی پێ دراوە، ئەگەر لەگەڵ سەرووی کوردستاندا بەراوردی بکەین. لە دوای حەفتاکانیشەوە زیاتریش گرنگی پێ دراوە، چونکە دوای خۆماڵیکردنی نەوت بەشێکی بەرکەوت، بەشێ لەو پارەیە رێگاوبان و دامەزراوی گشتی و پیشەسازی و... هتد پێ کرایەوە، بەلاّم بەشەکەی تریشی کرا بە غەزەب و راگوێزان و تێکدان و ماڵوێرانی و هەڵوەشاندنەوەی بنەمای کۆمەلاّیەتی و مێژوویی کورد. باکووری کوردستان تا سەرەتای هەشتاکان هیچی بەر نەکەوتبوو لە پێشکەوتنی ئابووری، تەنانەت رێژەی پیشەسازی قورس ساڵی ١٩٦٨ لە بەشی تورکیدا ٩٨,٥٪ بوو، بەلاّم لە بەشی کوردستاندا ١,٥٪ بوو.

شارێکی یەک ملیۆنی وەکوو دیاربەکر کە بە مەڵبەندی کوردستان دەژمێردرێ، تا ئێستا هیچ پیشەسازییەکی قورسی تێدا نیە، تورکەکان ماوەیەک بوو باسیان لەوە دەکرد کە گوایە

ناوچەیەکی دواکەوتوو لە تورکیادا ( کوردستان ) هەیە، کە پێویستی بە پێشکەوتن هەیە. لەسەر ئەو بۆچوونە پرۆژەی ( گاپ ) هاتە کایەوە، کە سالی ١٩٨٥ ـ ٥ . ٢٠. دەخایەنێ و سەرجەم ٢٠. ملیۆن دۆلاری تێدەچێ. مەبەست لە پرۆژەکە دروسکردنی بەربەست و ئاودانی ١,٥ ملیۆن هێکتار زەوی و دامەزراندنی ٢١ مەڵبەند بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و ... هتد کە سەرجەم ناوچەکە دەبوژێنێتەوە. ئەم پرۆژەیە دەبێ جێگەی سەرنجی بزووتنەوەی کورد بێ، دەبێ ئەم پرۆژەیە لە گۆشەنیگای نەتەوەییەوە تەماشا بکرێ، چونکە نەک هەر ناوچەکە دەگۆڕێ، بەڵکو کارێکی زۆر گەورەش دەکاتە سەر خەڵک و ئاستی ژیان و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و رێگاوبان و شتومەک و خزمەتگوزاری و .....هتد، کە ئەم گۆڕانکارییانەش لە دواییدا شێوەی بزووتنەوەی کوردی دەگۆڕێ.

**پ : هەندێ کەس یا چین پێیان وایە، نەبوونی پارتێکی پێشڕەو بۆتە رێگر لە رێگای هاتنە کایەی قەوارەی سیاسی کوردی، هەندێکی تریش نەبوونی ئەنجوومەنێکی نەتەوەیی کوردی کە سەرجەمی ستراتیژی کوردی پێکەوە گرێ بدا دەکەنە رێگر، ئایا ئێوە ئەڵتەرناتیڤی سێیەمتان لەبەر دەمدا هەیە ؟**

و: تاقیکردنەوە وای دەرخستووە کە بە پارتایەتیکردنی هەندێ مەسەلەی نەتەوەیی و ستراتیژی راست نییە و لە توانای هیچ پارتێکیشدا نییە بە تەنیا ئەو بارە قورسە هەڵگرێ و ئامانجەکانی بگەیەنێتە جێگای مەبەست، هەتا ئەگەر ئەو پارتە پارتێکی پێشڕەویش بێ. بە رای ئێمە با ئەو پرۆژە نەتەوەییە ـ ستراتیژییە لە شێوەی دامەزراوی نەتەوەیی بێ تا لە شێوەی چەند پارتێ. تاقیکردنەوەکانی واقیعی کوردی ئەوە دەردەخەن کە هەر چەندە مەسەلەی نەتەوەیی بۆ ئەو پارتانە مەسەلەیەکی بنەڕەتی بێ، بەلاّم لە ژیانی رۆژانەدا یا بە کردەوە بەرژەوەندی پارتایەتی پێش بەرژەوەندی نەتەوەیی دەکەوێ. ئەمەش لە پارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی دی کوردستان دەگۆڕێ.

گرفتەکە لە نەبوونی پارتێکی پێشڕەودا نییە، بەڵکو لە نەبوونی دامەزراوێکی نەتەوەییدایە. ئەو دامەزراوە دەبێ رێگاچارە و چارەسەری هەمیشەیی بۆ هەموو گرفتەکان بدۆزێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر ئەو دامەزراوە بوایە لەوانە نەبوو ناکۆکییەکانی p.k.k. و حوکومەتی کوردستان بەو ئەنجامە بگەیشتایە. ئەو دامەزراوە دەبێ زۆر کاری گرنگ بە ئەنجام بدات، گرفتەکان دەستنیشان بکا و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە و ببێتە دەمسپی و نوێنەری کورد لە جیهاندا. ئەوەی من بیری لێ دەکەمەوە، ئەنجوومەنێکی نەتەوەییە کە چارەسەرکردنی گرفتە نەتەوەییەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی. لەوانەیە ناونانەکەشی زۆر ئاسان نەبێ، بۆ ئەوەی هەندێ دەوڵەت توڕە نەکا ،دەبێ ناوێکی شیاوی هەبێ. دەبێ ئەو ئەنجوومەنە سەربەخۆیی و دەسەلاّتی تەواوی هەبێ لە راگەیاندنی خۆیدا. پێویستیش ناکا خۆی بەسەر پارتەکاندا زاڵ بکا، بەڵکو پێویستە پێشنیازی خۆی بە پارتەکان رابگەیەنێ. من ئەم پێشنیازەم داوە بە هەندێکیان بەلاّم لەوانەیە ئەو پارتانە لەوە بترسن سبەی شتێ دروست ببێ لە سەرووی خۆیانەوە، ئەمەیان وا بزانم پێویست بە ترس ناکا.

**پ : بێگومان ئەو ترسە هەر هەیە، بەڵام با واز لەو پارتانە بهێنین، تا ئێستا چ هەوڵێک دراوە بۆ ئەم مەبەستە، یا بەشێوەیەکی دی بڵێم دەبێ لە کوێوە دەست پێ بکەین ؟**

و: ئەم پڕۆژەیە زۆری لەسەر گوتراوە، بەڵام گرفت لێرەدا چۆنێتی کارە، پێم وایە سێ ڕێگا هەیە :

**یەکەم:** لە ئەورووپادا بڕوا بە ئەنجوومەنە سیاسی و مرۆڤایەتییەکان و یەکێتی ئەورووپی و پەرلەمانەکانی ئەورووپا بکرێ کە دامەزراندنی دامەزراوێکی نەتەوەیی کوردی لەم بابەتە خزمەت بە هەمووان دەگەیەنێ. دەتوانرێ سوود لە خاوەن بەهرە و پسپۆڕ و شارەزایانی کورد و بێگانە وەربگیرێ.

**دووەم:** ئەم پڕۆژەیە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاو بکرێتەوە و جەماوەرێکی زرنگ لە خۆت کۆبکەیتەوە تا لایەنەکانی تر حیسابت بۆ بکەن.

**سێیەم:** لەم حاڵەتەدا کە تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە، ئەوەیە دەرگای پارتەکان بکوتی و بڵێی، لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا پێویستمان بە ئەنجوومەنێکی باڵا هەیە، کە ببێتە نمایندەی گەلی کورد. پارتەکان تا ئێستا خۆیان هیچ دەسپێشکەرییەکیان نەکردووە و هیچ وەڵامێکی پۆزەتیڤانەی لایەنەکانی تریشیان نەداوەتەوە.

**پ : دەتوانین بڵێین لە شەڕی کەنداوەوە یا کەمێ زووتر، جیهان بە قۆناغێکی نوێدا تێپەڕبووە. جیهان لە هەوڵی دامەزراندنی سیستەمێکی ئابووری نوێ دایە، بەڵام کێ دەبێ بە کەڵەگا و کێ بە نۆکەر، وەکو جاران دەبێ یا هەموو پێکەوە بە ئلشتی دەژین. بەرژەوەندی دەوڵەت سەنگی مەحەک دەبێ یا چۆن ؟ ئم جیهانە نوێیە چۆن لە کوردستان دەڕوانێ ؟**

و: دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی جیهانی هەندێک ئاڵۆزە کەی و چۆن دەبێ ؟ وەکو جاران دوو زلهێز دەبن، یاخود یەک و دەبێ بە فەرمانڕەوای جیهان ؟ یا ٤ ـ ٥ زلهێز دەبن؟

کەم تا زۆر لە ١٩٨٩ ـ ١٩٩٠ەوە پێمان ناوەتە ناو ئەوەی پێی دەگوترێ سیستەمی نوێی جیهان. چوار پێنج ساڵ دەبێ جەنگی سارد کۆتایی هاتووە و یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشاوەتەوە وکۆمەڵێ گۆڕانی دراماتیکی لە هاوسەنگی هێزەکاندا رووی داوە. ئەم سیستەمە چەند ساڵێکی تریشی دەوێ تا جێ پێی خۆی دەکاتەوە. لەو ماوەیەدا ئەمەریکا هەوڵی ئەوە دەدا ببێتە دەمسپی جیهان و هەموو شتەکان بەپێی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بگۆڕێ. بەڵام بە رای ئێمە ئەوە ناکرێ، چونکە ئەورووپایەکی یەگەکگرتوو « EU » دێتە ئاراوە. بە توانایەکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی ـ سەربازی بەهێز. ئەمە جگە لە بوونی چەند ناوەندێکی تریش وەکوو ژاپۆن، خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. لەبەر بوونی ئەم سەنتەرانە، ناکرێ ئەمەریکا ببێتە تاقە هێزێکی بڕیاردەر لە جیهاندا. ئەوەی تا ئێستا باسی لێ کراوە ئەوەیە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگی زۆر پێ دراوە، لەبەر بوونی نەوت یا شتی تریش وەکو سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلامی کە ڕۆژانە کاتی باشی بۆ تەرخان دەکەن و حیسابی تایبەتی بۆ دەکەن. بێگومان کوردستانیش بەشێکە لەو ناوچەیە. پرسیاری هەرە

گرنگ ئەوەیە ئایا سیستەمی نوێی جیهان چی هێناوەتە گۆڕێ یا دێنێتە گۆڕێ کە کورد هیوای پێ هەبێ؟ یەک لەو خاڵانە بەهێزبوونی ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، نەک ئەو ڕێکخراوەی کاتی جەنگی سارد کە سنووری وڵاتێکی بە پیرۆز دەزانی و ئامادە نەبوو لەبەر هەر هۆیەک بێ، ئەو سنوورە بشکێنێ، بۆیە شیاوتر بوو کە بمانگوتایە دەوڵەتە یەکگرتووەکان نەک نەتەوە یەکگرتووەکان.

دوای تەواوبوونی جەنگی سارد دیاردەیەکی نوێ سەری هەڵدا، کە دەتوانین پێی بڵێین سازش Compromise، دیتنەوەی تێڕوانینێکی هاوبەش لە نێوان ئەو کەمە نەتەوەییانەی لە ناو سنووری یەک وڵات دان و ئەو وڵاتەش وەکو ئەندامێکی .U.N . نەتەوە یەکگرتووەکانیش زۆر جار تووشی بەشداریکردن دێ لەم مەسەلەیەدا. لەوانەیە ئەم شتە بەهانەیەک بداتە دەست .U.N بۆ بەردەوامبوون لە کارەکەیدا و لەوانەشە ئەنجامێکی پۆزێڤانەی بۆ کورد هەبێ. ئەم مەسەلەیە ئێستا بەتەواوەتی لە خوارووی کوردستاندا بەدی دەکرێ. ئەو تێڕوانینە هاوبەشە گرنگی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە نە تکوڵی لەو کەمە نەتەوانە دەکا و نە لە سەروەری ئەو دەوڵەتانەش کەم دەکاتەوە.

تاکو ئەوڕۆش دەوڵەت هەر دەوڵەتە و تێکشکانی دەوڵەتیش شتێکی ئاسان نییە. چارەسەرکردنی دۆزی کوردی، لە چوارچێوەی کوردستانی مەزندا، هەڵوەشاندنەوەی سنووری چوار دەوڵەت دەگەیەنێ، ئەویش هەروا ئاسان نییە.

ئێستا سیناریۆیەکی ترسناک هەیە، ئەویش گەڕانەوەی ڕووسیایە (جێگری یەکێتی سۆڤیەت) وەک زلهێزێک. ئەم مەسەلەیە ئێستا زۆر ڕوون نییە، بەڵام هەر کاتێ ئەو زلهێزە پەیدا ببێتەوە، بێگومان کارێکی ڕاستەوخۆی بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێ و بەتایبەتیش بۆ ئەو سێ وڵاتەی « سێگۆشەی غەزەب » پێک دێنن، بەتایبەتی ئێران و تورکیا، ئەو دەمەش قۆچ قۆچانێکە دەست پێ دەکاتەوە.

**پ : ئەگەر ئەورووپا و ئەمەریکا لەم سیستەمە نوێیەدا ڕێک نەکەوتن لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یا شوێنی دی، دەبێ چ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوانیاندا بێتە ئاراوە، پێکدادان یا وەکو ئێستا یا ئاشتی؟**

و: لەگەڵ ئەوەشدا کە چەند خاڵێکی هاوبەش یا ڕێکەوتنێکی نیمچە بەردەوام لەمەڕ سیاسەتی نێو دەوڵەتی لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام ناکۆکییەکی زۆریشیان هەیە، تا ئێستا بیروڕای ئەورووپی لەمەڕ کوردەوە ڕوونتر بووە تا بیروڕای ئەمەریکی. بیروڕا و هەڵوێستی ئەمەریکی کاتییە و بەپێی بەرژەوەندی و کات دەگۆڕێ. ئەوەی من لێی دەترسم ئەوەیە، هەر ڕژێمێکی دی بێتە سەر تەخت لە عێراقدا تەنیا ئیسلامی نەبێ، ئەوە ئەمەریکا هیچ لە پشگیریکردنی سڵ ناکاتەوە. لەوانەیە وەکوو ساڵی ١٩٧٥ بە کتوپڕی نەیکا چونکە ئێستا خەڵک بە زۆری لەگەڵ دۆزی کوردی دایە. بەڵام بە شێوەیەکی خاوتر و جارێکی دی لە کورد و پرۆسەی کوردی دەدا.

**پ : ئایا پێدادانێک لە نێوان ئەورووپا و ئەمەریکادا لەسەر کوردستان دێتە گۆڕێ؟**

و: من بۆ ئەوە ناچم. زیندووبوونەوەی رووسیا وەک بەدیلی یەکێتی سۆڤیەت، ئەوروپا و ئەمەریکاش دەخاتە یەک سەنگەرەوە، ئەو دەمە یەکەم کاریان بەهێزکردنی تورکیا دەبێ. بێهێزبوونی رووسیا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ یا هەتاهەتایی، لەوانەیە بۆچوونی هەردووکیان جیا بکاتەوە لە یەک. لەم حاڵەدا لەوانەیە ئەمەریکا، تورکیا بەهێز بکاتەوە، وەکو سەریەشەیەک بۆ یەکێتی ئەوروپی و وەکوو بنکەیەک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە لە بنەڕتدا یەکێتی ئەوروپی هەڕەشەیێکە یا سەریەشەیەکە بۆ ئەمەریکا.

**پ : دەتوانین بڵێین تا ئێستا کارمان کردۆتە سەر رای گشتی ئەوروپی و سەرنجیانمان بەلای خۆماندا راکێشاوە. بەڵام ئەو کارەمان نەکردۆتە سەر رای گشتی ئەمەریکی. بەرای ئێوە چۆن دەتوانین ئەو کارە ئەنجام بدەین ؟**

و : رای گشتی ئەوروپا لەسەر کورد لەوانەیە هەندێ هۆکاری سیاسیشی هەبێ. دەستێکەڵکردنی فەرەنسا، بەریتانیا ... هتد لە دابەشکردن و دامەزراندنی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مێژوویەکی کۆنی هەیە. هەروەها نزیکی ئەوروپا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ ئەوان. ئەوان بەو پەڕی تاسەوە مەبەستیانە بزانن چی لەو ناوچەیەدا روو دەدا، چ هێزێ بەهێزە و چۆن دەتوانن بە کاری بێنن بۆ مەرامی خۆیان. ئەمانە هەموو هۆکارن، جگە لەمانەش تا ئێستا ئاسانتر بووە کار بکەینە سەر رای گشتی ئەوروپا. کە باس لە بەراوردکردنی ئەوروپا و ئەمەریکا دەکرێ، ئەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین کە ئەوروپا دەبێتە دوو بەشەوە، رۆژهەڵات و رۆژئاوا، رۆژئاواش دەبێتە دوو لقەوە، سەرووی ئەوروپا و خوارووی ئەوروپا. بەڵام هەندێ لە ئەمەریکێکان دەڵێن دەبێ ئەمەریکا دوورەپەرێز بێ لە گیروگرفتی جیهانی، بەڵام لاکەی تریان دەڵێن ئەمەریکا دەبێ ببێ بە بڕیاردەر و بەڕێوەبەری جیهان.

**پ : لە یەکێک لە کۆڕەکانتا هەڵوەشاندنەوەی بلۆکی رۆژهەڵات و کوژانەوەی جەنگی سارد‌ت بە کارێکی پۆزێتیڤانە لە قەڵەم دا. لە چ تێڕوانینێکەوە تەماشای ئەمەت کردووە ؟**

و: روویەکی پۆزەتیڤانەی ئەوەیە، لە ماوەی جەنگی ساردا یەک را هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە تا ئەکرێ ئەو بارودۆخەی لە ئارادایە بپارێزرێ، سنوورەکان بپارێزن، وولاتێ لەناو نەچێ و یەکێکی دی نەبەتە ئاراوە، چونکە دەبنە هۆی نا ئارامی.

ئەم پرینسیپە لە هەردوو لاوە دەپارێزرا، لەگەڵ ئەوەی هەردوو بلۆک لە ناکۆکیدا بوون لەگەڵ یەک. ئەوە وای کرد کە دابەشبوون یا پارچە پارچەکردنی کوردستان زیاتر بچەسپێ، چونکە تێکدانی ئەو سنوورانە یا هەر گۆرانێکی ناوچەیی لەو بابەتە جێگای رەزامەندی ئەوان نەدەبوو. لە ماوەی جەنگی ساردا زۆر جوولانەوەی ناوخۆیی خنکێنرا بوون و هیچ پشگیرییەکیش نەدەکران، هەر پشگیرییەکیش کرابان ئەوە لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە تا چ رادەیەک جوولانەوەی A خزمەتی رۆژئاوا دەکا یا جوولانەوەی B خزمەتی رۆژهەڵات دەکا.، واتە ململانێ ناوخۆییەکان ببونە بە شێک لە ململانێی نێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵات.

ئەگەر باسی کورد بکەین، دەکرێ بڵێین کە کورد دوو جار بووە بەشێکی سەرەکی لە

ململانێی نێوان هەردوو بلۆک، جاری یەکەمیان لە سەردەمی کۆماری « مهاباد » بوو، کە مۆرێکی کۆمۆنیزمی بە کۆمارەکەوە نرا. بەڵام لە راستیدا چ لە رووی پرۆگرام و چ لە رووی کرداریشەوە وا نەبوو، نەک کۆمۆنیست نەبوو بەڵکوو رادیکالیش نەبوو. لە ئەنجامدا بووین بە بەشێک لە ململانێی نێوان هەردوو لا، واتە کورد بووە یارمەتیدەرێک لە دانانی بنەما سەرەکییەکانی جەنگی سارد. زۆر لە مێژوووناسە رۆژئاواییەکان سەرەتای جەنگی سارد بۆ جەنگی کۆریا و قەیرانی بەرلین دەگێڕنەوە. بە رای ئێمە دەبێ سەرەتاکەی بۆ دامەزراندن و لەناوچوونی کۆماری « مهاباد » و « ئازربایجان » بگێڕدرێتەوە. لە ساڵی ١٩٧٥ دا دیسانەوە بووین بە بەشێک لەو کێشەیە، وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرژەوەندیەکی راستەوخۆی هەبوو لە لاوازکردنی عێراقدا، هەروەها بەرژەوەندی ئەم و ئێرانیش خۆی لە پشتگیریکردنی کوردەکانی عێراقدا دەبینییەوە. بۆیە ئەنجامەکەی شکستە مێژووییەکەی ١٩٧٥ بوو. بەم جۆرە ئێمە بەشێک بووین لە کێشەی نێوان دوو وولات، عێراق وەکو کلکێکی سۆڤیەت و ئێرانیش وەکو کلکێکی ئەمریکا، کە سەرجەم خۆی لە کێشەی نێوان هەردوو زلهێزەکەدا دەبینییەوە.

**پ : لازەریفی کوردناس دەڵێ : لە کاتی کارەساتەکەی هەڵەبجەدا ویستمان نارەزاییەک دەربڕین لە شێوەی بەیاننامەیەکدا لە دەزگاکانی راگەیاندندا. بەڵام دەوڵەتی پێریسترۆیکا رێگەی پێ دەگرتین. ئەمەیان لەلایەک، لەلایەکی ترەوە رۆژهەڵاتناسی رووسی ژیگالینە دەڵێ : ئێمە هەموو دەمێ پشتی کوردمان گرتووە. حەز دەکەم لە نێوان ئەم دوو قسەیەوە بە هەڵوێستی سۆڤیەتدا بچینەوە ؟ لە سەردەمی « لینین » ەوە کە کەمتەرخەمی بەرامبەر کورد کراوە لەبەر بەرژەوەندی سۆڤیەت تا سەردەمی ستالین و گەربەچیزۆف.**

و: زۆربەی ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی کە لە بارەی پشتێکردنی سۆڤیەتەوە کراون بەرامبەر هەندێ بزووتنەوەی رزگاریخوازی جیهان لە سەردەمی ستالیندا هەروەکو ئێوەش ناوتان برد، دەبێ بگەرێتەوە سەردەمی لینین. جگە لە کورد تاقیکردنەوەی کۆماری « گەیلان » یش هەیە. ئەم کۆمارە لە سەرەتای ١٩٢٠ بە سەرکردایەتی میرزا کوچک خان هاتە کایەوە. کار گەیشتە رادەیەک بە کۆمارێکی سۆڤیەتی ناو دەبرا. ستالین هەموو دەمێ لەگەڵ ئەوەدا بوو، کە دەستی یارمەتی بۆ ئەو کۆمارە درێژ بکرێ، بەڵام لینین دژی ئەوە بوو، ئەو دەمەش بڕیاری لینین بەهێزتر بوو. سۆڤیەت چ لە کاتی کۆماری « مهاباد » دا و چ لە شەستەکاندا، یا هەندێ جار لە رێی دەستی دوو یا سێ هەندێ یارمەتی کوردیان داوە، جا لەبەر هەر هۆیەک بێ، بەڵام ئەوە ئەو وروژانەی نەدەهێنا، کە گوایە سۆڤیەت هەموو دەمێ یارمەتی کوردیان داوە. سۆڤیەت بەشێوەیەکی گشتی نەک یارمەتی کوردی نەداوە، بەڵکوو دژی کوردیش وەستاوە، بە واتایەکی تر یارمەتی ئەو رژێمانەی داوە کە دژ بە کورد بوون. لە مێژووی مێژوونووسینی رووسیدا شۆرشی شێخ سەعید هەمیشە بە شۆرشی فیوداڵ و دواکەوتووەکان لە قەڵەم دراوە. ئەو مێژووەی مێژوونووسە رووسەکان نووسیویانەتەوە، کەم تا زۆر بەپێی ئارەزووی سەرکردە رووسەکان بووە.

ئەگەر باسی مەرگەساتی هەڵەبجە بکەین، ئەوە تا لەناوچوونی مرۆڤایەتی وەکو پەڵەیەکی شەرمەزارییە بە نێوچەوانی ئەو وولاتانەی ئەو دەمە پێیان دەگوترا سۆسیالیستی و بەتایبەت سۆڤیەت. ئەو سەردەمە هیچ ویژدانێکی مرۆڤایەتی نەبوو نەیەتە بزوان. زمانحاڵی سیاسەتی سۆڤیەت نەک تاوانباری ئەو کارەی نەکرد، بەڵکوو نزیکتر بوو لە زمانحاڵی رژێمی عێراقەوە. بەڵێ گوتی لەوانەیە چەکی کیمیاوی لە جەنگی عێراق ـ ئێران دا بەکار هاتبێ، بەڵام مەسەلەکە نەخرایە سەر ئەوەی بۆ لەناوبردنی میللەتێک نەخشە دەکێشرێ. ئەو رۆژئاوایەی کە بە چاوی ئەوان ئیمپریالی بوو، ئەو دەمە هەڵوێستی زۆر روونتر بوو.

بارزانی لە دوای رووخانی کۆماری مهاباد لەگەڵ چەندین کوردەی تردا گەڕایەوە کوردستانی عێراق، لەسەر سنوور گوتی:

«هەر کاتێ سۆڤیەت پێویستیان بە ئێمە بوو پشتیان گرتووین و هەر کاتێ بەرژەوەندییان لەگەڵ ئێمەدا نەما پشتیان تکردین» ئەم قسەیە لە چلەکاندا بەراستی پێکانی ئامانجە، ئیتر هیچ پێویست بە ورووژان ناکات.

**پ : رۆژهەلات و رۆژئاوا، ئێمە و ئەورووپا لە زۆر شتدا بیرورایەکی جیاوازمان هەیە، یەکێ لەو شتانە « توندوتیژییە ». ئێمە هەموو شتێکمان پێ رەوایە بۆ ئەوەی بوونی خۆمان بپارێزین یا بگەین بە ئامانجەکانمان. بەڵام ئەوان لەگەڵ ئەوەدا نین و تەنانەت تەقینەوەیەکیشیان لا تاوانە بەرامبەر بەوەش کاری دوژمنە پڕ چەک و دیکتاتۆرەکانمانیان لەوانەیە پێ رەوا بێ، یا هیچ نەبێ بێدەنگ دەبن لە ئاستیانا. ئەوان رێگای ئاشتیخوازییانەیان پێ چارەسەرە و ئێمەش ناتوانین ئەو رێگایە یا شێوەیە بەسەر دوژمنەکانماندا بسەپێنین یا کاردانەوەی دوژمنەکانمان پێ تەحەمول ناکرێ. چۆن بتوانین میکانیزمێکی ئەوتۆ بیینینەوە و وەکوو ستراتیژ بە کاری بێنین ؟ ئێوە چۆن تەماشای مەسەلەی « توندوتیژی » دەکەن؟**

و: ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە و وەڵامەکەشی بەرفراوانە. ئەگەر وتارەکەی من لە بارەی شەڕی چەکدارییەوە بخوێندایەوە ( یەکگرتن ژمارە ـ ١٥ ) ئەوە بەچەند پرسیارێکی دیبەوە دەهاتی. بە هەرحاڵ، من نامەوێ تەماشای توندوتیژی و بەکارهێنانی توندوتیژی وەکو ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی بکەم. من کە دەمەوێ لەگەڵ توندوتیژی نەبم لەبەر ئەوە نییە زەبر دەوای نییە، یا لە رووی ئەخلاقییەوە لە گەڵی نیم. لەبەر ئەم دوو هۆیە من رەتی ناکەمەوە. لەوانەیە لە بارودۆخێکی تردا من لە گەڵیشی بم چ لە رووی ئەخلاقی و چ لە رووی رەوا بیینەوە. من لەگەڵ توندوتیژیدا نیم :(٣) لە بارودۆخی جیوپۆلیتیکی کوردستاندا، لە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستاندا و لە شێوەی خەباتە چەکدارییەکەی کە کورد بە کاری هێناوە، خۆحەشاردان لە ناوچەیەکی لادێی و دوورەپەرێز و دابڕاوی بێکاریگەر لە رووی سیاسی و ئابووری و دیبلۆماسی و راگەیاندن، دابڕانی ناوچەکە لە خەباتێکی درێژخایەن، کاریگەرێتییەکی کەمی دەبێ بۆ دوژمن و کارێکی نێگێتیڤانە دەکاتە سەر ئەو ناوچانەی کە ئێمە پێمان گوتووە « ناوچەی ئازادکراو » لەو

ناوچانەدا جووتیارێکی زۆر هەن کە باجی زۆر دەدەن، لە شەو و رۆژێکدا نان بە پێشمەرگە و جاش و سوپاش دەدەن. جاش و سوپا لادێکانیان وێران دەکرد و ئازارێکی زۆریشیانی دەدا.

ئەگەر ئامارێکی ئەو پرۆسە درێژخایەنەی کوردستانی عێراق بکەین، دەگەینە سەرئەنجامێک جیا لەوەی تا ئەورۆ پێی گەیشتووین. ئەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد پێویستی پێیەتی، لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییە، ( بەژمارە) لە رووی کاریگەری ئەو شێوە خەباتە لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری، کاریگەری ئەو شێوە خەباتە لەسەر ناوچە ئازادکراوەکان لە نێوان رۆخ و سەنتەر، پێشمەرگە و دەوڵەت. کاریگەری ئەو شێوەخەباتە لەسەر ئەو پەیمانانەی بزووتنەوە کە بەستبووی لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش، ئەمانە هەمووی گرنگن.

ئەوەی من دەمەوێ بیخەمە بەر لێکۆڵینەوە، خەباتی چەکدارییە لەسەر ئەو ئاستانە. لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە گۆڕێ : ئایا لە ئەنجامی خەباتی چەکداریەوە کام دەستە جێگای بەهێزتر بووە و کام دەستە و توێژ بێهێز بووە ؟

ئەگەر خەباتی چەکداری وەک میکانیزمی فرەلایەن تەماشا بکەین، ئەوە کارێکی زۆری کردۆتە سەر ئەو لایەنانە. ئەوەی دوژمن بە چەک بۆ تۆ دێ، تۆش دەبێ بە چەک بۆی بچی، دەمانخاتە ناو پرسیارێکی ترەوە کە زۆر بنەرەتییە، ئەویش ئەوەیە، ئایا دوژمن ناچارت دەکا کە تۆ چەک هەڵبگری ؟ لەو کاتەدا دوژمن ستراتیژەکەت بو دەستیشان دەکات، بەبێ ئەوەی تۆ ستراتیژەکەت هەڵبژاردبێ، یا تۆ خۆت بڕیاری ئەوەت دابێ چەک بە کاربێنی. ئەمە دوو شتی جیاوازە. بە شێوەیەکی گشتی کورد لەوە راهاتووە کە بڵێ هەر کات دوژمنەکەت بە چەک بۆت هات، تۆش دەبێ بە چەک بۆی بچی،. کەواتە دوژمن تۆی خستە گۆشەیەکەوە کە لە بنەرتدا جێگای تۆ نییە و خۆت ئەو جێگایەت هەڵنەبژاردووە. لە ئەنجامی پلانێکی سیاسییەوە هەڵنەبژێردراوە. کەواتە شەڕی چەکداری ئەم کاتە زۆر جیاوازی هەیە لەوەی کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و پلانی سیاسی خۆتەوە بێ. مەیەلە دوژمن مێژووی تۆ بنووسێتەوە، خۆت با پلانی خۆت هەبێ و خۆت مێژووی خۆت بنووسەرەوە. بزووتنەوەی کورد کەوتۆتە دووفاقییەکی سەیرەوە. لەلایەک دەڵێ دوژمن ناچاری ئەوەم دەکا چەک هەڵبگرم و لەلایەکی تریشەوە دەڵێ من دوژمن ناچار دەکەم، ئەم دوو شتە جیاوازییەکی زۆری هەیە.

**تێبینییەکان:**

١/ ئەم دانیشتنە لەگەڵ بەڕێز (بورهان یاسین) دا، لە مانگی ئازاری ١٩٩٤ دا کرا.

٢/ « THE KURDS » کتێبێکی زۆر بە نرخی « میهردادی ئیزەدی » یە لە بارەی کوردەوە. کتێبەکە ساڵی ١٩٩٣ بە ئینگلیزی دەرچووە.

٣/ دەکرێ بۆ باسێکی تێروتەسەلتری نووسەر بگەڕێینەوە لەسەر خەباتی چەکداری، باسەکە لە ژمارە (١٥)ی گۆڤاری (یەکگرتن) دا بەم ناونیشانە بلاو کراوەتەوە « چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداری جوولانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور. »

# لوێچێک له خەروارێک

ئەنوەر محەممەد ئەحمەد

لەو باسانەی که ئەمڕۆکه لە بلاوکراوەکانی هەندەراندا و ( بە شێوەی کتێبیش )، یان له چەند ژمارەی گۆڤاری ( رابوون ) ی ئازیزدا، دەربارەی نووسراوە و لێی کۆڵراوەتەوە، بزووتنەوە و شۆرشەکانی کورد، هۆکاری بەرپابوون و سەرنەکەوتن و تێکشکان، بیری کوردستانی و نەتەوەیی... هتد. بێگومان کە ئاوالەکردنی دەروازەی باس و لێکۆڵینەوە لەم بابەتانە، با وەکوو راژەیەکی سوود بەخشە بە کورد و کێشەکەی، کارێکی دڵسۆزانە و ژیرانەشە!

لەبەر ئەوەی مەبەستی ئەم چەند دێرە لە لکێکی دوزە سەرەکییەکەیە، بۆیە هەوڵ دەدەم بەپێی پێویست، کورتە و پوختەی را و بۆچوونەکانم لەمەڕ لوێچێکی ئەو باسەوە دەربڕم.

رای منیش لە تەک ئەو کەسانەدایە کە دەڵێن : بیری نەتەوەیی کورد، بەپێی پێویست و لە خزمەت کێشەکەدا گەشەی نەکردووە ـ راستە وولاتمان داگیر و دابەش کراوە ـ بەلام تەنیا هۆی سەرەکی یەک نەبووغان ئەوە نییە، بەڵکوو با بێ سلەمینەوە دان بەوەیدا بنێین کە هەزار حەیف بیریشمان تیکە تیکە و دابەش کراوە (۱)... بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە تاڵ و بەلام راستییەش، فەرموو سەرنج بدەنە دوزەخی هەراوبگر و ( فەوزای فیکری! ) کۆمەڵ و رێکخراو و پارت و بنووسانی کورد. ئاشکرایە کە ئەم ( بیر دابەشبوون )ە لە هەمبەر ئازادی کورد و کوردستاندا، گەورەترین و ترسناکترین کۆسپی سەر رێگەی هاتنە دی ( یەکەیەکی بیری نەتەوەیی ) و رێگەی تێکۆشانمانە.

یەکێک لە خووە خراپ و زیانبەخشەکانی ( ئینتەرناسیۆنال )ە کانیشمان، کە زۆر جێی گومانە لە ( ئینتەرناسیۆنال و کۆمۆنە و کۆبوونەوە و دیموکراسی! ) تێگەیشتبن ئەوەیە، ماف بە هەموو کەمایەتی و خێڵ و گەل و نەتەوەیەکی دەرەکی غەیرە کورد دەدەن، کە چەند جۆرە کۆمەڵە و پارتییان عافێت بێ و ئازادی و سەرفرازی خەڵک و خاکیان پێ رەوایە ... لە بۆ کێشەکەی خۆشمان دڵسۆزتر و بەگوڕتر هاودەنگ و هاوخەبات و هاوبیریانن، کەچی ئەو مافانە بە خەڵکە ژێردەست و خاک دابەشکراوەکەی خۆی بە رەوا نازانێ...؟! راست و چەپ باس لە مافی گەلانە، بەلام کە دێتە سەر کورد، ئەوا بە تاوانی نەتەوەیی و دواکەوتوو دەکەونە ویزەت! دەی باشە بۆ ئەمەیان چی بگوترێ؟! کە بە هەزاران و بگرە زیاتریش مرۆی ئەورووپی و سکاندیناڤی و ... تاد هەن، لە مەڕ ئازادی کورد و خاکی داگیرکراو و دروسبوونی دەوڵەتی کوردیش هاوبیر و هاوڕان؟! مەگەر دەکرێ ئەوانە و چەندانی وەک زانای دۆست و پارێزەری ئازادی کورد و کوردستان ( ئیسماعیل بێشکچی ) تورک، بە تۆمەتی نەتەوەپەرست و ناواقع بین و بیر تەسک تاوانبار بکرێن ؟!

من وەهای دەزانم کە هۆکاری ئەم دەردی خۆلەبەرچاوکەوتن و خۆبەکەم هەستکردن و

زانینەش کاریگەری دەهۆڵکوتانی دیماگۆگی، کلتوری و رۆشنبیری گەل و نەتەوە باڵادەستەکانە لەسەرمان ! بێگومان ئەم دەردە هۆکاری کاریگەر و مێژوویی سیاسی و دینی و ئابووری و ئەوجا دەروونیشی هەیە ( کە ئێمە لەم دەرفەتە کەمەدا ناتوانین درێژە بە شیکردنەوەی ئەو هۆکارانە بدەین ). دیاردەی ئەم خۆ بە ( بچووک و نزم و کەمتر ) زانینەش کە خاڵێکی زۆر گرنگە، لە کوردستاندا بە زەقی دیارە ـ کە بێگومان کاریگەری نەرێتی دەکاتە سەر دەروونی کەسەکان و کۆمەڵگە ـ واتە سەر ( کەسایەتی کورد! ) ... بەداخەوە کە ئەم پەتا خنکێنەرە هەندێک لەو خاوەن پێنووسانەشی گرتۆتەوە کە ( ئیدیعا! )ی یەکسانی و مافی مرۆڤ و ئازادی دەکەن. گەر جارجارەش لەو دەردە کوژەرە ئاگادار بکرێنەوە و پێشنیاری بە خۆداچوونەوەیان پێ بکرێ، ئەوا شۆڕشێکی ئینتەرناسیۆنالی ـ بێ ناسیۆنالی کورد! ـ بەرپا دەکەن و ئەوەی دوژمن پێی خۆشە پێتی دەڵێن! بۆیە زور پێویستە جەخت لەسەر هەبوونی ( کەسایەتی کورد ) بکرێ.

لە هەمبەر بیریشەوە، بە راشکاوی دەڵێم ـ بەڵێ کە کورد نەتەوەیە... بەڵام نەتەوەییبوونی کورد، جێی مشتومڕە... واتە ئەز کورد بە نەتەوەیی نازانم .. یان با بڵێین بیرە نەتەوەییەکەی چڕ و یەکگرتوو نییە!. بە ئاوڕدانەوە لە رابردوو و سەرنجی واقعی و رەخنەگرانە. دەردەکەوێ کە هەرگیز بزووتنەوە و شۆڕشەکان، وەک دەنکەکانی ( تەزبیح ) لەسەر تاکە پەتی نەتەوەیی و رزگاری نەتەوەیی یەکانگیر نەبووە. چونکە بە قەول و بوختانی ناحەزان، ( کە هەمیشە ترسمان لەو تاوانبارکردنە هەیە ) ئەگەر کورد بە مانا تەواوەتیەکانیان، قەومی! تەجزیە تەڵەب! و میهن پەرست! بوایە، ئەوا لە مێژ بوو لەسەر هێڵێکی دیاری فیکری دەڕۆیشت و هەنووکە لە سەردەمێکی چاکتردا خۆی دەدییەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین گەر کەسێک، کوردە یان خاوەن را و بۆچوونی ووتاری

لەم جۆرە، بە قەومی و تەجزیە تەڵەب و میهن پەرست، خەوشدار و تاوانبار بکات، وەک لەدایکبوونی مێردمنداڵێکە، پێش لە مەلۆتکەبوونی!، واتە ئەو رەخنە و خەوشدارکردنە بۆ ئەو سەردەمە هەڵبگرێ کە بیری نەتەوەیی کورد هەبوونی دەبێ!! چونکە گەر درەخت رووت و بێبەر بێ، بەرد تێگرتن چ سوودێکی دەبێ؟! بەکارهێنانی هەندێ زاراوەش ـ دەبێ تەنیا خۆشییەکی دەروونی بێ و هیچی دی، دەنا کورد و شۆڤێنیبوونی کورد کوجا مەرحەبا...؟!

نەتەوەی کوردی داگیر و دابەشکراو، بە هەموو جۆرێک قڕکراو، کوردی کۆتایی سەدەی بیست و مافی مرۆڤ و بێبەش لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، نە وڵاتی هەیە و نە دەسەڵات، بەڵکوو تەنیا داکۆکی لە مانەوەی خۆی دەکات. گەر چی لێدوان لەم باسە بەرفراوان و ئاوکێشە، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، مەبەستی ئەم ووتارۆکەیە بۆ سەرنجدانی لکێکی گچکەی دۆزە سەرەکییەکەیە. واتە ووتاری ( کاوە و کورد و نەورۆز )ی کاکە ( تەیفور )، لە گۆڤاری ( رابوون )ی ژمارە « ٧ ـ ٨ » ی ساڵی ١٩٩٣ دا.

ووتارەکەش لە یەکێک لە بابەتەکانی گفتوگۆ لەسەرکراوی ئەمڕۆ دەدوێ، واتە خاڵە بزرو یان شێوێندراوەکانی مێژوو! بێگومان نووسین و لێکۆڵینەوە لەم جۆرە دۆزانەی کە ئێومان

بردن، ڕاژەی سوودبەخش دەگەیەنن و کارێکی ژیرانە و ئاگادارکەرەوەشە!.

لە بەشێکی ووتارەکەدا ( کە منیش هەر ئەوەم مەبەستە ) هاتووە، [ بە گشتی ئەگەر ئەو خۆ بە نەتەوەی کاوە زانینە لەوەوە هاتبێ کە لەم چیرۆکەدا باس کراوە ـ کە من پێم وایە هەر لەوێوە هاتووە ـ ئەوەدەم نابێ ڕۆڵەی کەیخوسرەو بین چونکە لە یەک بنەچە نین... )

لەبەر ئەوەی، لەمەڕ هەمان باسەوە لای منیش هەندێک لێکۆڵینەوە گەلاڵە و ئامادەن، بۆیە بە پێویستم زانی، بۆ باشتر ڕوونکردنەوە و سوودگەیاندن، ئەم ڕوونکردنەوە و زیادە خستنە سەرە بنووسم :

منیش لە مێژە هەستم بەو ناتەبایی یە کردووە.. زۆری تریش! جا پێم وایە ئەو ناتەباییەی سروودی ئەی ڕەقیب، تەنیا لەوەوە هاتبێ، کە ( دڵداری ) شاعیر، زانستی وردی لەسەر مێژوو، بە تایبەت بنەماڵەی ( کیانی )یەکان نەبووبێ. جا لێدوانیش لە نەورۆز و ئاگر و کاوە، زەردەشت و هەبوونی چەند زەردەشت، ئاینی زەردەشتی و مەودای پەیڕەوکردنی، بە چەندان ووتار و کتێب کۆتایی نایەت ـ باسێکی چڕ و فراوانە. بۆیە هەر لەم بارەیەوە بە کورتی دەڵێم : لە نێوان خێزانی (کیانی ) یەکاندا (٢) [ کیقوباد، کیکاووس، کیخوسرەو، کیلهراسب، کیویشتاسب... تەنیا کیویشتاسب لە دەسەڵاتی خۆیدا، ئاینی زەردەشتی قبوڵ نەکردووە، بەڵکوو دژایەتیشی کردووە.] بۆیە لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێزانەدا دەکرێ بگەینە ئەم لێکدانەوەیە : گەر کورد زەردەشتی بێ، ئەوا ناکرێ ڕۆڵەی کەیخەسرەو پاشا بێ!. چونکە ئەو نە کورد بووە و نە هاوئاین! گەر بشمانەوێ هەر بە ڕۆڵەی ئەو بمێنینەوە، ئەوا ناگونجێ زەردەشتی بین ـ چونکە ئەگەر تەنیا ڕۆڵەی میدیا بین، ئەوا ئاینە زەردەشتییەکەمان بۆ دەمێنێتەوە. ئەی مەگەر دەکرێ پاش نیو سەدە گێڕ بگۆڕین و هاوار بکەین ( ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کیویشتاسب )ین...؟! بەم جۆرەش ناتەبایی یەکە چارەسەر ناکرێ ـ چونکە ئەم پاشایە یا وەکوو پەیڕەوی ئاینی زەردەشتی کردبێ ... بەڵام نە هاوڕەگەز و نە هاوبنەچەمانە !

ئەمە تەنیا مشتێکە لە خەروارێک، چارەی ناتەبایی و هەڵەکانیش ئەوەیە کە واقیع ببینانە و بە چاوی ڕەخنەگرانە، بە ڕابردووماندا بچینەوە.

پـــــەراوێزەکان

---

(١) مەبەست لەوە نییە کە کوردیش چەندان کۆمەڵە و پارتی شێوە بیرکار و جیاوازی نەبێ، بۆ گەیشتن بە ڕزگاری نەتەوەیی! ناچێتە ژێربیەوە نەتەوەی کورد لە پارتێک یان چەند پارتێکی نەتەوەییدا لە قاڵب بدەی!

(٢) ئەم زانیارییە لە کتێبی ( اوستا )، ترجمە و تصنیف : هاشم رضی، لاپەڕە ٣٢ی ساڵی ١٣٦٣ی (ئێرانی) وەرگیراوە.

# «تونێل» تراژیدیای کورد و سەرەتایەکی تری سینەمای کوردی

دانا رەووف

**تونێل بەرهەمی : گەرمیان فیلم**
**سیناریۆ و دەرهێنانی : «مەهدی ئومێد»**

*ئەگەر لە توانانا نییە فیلمێک بە ئەنجام بگەیەنیت کە راستی بگرێتە خۆ، چاکتر وایە کە هیچ کارێک نەکەی، هەموو شێوازەکان لە پێناوی راستیدان.*
*« دریگافیرتۆف »*

هەژدەمین فیستیڤاڵی سینەمای جیهانی کە لە ١٩٩٢ دا لە مۆسکۆ گرێدرا، سەبارەت بە هونەری کوردی و سینەمای کوردی، رووداوێکی گرنگی مێژووییە، لەم فیستیڤاڵەدا و بۆ یەکەم جار هونەرمەندێکی کورد، بە فیلمێکی جستە کوردی، وەک میوانێک لە دەرەوەی سنووری بەشداری ئەو فیستیڤاڵە گەورە جیهانییەدا بەشداری دەکا و وەک بەردێک فڕێ بدرێتە گۆمێکی مەنگەوە، شەختەی ئەفسونی «نەبوونی» سینەمای کوردی دەشکێنێ و دەبێتە جێگای سەرنج و تێڕامانی تێکڕایی میوان و رۆژنامەنووس و هەنەرمەندانی سینەمای فیستیڤاڵەکە و لاپەڕەی زۆربەی رۆژنامە رووسی و ئیتالی و سویدییەکان بە باسی ئەم فیلمە کوردییە دەڕازێنەوە.

«تونێل» کۆمپانیای «گەرمیان فیلم» لە دەزگای ئاپۆسات، بە هاوبەشی «یاکۆف عەبدولڕحمانۆف» و «تەها رەسووڵ» و بە هاوکاری ئازاد سەدیقی و فۆندی هاوکاری کوردستان لە سوید هێنراوەتە بەرهەم و لە ئۆکرانیا و تاجیکستان، بە کارێکی بەردەوامی دوو ساڵی و بە کاستێکی هەزار کەسییەوە وێنەی گیراوە و لە ستۆدیۆکانی دەزگای «مۆس فیلم» لە مۆسکۆ مۆنتاژ و چاپ و کارە هونەرییەکانی تری کراوە.

رووداوی فیلمەکە، یاخود هێڵە گشتییەکەی لە تراژیدیا ئەزەلی و بەردەوامەکەی گەلی کورد دەدوێ، چەند هێڵێک پێکدا دەچن، سەرەتا «زەردەشت» وەک هێما و گیانێکی بێ ئارامی کورد، لە زەمەنێکی ئەفسونی و تێکشکاوەوە هێڵە فەلسەفییەکە لە بونیادێکی مەلحەمی مەجازی ئاشکراوە وەردەگرێ، زەردەشت دەبێتە هێمای بوونی دێرینی کورد و شایەتی گیانێکی پڕ لە ئازار و ژانی نەوەکەی خۆی دەدا. بە پرۆسەیەکی کردەیی زیرەکانەی مۆنتاژ و لە روانگەی چەند وێنەیەکی سینەمایی بەرزەوە دەمانگەڕێنێتەوە ئەمڕۆ، هێڵەکانی تراژیدیاکە دەسنیشان دەکا. کاروانێکی سەربازی گەورەی سوپای عێراقییە، بە دۆڵ و

شاخەكانی كوردستاندا دەڕوا، دوای كاولكردنی دێكانی كوردستان و بە دیلگرتنی چەندین ئافرەت و خێزانی كورد، دەكەوێتە بۆسەیەكی پێشمەرگەوە و ئازایانە بەرەنگارییان دەبنەوە، یەكێ لە دیلەكان ئافرەتێكی شۆخی قوتابییە بە هۆی ئەو بۆسەیەوە رزگاری دەبێ و دەكەوێتە دەست برا پێشمەرگەكانی، دوای ئەوەی دەیهێننەوە دێ و تێكلاوی خێزان و ژیانی ئەو خەڵكە دەبێ، لەگەڵ یەكێ لەو پێشمەرگانەی رزگاریان كرد، دڵیان دەچێ بەیەكدا و پەیمانی بەردەوامی بە یەكتر دەدەن، لێرەوە یەكێ لە گرێكانی تری فیلمەكە دەردەكەوێ، ئەو ئافرەتە سەربازەكانی سوپای عێراقی، وەك هەموو كارە بێشەرم و درندەكانی تریان ئەو كچەیان لە بەنرخترین سەرمایەی كچێتی خۆی خستووە و ژنی هاوڕێی خۆشەویستەكەی ئاگادار دەكاتەوە كە سكی پڕە، كوڕەكە دەكەوێتە گێژاوێكی گەورەوە، ناتوانێ لەو گرێیە رزگاری بێ، دەیەوێ بە هەر جۆرێ بووە كچەكە خۆی لەو سكە رزگار بكا، لەگەڵ هاوڕێكەی و لەسەر چارەنووسی كچەكە دەبێتە شەڕیان، بەلآم لە دوا جاردا لەگەڵ هاوڕێكەی دەگاتە ئەو بڕیارەی كە واز لە كچەكە بێنێ، هاوڕێكەشی بڕیاری ئەوەی داوە بچێتە دەرەوەی وڵات لەگەڵ خۆی دەیبا، بەلآم لە رێگا تووشی كارەسات دەبن و ژنی هاوڕێ خۆشەویستەكەی تیا دەچێ و ناچار كچەكەش دەگەڕێتەوە، یەكێ لە دیمەنە شیعرئامێزە جوانەكان، كە مەودایەكی بیری و دەروونی و جوانكاری دەگرێتە خۆ و كاریگەری تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەیە كە ئەو كیژە «ژان» دەیگرێ، بەلآم منداڵەكەی هەر نابێ، ژانی ئەو كیژەش ئاماژەیەكی ئاشكرای بەردەوامی و بوونی دوژمنی داگیركەرە لەسەر خاكەكەمان، تونێلەكەش كوردستان بە هەموو كارەسات و ژان و ئازارێكەوە دەگرێتە خۆ، رەوە مەزنەكە دەست پێ دەكا، وەك كاروانێكی دوور و درێژی ئەفسونی پڕ لە كارەسات، لە هەڵوێستێكی بەرزی وەرچەرخانەی میللەتی كوردەوە بانگی سەربەخۆیی دەكرێ، UN دەگات، بەلآم فەرمانبەرەكانی UN كوێر و كەڕ و ئیفلیجن، لێرەدا سەرلەنوێ كچەكە دەبێتەوە هێما و پاڵەوان و یەكێك لە جوانترین دیمەنەكانی فیلمەكە بەرجەستە دەكرێ، لەگەڵ چەند منداڵێكی كورد، لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا، هەندێ چالاكی هونەری پێشكەش بە فەرمانبەر و پیاوەكانی UN دەكەن، لە وێنەیەكی زۆر جواندا، لە روانگەی ئەو چالاكییە هونەرییەوە، یەكێ لە فەرمانبەرەكانی UN دەخەنە سەر ڕەورەوەیەكی كوردەواری بۆ ئەوەی پێ بگرێ، لەو لاشەوە هاوڕێی خۆشەویستەكەی دەگاتە دەرەوەی وڵات و بە نامۆیی دەمرێ، تەنانەت لاشەكەشی دەبێتە گرفتێكی گەورە نازانن چۆنی بشارنەوە ... لە تونێلەكەشدا، دوا بڕیاری UN هێڵی ٣٦ وەك ناوچەیەكی پارێزراو بۆ خەڵكی تونێلەكە دەسنیشان دەكا، خەڵكەكەش بەردەوام هەوڵی رزگاربوونیانە لەو تونێلە و دەیانەوێ بە هەر نرخێك بێ راكەن و بگەنە دەرەوە.

تونێل لە بونیادی رۆنانێكی داستانی «مەلحەمی» چڕەوە مێژووی گەلی كورد دەخاتە روو، بەلآم بەشێوەیەكی تەقلیدی رووت نا كە رووداوەكان بەپێی بەردەوامی یەك لە دوای یەك، لە زەمان و كاتێكی دیاریكراودا دەسنیشان دەكا، وەك فیلمێكی دەكومێنت، بەڵكوو ئەو مێژووە بە شێوازێكی هونەری دەخوێنێتەوە و هەموو ناوەڕۆك و هێڵەكانی ململانێ و كێشە

سەرەکییەکان و لایەنەکانی ئەو هاوکێشە پڕ لە کێشەیە بەرجەستە دەکا، لەبەر ئەوە تونێل وەک فیلمێکی تەقلیدئامێز چیرۆکێکی رووت و ئاشکرا پێشکەش ناکا کە سەرەتا و بەرەو پێش چوون و تا کۆتایی و بەرئەنجام، کە یەکەیەکی وێنە سینەماییەکان دەستەبەر بکا و کۆمەڵێ کاراکتەر لە بواری چەند پەیوەندییەکی دیاریکراوی چیرۆکەکەوە بگەیەننە خاڵێکی دەسنیشانکراو... بەڵکوو رۆنانە درامییەکە ئاوێزانی چارەنووسی هەموو کورد، وەک یەکەیەکی درامی دەبینێتەوە لە بونیادی کێشەیەکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، رامیارییەوە و لە شێوازێکی مەلحەمیدا چارەسەری دەکا... لەبەر ئەوە هەموو گەلی کورد، بە کێشە رەواکانییەوە دەبێتە پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکە و دووپاتی کۆلۆنیبوونی کوردستان دەکاتەوە... هەموو ئەو شتانە لە روانگەی جەستە و هێزێکی گیانی داستانی میللەتەوە دروست بووە، دیمەنەکان لە کردەیەکی زۆر چڕ و شیعرییەوە بەرجەستە بوون، گۆڕانی دیمەنێ بۆ دیمەنێکی تر بە کردەیەکی مونتاژی زۆر وردا تێپەڕیووە، بەشێوەیەک مونتاژ وەک کارێکی زۆر گرنگ و سەرەکی سینەما، زمانێکی چڕی بەخشیوە بە گیانی فیلمەکە، هەروەها بەکارهێنانی رووناکی و مۆسیقا وپێکهێنەرەکانی تری کردەی فیلمەکە، کاریگەری لەسەر سرووتی تێکڕایی « تونێل » پانتاییەکی شیعر، لە هەمان کاتدا ئەفسونی خوڵقاندووە. ئەمەش بە رای من راڤەیەکی تری رێژیسیۆرە «مەهدی ئومێد» بۆ تێکڕای رووداوەکان و بونیادە شێوەکارییە پڕ لە وێنە سینەماییەکانی، هەر لێرەوە نموونە هێماییەکان شێوازێکی (ریالیزمییەکی ئەفسونی) لە خۆ دەگرێ، بە شێوەیەک هەندێ جار چەشنە خەونێ دێتە بەر چاوت، خەونێک سنوورێکی زۆر توندوتیژ دارشتە و پانتاییەکانی دەنەخشێنێ... ئەمەش بە رای من داستانی مەزنی گەلی کوردە، رووداوە مێژووە راستەقینەکانە، خەونی گەل و هیوای ئاسودە بوونە.

لەم فیلمەدا بۆ یەکەم جار بەشێوازێکی هونەری کاریگەر و بە زمانێکی شیعری چڕ هەست بە کارەساتی هەڵەبجە دەکەی دڕندەیی دوژمنێکی دزێو دەبینی، بۆنی گاز و مەرگ و تواندنەوەی سروشت و باڵندە و لەبارچوونی هەناسە دەکرێ.

سینەمای کوردی خەریکە بەشێوەیەکی هەستپێکراو لە دەرەوەی وڵات، لە پەناهەندەییدە دروست دەبێ، هەڵێ لێرە و لەوێ، بێگومان بەر ئەنجامەکەی لەدایکبوونی سینەمایەکی کوردی پێشکەوتوو دەبێ و هەنگاوەکان خۆیان دەسەپێنن ... ئەم قۆناغەش سینەمای زۆر لە وڵاتی تری ژێردەستەی پێدا تێپەڕیووە، (شیلی) باشترین نموونەیە لە ئەمەریکای لاتین، سینەمای شیلی لە دەرەوەی چیلی، لە مەکسیک و مۆسکۆ و کوبا لەدیک بوو، ئەمڕۆش بە یەکێک لە سینەما هەرە گرنگ و مەزنەکانی ئەمەریکای لاتین و جیهان دەژمێردرێ.

ئەوەی شایانی باسە «تونێل» وەک فیلمێکی کوردی، بە ناوی وڵاتی کوردستانەوە لە حەڤدەیەمین فیستیڤاڵی فیلم کە لە ٤ ـ ١٣ فێبروەری ١٩٩٤ لە شاری یۆتوبۆری وڵاتی سوید دا سازکرا، بەشداری کردووە و وەک یەکێ لە فیلمە باشەکانی ئەو فیستیڤاڵە هەڵسەنگێندراوە.

# دەردی شێتی هونەرمەندە گەورەکان

**کریس میمبل**
**وەرگێڕ : هاشم**

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ پیشانی دەدا کە جۆرێ پێوەندی لە نێوان توانای بەرز و گیروگرفتی سایکۆلۆژی ( دەروونی ) دا هەیە. بەپێی بڕواکانی دکتۆری دەروون « فیلیکس پۆست »، لەو نێوەدا نووسەران پتر لە هەموو کەس لە ژێر قورسایی ئەم گیروگرفتەدان.

بیروڕاکانی دکتۆر پۆست روونتر لە جاران ئەم راستییە دەردەخەن کە دەردکێشان لە هونەری خۆ، ونبوونی بیر لە دەریای خەمباری و ماتیدا، گرفتی سێکس و خواردنەوە بە تێکڕایی ئستریۆتایپی (Stereotype) پڕ لە دەردی مرۆڤی بلیمەتن.

دوکتۆر پۆست پێی وایە زانایان، فەیلەسوفان و سیاسەتمەداران هەموو دووچاری نارەحەتی زۆر سەیر دەبن، بەڵام شڵەژاوی راستەقینەی دەروونی لە پلەی یەکەمدا لای نووسەران و نیگارکێشان دەبینرێ. دوکتۆر پۆست لە سەرەتادا گومانی لەم مەسەلەیە هەبوو، بەڵام لە دوای تێڕوانینی ژیننامەی نزیکەی ۳۰۰ پیاوی بەناوبانگ هاتە سەر ئەم بڕوایە کە دەبێ پەیوەندییەک لە نێوان گیروگرفتی دەروونی و توانای دەگمەن ( شاز )دا هەبێ و بەو ئاکامە گەیشت کە ناساغی دەروونی بە شێوەیەک دەبێتە رێخۆشکەر و هۆی وەدیهاتنی جۆرێک توانای بەرهەمهێنان. لێکۆڵینەوەکانی دوکتۆر پۆست نیشانی دەدەن کە ئاڵۆزییەکانی توندی کەسایەتی بەگوێرەیەکی بەرچاو لە نێو چیرۆکنووسان، شانۆنووسان، ئاهەنگدانەرەکان پتر لە زانایان و سیاسەتمەداران و رووناکبیران دەبیندرێ.

غەم و پەژارە و گیروگرفتی سێکس بەگوێرەیەکی بەرچاو پتر لە نێوان نووسەراندا دەبیندرێ هەتا لە نێوان خەڵکی تری بەهرەداردا. دکتۆر پۆست کە پێشتر لە بەیتوللەحم و لە نەخۆشخانەکانی پاشایەتی و « مادسلی » لەندەن کاری کردووە، دە ساڵ لە ژیانی خۆی تەرخانی لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی ۳۹۱ کەسایەتی نێو بە دەرەوە دەکا. ئەو ۳۹۱ کەسە لە شەش گرووپی نزیک بە ۵۰ کەسی لە زانست، مۆسیقا، سیاسەت، نیگارکێش، فەلسەفە و نووسەری پێکدێت. دوکتۆر پۆست رابردووی بنەماڵەیی، لەشساغی، کەسایەتی، سلامەتی دەروونی و سێکسی ئەم کەسانە بە وردی دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە.

بابەتەکەی دکتۆر پۆست کە لە « گۆڤاری بریتانیایی لێکۆڵینەوەی دەروونی » دا ( British Jornal of Psychiatry ) بڵاو کراوەتەوە ئاماژە بەوە دەکا کە لەوانەیە هێندێک لە ژیننامەنووسەکان ئەو گیروگرفتانەی لە ئاکامی نەبوونی سلامەتی دەروونیدا هەبوون، لەبەر چاویان نەگرتبێ یان زۆریان پێ لەسەر داگرتبێ. بەڵام بە بڕوای وی سەرەڕای

ئەم راستییە، مەتریالی پێویست بۆ هەڵسەنگاندنی چلۆنایەتی باری دەروونی ئەو کەسانە لە دەستدایە.

کەسانێک کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵبژێردراون تەنیا ئەو کەسانەن کە لە ۱۵ ساڵی رابردوودا ژیاون و تەنیا پیاون، واتا ژنیان لەگەڵ نییە. لە هەمان کاتدا دوکتۆر پۆست ئاماژ دەکاتە سەر شارلۆت برۆنتە، کۆلێت، جورج ئیلیۆت، جۆرج ساند، ویرجینیا ڤۆلف و ماری کووری و دەڵێ کە هەمووی ئەم ژنانە خاوەنی گیروگرفتی سایکۆلۆژی و سێکسی بوون، شێوەی لێکۆڵینەوەکەی دوکتۆر پۆست لەسەر بناغەکانی پێشکەوتووی زانستی دەروونناسی دارێژراون و نیشانەکانی نەخۆشی دەروونی لە قالبی چوار پێوانەی بێنیشانە، هێدی، بەرچاو و زۆردا دیاریکراون.

لێکۆلینەوەکانی دوکتۆر پۆست نیشانی دەدەن کە لە ۱۷٪ی سیاسەتمەداران، ۱۸٪ی زانایان، ۲۶٪ی بیرکارە مەزنەکان، ۳۱٪ی ئاهەنگدەرەکان، ۳۷٪ی نیگارکێشەکان و ٤٦٪ی نووسەران تووشی گیروگرفتی گەورەی دەروونین. لە نێو ئەو سیاسەتمەدارانەی کە دەگوترێ گیروگرفتی گەورەی (زۆر) دەروونییان هەبووە دەکرێ بیسمارک، دیزرائیلی، هیتلەر، کەمال ئەتا تورک، لینکۆلن نێو ببردرێ . لە نێو زانایانی سەر بەم گروپە، نێوی بۆهۆر، گالتۆن و مێندێل دەبردرێ. فەیلەسوفەکانی ئەم گروپە بریتین لە کرکێگارد، کادینال نیومەن، نیچە، مارکس و رووسکین. ئاهەنگدانەرەکانی خاوەنی گیروگرفتی گەورەی دەروونی بریتین لە : واگنێر، چایکۆفسکی، شومەن، رەخمانینۆف، پۆسین، ئیلگار و بیرلیوز. ۱۸ نیگارکێشیش لە گروپی خاوەن گیروگرفتی دەروونیدا جێیان گرتووە. بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بەو کەسانە بکردرێ، سیزانە، گاوگوێن، مودیگلیانی، مونچ، پیکاسۆ، روسێتی، تۆرنێر، اوتریلو و ڤان گۆگ. ژمارەی نووسەران کە گیروگرفتی گەورەی دەروونییان بووە، لە گروپەکانی تر پترە. ۲۳ نووسەر گیروگرفتی گەورەی دەروونییان بووە و ۲۱ نووسەریش خاوەنی گیروگرفتی بەرچاوی دەروونین. تەنیا نووسەرێک، گی دوماپاسان، لە نێو گروپی پەنجا نەفەرەی نووسەرەکاندا هیچ نیشانەیەکی گیروگرفتی دەروونی تێدا نابیندرێ.

دوکۆر پۆست ئەم نووسەرانەی خوارەوە لە گروپی نووسەرانی خاوەنی گیروگرفتی گەورەی دەروونیدا نێو دەبا : کۆنراد، دیستۆڤسکی، فالکنێر، گاید، گۆگۆڵ، همینگوێی، هێسە، ئیسێن، جۆیس، کافکا، کیپلینگ، د.ه.لاورێنس، مان، مانزۆنی، پرۆست، سارتر، سکات فیتز جیرالد، ستاندال، سترنیدبەری، تۆلستۆی، ڤاوگ، وێلز و وایلد.

دوکتۆر پۆست دەڵێ کە گیروگرفتی جۆراوجۆری دەروونی لە نێو زانایاندا لە گروپەکانی تر کەمترە، بەڵام لە نێو ئەوانیشدا (زانایان) تەنیا یەک لە سێیان نیشانەی گیروگرفتی دەروونییان تێدا نابینرێ یان ئەگەریش ببیندرێ رادەکەی کەمە. ژمارەی ئەو کەسانەی تووشی گیروگرفتی جۆراوجۆری دەروونین بە ریز لە نێوان ئاهەنگدانەرەکان، سیاسەتمەداران، هونەرمەندان، بیرکارە مەزنەکان و پتر لە هەمووان لە نێو نووسەراندا زیاد دەکا.

لێکۆڵینەوەکانی دوکتۆر پۆست لایەنەکانی کەسایەتی لە بواری جۆراوجۆردا دەگرێتەوە،

وەکوو : نەخۆشییە جۆراوجۆرەکانی پاڕانۆیایی ( دڵپیسی و گومانکردن )، تێکەڵاوییەکانی دەروونی و شێتایەتی گۆشەگیری، هەڵسوکەوتی غەیری کۆمەڵایەتی، ریاکاری، نارسیسیزم ( خۆنۆگری )، دوورەپەرێزی، وەسواس و خۆبەستنەوە. دوکتۆر پۆست لە لێکۆڵینەوەیەکدا هەروەها گیروگرفتی سێکسی، کێشانی تریاک و شتی لەم بابەتە، گیروگرفتی دەروونی وەکوو خۆکوشتن و پەژارەش لەبەرچاو دەگرێ. ئەوەی زۆر جێگەی سەرسووڕمانە، ئەوەیە کە ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوانە نیشانی دەدەن کە لە ٧٢٪ی رۆمانتووس و شانۆنووسەکان تووشی گیروگرفتی پەژارەن.

دوکتۆر پۆست لە کۆتاییدا دێتە سەر ئەو ئاکامە کە گیروگرفتی دەروونی لە وەدیهێنانی کارامەییدا رۆڵێکی بنەڕەتی دەنوێنێ. بەڵام دوکتۆر پۆست لە شیکردنەوەی جیاوازییەکانی سەقامگیریی دەروونی لە نێو گرووپە جۆراوجۆرەکاندا دەستەوەستان ماوەتەوە، واتا ئەم جیاوازییانەی بۆ لێک نادرێتەوە.

سەرچاوە : هەفتەنامەی گاردیەن ـ ١/جولای/١٩٩٤

# جولانەوەی کوردستان لە قاوغی ئۆتۆنۆمی دا داخستنی ژیانی گەلانی ناوچەکەیە

**ئەحمەد ئیبرایم**

تێکڕای سەرهەڵدانەکانی کوردستان لە هەستێکی نەتەوایەتی گەلی کوردستانەوە بووە، دژی ژێردەستەیی و بۆ ئازادبوونی گەل و وڵات.

لە دوای دروستبوونی دەوڵەتانی وەک عێراق و سوریا و تورکیادا، پەستانێکی زۆر خرایە سەر بیری نەتەوایەتی و گەلی کورد خرایە ناو چوارچێوەی چەند دەوڵەتێکەوە. کە ئەمەش وای کرد جولانەوەی کورد، دواتر، وشەی ئۆتۆنۆمی بدرێتە پاڵ، کە خۆی لە خۆی دا بەستنەوەی سایکۆلۆژی و کولتوری گەلی کوردستانە. بە هەر یەکێک لەو دەوڵەتانەوە و دابڕینی بەشەکانی گەلی کوردستانە لە یەکتری. کە ئەمەش بۆتە بنەڕەتی ئەو کێشە نەبڕاوەی گەلی کوردستان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە.

لای هیچ کامێک لە گەلانی خاوەن دەسەڵات کەسایەتی تاکە مرۆڤ، کە بنچینەی سەرەکییە بۆ دیموکراتی، ئازاد نییە و مرۆڤ بیر و مافی پێ شێل کراوە و خراوەتە بەر بەزەیی کۆمەڵێک داب و نەریتی تایبەتی کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ لێی دەرباز بێ. هەر لەبەر ئەوەش کاتێ دەستەیەک لە یەکێ لەو وڵاتانە بیەوێ رابەرایەتی گەل بکا، ئەوا پشتیوانی سەرەکی خۆی بەکارهێنانی هێزە. بەڵام لەبەر ئەوەی گەلانی سەردەست هێزەکە لە ناو خۆیانە، کاتێک بەرەنگار دەبێتەوە لەگەڵ گەلی کوردستان ئەوسا ئەو چەوساندنەوەی خۆیان هەست پێ ناکەن و چاوپۆشی لێ دەکەن. لێرەدا هێز دەبێتە هێزی خۆیان و لە بیریان دا لە لایەن گەلی کوردستانەوە هەڕەشەی لێ دەکرێ. داوای کارگێڕانی رژێم لە گەلەکانیان بۆ سەرکوت کردنی جولانەوەی کوردستان رەوا دەبینرێ. یانی داوای مافی ئەو گەلانەش کە رژێمەکانیان پێویستە بۆیان دابین بکەن ناهێتە بیری ئەو گەلانە چونکە دەروونیان ئاراستەی مەترسی جوولانەوەی کوردستان کراوە.

تورکیای ئێستا کە رژێمێکی دکتاتۆری هەیە نموونەیەکی روونی پێ شێل کردنی مافی مرۆڤی تورکیایە بە پلەی سەرەکی. سەرەڕای ئەو ئابوورییە شڕەی تورکیا، ساڵی ١٩٩٣ ئەو وڵاتە بایی دوازدە ملیارد دۆلار چەکی کڕیوە، لە کاتێکا داهاتی ساڵانەی زۆر خێزانی تورکی بەقەد ئەو پارەیە نابێت کە هەر خێزانێک لەو دوازدە ملیاردە بەری دەکەوێ. دیار و لەبەر چاوە کە ئەو چەکانەی تورکیا بۆ چاوترساندنی خەڵکی تورکیا و لێدانی جوولانەوەی کوردستانە بە بیانووی پاراستنی سنووری نەتەوایەتی تورکی.

هەر لە کۆنەوە تا رۆژگاری ئەورۆ نە دەوڵەتی تورکیا و نە دەوڵەتانی تری داگیرکەری

کوردستان نەیان توانیووە بە ئاواتیان بگەن، یانی تواندنەوەی گەلی کوردستان لە ناو خۆیان دا. کە ئەوەش زۆر باش دەیسەلمێنێ هەر وەک چۆن گەلانی ئەو دەوڵەتانە خاوەن مێژوو و کلتوری تایبەتی خۆیانن بە هەمان شێوە گەلی کوردستانیش تایبەتێتی خۆی هەیە. بۆ ئەوەی لە هەر یەک لەو دەوڵەتانەدا گەلەکانیان لەگەڵ گەلی کوردستان لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا بژین دەبێ هەر یەک لەو گەلانە لەگەڵ گەلی کوردستاندا هاوبەشییەکی تەواویان هەبێت لە تایبەتێتی بۆ گەلێک کە بتوانێ لە هەر یەک لەو دەوڵەتانەدا بژی. یانی دروستبوونی نەتەوەیەکی نوێ کە خاوەنی مێژوو و کلتورێکی نوێ دەبێ. ئەوەش دەمانگەیەنێتە قەناعەتێک کە تێکەڵاوکردنی دوو نەتەوە چ بە زۆری هێز و چ بەو شێوە رامیارییانەی وەکوو ناوی ئۆتۆنۆمی ناتوانرێت مافی هەر یەک لەو نەتەوانە بپارێزێ و نەیێتە پێ شێلی ئەوی تریان. لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان لەو دەوڵەتانەدا سەرژمێری کەمترە یانی گەلی زۆربە نییە، ئەوا هەردەم بوونی گەلی کوردستان لە ناو هەر یەکێ لەو دەوڵەتانەدا بنچینەیەکە بۆ گەشەکردنی دیکتاتۆری لە ناو ئەو گەلانەی تردا، کە بە هیچ شێوەیەک رێگای گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئەو گەلانە نادات. لێرەدا رووداوەکە وەکوو ئەڵقەیەکی لێ دێ. رژێمە دیکتاتۆرییە یەک لە دوا یەکەکانی ئەو دەوڵەتانە بۆ پاراستن و مانەوەی خۆیان زورترین داروودەستە و دەزگای چەوساندنەوە دروست دەکەن، هەروا بەرێوەبردنی ئەو سیستەمەش پێویست بە پەروەردەکردنی خەڵک دەکات کە دەبێ لە ناو ئەو کۆمەڵگایانە هەڵیان بژێرن. کەواتە کۆمەڵە خەڵکێکی فێرکراوی چەوساندنەوە. بە پلەی یەکەم ئاراستەکراو بۆ سەر گەلی کوردستان حوکمی دەوڵەت دەکات. چەوسێنەر حوکمی هەر کۆمەڵێ بکات کاری چەوساندنەوەیە و بەس، بەڵام ئەم چەوساندنەوەیە لە رووی گەلی سەردەست بە پەردەی هەرەشەی جیابوونەوەی کوردستان داپۆشراوە.

دیارە دروستبوونی دەوڵەتێ بە ناوی کوردستان ئەوە ناگەیەنێ کە گەلی کوردستان ئازاد بووە، یاخود نادیموکراسی و دیکتاتۆری لەسەر داگیرکەرانی کوردستان دەسڕێتەوە. بەڵکوو جیابوونەوەی کوردستان گەلانی ئەو وڵاتانە رزگار دەکات کە دیکتاتۆریەت بەکاریان بهێنێ بۆ چەوساندنەوەی گەلی کوردستان، هەروەها ئەو رزگاربوونەیان دەتوانن بکەنە سەرچاوەیەک بۆ وریابوونەوە لە پەیوەندی ناو کۆمەڵگەکانیان کە لەسەر چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، بەتایبەتی پیاو بو ئافرەت دامەزراوە. کۆیلەیی ئافرەت لەبەر دەست پیاو لەو وڵاتانەدا بەگشتی زیاتر کراوە بە یاسا و پەیرەو دەکرێت. ئەوەتا هیچ کاتێک ئافرەتێک لە دادگا ناتوانێ وەکوو شایەتێک رۆڵی مرۆڤایەتی خۆی ببینێ. یاخود ئەگەر زۆر رێزی ئافرەت بگیرێ ئەوا بە دوو ئافرەت دەتوانن جێگای یەک کەس، یانی پیاوێک بگرنەوە.

ناتوانرێ ئەوە بشاردرێتەوە کە هەموو ئەو یاسایانە بەرهەمی مێژووی دوور و درێژی چەوساندنەوەی ناو ئەو کۆمەڵگایانەن و لە پڕێکا هەڵوەشاندنەوەیان مەحاڵە، بەڵام دەتوانرێ لە پچڕاندنی ئەو زنجیرەیەوە دەست پێ بکرێ کە گەلی کوردستانی پێ بەند کراوە. بۆیە ئەرکی مێژوویی هەموو دیموکرات و رۆشنبیرانی ناوچەکەیە کە پشتیوانی تەواوی خۆیان

لەسەربەخۆیی کوردستان بکەن، چونکە یەکەم مەرجی سەرەکییە بۆ لەناوبردنی چەوساندنەوە لەناو گەلانی خۆیان دا، یانی تا کوردستان داگیرکراو و گەلی کوردستان چەوساوەی دەستی ئەو دەوڵەتانە بێ، گەلانی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستان ناتوانن رووناکی ئازادی ببینن.

## لە بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو

* چەند تێبینییەک دەربارەی باری ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا.
نووسینی: چاودێرێک
زنار کردوویە بە کوردی

* نە کورد عەرەبن و نە ئاشووریش کوردن.
ئۆشانا نیسان

* ئەزموونکاری و دامەزراندن لە رەوتی شانۆی کوردیدا.
دانا رەوف

* کورد و سەرچاوە یۆنانییەکان
جوگرافیای سترابۆن
موحسین عومەر ئەحمەد

# یاداشت

*لە سەرەتای ئەم ساڵدا کۆمەڵێک نووسەر و ڕووناکبیری کورد لە بەریتانیا یاداشتێکیان سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەری گیروگرفتەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و پارتە سیاسییەکانی کوردستان نارد.*

*هەروا لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆدا یاداشتێکی تریان سەبارەت بە مەترسی شەڕی نێوخۆ و چۆنیەتی چارەسەرکردنی بۆ هەمان ئەو لایەنانە نارد، کە دواتر دەیان نووسەر و ڕووناکبیری تر، کاتێ لە ڕێی برادەر ئەندازیار سوبحی ڕەواندزی یەوە یاداشتەکەیان پێ گەیشت دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لە بەریتانیا. وا لێرەدا دەقی یاداشتەکە و ناوەکان بڵاو دەکەینەوە:*

**دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق**
**هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق**

سڵاوێکی کوردانە

ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئەم دواییەی خوارووی کوردستان، جارێکی تر داخ و پەژارەیەکی زۆریان خستەوە دڵ و دەروونی هەموو کوردێکی دڵسۆز. لە کاتێکدا هاوسەنگەرانی ڕێگای ئازادی کوردستان دەستەو یەخە بەرامبەر یەکدی ڕاوەستاون و خوێنی ڕۆڵەی کورد بە ناهەق دەڕێژن، ئەمەش هەلێکی چاک بۆ دوژمنانی گەلەکەمان خۆش دەکا، کە سەرباری هەموو ئاکۆکییەکان، دەکەونە خۆ و دەست دەخەنە ناو دەستی یەکتر، بۆ خنکاندنی تازە کۆرپە هیواکەی نەتەوەی کورد.

ئێمەی کوردانی دانیشتووی بریتانیا، کە لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٤/٥/٩ لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن کۆ بووینەوە، نارەزایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر ئەم کارەساتەی وا خەریکە ببێتە هۆی شەڕی براکوژی لە کوردستانا، تاکوو دوژمن بیکا بە بیانگە بۆ ئەوەی جارێکی تر کوردستانی ئازیزمان داگیر بکاتەوە و دەزگا ڕەگەزپەرستەکانی وەکوو جاران ببێتەوە بە حوکمڕانی کوردستان.

بۆیە داوا لە ئێوەی کاربەدەستانی کوردستان دەکەین، کە ئەو داوا و پێشنیارانەی وا لە بانگەوازی پێشوومان لە ٢٤ کانوونی دووەمی ٩٤ خستبوومانە پێش چاوتان، زوو بە زوویی جێبەجێیان بکەن، لە سەرووی هەموویانەوە:

١/ پاککردنەوەی دەزگاکان و هێزی پێشمەرگە لە نۆکەر و هاوکارانی ڕژێمی بەعسی دوژمن.

٢/ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بە شێوەی سوپایەکی یەکگرتووی نیزامی.

٣/ یەکخستنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دارایی و پەیوەندی دەرەوە بە شێوەیەکی تەواو.

٤/ چاوگێڕانەوە بە حوکمڕانی وولات بە شێوەی پەنجا بە پەنجا.

٥/ سەپاندنی حوکمی قانون و سنووردانان بۆ دیاردەی چەکداری ناو وولات و پەلەکردن لە داتانی دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان.

٦/ زیندووکردنەوەی بەرەی کوردستانی و بایەخ پێدان بە ڕای خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان

لە ناوەوە و دەرەوەی وولات.

٧/ لەبەر ئەوەی شەڕ و کوشتار هیچ جۆرە گرفتێک چارەسەر ناکا بەڵکوو زیاتر وەزعەکە ئاڵۆزتر دەکا، بۆیە داواتان لێ ئەکەین تەنیا بە رێگای گفتوگۆ و ئاشتی چارەسەری هەموو جۆرە ناکۆکییەک بکەن، لەگەڵ دەستنیشانکردنی دەست درێژکەر و سزادانی بەگوێرەی حوکمی قانون، نەک بە شێوەی تۆڵە.

٨/ جێبەجێکردنی خاڵەکانی هەردوو رێکەوتنی نێوان دوو حیزبە سەرەکییەکە لە رۆژی ٣ و ٤ی ئەم مانگەدا مۆر کراوە.

لەم بارەیەوە پێشنیاری دامەزراندنی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی سەربەخۆ دەکەین، کە پێک هاتبێ لە چەند قانوونییەک و چەند کەسێکی لێوەشاوە و ناسراو و بێلایەن، تاکوو خوانەخواستە ئەگەر جارێکی تر رووداوێکی تر رووی دا، دەست بەجێ لێی بکۆڵێتەوە و راپۆرتی خۆی بلاوبکاتەوە بۆ رای گشتی، تیایدا دەستنیشانی تاوانباران و دەست درێژکەران بکا. هەڵبەتە ئەم کۆبوونەوە بە پەلەیەی ئەمڕۆی ئێمە و ناردنی ئەم بانگەوازەمان، لە روانگەی دڵسۆزییەوە بۆ گەل و نیشتمانمان، لە پێناوی پاراستن و بەرەو پێشەوەبردنی دەسکەوتەکانی بەری خەباتی ساڵەهای ساڵی گەلەکەمان و خوێنی پاکی شەهیدانمانە. بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەو داوایانە دەکەین.

لەگەڵ رێز و سڵاومان. لەندەن : ١٩٩٤/٥/٩

١. ئیبراهیم ئەحمەد
٢. ئەحمەد هەردی
٣. محمد رەسوڵ هاوار
٤. محمد مستەفا (محامی)
٥. د.نوری تاڵەبانی
٦. د.شەفیق قەزاز
٧. د.محمود علی عوسمان
٨. د. شێرکۆ فتح الله
٩. کمال محمود
١٠. محمد قەرەداغی
١١. د. کمال میراودەلی
١٢.د. محمد هەمەوەندی
١٣. عادل مراد
١٤. احمد عەسکەری
١٥. فوزی صائب
١٦. شێخ جەنگی تاڵەبانی
١٧. عدنان موفتی
١٨. ثریا محمد جەلی زادە
١٩. د. عەتبە حەمە سەعید
٢٠. د. دڵخواز محمد هاوار
٢١. د. سایە عوسمان
٢٢. چلووره هەردی
٢٣. ئەختەر خاڵ
٢٤. د. خدر هەورامی
٢٥. د. صالح حەمە سعید
٢٦. فوزی ئەتروشی
٢٧. محمد معروف
٢٨. شێخ عەلی حەمە ساڵح
٢٩. سەربەست کەرکوکی
٣٠. سەربەست قەرەداغی
٣١. حمید بلیاس (محامی)
٣٢. د. سەرکەوت سید کەریم
٣٣. د. گۆران تاڵەبانی
٣٤. د. ابراهیم نەورۆز
٣٥. د. بەختیار نجم الدین
٣٦. د. عوسمان جۆلا
٣٧. شێخ محمد محمود سەرگەڵو
٣٨. جلال عزیز
٣٩. ملازم منصور حفید
٤٠. غازی هەورامی(محامی)
٤١. د. احمد باجەلان
٤٢. د. هێمن موفتی
٤٣. جلال حامد جاف
٤٤. د. رزگار قادر مجید
٤٥. صباح سعید
٤٦. د. کامەران ساڵەیی
٤٧. لوێزە کاکە حەمە عەتار
٤٨. د.شفیق حارس
٤٩. سەردارحەمە ئاغا ئەورەحمان ئاغا
٥٠. ئیبراهیم جەلال ئەڵمانیا
٥١. جمال ئەبهز
٥٢. د.ئەنوەر دزەیی
٥٣. د. هێمن ئیسماعیل
٥٤. د.نیشتمان فەرەج

٥٥. سوبحی ڕەواندزی
٥٦. سەبیحە محەممەد قریاد
٥٧. فائزە سەبری عەبدوڵڵا
٥٨. نەرمین دزەیی
٥٩. ناش ڕەحمەن دزەیی
٦٠. ئیلهام شێخانی
٦١. پێشڕەو سید برایم
٦٢. ئیکرەت موسا سەتار
٦٣. خەلیل عەبدوڵڵا
٦٤. د.ئاواز نەجمەدین نەمسا
٦٥. د.ئومێد عومەر عوسمان
٦٦. د.گێلاس خانەقا
٦٧. د. هیوا خۆشناو
٦٨. د.عومەر حەمەد
٦٩. هاشم عەلی مەندی
٧٠. نەریمان محەممەد
٧١. د. جەمیل شەرەف هۆڵەندا
٧٢. جەمال محەممەد ڕەشید
٧٣. ڕێبین جەلال
٧٤. دلێر جەلال
٧٥. نەسرین شوانی
٧٦. سیروان شوانی
٧٧. پێشڕەو شوانی
٧٨. سەفین نوری ئیسماعیل
٧٩. ئاراز فازل مام ڕەزا کۆیی
٨٠. هاوڕێ محەممەد شەریف
٨١. زاتبار ڕەووف حەمە سوور
٨٢. وەحدەدین کاکەیی
٨٣. پێشڕەو ئیبراهیم کۆیی
٨٤. پەخشان نەجمەدین سلێمانی
٨٥. هارکار محەممەد شەریف
٨٦. سەباح خەلیل
٨٧. د. ڕەفیق سابیر سوید
٨٨. د.ئیسماعیل ئەحمەد زەنگەنە
٨٩. د. ژیان عەبدوڵڵا مەحمود
٩٠. د. سیروان ڕەشە
٩١. موحسن خانەقینی
٩٢. ئەنداز حەویزی
٩٣. محەممەد عەبدولخالق ئەحمەد
٩٤. ئیبرایم موسا
٩٥. مەحمود عەباس محەممەد پشدەری
٩٦. یوسف ئەحمەد محەممەد
٩٧. ڤیان کۆیی
٩٨. حسام ناکام
٩٩. هاشم کزچانی
١٠٠. کاروان عەبدوڵڵا
١٠١. عەبدوڵڵا قەرەداغی(مەلا عەلی)
١٠٢. توانا عەبدوڵڵا(محامی)
١٠٣. جەمیل سەبری دارۆغا
١٠٤. شۆڕش دلێر دارۆغا
١٠٥. شیلان دارۆغا
١٠٦. وریا قادر
١٠٧. مەریوان زەنگەنە
١٠٨. عەباس مرزا
١٠٩. نەسرین مەحمود
١١٠. محەممەد دارۆغا
١١١. کوێستان سابیر حەویزی
١١٢. دلارام عەبدلکەریم حەویزی
١١٣. ساوین قادر
١١٤. ئاین محەممەد حسەن زەنگەنە
١١٥. عالیە ئامان
١١٦. دلێر دلوی
١١٧. ئیشتمان دلوی
١١٨. جان دلوی
١١٩. جەلیل دلوی
١٢٠. فاتیح ڕەسووڵ
١٢١. حازم کەریم کوردە
١٢٢. سەلام کەریم کوردە
١٢٣. هیوا سەرهەنگ- مۆسکۆ
١٢٤. ئازاد ناسیح ئەلی
١٢٥. بەرزۆ ئیبرایم حەمەد
١٢٦. بیخاڵ عەلی حەویز
١٢٧. بەختیار عیززەت دەرگەڵەیی

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal - No. 12-1994

Editor in chief
*Rafik Sabir*

Editorial Board

*Kamal Mirawdali*
*Hashim Kochani*
*Karwan Abdulla*

Technical Editor
*Dylan Dersim*

Sweden

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal - No. 12-1994



Azadî ji bo Layla Zana û havalên wê